# کورد و کوردستان
# له‌ کۆمه‌ڵه‌ وتارێکی مێژووییدا

**د. ئه‌حمه‌د عوسمان ئه‌بو به‌کر**

**وه‌رگێڕانی: ئازاد عوبێد ساڵح**

**چاپی یه‌که‌م - هه‌ولێر**

**2005**

**ناوی کتێب: کوردو کوردستان له‌ کۆمه‌ڵه‌ وتارێکی مێژووییدا**

- د. ئه‌حمه‌د عوسمان ئه‌بو به‌کر
- وه‌رگێڕانی: ئازاد عوبێد ساڵح
- نه‌خشه‌سازی ناوه‌وه: گۆران جه‌مال رواندزی
- به‌رگ: هۆگر سدیق
- سه‌رپه‌رشتی چاپ: هێمن نه‌جات
- چاپ: چاپی یه‌که‌م ٢٠٠٥
- ژماره‌ی سپاردن: ١٢٢
- تیراژ: ١٠٠٠
- نرخ: ٢٠٠٠
- چاپخانه: چاپخانه‌ی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده

زنجیره‌ی کتێب - ٦ - (١٠٩)

**ناونیشان**

**ده‌زگای چاپ و بڵاوکردنه‌وه‌ی موکریانی**

**هه‌ولێر - پشت رۆژنامه‌ی خه‌بات**

**پۆستی ئه‌لکترۆنی:** asokareem@maktoob.com

**ژماه‌ی ته‌له‌فۆن: ٢٢٦٠٣١١**

# ناوەڕۆک


شۆڕشی کوردی ساڵی ١٨٨٠ .................... ٥
دەقی سێ نامەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری .................... ١٢
ئاخۆ یادی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بکەینەوە؟ .................... ١٧
سایکس پیکۆ و سازانۆڤ و سیڤەرو پێوەندییان بە مەسەلەی کوردەوە .................... ٢١
کوردستان لە بەڵگەنامەکانی لیژنەی کینگ-کراین .................... ٢٥
بزووتنەوەی شێخ مەحموود و پێوەندی نێوان دەوڵەتان .................... ٣٠
کورد لە نووسینی موسڵمانەکانی بەرایی ناوی مەڵبەندو تایفە کوردەکان .................... ٣٩
ناوهێنانی کوردو ڕێوڕەچەڵەکیان لەنووسراوی موسڵمانەکانی بەرایی .................... ٦٠
سەرنجێ لەکاری کوردناسە ئینگلیزەکان
لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا(١) .................... ٧٩
سەرنجێ لە کاری کوردناسە ئینگلیزەکان
لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا (٢) .................... ٨٩
کتێبی کوردەکان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە (١) .................... ٩٧
کتێبی کوردەکان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە (٢) .................... ١٠٦
کتێبی «گەلی کورد»و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی .................... ١١٥
دەربارەی کتێبی کورد .................... ١٤٩
کورد و سەرەتای مێژووی ئەتنۆگرافی گەلی کورد .................... ١٥٤
کوردو هەق .................... ١٦٢
زانای گەورەی کورد محەمەد ئیبن ئادەم .................... ١٦٨
گەشتێک بەجیهانی ڕۆژنامەوانی کوردی کۆندا .................... ١٧٤

# شۆڕشی کوردی ساڵی ١٨٨٠*

**جەلیلی جەلیل**

**خانەی بلاوکردنەوەی «زانست»ی ئەکادیمیای**

**زانستی سۆڤێتی مۆسکۆ-١٩٦٦**

دوا بە دوای شەڕی دووەمی جیهان، کوردناسی هەنگاوی فراوانی، لە چاو سەردەمەکانی پێشووی مێژووی گشتیی شۆڕشی کورد بۆ پێشەوە ناوە، شوێنەواری ئەو پێشکەوتنەش لە بواری مێژووی کورد بەشێوەیەکی روون دەرکەوت و شێوازێکی نوێی لێکۆڵینەوە پەیدابوو کە پێشتر رۆشنبیری کوردی شتی وای بەخۆیەوە نەبینی بوو، مەبەستمان لەوە نیازی نووسەرو دانەرانی کوردو بیانییە کە یەک لایەنی مێژووی کوردیان، لە بارەی ماوەیەکی دیاریکراودا داوەتە بەر تۆژینەوەو لێکدانەوەو دانانی نامە و کتێب و نووسینی نامەی زانستی بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی زانکۆیی. بێگومان ئەو پەرەسەندنە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی تێڕوانینی جیدی تازەیە کە لێکۆڵەرەوان پێیەوە سەیری کاروباری کوردەواری بەگشتی و مێژووی تێکۆشانی رزگاریخوازی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد بە تایبەتی دەکەن. رەنگە قسەکەمان زێدەڕۆیی نەبێ کەوا ئەو کردارە سەرەتای سەرکەوتووانەی خۆی بڕیوە بۆ ئەوەی ببێتە کارێکی ئاسایی پیرۆزو پێگەپێتەو، دوای ئەوەی هەر لە سەرەتای پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا زانا لاوە کوردەکان خۆیان جڵەوی کاریان لەو مەیدانەدا بەدەستەوەگرت.

لە هاوشانی ئەو کردارەشدا، کردارێکی دیکەش هەبوو، ئەویش سەرهەڵدانی پسپۆری بوو لەمەیدانی کوردناسیدا و دابەشکردنی مێژووی کورد بۆ بەش و جۆرو پۆل، یان بە جۆرێکی دی کوردناسی بووبووە زانست و بوارێک لە تەک زانستە مرۆڤایەتییەکانی دی. بەو جۆرە ئیدی ئەوە



گومرایی نییە ئەگەر ناوونیشانی هەندێ لێکۆڵینەوەی نوێی ئەو بوارە لە بنجدا سەرنجڕاکێش بن کە هەر واتاکەی شاهێدی بۆ گیانی زانستییانەی ئاشکرا خۆی دەدا، مەبەستی دڵسۆزانەی وەک «کار لە زمانی کوردیدا» و «شیعری گۆران» و «شۆڕشی بارزان» و «بزووتنەوەی نیشتمانی رزگاریخوازی گەلی کورد ١٩٠٠-١٩٢٥»، هەروا وەک بابەتی ئەو وتارەشمان «شۆڕشی کوردی ساڵی ١٨٨٠». تا دوا لێکۆڵینەوەو نامەی زانستی نوێ. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە بیانییەکان بوون دەستیان بە نووسینی بابەتی زانستی ئەکادیمی دەربارەی کاروباری کوردەواری کرد، پاشان کوردەکان لەدوای ئەوان هاتن و جلەوی کاریان بەتوندی لەو مەیدانەشدا گرتە دەست.

شۆڕشی کوردی ساڵی ١٨٨٠ بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە لایەنی نیشتمانی و سیاسەتی یەکێتی، بە راستی و شیاوی خۆی، یەکێکە لە لووتکە دیارەکانی سەرجەم بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد. ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە مەزنە تا ئێستاش بەهەڵسەنگاندنی سیاسیانە لە ریزی بزووتنەوە هەرە مەزنەکانی کوردی تێکۆشەرە لە مێژووی کوردی نوێدا لە رووی فراوانی و سەرتاسەری هێزو گوڕو ئەو ئاسۆیەی کە مەبەستی بوو بیگاتێ، لەگەڵ ئەو ئامانج و چاوتێبڕینە دیاریکراو و نەخشە بۆ کێشراوەی کە بۆ خۆی دانابوو. لەو بوارەوە هیچ شۆڕشێک جگە لە شۆڕشی بەدرخان، شێخ مەحموود و شۆڕشی بارزان نەبێ، شان لەشانی نادات.

لەو لێکۆڵینەوەی نووسەری کورد جەلیلی جەلیل کە ساڵی ١٩٦٦ چاپکراوەو نامەی زانستییەتی، دەردەکەوێت کە شێخ عوبەیدوڵڵا ساڵانێکی دوورودرێژ بەر لە شەڕی روسیا- تورکیا ١٨٧٧-١٨٧٨ نەخشەی بۆ دادەنا بە مەبەستی سیاسی نیشتمانی و بۆ سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد. کونسولی گشتی روسیا لە ئەرزەڕۆم ئیڤانۆڤ سەرنجی داوە، هەر لەوەتەی ساڵی ١٨٧٧ شێخ عوبەیدوڵڵا و سەرۆک هۆزە خزمەکانی هەمیشە هەڵوێستیان دژ بە حکومەت بووە «یارمەتی ئەو بنەماڵە دێرینانەی دەدا کە لە حکومەتی تورکیا و وڵاتی دووئاوان (میسۆپۆتامیا) یاخی دەبوون، دەیپاراستن».

وێڕای ئەوە کە تورکیا شەڕی پیرۆزی راگەیاند، شێخ عوبەیدوڵڵا پێش هەموو سەرۆکە کوردەکان و ئەوانەی وەک ئەون بەپیر بانگەوازی جیهادی حکومەتەوە چوو.

جەلیلی لە بەشەکانی ئەو کتێبەدا بەروونی لە بارودۆخی کوردەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بە دوورودرێژی دەدوێ و هەروا هەڵوێستی کوردەکان لە شەڕی تورکیا- روسیای ١٨٧٧-

١٨٧٨یش روون دەکاتەوە. پاشان لەو بارودۆخەو بوار خۆشکردنانە دەدوێ کەوای کرد شۆڕشی گەورەی کوردی گۆڕین بەپێی ئەو تێڕوانینییەی کە خۆی بڕوای پێ بوو هەڵبگیرسێنێ.

نووسەر دەڵێت بە ناردنی سەرباز بۆ مەیدانی شەڕ، هێزی کاری کشتوکاڵی زۆر لە کەمیداو نارەزایی و پشێوی لە نێو جەماوەری جووتیاران بڵاوبۆوە. لە سەرێکی دیکەوە شەڕ ئابووری، تورکی بەرەو هەڵدێر بردوو ناچاری کرد تەنیا پشت بە سەرمایەی بیانی ببەستێت. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٧٩ خەریک بوو بەتەواوی دەکەوتە سەر (ساجی عەلی).

سوڵتان ناچار بوو لە ژێر فشاری وڵاتە زلهێزەکانی رۆژئاوا، (مرسوم محرم) دەربکات، کە پەیماننامەیەکی ناهاوسەنگ بوو لە نێوان تورکیا و ئەو وڵاتە زلهێزانەی کە پێیان قەردار بوو. لەگەڵ دامەزراندنی «بەڕێوەبردنی قەردەکانی دەوڵەتی عوسمانی» ئیدی تورکیا بە رەسمی کەوتە ژێر چاودێری دارایی نێودەوڵەتی و وڵاتەکانی وەک فەرەنسا و ئینگلتەرەو ئەڵمانیا و نەمسا و ئیتاڵیا کە دەوڵەتی عوسمانی پێیان قەرداربوو بەپێی ئەو دەزگایە ماف و ئیمتیازاتی تایبەتیان بەدەست کەوت.

بۆ پڕکردنەوەی گەنجینەی بەتاڵ، حکومەت وەک جاران ئەندازەی باجە دەوڵەتییەکانی زیدەکردن.

ئەو بارودۆخە زۆر نالەبارە وای کرد، کوردەکان یارمەتی هەوڵە جیدییەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بدەن بۆ ئەوەی بەر لە تالان و برۆی دام و دەزگاکانی تورک بگرن، هەروا چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچانەی دەوروبەری. شێخ و گەورەی ناوچەکانی رواندز و بۆتان و بەتلیس و شوێنانی دی، هاوکاری خۆیان لەگەڵ شێخ راگەیاند. شێخ عەبدولسەلامی باپیری شێخەکانی بارزانیش بەشداری ئەو شۆڕشەی کرد کە شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی سەرۆکایەتی دەکرد. هۆی ئەو هاوکاری و یەکریزییە هەر لەبەر کارە زۆرداریییەکانی دەسەڵاتی تورک نەبوو، بەڵکو بە پلەی یەکەم بۆ هەوڵ و تەقەلای بەردەوامی دەسەڵاتداران بوو کە دەیانەویست دەسەڵات لە سەرۆکە ئایینی و دنیاییەکان لە ناوچەکانیان بسێنێتەوەو ئەو سەربەخۆییە ناوخۆییەی ئەو کوردانەی لە هەندێ ناوچەی کوردەواری هەیانبوو، نەهێڵێن. زۆرینەی سەرکردە کوردە نیشتمانی و میللییەکان لایەنگیری بوون و نەخشی سەرەکیان لە پشتگیری کێشەکەی دا هەبوو. نووسەر بەدرێژی باسی تێکۆشانی شێخ دەکات لە



پێناو یەکخستنی هۆزەکان و راکێشانی سەرکردە کوردەکان تا بەشداری چالاکانە لە شۆڕشدا بکەن. نووسەر سەرکەوتنی هەوڵەکانی عوبەیدوڵڵا دەباتەوە سەر کۆمەڵێک سیفاتی چاکی ئەو و دەڵێت:

«لەبەر ئەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا دادپەروەرو رێبازی ژیانی سادەو ساکار بوو، هەموو خەڵکی ناوچەکەی یەکجار زۆر ریزیان دەگرت».

بەڵگەنامەکانی حکومەتی ئینگلیزیش سەبارەت بە راپەڕینەکە، دەڵێن: شێخ ئاکارو خووێکی بەرزی هەبوو، رۆشنبیر بوو حەزی لە پەیرەوکردنی ژیانی شارستانیانە بوو، دەیەویست لایەنگرانی نیشتەجێ بن».

بزووتنەوەی نیشتمانی کورد لە مەڵبەندی هەکاری بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا لەسەر بنەمایەکی پتر سەردەمانە و نوێ لەبزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی پێشوو دەستی پێکرد، نووسەر دەڵێ، لە دوای شەڕ شێخ جموجۆڵی بە گوڕتری بۆ رێکخستنی راپەڕینەکەی لە دژی تورکیا دەست پێکرد. حکومەتی تورکیا هەستی بەوە کرد، بۆیە هەرکە دەسەڵاتداران لە مەبەستی گەیشتن بەپەلە موفتی شاری (وان) یان ناردەلای گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. بەڵام گفتوگۆکە هەفتەیەکی خایاندو هیچ ئاکامێکی لێ بەدەرنەهات. شێخ لە میانەی روونکردنەوەی مەبەستەکانی، بە موفتی گوت کە ئەوەی هەستی نارەوایی و نالەباری دەوروژێنێ لەبنجدا خراپی دام و دەزگای تورکە. ئەفریانۆڤی ژەنرالی روسیا لە ئاماژەکردن بە هەڵوێستی شێخ لە گفتوگۆی ساڵی ١٨٨٠دا دەڵێت، شێخ پشتی بەو لاوازییەی تورکیا دەبەست کە پێی وابوو هەر ناکا کەوت، بەنیازە لە تورکیا جیا ببێتەوە و سەربەخۆیی تەواو بستێنێ.

ژینۆفیڤی بالیۆزی ئەو کاتی روسیا سەرنجی داوە کە سەرکردە کوردەکان لە بەری هەمووشیان شێخ عوبەیدوڵڵا «گەرەکیانە کوردستانێکی یەکگرتووی بەرخوردار لە حوکمی خۆڕێبەری هەرێمایەتی بێننەدی».

چەندین جار شێخ باوەڕپێکراوانی خۆی ناردۆتە لای کونسولی گشتی روسیا لە ئەرزەڕۆم و وان تا ئەو هۆو بارودۆخانە روون بکاتەوە کە دەبنە هۆی بەرپابوونی راپەڕین.

حەسەن ئەرفەع لە (کوردەکان، لەندەن ١٩٦٦)دا ئاماژە بەوە دەکات کە هێزەکانی شێخ لە دە هەزار شەڕکەر پتربوون، بە هۆزەکانی مامەش و مەنگوڕو زەرزاو گەورک و بانە و چەندانی دیکەشەوە، هەرکی و بەگزادەی مەرگەوەر وبرادۆستیش دایانەپاڵ هێزەکانی.

بارودۆخی کوردستانی عوسمانی لەو رۆژانەدا لە ئەوپەڕی خراپی دا بوو. رۆژنامەی تایمس لە مارتی ١٨٨٠ دەنووسێ: «لە دیاربەکر و مووسڵدا کلۆڵی لە ئەندازەیەکی زۆر زۆر خراپدایە دانیشتوانی ولایەتی مووسڵ هەموو پێداویستییەکی ژیانییان پێدەوێ..».

بەهۆی شەڕو قات و قڕی و پاوانکردنەوە نرخی نان بەرز ببۆوە. لەئەنجامی برسییەتی و بێ بەشی پەتا و دەرد لە ولایەتە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا بڵاو ببۆوە. لە هەکاری پەتای لەرزوتا تەشەنەی کرد. نوژدارێکی تورک بە ناوی لانوانی ژمارەی ئەوانەی لە هەکاری لە برسان مردوون بە پتر لە دە هەزار کەسی خەملاندوون. بەڵام ئەو ژمارەیە لە راستی کەمترە. بەڵگە هەیە کە بە تەنیا لە ناوچەی باشقەڵا، کە هەر وڵاتی هۆزی شێخ عوبەیدوڵڵا خۆیەتی، نزیکەی تا دە هەزاریان مردوون. لەو سەروبەندەدا کاربەدەستان نرخی دراویان دابەزاند، ئەوەش زیانێکی بێ ژماری لە دانیشتوانی ناوچەکانی کوردەواریدا.

نووسەر باسێکی کەمی بۆ ئەو شۆڕشەی لە ساڵی ١٨٧٨ عوسمان بەگ و حوسێن بەگی کوڕانی بەدرخان پاشا هەڵیانگیرساندبوو، تەرخان کردووە.

شەڕو مۆرکردنی پەیماننامەی سانستیفانۆ و هەموار کردنی پەیماننامەی بەرلین و جمینی ئەرمەن بارودۆخی گشتی کوردستانیان شێواند.

ئەو راپەڕینەی بەدرخانییەکان لە پایزی ئەو ساڵدا بەرپایان کردبوو، ناوچەکانی وان و موش و بەدلیسی گرتەوەو هۆزە کوردەکانی موتکانی و رەشکوتان و ساڵێکی و هی دیکەش زۆر بە گوڕەوە بەشداریان تێدا کرد. ئەو راپەڕینەی لە دژی تورکان بەرپابوو ناوچەیەکی فراوانی تا هەردوو ولایەتی وان و هەکاریشی گرتەوە. بزووتنەوە سادەو لەخۆوەکان خەریک بوو شەقڵێکی رێک و پێکی بە سەرکردایەتی هەردوو ئەفسەری ئەرکانی سەرکردایەتی گشتی لە ئەستەمبوڵ دەگرتەخۆ. ناوچەی بۆتان بووە مەڵبەندی سەرهەڵدان، لە هەموو لایەکەوە دەستەی چەکدارە کوردەکانی بەسەردا دەباری.

شۆڕشگێڕان ناوچەی جزیرەو سەعرەت و دیخ و جۆلەمێرگ و زاخۆو ئامێدی و ماردین و نزیبی و شوێنانی دیکەشیان داگیر کرد. ناوچەی شۆڕش سەربەخۆیی خۆی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی راگەیاند. عوسمان بەگ خۆی بە میری ناوچەکە ناساند و ناوی لە دوانی رۆژانەی هەینی لەتەک ناوی سوڵتان دەخوێندرایەوە. ئەگەرچی راپەڕینەکە لە ساڵی ١٨٧٩ سەرکوت کرا، بەڵام رێی بۆ



شۆڕشی گەورەی ساڵی ١٨٨٠ خۆش کرد.

نووسەر بەدوورودرێژی رووداوەکانی ئەو شۆڕشەی شێخ عوبەیدوڵڵا هەڵیگیرساند دەگێڕێتەوەو سۆراخی ئەو هەنگاو و رێوشوێنانە دەکات کە رێی بۆ خۆش کرد. بەقسەی پەیامنێری رۆژنامەی تایمس لە تشرینی ١٨٨٠ هۆی بنەڕەتی سەرکەوتنی شێخ عوبەیدوڵڵا ئەوەبوو کە خەڵکی کورد بە رزگارکارێکی نیشتمانیان دەزانی.

نووسەر لەتاوسەندنی شەڕی راگەیاندنی رۆژنامەکانی روسیاو ئینگلیز سەبارەت بە راپەڕینی کوردەکانیش دەدوێ. رۆژنامە ئینگلیزییەکان روسیایان بەدەستێوەردان و یارمەتیدانی راپەڕین تاوانبار دەکرد. هەندێ رۆژنامەی روسیایش بەریتانیایان بەهاندانی شۆڕشگێڕانی کورد تاوانبار دەکرد.

لەسەرێکی دیکەوە هەندێ دیپلۆماسی روسیایی دەیانگوت ئینگلیز هیچ سەروساخت و بایەخدانێکی بە راپەڕینی کوردەکانەوە نییە. دەریشکەوت کە نوێنەرانی ئینگلیز کلایتون و تومسونی بالیۆز لە تاران هەڵوێستیان دەرهەق راپەڕین باش نییە. تومسون داوای کرد ئێران و تورک لێک نزیک ببنەوە تا لە دژی بزووتنەوەی کورد راوەستن. بۆیە سەبارەت بە ئامانجەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیای نووسی و تێیدا دەڵێت، سەرۆکە کوردەکان ئارەزوویانە (کوردستان لەسەر بنەمای یەکێتی و خۆیبون) دامەزرێنن. دیارە هەڵوێستی خراپی ئینگلیز ئاشکرایە، ئەگەر ئاماژە بە پەیماننامەی بەرلین (١٨٧٨) بکەین کە ئینگلتەرە داوای کرد بەبەستێ و داوا دەکات ئەرمینیا جۆرێک حوکمی خۆڕێبەری بدرێتێ و بارودۆخێکی دژ بە ئاواتەکانی کورد دروست بکرێ بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیان نەبێت. ماددەی (٦١)ی پەیماننامەکە دەڵێت:

«دەروازەی باڵا (الباب العالي) بەڵێن دەدات کە بەبێ خۆگرخاندن چاکسازی پێویستی ناوخۆ لەو ناوچانە بکات کە ئەرمەنی لێ دەژین ولە چەرکەس و کوردەکانیش دەیانپارێزێ... وڵاتە زلهێزەکانیش سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی رێوشوێنە چاکسازییەکان دەکەن».

مەبەستی ئەو ماددەیە سەبارەت بە هەڵوێست لە کورد بە جوانی ئاشکرا دەبێ، کە پێویستی بەروونکردنەوەی دیکە نییە. جارێکی دی جەلیلی جەخت لەسەر تایبەتمەندییەکانی شۆڕش دەکاتەوەو دەڵێت بزووتنەوەیەکی نیشتمانی تێکۆشەرانەیە لەپێناو سەربەخۆیی و یەکێتی، بەمەش

دەربڕی گیانی هاوچەرخانەی ئەو سەروبەندە بووە. پتریش دەڵێت کە روسیا و ئینگلتەرە لای دەروازەی باڵا هەوڵیاندا وای لێ بکەن ئەو راپەڕینە کوردییە لەناو ببەن کە هەروەک بە راستیش وابوو.

راپەڕین، کاری لە وریاکردنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی گەلانی دیکەش کردو یارمەتی جمینی بە ئەرمەن و ئاشوورو عەرەب لە هەندێ لادا.

نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هیچ وڵاتیکی زلهێزی ئەوروپا یارمەتی شۆڕشی نەداوە.لێرەدا دەبێ ئاماژە بەیەکێ لە بایەخە تایبەتییەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە بکەین جگە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی نووسەر، لە کۆتایی کتێبەکەدا بەدرێژی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی رەسمی و نارەسمی پەیوەست بە راپەڕینەکە بەزمانی رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییەکان نووسیوە کە بە زمانی رووسی تۆمارکراون.

ئەوەی لەنێو ئەو بەڵگەنامانە سەرنج رادەکێشی بەشێوەیەکی تایبەتی ئەو نامەیە کە شێخ عوبەیدوڵلا لە ١٥ی ئەیلوولی ١٨٨٠ بۆ ئیقبال دەولەی فەرمانڕەوای ورمێی ناردووە. ئەوەی لەو نامەیدا نووسراوە مەبەستێکی تایبەتی لەو بارەیەوە هەیە. لەنێو ئەو قسانەی کە شێخ بۆ فەرمانڕەوای ناوبراوی دەکات، دەڵێت:

«بێگومان تۆ دەزانی پێنج سەد هەزار بنەماڵە لە کوردستان دەژین. پێمان وانییە لەعنەت لەو وڵاتەدا کرابێ تاکو گەلی کورد خۆی ئاوا لە ناخۆشترین بارودۆخ ببینێتەوە، ئەوە وێرای وێرانی بەردەوامی بەرێوەبردنی. بۆیە کوردەکان هاتنە سەر ئەوە یەک بگرن و نەتەوەیەکی یەکپارچە دابمەزرێنن و خۆیان پارێزگاری خۆیان بکەن. شۆڕشی ئێستاکە بەهێز لە ناونابرێ» شێخ عوبەیدوڵلا لە کۆتاییدا دەڵێت: ئەو رایانەش لە قەناعەتێکی چەسپاوە سەرچاوەیان گرتووە.

بەو شێوەیە جەلیلی بۆ ئەوەمان دەبات کە بزووتنەوەی نیشتمانی، بزووتنەوەی کوردایەتی لە سەدەی نۆزدەیەم گەیشتە چلەپۆپە.

**★ لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کردستان)، ژ(١) ١٩٧١ ل١٣-١٥-٢٨ بلاوکراوەتەوە.**



# دەقی سێ نامەی
# شێخ عوبەیدوڵلای نەهری★

شێخ عوبەیدوڵلای شەمدینانی بەناوبانگ، هەرچی لە توانایدا بوو کردی بۆ ئەوەی باری راستەقانی هەرە خراپی کوردستان بۆ حکومەت و دامودەزگا دیاریکراوەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا راڤە بکات، بەر لەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی نیشتمانی بەناوبانگی کوردی ساڵی ١٨٨٠بکات. ئەو ئەرکە پیرۆزەی شێخ لەو بەڵگەنامانە بەدەردەکەوێت کە حکومەتی بەریتانیا و خەڵکی دی لەو سەروبەندی دەریان کردووە کە ماوەیەک هەر بە نەزانراوی مابۆوە، بۆ ئەوەی رووی گەشی ئەو بزووتنەوەی کورد کە بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵلا و بنەماڵەکەی بوو، ئاشکرا بکات[1].

**نامەیەک لە شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بۆ دکتۆر کوهران، ٢٥ی ئەیلوولی ١٨٨٠:**

«بە دڵنیاییەوە گوێبیستی هەواڵەکانی ساڵی رابردوو بووین، کاتێ کە شوجاعئەلدەولەی (ئێرانی) فەرمانی لەداردانی (٥٠) کەسی لە پیاوانی من دا، کە هیچ گوناهێکیان نەخرابووە پاڵ و هیچ تاوانێکیشیان نەکردبوو.. زیانی سەد هەزار تمەنی (پارەیە) لێ داوم.

چ حکومەتی عوسمانی و چ حکومەتی فارس ئەوەی نیازی پاک بێ نیتیان.. ئەو دوو حکومەتە هیچ حیسابێکیان بۆ مافەکانی ئێمە نەکردووە.. لەسەر ئەوەش سەرۆکێکی شارۆچکەی شنۆیان بە ناوی فەرەج الله خانی کوڕی حاجی غفور خان دارکاری کرد، تاکو مرد. (فەرمانڕەوای ناوبراو) موعین ئەلدەولە عەبدوڵلا خان و ئیبراهیم خانی گرتن و ٢٠,٠٠٠ تمەن سەرانەی بەسەردا سەپاندن. بەو شێوەیە هەردوو بنەماڵەکەی بە تەواوی نابووت کردن. هەروەها سێ ئافرەتیان بەدیل بردن. فەرمانڕەوایی ناوچەی موکری (سەر بە ئێران) ئەمساڵ فەیزوڵلا بەگی گرت و بەبێ هیچ هۆ لێیداو ١٥٠٠ تمەنیان سەرانە لێ ستاند.. هەر ئەو (فەرمانڕەوایە) هەندێ ئافرەتی لە پیاوەکانیان ستاند. بەری ماوەیەکی کورت فەرمانڕەوای سابڵاخ (لە کوردستانی موکری) هەمزە ئاغای مەنگوڕی سەرۆکی ژمارەیەک هۆزی ئەو دەوروبەرەی بە بیانووی دەربڕینی بڕوا و متمانە داوەت کرد، راستییەکەی داوەتەکە بۆ ئەوەبوو لە بەندیخانەی بئاخنێ. بەڵام ئەو لە ژوورەکە رای کردو لە رێگادا دوو پیاوی کوشت و خۆی لە گرتن دەربازکرد. راستی زۆر زەحمەتە باسی ئەو هەموو تۆقاندن و ترساندنە بکرێ. لەبەر رۆشنایی ئەو راستییانە کوردستان ئێستا خۆی بە ناچاری بۆ

ئەرکێکی پێویست دەبینێتەوە، بۆ ڕێکخستنی خۆی، ئەو ئامانجەی کە ئیدی ناکرێ چیتر لەوەپتر وەدوا بخرێ لە سۆنگەی ئەو ڕەفتارە وێرانکارییانەدا[٢]. بۆیە لە دڵەوە تکاتان لێدەکەین تەواوی ڕاستییەکانی ئەو بارودۆخە بەجێیی بگەیێنن و بۆ هەموو بەرپرسانی کونسولخانەی بەریتانیا لە تەورێز ڕاڤە بکەوە، بە جۆرێ کە لەگەڵیدا کێشەی کوردستان ئەگەر لێیی کۆڵدرایەوە زانراو بێت. وا خواجە ئیسماعیلتان بۆ دەنێرم کە ئەو شتانەتان بۆ ڕوون بکاتەوە».

**نامەیەک لە شێخ عوبەیدوڵڵاوە بۆ دوکتۆر کوهران، ٥ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٠**وا مەلا ئیسماعیلتان بۆ دەنێرم تاکو بە تایبەتی و بڕواوە بۆتان ڕوون بکاتەوە، بەو جۆرەی کە ڕاستییەکانی بارودۆخی ئێرەتانمان پێ ڕاگەیاندن، داواتان لێ دەکەم بە دڵسۆزی هەواڵی ئەو بارودۆخەی لە کوردستان هەیە، هەروەها هۆیەکانی سەردانی کوڕەکەم بۆ سابڵاخ بۆ حکومەتی ئینگلیز ڕوون بکەنەوە.

نەتەوەی کورد لە پێنج سەد هەزار بنەماڵە پێک دێت و گەلێکی سەربەخۆ پێک دەهێنێ. ئایینی خۆی هەیە، هەروا ڕێوشوێن و داب و نەریتی خۆی هەیە. ڕەنگە لای نەتەوەکانی دی خراپ وەسف کرابێ. کوردستان ئاوا وەسف کراوە: ئەگەر یەکێکیان تاوانێک بکات، هەزارانی بێ تاوان و خاوەن نیازی پاک دووچاری تاوانبارکردن و قسەی بێ جێ دەبن، زۆرباش بزانن ئەوە لە ئاکامی شلی هەردوو حکومەتی عوسمانی و ئێرانییە کە کوردستان کەوتۆتە ناو ئەو دوو دەوڵەتەو ئەو دوو حکومەتەش بەقسەی خۆیان ناتوانن پیاوی باش و خراپ لێک هەڵاوێرن. بەو شێوەیە خەڵکانی خراپ لەسەر ئەو ڕەفتارانەی کە پێیەوە ناسراون بەردەوام دەبن، هەرچی باشەکانیشن قسەی ناشیرینیان پێ دەگوترێ و دەمرن. بێگومان هۆزی عەلی ئاغای شکاکی ناسراوت بیستووە کە کاری نادروست دەکەن زیان بەخۆی و بەتیرەو تایفەکانی هۆزەکەی و خەڵکی موسڵمان و مەسیحی دەگەیێنێ.. هەر دوو حکومەت کارە نایاساییەکانی ئەوانەی گوێ لێ بووە، نازانین ئاخۆ حکومەتی ئێران بایەخ بەکارەکە دەدا یان نەء، ئەگینا چۆن بوونە هەروا دەبن .. وا دیارە هەردوو حکومەتی عوسمانی و ئێرانی ڕێگای شارستانییەت ناناسن و خۆیان لێ لادەدەن. ڕەنگە قسە بە کوردستان بەڵێن، بەڵام ئایا چاک و خراپی خەڵک وەک یەکن.. قسەی سەرکردەکانی کوردستان لە هەر دووبەشی عوسمانی و ئێرانی لەگەڵ تەواوی خەڵکی کوردستان بۆتە یەک و بڕیاریان داوە کە ئیدی ناکرێ بەردەوام لەگەڵ ئەو دوو حکومەتە بژین[٣] پێویستە کاری پێویست بکەین تا وڵاتانی ئەوروپایی لەو هەڵوێستە تێبگەن و پشت بەو ئامرازانە ببەستین تا چارسەری بۆ ئەو مەسەلانە بدۆزینەوە. ئێمەش گەلێکی پەرتەوازەین. دەمانەوێ خۆمان کێشە ناوخۆییەکانی خۆمان چارەسەربکەین، بەهێزو ئازاد بین، سزای ئەو خراپکارانە بدەین کە سەر بە ئێمەن، هەمان ئەو مافانەمان بێتەدی کە گەلانی دیکە بۆ خۆیان بەدەستیان هێناوە، سەبارەت بەوانەی کە یاسا



پێشێل دەکەن. ئێمە ئامادەین بەڵێن بدەین لێنەگەڕێین هیچ نەتەوەیەکی لایدە دووچاری ئازاربێت[٤].

سەبارەت بە هۆیەکانی سەردانی کوڕەکەم بۆ سابڵاخ- بۆ ئەوەی لەبارودۆخی کوردستان بگات، پێویستە دووچاری هیچ چورتمێک نەبێت، بەپێچەوانەوە سەرلەبەری کوردستان ڕادەپەڕێ. چونکە گەل پێشتر ئەو ستەم و چەوسانەوەی بەخۆیەوە نەبینیوە کە هەتا سەر لەسەر دەستی ئەو دوو حکومەتە دووچاری ببێ.

**پوختەی ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی کە شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئیقبال ئەلدەولەی فەرمانڕەوای ورمێی ناردووە لە ١٥ی ئەیلوولی ١٨٨٠ .**

دوای ستایش. دەڵێت، وا خواجە ئیسماعیل دەنێرێ تا لەگەڵ فەرمانڕەوا گفتوگۆ بکات و ئەرکەکانی پێشووشی لەبیر نەچووە بە ئەرکی خۆی دەزانێ ڕاستەوخۆ قسان بکات و هەر ڕاسپاردەیەکی کە بەرای ئەو، بۆ حکومەتی فارس بە کەڵکە، پێشکەش بکات. ئەوەش بڕیاری حکومەت و ویستی خۆیەتی، ئاخۆ ئارەزوو دەکات کەڵک لەو پێشنیارانە وەربگرێ و کاریان پێ بکات یان وازیان لێ بێنێت.

بێگومان فەرمانداری دەزانێ لە کوردستان پێنج هەزار بنەماڵە دەژین کە کوردی تورکیاو ئێرانن جاران جڵەوی کاری زۆرداری ملهوڕی لە کوردستان شل نەکرابوو، کەچی سەرەڕای ئەوە دانیشتوانەکەی هەمیشە دووچاری سەرکۆنەو سەرزەنشت و قسەی ناشیرین و شێواندن هاتووە[٥].

بێگومان خەڵکی خراپیشیان تێدایە، بەڵام بۆچی چاک و خراپ بەیەکەوە تێکەڵ بکرێن و یەک سزا بدرێن( ؟ )

تاکە گازاندەی کورد ئەوەیە کە هەردوو حکومەتی تورک و ئێران توانای فەرمانڕەوایەکی ڕاست و دروستیان لە وڵاتەکەیاندا نییە[٦].

لە ئاکامدا پەشێوی و نیگەرانی وڵاتی کوردەواری دەتەنێتەوە. تەنانەت کورد خۆیان وانابینن هەستی ڕێزگرتنی فەرمانڕەواکانیان هەبێت.

لە هەمبەر ئەو بارودۆخەی وڵات کورد لە تورکیاو ئێراندا هاتنەسەر ئەو رایەی کە یەکبگرن و گەلێکی یەکگرتوو پێک بهێنن. بۆ ئەوەی بکارن ئاسایشی ناوەخۆی وڵاتەکەیان دەستەبەر بکەن. ئەو بزووتنەوەیەی ئێستا ناکرێ ژێر بکەوێ.

لە کۆتاییدا شێخ دەڵێت، ئەو هەموو دەرەنجامانەی بەنیازێکی پاک و ویژدان ئاگاییەوە بەدەست هێناوە. هەڵبەت حکومەتیش دەتوانێ لەبەر ڕۆناکایی ئەوەی پێویستە ڕەفتار دەکات.

بۆ ئەوەی ئەو وێنەیەی کە ئەو نامانە دەربارەی باری کوردو کوردستان لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە دەریدەخەن، ڕوونتر بێت، لە نێو چیرۆکاندا، چیرۆکێک دەربارەی ئێش و ئازاری هۆزو خەڵکی

کورد تۆمار دەکەین، کە لەسەر دەستی ئەو دەوڵەتە ئەو ئازارو ئێشە زۆرە دەچێژن. لە کتێبی فردریک میللنگن دا نووسراوە: هۆزە کوردەکانی تاکوروی نزیک شارۆچکەی شەمزەدین و موکورو (رەنگە لکێکی موکری بێ) لە هۆزەکانی شکاک، (شکاک لە نێوان وان و سنووری ئێرانن). هۆزی کوردی میلانیش لەهەرێمی دەوڵەمەندی سیتمانیشی لەنێوان زەوی و زاری هۆزی ناوبراوەوە دەژین. هۆزی میلان دەسەلاتێکی زۆری لە ناوچەکە پەیدا کرد، ئەوەش رق و قینی دەوڵەتی عوسمانی و سەرۆک هۆزەکانی دەوروبەری هەستاند. هەر لەساڵی ١٨٦٠وە پەیمانێکی دوژمنکارانە لە نێوان هەندێ لەو سەرۆکانەو حکومەت پێک هات بۆ مەبەستی بنەڕەتی لە ناوبردنی هۆزی میلان و راگوازتنی بۆ دەرەوەی سنوور. هەرچەندە هێزەکان نابەرانبەریش بوون، بەڵام پیاوانی ئازای میلان بەسەرکردایەتی عومەر ئاغای ئازاو جوامێر و مێرخاس توانیان لە شوێنەکانیان خۆیان رابگرن و بەرگری لە خاکەکەیان بکەن. بەڵام حکومەتی عوسمانی تەپکەیەکی نامەردانەی لەگەڵ هەندێ سەرۆکی رکابەریان بۆ نانەوە.

تاوانی یاخیبوون و نیاز خراپیان دایە پاڵ میلان، ئەوەبوو هێزەکانی حکومەت و ئەوانەی لایەنگیریان دەکردن بە خێرایی پەلاماری میلانیان دا. میلانییەکان قارەمانانە خۆیان راگرت و توانیان دوژمنەکانیان بشکێنن و تا توانیان بۆ پشت سنوور بۆ ئێران پاشەکشە بکەن. هەر کە میلانییەکان و لەسەرووشیانەوە عومەر ئاغا گەیشتە ناوچەی ورمێ، سەرەتا بەرپرسان پێشوازییان لێ کرد و دیاری و بەڵێنی زۆریان دانێ، بەڵام خێرا ئامانجی دەسەلاتدارانی ئێران ئاشکرابوو کە مەبەستیان زانینی هێزو سامانی میلانییە هەژارەکان بوو. هەر کە بەرپرسان چی وایان دەست نەکەوت برسییەتیان بشکێنێ. دەستیان کرد بە بەکارهێنانی هێزو دڵڕەقی لەگەڵ عومەر ئاغا و لایەنگرانی، ئازاریان دەدان. بەڵام ئەوان خۆڕاگربوون. ئەو کاتە دەسەلاتداران فەرمانی لە سێدارەدانی عومەر ئاغاو ژمارەیەک لە پیاوەکانیدا. دوای ئەوەی هۆزەکەیان تاڵان کرد، رۆڵەکانیشیان لە فەلاقە دەداو دەگرت و ئازار دەدا. تا ئەوەی میلانییە هەژارەکان بیریان کردەوە بە هەر نرخێک بێت بگەڕێنەوە هەواری پێشووی خۆیان. لەو سەروبەندەدا رەسووڵ پاشای برای محەمەد پاشای رواندزی میری بەناوبانگی سۆران کرایە والی وان، زۆری نەبرد داواکاری هۆزی میلانی پەسندکرد، بگەڕێنەوە هەواری خۆیان. بەڵام هەر کە بەدەردەسەری لە سنوور ئاوابوون، چەتەی دوژمنە کۆنەکانیان، بەرپرسانی حکومەت و سەرۆکەکان، پەلاماریان دان و وایان بەسەر هات کە خوێنی لە دڵان دەهێناو هەیبەتی بەرپرسانی تەڕ دەکرد، تەنانەت هەندێ هۆزی کوردی وەک شکاکیش کە شێخ عوبەیدوڵڵا خۆشی لە نامەکانی سەرەوە گلەییان لێ دەکات. ئەوە وێنەیەک بوو لە وێنەکانی بارودۆخی هۆزە کوردییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە، ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە زۆرجاران کوردی ناچار دەکرد خۆی لێ دەرباز بکات[٧].



## پەراوێزەکان

(١) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: تصاعد حركة التحرر وانتفاضة عبيدالله؛ خالفين، ترجمة: د. احمد عثمان ابوبكر، الصراع على كردستان، بغداد ١٩٦٩.

(٢) «لەمێژبوو شێخ عوبەیدوڵڵا رایگەیاندبوو کە سەرۆکە کوردەکان.. دەیانەوێ یەکێتی کوردستانی بەرخوردار بە حوکمی خۆڕێبەری هەرێمی بێننەدی». هەمان سەرچاوە، ل ١٣٣.

٣- «نەخشەکانی شێخ، سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان بەزاندبوو دەیەویست دەسەلاتی بەسەر هەرێمە کوردییەکانی ئێرانیشدا بە هێز بکات». هەمان سەرچاوە، ل١٢١ .

(٤) Note on Kurdish Situation, Istanbul, July, 1919 Major Noel. بەرگرییەکی ورد و بەڵگەدار سەبارەت بە هەڵوێستی راست و دروستی کورد لەهەمبەر نەتەوەو تایفەکانی دۆستی دەوروبەردا هەیە.

(٥) بڕوانە: جەلیل، دکتۆر جلیلی- راپەڕینی کوردەکان(١٨٨٠) (بەزمانی رووسی).

(٦) ساڵی ١٩٧١ ئەو رووداوە ناخۆشەم بۆ تەواوکردنی وێنەکە، لە کتێبی (ژیانی سەرەتایی).میللنگن، لەندەن ١٨٧٠ وەرگێڕا.

(٧) بڕوانە: د. احمد عثمان ابوبكر، اكراد الملي، بغداد ١٩٧٣.

**(*) لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کردستان)، ژ ٦٩ نیسانی ١٩٨٥ ل٥-٧، بڵاوکراوەتەوە.**

## ئاخۆ یادی
## شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بکەینەوە*؟

ئەی پارێزگای هەولێر، ئەی پارێزگای دهۆک، بەر لەوەی بیرەوەری شەست ساڵەی کۆچی دوایی بێت، ئایا دەکرێ یادی ئەو بیرەوەرییە پیرۆزە بکەنەوە. بەڵێنی نیشتمانیتان بەجێ بگەیێنن.

با بیربکەینەوە، ئەرکێکی لەسەرمانە بەجێی بگەیێنین، لەسەر مانە یادی نیشتمان و نیشتمانپەروەری و قوربانی زوڵم و ستەم، دارێژەرانی مێژوومان بکەینەوە. ئەوانەی چوونەتە نێو کەلەپوورو سەروەریمان. بێگومان مێژوومان لە ئێستامان پرشنگدارترە، پڕ ماناو مەبەست و دەوڵەمەندترو بەبەرترە.

دیارە هەرکە یادیان دەکەینەوە، ئەوا یادی خۆشمان بەوانەوە دەکەینەوە. بە کۆشش و ئەرک و دستکەوتەکانیان سەرفراز دەبین. ، ئێستای بێ رووەت بەسەروەرییەکانی رابردوو سەقاو دەدەین، کە لە ژێر کەڵبەی رۆژگاری بێ بەزە دەرهێنراون.

مێژووی دێرینمان سەرکردەی خاوەن بیرەوەری بۆنخۆشی بەخۆوەگرتووە.

رۆژگاریان، رۆژگاری هاوکاری برایانەو دۆست و پشتگرتن و رای گشتی و دڵسۆزانەو وڵاتانی هاوپەیمان و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەکی ماددی و مەعنەوی نەبوو.

ئا ئەوە میری (لەپ) زێڕین لەقەڵای دمدمی ترۆپکی برادۆست لە سەرەتای سەدەی هەڤدەیەم سەنگەری قایم کردووە، دوژمنان زۆر لە نزیکەوە وەک دڕندەی چنگ بەخوێنی برسی، دەوریان داوە، شورا قایمەکەی کەڵ دەکەن بەر لەوەی خۆی و کەس و کارو تەواوی هۆزەکەی تارومار بکەن. کەس ئاگای لێ نیین، نە لەسەر زەوی، نەکەسیش لەخەمیان دایە.

ئەوە (کوڕی گیانپۆڵا) لەگەڵ کۆمەڵەی دوژمنانی باوەکوشتە لە نێوان دیاربەکرو حەلەب لەشەڕی مان و نەمان دایە. نەکەس سەیریان دەکات نەکەس دەبیستێ و نەکەس لەو تاریکستانەی سەرەتای سەدەی هەڤدەیەم بەدەنگ هاوارێکیانەوە دێن گەر هاوار بکەن.



باسی ئەوڕەحمان پاشای بابان و محەمەد پاشای کوڕەی رواندزی و بەدرخانی گەورە و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری شەمزینان ناکەین. ئەو سەرکردەو گەورانە کاری چاکیان کرد، پێکایان، هەڵەیان کرد. لەگەڵ رۆژگار ملەو کێشەیانە.

عەبدولسەلام بارزانی لە سەردەمێک کاری کردووە لە رۆژهەڵاتی ئێمەدا نە دەستورێک نە یاساییەکی دانراو هەبوو، لە گۆشەیەکی بەرزی دوور دوور، دووری وڵات و خەڵک لە چیاو دۆڵان، نەدەپرسی، نە لێی دەپرسن، بەپشت بەستنی بەداواو ورەو هەق.

داواو مافێکی کە خۆی و لایەنگرانی تێیگەیشتبوون، هەرچی لای دوژمنانی بوو، نامۆ و پێیان سەیر بوو.

دەوڵەتی زۆردار لە زوڵم و زۆری خۆی نەدەکەوت. کێ شەڕی دەوڵەتی زۆرداری کردووە، دەبوا بکەونە شەڕی، لەبەرئەوەی زۆردارە، دەبێ سزایەکی تاڵ وکوشندە بدرێ، بۆ ئەوەی پاداشتێکی خۆش و زۆر وەربگرێ.

کێ لەو نەتەوەی ئێستای هیوای زۆری هەیە خۆی بارگران دەکاو خۆی لەبەر رادەکا تا بگەڕێتەوە سەرەتای سەدەی بیستەم.

ئاواتەکانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بەخاکەراییەوە مەزن بون، چونکە ئاوات گەلێک بوون لە بێ هیوایی و ئێش و ئازاری زۆرەوە دەرکێشرابوو. ئەو خەونێکی گەشی بینی بوو کە چۆن سەرکردە کوردەکان و هیواو ئاواتیان لەبەردەم تۆپەکانی جەندرمەی بێ ویژدان و پاشا زۆردارەکان بەخەرەند دادەچوون، یەک یەکە و کۆمەڵ کۆمەڵ لەبەردەم پەلامارەکانیان بەردەبوونەوە، کە سەرتاپای وڵاتی کوردەواریان لەم سەرتا ئەو سەریان بە ئاگرو ئاسن دەکوتا، تەنانەت بستێک لەو خاکە نەما پێخوستی زۆرداران و ملهوڕانی جار لە دوای جار بەسەردا نەڕۆیشتبێ. تەنیا ئەو گۆشە دوورەی سەر دەشتەکانی کوردەواری نەبێ، ئەوە شێخی بارزانە، ئەوەندە سەخت بوو گرتنی، تەنانەت سەختتر لە گرتنی هەڵۆی ئاسمانان.

ئەو شێخە سەرکردە سادەو ساکارە لە ماڵ و هۆزو نەتەوەکەی لە چاوی زۆردارەوە لە هەموو دوژمنە ترسناکەکان ترسناکترە، خۆڕاگری لە بارزان لە دوژمنکاری ئیتاڵیاییەکان بەهێزترە، لەشەڕی بەلکان و حزبی تورکیای لاو توندتر بوو.

دەوڵەتی عوسمانی کە دوژمنان لە دەریاو لێوارەکان، لە ئەفریقیا و بەلکان لە رۆژئاوای

ئیمپراتۆریەت هەرەسیان پێ هێنابوو، دەبینین لە ڕۆژهەڵاتی کورد و ڕۆژهەڵاتی عەرەباندا سەر زەمینی زامن و دەرخونەی ئاسایشی دەسەڵاتی سوڵتانە.

وەک ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بووبێتە درندەیەکی بریندار دوژمنانی و ڕکابەرەکانی بەریاندابێتە دوای هەر نێچرێک و سەر هەر ئێسکێک، کەچی خۆی کردە نێچیرو دوژمنان و ڕکابەران لێکیان هەڵوەشاند، لەوەوە بەگژ بێچوە بچووکەکانیدا دەچێتەوە.

ئیدی بەو جۆرە ئەو شێخە بەرز و بەڕێزی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیە نە ئاگای لە هیچەو نەهیچی پێدەکرێ، چەندی بلێیی دلڕەق و ملهوڕە.

چ بەڵا لەو بەڵایە خراپتر نییە، چ کارەساتێک لەو کارەساتە گەورەتر نییە.

ئا ئەوەتا سوپای پرچەکی وێرانکەر، کۆمەڵ، کۆمەڵ دێن، تۆپە شاخاوییەکانیان بەهێزی گاجووتیان رادەکێشی، هەر لەدەیەی یەکەم و نیوەی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم (ڕۆشن)، ریزە رەشەکانیان لە دەشت و دۆڵی بارزاندا پێچاوپێچ دەکەن، باڵندان لە هێلانان زارەترەک کردووە، هەڵۆو کەو و بازان هەڵدەفڕێنێ.

پەزو گیانداران رادەجفرێنێ، مێگەلیش لە دۆڵ و دەشت و دەران بازبازێنیانە. ئاگریش لە جەرگەی شەڕدا بەردەوامە، جلەوی بۆ شۆڕکراوە. خوا پەناماندا لە دوژمنان.

گوندو وڵات و شینایی و گیاندارایان لە بارزان سووتاند. خوێنیان ڕشت، چەندین خەڵکیان لە نێو برد.

بەڵام راوەستە، ئەوا شێخێ بارزان و یاوەرە مێرخاسە شەڕکەرە لاوەکانی بەدڵێکی پڕ بڕواوە، چوونە شەڕ.

شێخ عەبدولسەلام ملی نەداو بیرای بیر ورەی بەرنەداو دەستی شل نەبوو. تا دوا هەناسە پشتی بەسیاسەت و دپلۆماسیەت و لێکدانەوەو راوێژ کرد. لە ناخۆشیان دانەچڵەکی.

بەڵام چارەی چییە لەگەڵ دوژمنێکی نەزان.

شێخ عەبدولسەلام سەروەرییەکی دەوڵەمەندی واتای نیشتمانپەروەری و ئاواتی نەتەوەیی و کەلەپوورێکی لە تێکۆشان و ئارامی و ناخۆشی بۆ نەوەکانی دواتر جێهێشت کە بنی نایەت.

لە پاشماوەی ئەو ئادەمیزادە دەوڵەمەندترو بەنرختر نییە کە تین و گوڕی لاوێتی لە بەرگریکردن لە ئامانجەکانی نیشتمان و مافەکانی بە سەر برد. لەبەرانبەر هەر دوژمنایەتی و زۆردارییەکدا خۆی



راگرت، دووچاری دەربەدەری و ناخۆشی غەوارەیی هات. لە جێپێیەکی وڵاتەکەی لەسەر سنووری حکومەت و ئیمپراتۆریەتەکان دنیای لێ ئاڵۆزبوو وێک هاتەوە، دووچاری ناهەموارترین مەترسی بۆوە، تا ئەوەی دوژمنان بە فێڵی ناپاکان دیلیان کردو لە ساڵی یەکەمی شەڕی یەکەمی جیهان لە مووسڵ لەدار درا.

نموونەی شێخ عەبدولسەلام سەرمەشق بوو بە بەڵگەی ئەوەی، جارێکی دی مێژووی دێرینمان لە ئێستا بەرزترە، کەلەپوورو پاشماوەکەی دەوڵەمەندو قووڵترو پڕ بەڵگەتر کرد.

ئەو شێخە چەندی لێ خۆش دێ کە دوومانەکەی وەک ئەو لەمێژووەکەی بدوێ، بۆ ئەوەی لەخەباتی دژوارییاندا یارمەتیان بدات و لە ناخۆشیشدا دەستیان لە پشت دەدا، لە نموونەی ئەوەوە پەندو ئامۆژگاری و ئەگەرەکانی بیرو شێوازەکانی تەگبیر وەردەگرن، تاکو ئێستای نالەباری پێ بەرپەرچ بدەنەوە. داننان بەدوارۆژێکی شیاو بۆ خاوەنی ئەو دیرۆکەو ئەو پەند و سەرمەشق و بەزەییە بەیادی پێشینانی بەڕێز، دڵنەواییە بە ژیانی نەوەکانی تازە و مێژووی داهاتوویان.

بۆ ئەوەی، ئەو بیرەوەری و ئەو مێژووەی لا خۆشەویستە، لەو نەوە تێکۆشەرە پیاوەتی بنوێنی، پەیکەرێکی لێرە بۆ بتاشن. گۆڕێکی لەوێ بۆ بکرێ، تەلارێک لەوێ بۆ شێخ ئاوا بکرێتەوە. دانانی پەیکەرو دروست کردنی گۆڕو ئاواکردنەوەی تەلار لەو هونەرانەن کە مرۆڤ دڵی پێ شاد دەبێ و ڕێز لە خۆی دەنێ و مێژووی خۆی زیندوو دەکاتەوە.

**(*) لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان-شمس کردستان)، ژ(٥) ١٩٧٣، ل٢٥-٢٦، بڵاوکراوەتەوە.**

# سایكس پیكۆ و سازانۆف و سیڤەرو پێوەندییان بە مەسەلەی كوردەوە*

سەبارەت بە هۆیەكانی بەستنی پەیمانی سایكس پیكۆ و سازانۆڤ و سیڤەر و پێوەندییان بە مەسەلەی كوردەوە، وا باشترە ئاماژە بە زانیارییەكانی نامەیەكی دوكتۆرا بكەین كە لە ساڵی ١٩٦٥ بە زمانی ئینگلیزی لە بارەی پەیماننامەی سایكس پیكۆ و سازانۆڤدا وەرگیراوە، تێیدا بە تێروتەسەلی لێیان دواوە. هەروەها وتارێكی منیش كە لە گۆڤاری (ڕۆژی كوردستان – شمس كردستان) ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٧٢ بە ناوونیشانی (سایكس پیكۆ و سازانۆڤ و پالیولوگ) بە زمانی كوردی بڵاوكراوەتەوە. پێویستە ئاماژە بە وتاری (پەیمانی سایكس پیكۆ و سازانۆڤ و دابەشكردنی توركیای ئاسیایی و كوردستان)یش بكەین كە لە ڕۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە ٨٧٩ی ڕۆژی ١٩٩٨/٦/١٩ بڵاوكراوەتەوە.

لەو وتارانەدا بە دوورودرێژی لە لایەنی سەرەكی ئەو پەیماننامەیە دواوین كە پێوەندی بە كوردستانەوە هەیەو هەندێ لەو وردەكارییانەی كە لەو سەرچاوانەی ئاماژەم پێكردن هەن و لە وتاری دیكەدا نین. بە خوێندنەوەی ئەو وردەكارییانە بایەخی ئەو ڕووداوە مێژووییە سیاسییەمان بۆ كوردستان بۆ دەردەكەوێ كە بە پێی ئەو پەیماننامەیە، كوردستان دابەشكراوەتە سەر سێ كەرت، بە تایبەتیش بەشی ڕوسیای ئیمپراتۆری كە ڕووبەرێكی فراوانی كوردستانی باكوورو ناوەڕاستی تێدابوو، هەروا بەشی فەڕەنساش لە كوردستان، ڕۆژئاوای كوردستان بوو، ڕووبەرێكی فراوانی ولایەتی موسڵی دابڕیبوو كە زۆربەی هەرە زۆری كورد بوون. هەر بە پێی ئەو پەیماننامە سێیانییە كە بەریتانیاو فەڕەنساو ڕوسیای تێدابوون ئەوا لە ساڵی ١٩١٥ەوە گفتوگۆی لە بارەیەوە كرابوو و لە بەهاری ١٩١٦شدا دوا مۆری لێدرابوو. بەپێی ئەو پەیماننامەیە كوردستان كرابووە سێ كەرت، كەرتی هەرە گەورە بەشی ڕوسیا بوو، كە كوردستانی باكوور لە باكووری ئەرزەڕۆم و ئەرزنجان لە باشوور تا جەزیرەی ئیبنی عومەر، لە ڕۆژهەڵاتیش بۆ سنووری گۆمی (ورمێ) بە هێڵێك بە باكووری ئامێدیدا دەڕوات، شارەكانی كوردستان وەك وان و بەدلیس و ئەرزەڕۆم و موش و ئەرجیش و خنس و ئەرغەلی (ئەرغەنی.و)...و مەعدەن و سەعرت و بایەزیدو ئەوانی دیكەش هەموو لە نێو كەرتی ڕوسیادا دەبوون، هەرچی كەرتی فەڕەنسایە لەو شارانەی كوردستان



پێكهاتبوو، دیاربەكرو بیرجیك و ئۆرفەو هی دیكەش، لە كوردستانی ڕۆژئاواشداو بەشێكی زۆری ولایەتی مووسڵ و خوارووی سنووری كەرتی ڕوسیا تاكو خوارووی كەركووك ئەو شارانەی گرتبۆوە: مووسڵ، دهۆك، ئامێدی، هەولێر، ڕواندز، كەركووك و سلێمانی و هی دیكەش بەشی فەڕەنسا بوو، كەرتەكەی دیكەی وڵاتی كوردان (كوردستان) لە خوارووی كەركوك تا باكووری باقووبەو تا خانەقین و توزخورماتوو و كفری و كەلارو هەندێ شاری دیكەی كوردی دەگرتەوە، ئەوا بەشی ئەو وڵاتە عەرەبییە بوو كە بە نیازبوون بە پێی ڕێككەوتنی شەریف حوسێن و مكماهونی بەریتانیایی بەناوبانگ دایمەزرێنن.

لێرەدا ڕووكاری سیاسەتی بەریتانیا بە شێوەیەكی تایبەتی بەدەردەكەوێت، كە لە لایەك ئەو سیاسەتە بەشی فەڕەنسا لە وڵاتی كوردان (كوردستان) دەكاتە لەمپەر لە نێوان بەشی ڕوسیا لە كوردستان لەگەڵ بەشی دەوڵەتی عەرەبی هاشمی كە بە نیاز بوون دایبمەزرێنن، هەروەها ئەو سیاسەتە مەبەستی بوو بەپێی پەیماننامەكە، بەشی فەڕەنسا لە بەشی بەریتانیا جودا بكاتەوە. كەواتە لێك دابڕینی كەرتی فەڕەنسا لە بەغداو بەسرە بەو تیلمەی وڵاتی كوردەواری كە بووە بەشی دەوڵەتە عەرەبییەكە.

هەروا لە ڕێڕەوی گفتوگۆ دوورودرێژە نهێنییەكانی نێوان هەر سێ دەوڵەتی گەورە بەریتانیاو فەڕەنساو ڕوسیا لە پێناو بەستنی پەیمانەكەو لە ڕێی بالیۆزە بڕوا پێدراوەكانیانی وەك مارك سایكس، جورج پیكۆ و سازانۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕوسیا، هەردوو دەوڵەتە ڕۆژئاواییەكە لە گفتوگۆكردنیاندا لەگەڵ ڕوسیا زۆر نەرم و نیان بوونە، ڕوسیاش لە ڕێی سازانۆڤی وەزیری دەرەوەی و بە بڕیارەكانی ئەنجوومەنی وەزیرانی و وەزارەتی جەنگ داخوازی بەگەڵخستنی ڕووبەرێكی فراوانی كوردستانی باكوور بوو، هەروەها لاشی گرنگ بوو كە ناوچەی گۆلی ورمێش بخاتە ناو كەرتی ڕوسیا، ڕەنگە هۆی ئەوە ئارەزووی ڕوسیا بێ كە هەردوو كەرتی فەڕەنساو دەوڵەتی عەرەبی و بەریتانیا نەگەنە كوردستانی ئێران و ئازەربایجان و ئاشوورییەكانی ئەو ناوچانە بكەونە ژێر دەسەڵاتیان.

لە ڕاستیدا گفتوگۆ ئەو دەمە دەستی پێكرد كە د. ژاڤریفی بالیۆزی گەڕۆكی ڕوسیا لە نامەكانی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا ئاماژەی بەو هەوڵانە كردووە كە گوایە هاوپەیمانان لەگەڵ جەمال پاشای سەرۆك ئەركانی توركی ئەو كاتە خەریكی سرت و خورتن كە جەمال پاشا لە ئەستەنبوڵ دەست بەسەر حوكمدا بگرێ و توركیا لە شەڕ دەربێنێ، لە بەرانبەر ئەوەش هاوپەیمان جۆرە خۆڕێبەرییەك بدەنە ئەرمینیاو ڕەنگە كوردستانیش لە نێو دەوڵەتی تورك بمێنێتەوەو سەرەڕای هەندێ بنەمای دیكە. ڕەنگە بە هۆی سەرنەگرتنی ئەو نەخشەیە هەرسێ وڵاتی هاوپەیمان دەستیان بە گفتوگۆ

کردوەو پەیمانی سایکس پیکۆ سازانۆڤیان تێیدا بەستووە.

ئەوە ئەو سیاسەتە بوو کە ئەو ولاتە هاوپەیمانانە سەبارەت بە ئاسیای بچووکی تورک و کوردستان لەسەری رێک کەوتبوون و بە نیازبوون بە وردی جێبەجێی بکەن، ئەوەش لە دوای شەڕ، بۆ هەردوولایەنی گفتوگۆ بەریتانیاو فەرەنسا سەبارەت بە سوریا و لوبنان و ولایەتی مووسڵ و عیراق و فەلەستین بێتەدی. هەرچی لایەنی روسیایە ئەوا ئەو بەشەی پەیمانەکە کە سەروساختی بە بەشی روسیاوە هەبوو جێبەجێ نەکرا ئەویش بە هۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧، بوو.

ئێمە دەبینین بەهۆی لاچوونی کەرتی روسیا ئەوا هۆکارەکانی ئەو سیاسەتە کە بەریتانیا بەنیاز بوو پەیڕەوی بکات سەبارەت بە ولات (کوردستان)، ئەویش لاچوو، هەروەها بە هۆی دانەمەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی گۆڕین؛ بۆیە بەریتانیا کاری بۆ داگیرکردنی مووسڵ تەنانەت دوای فیتنەکەش کرد. پاشان لەئەنجامی گفتوگۆ فەرەنساش، لە بەشەکەی خۆی لە ولاتی کوردان لە ولایەتی مووسڵ، وازی هێناو ئەوەی کە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتانەی کە لە دوایی شەڕ پەیڕەوی دەکران.

دەتوانین بڵێین کەوا بارودۆخی بەستنی پەیمانی (سیڤەر) جیاواز بووە. ئەو هەنگاوانەی کە بۆ هاویشترا ئاوقای هەنگاوەکانی پەیمانی پێشوو - سایکس پیکۆ - نەبوو. بەریتانیاو فەرەنسا بە سەرکەوتوو لە شەڕ دەرکەوتن، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رووخا، بەریتانیا خودان بڕیاری سەرەکی بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەر لە سەرەتای ١٩١٩ هاوپەیمانە زلهێزەکان بڕیارێکی بەناوبانگیان دەرکرد بە لێک دابڕینی ولاتانی عەرەبی وەک سوریاو هیدیکە و کوردستان و ئەرمینیاو فەلەستین لە قەوارەی عوسمانی (تورکی)، ئەوەش مانای ئەوەبوو ئەو ولات و گەلانە ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان وەردەگرن، هەندێ قەوارەی ئاوا وەک سوریا دامەزران کە تا ساڵی ١٩٢٠ز پاشاو وەزارەتیان هەبوو.

دەبوا بڕیارێکیش لە بارەی کوردستان و ئەرمینیا دەربکرابا، یان چارەسەرو پێشنیاری لە بارەوە پێشکەش کرابا. بە درێژایی دوو ساڵی دوای شەڕ سیاسەتی بەریتانیا لەو مەیدانەدا خەریکی دارشتنی سیاسەتی دیاریکراو یان ئەو بڕیارانەی مەسەلەی ئەو دوو ولات و گەلە چارەسەردەکەن، بەلام لە راستیدا بوو، بەپێی توانا، بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی ولاتە گەورەکان بوو، مەبەستی بەریتانیا دوورخستنەوەی فەرەنسابوو لە کوردستان و دروستکردنی لەمپەرێکی سیاسی یان قەوارەیەک بوو لە نێوان تورکیای داوڕۆژ و ولاتی عیراقی ژێر چەپۆکی بەریتانیا. ئیدی مەبەستی ئەو سیاسەتە چەند سەرەیە، دۆزینەوەی چارەسەرییەک بوو بۆ مەسەلەی کوردستان و ئەرمینیا و لە هەمان کاتیشدا دوورخستنەوەی دەسەلاتی ولاتانی دیکە بوو لە ناوچەی دەسەلاتی



خۆی، ئەو سیاسەتەش لە ئاکامی لێشاوێکی راو پێشنیارو راپۆرتی لایەنە بەرپرسەکان، بەستنی کۆنگرە لە نێوان گەورە بەرپرسان لە بەریتانیا خۆی و هەروەها لە نێوان ولاتە هاوپەیمانە گەورەکانی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا بەست بە شێوەیەکی تایبەتی گەلالە بوو ، هەروا هاوپەیمانان پتر لە کۆنگرەکیان لە بەریتانیا کە سەرۆک وەزیرەکانی کلوید جورج و کامبو ونیتی ئامادەبوون کە ئەوانە هەموو هەنگاوی بەرایی بوون بۆ بەستنی پەیمانی (سان ریمۆ)ی بەناوبانگ، تێیدا سیاسەتی گشتی لە هەق ئەو ولاتانە بڕیاری لێدرا. هەروا سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی ئابووری و بازرگانی کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە رێککەوتنی سێیانەی بەناوبانگ بەرجەستەبوون جارێکی دی سەربەخۆیی یەکسەرە یان ئایندەی کوردستانی بڕیاردا. ئەوە جگە لە سیاسەتی دیکەش.

بەلام هەموو ئەمانەش پێشنیاری بەستنی پەیمانێکی ئاشتی بوو لەگەل دەوڵەتی تورکیا، کە بە پەیمانی (سیڤەر) ناسرا لە ئابی ١٩٢٠. هەر لە کۆنگرەی سان ریمۆدا لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە بەریتانیا پرۆژەیەک بۆ دانانی قەوارەیەکی کوردی پێشکەش بکات، بەریتانیا دوو پرۆژەی پێشکەش کردو بڕیار لەسەر پرۆژەکەی کیرزنی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا درا، کە لە سێ بەند پێکهاتبوو و لە پەیمانی سیڤەر بەو ژمارانە (٦٢،٦٣،٦٤) تۆمار کرابوون، کە بە کورتی جەخت لەسەر دانانی قەوارەیەکی کوردی خاوەن خودموختاری دەکات بە مەرجێ تورکیا پێش وەخت پەسندی کردبا ، هەروا مافی کوردی بۆ وەرگرتنی سەربەخۆیی تێدابوو، کوردەکانی ناو ولایەتی مووسلیش هەقیان هەبوو داوا بکەن کە بچنە پاڵ ئەو قەوارە کوردییەی داوڕۆژ.

پەیمانی سیڤەر بەو شێوەیەی دانی بە مافی کورد دانابوو قەوارەی تایبەتی خۆی دابمەزرێنێ، هەرچەندە پانتاییەکەی بە پێی بەندی یەکەم تەسک بوو، ئەوا بەندی سێیەم مافی سەربەخۆیی کوردو خستنەسەری هەموو ولایەتی مووسلی بۆ سەر ئەو قەوارە سەربەخۆییە سەلماندبوو، دەبێ هەموو ئەوە بە دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد دابنرێ، کە بۆ یەکەم جار بە پێی پەیمانێکی نێودەوڵەتی مافی دانانی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی سەلماندووە.

ئەگەرچی ئەو پەیمانە جێبەجێ نەکراو پەیمانی لۆزان شوێنی گرتەوە، ئەوا پەیمانی سیڤەر شەقلێکی سیاسی دیارە لە مێژووی کوردو تا ئەمڕۆکەش بایەخی سیاسی خۆی هەیە. بۆیە جێی سەرسووڕمان نییە کە سیاسەتمەدارانی کوردو سەرکردەو رێکخستنە سیاسییە کوردییەکان بایەخی ئەو بڕیارە نێودەوڵەتییە لەبەرچاو بگرن.

# کوردستان
## له بەڵگەنامەکانی لیژنەی کینگ-کراین★

هەر کە شەڕی یەکەمی جیهانی تەواو بوو وڵاتانی هاوپەیمان لە پاریس یەکیان گرتەوە، بۆ ئەوەی مەرجەکانی ئاشتی جیهان دابنێن و بڕیاری لێ بدەن. مەسەلەی مومتەلەکاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەگشتی و وڵاتانی عەرەبی و کوردستان و ئەرمینیا و تەنگەکان بەتایبەتی لەو مەسەلە گرنگانە بوون کە جێی بایەخی بەشدارانی کۆنگرە بوو کە لەپێشەوەی ئەو مەسەلە ڕۆژهەڵاتییانەوە بوو کە خرابوونە سەر مێزی گفتوگۆ.

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٩ ئەنجومەنی باڵای وڵاتانی هاوپەیمان لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس کۆبوونەوەیەکیان بەست و لە کۆتاییدا لە ٣٠ هەمان مانگدا بڕیارێکیان دەرکرد و تێیدا هاتبوو:

«هاوپەیمانان و وڵاتە لایەنگرەکانیان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ئەرمینیا و وڵاتی دووئاوان (الرافدین) و کوردستان و فەلەستین و وڵاتانی عەرەبی دەبێ بە تەواوی لە ئیمپراتۆریەتی تورک دابماڵرێن..».

(ولسن)ی سەرۆکی ئەمریکا لە هەمان کات پرۆژەیەکی سەبارەت بەو مەسەلانە دایە ئەنجومەنی باڵای کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس. ناوی کوردستان لە قسەکانی لوید جۆرجی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیادا لە دەقی پرۆژەکەدا هاتووە: (.. مستەر لوید جۆرج ئێستا بۆ ئەوە چووە کە ناوچەیەکی دی بخاتە ناو لیستی ئەو ناوچانەی کە پێویستە لە تورکیا داببڕێن- ئەو ئاماژەی بە کوردستان کرد کە دەکەوێتە نێوان ئەرمینیا و وڵاتی دووئاوان..) پێوە دەچێت و دەڵێت، مەبەستی لوید جۆرج لەراستیدا مەبەست دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوبڕە لەنێوان مووسڵ و تورکیادا.. (ئەوەش لەسەر کوردستان و قەفقاس جێبەجێ دەبێ کە بیری دەوڵەمەندی نەوتی لێیە).



- بەپێی هەندێ سەرچاوە- ئەو ڕێککەوتننامە نهێنییەی لە ئەیلوولی ١٩١٩ لەنێوان بەریتانیا و حکومەتی ئەستەنبوڵ بەسترا دەیگوت: (تورک دژی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ نیین.. کە وەک دەوڵەتێکی دابڕ بۆ مووسڵ پێویستە).

بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەلی ڕاستەقینەی بارودۆخی ئەو وڵاتانەی کە ئەو بڕیار و پرۆژانە دەیگرتنەوەو لەنزیکەوە ئاگادار بوون لەراستی رووکاری رای گشتی ئەوێ، شاندی وڵاتە هاوپەیمانەکان و بەتایبەتیش سەرۆک ولسون بڕیاریاندا لیژنەکی لێکۆڵینەوە پێک بهێنن و بینێرنە ناوچەکە. ئەو لیژنەیەش بە لیژنەی کینگ- کراین ناسرا، لە چەندین کەسایەتی بەناو و دەنگی وەک دکتۆر کینگ و مستەر کراین و دکتۆر لیبیر و منغمری و مامۆستا سامی حەداد و کابتن بیل و هی دیکە پێک هاتبوو..

ئەندامانی لیژنەی کینگ- کراین لەپاریس کۆبوونەوە، پاشان لە ١٩١٩/٦/٤ لە ئەستەنبوڵ کۆبوونەوە، لە ١٠ی حوزەیران لیژنەکە گەیشتە فەلەستین (ڕێکخراوە زایۆنییەکان دژی ناردنی لیژنەکە بوون)و لە ٢٥ی حوزەیرانیش چوونە دیمەشق. لە ٣ی تەمموز ئەندامانی لیژنە چاویان بەشاندی کۆنگرەی سوریا کەوت کە بڕیاری کۆنگرەیان (بە هەرچی زووتر سەربەخۆیی سوریاو فەلەستینیشی لەگەڵدا بێت) بەلیژنەکە ڕاگەیاند...

لە ٢٣ی تەمموز دوای گەڕان و سووڕانێکی زۆر لە سەرتاپای ئیمپراتۆریەتی تورک گەڕایەوە ئەستەنبوڵ.

ئەندامانی لیژنەکە ژمارەیەکی زۆر زۆری شاندو کەسایەتی نەتەوەو ناوچەو پارت و دەستەو تاقمی سیاسی جۆراوجۆریان لەسەردانەکان و لە ئەستەنبوڵ خۆشی دیت.

لیژنەکە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلیان لەبابەت کێشەکانی تەواوی مومتەلەکاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆژهەڵات ئامادەکرد. ئەو ڕاپۆرتە تاکو ساڵی ١٩٢٢ دیزە بەدەرخۆنەکرابوو تا بەرەسمی دەرچوو.

دەربارەی شاندە کوردییەکان و بارودۆخی کوردستان ڕاپۆرتەکە دەڵێ:

ئەو گفتوگۆو دیدارانەی لەگەڵ شاندی ئیسلامی تورکی لە دەوروبەری ١٣ی مانگی ئاب بەرەو کۆتابوون بوون. دوایینی ئەوانەی کە ئامادەبوون نوێنەری پارتی دیموکراتی کورد بوو (شاندەکە نەجمەدین بەگ و حوسێن بەگ و عەزیز بابان بەگ بوون)، ئەو نوێنەرانەی پارتی دیموکراتی کورد داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیان لەو ناوچانە دەکرد کە کورد تێیدا زۆرینەی دانیشتوانن،

جێی سەرنجە ئەو ناوچانەی کە شاندەکە سەردانی کردن لە بنجدا هەمان ئەو ناوچانە بوون کە ئەرمەن دەیانگوت زۆرینەی ئەرمەنی لێ دادەنیشێ، کەچی وەک دیاربوو تورکی لێ زۆرینەبوو.

شاندە کوردییەکە داوای ولایەتەکانی خەرپوت و دیاربەکر و وان و بەتلیس و ئەرزەرۆم (بایەزید)و هەموو ولایەتی مووسڵی دەکرد، لەگەڵ ڕێگایەک بۆ سەر دەریا. بەگشتی شاندەکە پەیڕەوی ڕێبازی ژەنرال شەریف پاشای (سەرۆکی شاندی کوردی بۆ کۆنگرەی پاریس) دەکرد. لە سەرێکی دیکەوە شاندی کوردی خۆی ئارەزووی لە حوکمی خۆڕێبەری (ئوتۆنۆمی)- بوو لە منداتی بەریتانیا وەک بەشێک لە عیراق- نەیاندەویست سەروکاریان بە تورکەوە بێت. کوردستان نیشتمانی تایبەتی ئەوان بێت. ئامادەش بوون دان بەسەربەخۆیی ئەرمینیا دابنێن لە دەرەوەی ناوچەی تایبەتی کوردەواری خۆیان نەک لە شوێنێکی دی.

حەزیان دەکرد ئەرمەنەکانی کوردستان بە کوردەکانی ئەرمینیا بگۆڕنەوە- داوای گەڕانەوەی ئەو کوردە پەنابەرانەشیان دەکرد کە تورک لە نیشتمانی خۆیانیان راگوازتبوون (چونکە تورک مەبەستیان تەنیاو تەنیا بەتورک کردن بوو). وێڕای ئەوە نوێنەرە کوردەکان هەموو تاوانێکی کوشتاری ئەرمەنیان رەت کردەوە.

شەفیق بەگ لە بایزید و رەزا بەگی حاکمی پێشووی ئەرزەڕۆم دەربارەی کێشەکانی ولایەتە رۆژهەڵاتییەکانی تورکیا شاهێدیاندا و بە لیژنەیان راگەیاند کە ژمارەی ئەرمەن لە ولایەتی بایەزید لە شەڕ ١٣,٠٠٠ بوو لە کۆی ١٢٥,٠٠٠ی دانیشتوان و دەوروبەری ٣٠,٠٠٠ ئەرمەنیش لە ولایەتی وان لە کۆی ٣٧٠,٠٠٠ی دانیشتوان.. ئەرمەن و تورک پێکەوە لە کوشتاری رابردووی ئەرمەنان بەرپرسن. دژی جیاکردنەوەی ولایەتەکانی رۆژهەڵات بوو و داوای منداتی بەریتانیایی یان ئەمریکایی دەکرد.

بەقسەی مونیر ئەفەندی کۆنە نوێنەری وان و تەها ئەفەندی لە هەکاری بەری شەڕ ١٥٠,٠٠٠ کەس لە هەکاری هەبوون، ٩٠٪ موسڵمانن.. جیاوازی کردنیش لەنێوان کوردو تورکان زەحمەتە.

هەرچی مەزهەر بەگی کۆنە حاکمی بەتلیس بوو ژمارەی دانیشتوانی ولایەتەکەی(٤) بە دەوروبەری ٤٥٠,٠٠٠-٥٠٠,٠٠٠ کەس لە ساڵانی ١٩١٣-١٩١٤ خەمڵاندووە، کە نزیکەی ٧٥,٠٠٠ یان ئەرمەنن و ئەوەی دیکەش کوردن. هەموو ئەوانەی دیکەش کە دواتر هێنرانە بەردەم لیژنە لەسەر ئەو قسانە کۆک بوون. منداتیان پێ باشتر بوو، ئەگەرچی ترسیان لەوەش هەبوو کە



رەنگە سەربەخۆیی لەدەست بدەن.

هەرچی شێخ رەزا ئەفەندی کەرکووکی و حیکمەت بابانزادەی سلێمانی، ئەو لیوا کوردە-تورکەی تەک ویلایەتی مووسڵ، رایانگەیاند کەوا حەزیان لێیە بخرێنە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنی کارەساتە. چونکە ئەرمەن لە ١٥٪ پتری دانیشتوان نین.

پرۆفیسۆر شەمسەدین لە زانکۆی ئەستەنبۆڵ کە بەنوێنەرایەتی ولایەتەکانی رۆژهەڵات دەدوا چونکە خۆشی خەڵکی خرپوت بوو، ئەوا لەبنجدا بایەخی بەسەربەخۆیی یان منداات دەدا. دەیگوت دەستێوەردانی ئەوروپی ناکۆکی دروست کردووە.

لە هەندێ هەواری لێکۆڵینەوەی لیژنەی کینگ- کراین دا کەقسەی ئەحمەد ئەمین یالمانی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکە دەڵێت، پێویستە عەرەب و تورک بۆ ئەوە ئامادە بکرێن کە خۆیان لەو ناوچانەی کە تێیدا نیشتەجێن حوکمی خۆیان بکەن.

دوکتۆر مونتگمری ئەندامی لیژنە پێی وایە ئەگەر ئەمریکا بیەوێ بەرپرسیاریەتی هەڵبگرێ ئەوا دەبێ منداات بەسەر ئەرمینیا یان کوردستان یان ئەنادۆڵدا پەسند بکات.

دوکتۆر لیبیری ئەندامی لیژنە لە راپۆرتەکەیدا دەڵێت، ئەگەر حکومەتی ئەرمەنی دامەزرا، دەبێ هەنگاوێکی واش بۆ کوردو تورک و عەرەب بهاوێژرێ، چونکە بەهەرحاڵ، ئەرمەن هەمیشە هەر کەمینەی دانیشتوانن.

بەتێڕوانینی دوکتۆر لیبیر بارودۆخی ئەنادۆڵ بارودۆخێکی ئاڵۆزە، مەسەلەکەش بەهۆی داخوازییەکانی کوردو یۆنانی و سوریاکانەوە مەترسی پتربووە.

بەڕای ئەو، کوردەکان داوای ناوچەیەکی زۆر فراوانیان کردووە.. خۆشیان بوونەتە کوردی قزلباش و کوردی سونە. واپێدەچێ باشتر وایە کورد لە هەرێمێکی جوگرافی سروشتی (نێوان ئەرمینیا، کە بەنیازن حکومەتی لێ دابمەزرێنن و وڵاتی دووئاوان (رافدین) لە باشوورو فوراتیش وەک سنووری رۆژئاواو ئێرانیش لە (رۆژهەڵات) بئاخنرێن و حوکمی خۆڕێبەری (ئۆتۆنۆمیان)راستەوخۆ لە ژێر مندااتدا بێ، بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ سەربەخۆیی یان یەکێتی فیدرالی لەگەڵ دراوسێکانیان (لە حکومەتێکی فراوانی سەربەخۆدا) بەپێی تێڕوانینی ئەو، کەمینە ئەرمەنی و تورکییەکانیش لەگەڵ کوردەکان بگۆڕدرێنەوە. بەرای ئەو بەو شێوەیە دەستەبەری

ملیۆنێک و نیو کورد لەو ناوچانە دەکرێت.. رایان وابوو لەبەر هۆی جوگرافی ئەو ناوچە کوردیانە بخرێنە سەر ماندات‌ی عیراق، لەوەی بخرێنە سەر ئەرمینیا یان ئەنادۆڵ.

بەرای دوکتۆر مونتگمەری وادیار بوو کوردستان تاکە مەسەلە بێ کە مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ دەکرا.

پێشتریش باسمان کردووە کەوا ئەو سەرۆکە کوردانەی قسەیان دەچەقی، کێشەی وڵاتەکەیان تەنانەت پێش شەڕی یەکەمی جیهانیش لەدەست خۆیاندا بوو. ئەو رێوو شوێن و هەنگاوانەی ئەوانەو ئەوانەی دواتریش هەڵێنران، وای کرد کە پەیمانی سیڤەر هەندێ بەندی لەبارەی دوارۆژی سیاسی کوردستانی ئەو وەختە بگرێتەخۆ. ئەو پەیمانەش لە ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٢٠ لەگەڵ تورکیادا بەسترا.

**(*) لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان -شمس کردستان)، ژ(٧) ١٩٧٢ ل١١-١٢ بڵاوکراوەتەوە.**



# بزووتنەوەی
# شێخ مەحموود و پەیوەندی نێوان دەوڵەتان*

خەباتی نیشتمانیی شێخ مەحموود لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان، مۆرکێکی سیاسییانەی زۆر تایبەتمەندی هەبوو. بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی کوردستان خەباتی نیشتمانیی کورد دەکەوێتە بەرانبەر هێزێکی گەورەی جیهانی وەک بەریتانیای مەزن و وڵاتانی هاوپەیمانی، نەک لەگەڵ دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی هاوسێ و لاواز و ملهوڕ و خاوەن سیاسەتێکی شۆڤینییانەی رووت. بەپێچەوانەی بارودۆخی پێشوو، بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد راستەوخۆ و چەندین جار لەگەڵ حکومەتە ناوەندییەکانی تورکیا و ئێران لێکیان دەدا کە ئەوەش بزووتنەوەکەی لە سنوورێکی تەسک و دوورەپەرێز دەهێشتەوە، بەڵام لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهاندا بارودۆخێکی نوێ و تەواو و جیاواز دروست بوو. هەر ئەوەندە بزووتنەوەی کورد کەوتە بەرانبەر بەریتانیای مەزن، ئیدی راستەوخۆ بزووتنەوەکە ئەو بازنە تەسکە ناوچەییەی بۆ ئاسۆی بەرفراوانی نێودەوڵەتی شکاند. نەخاسما دوابەدوای رووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دژ بە ئاواتەکانی کورد. چونکە بەریتانیا نەک هەر دەوڵەتێکی زلهێزبوو بەڵکو ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی و دەسەڵاتدارێکی نێو دەوڵەتی وابوو کەس نەبوو دەستی وەبەردەستی هەڵدا، ئیدی هێزێکی جێگیری وەک هێزە سروشتییەکانی وەک دەریای گەورە یان زنجیرە شاخی بەرز وابوو.

لەبەر ئەوە سیاسەت بۆ گەلە بچووکەکان وابوو کە بەیەکێ لەو رێگایانە لەگەڵ ئەو هێزانەدا هەڵبکات: لەبەر هەڵاتنی ئەوەش تەنیا بۆ هەندێ گەل دەبێ، یان لە ژێریدا بپلیشێتەوە یانیش لەگەڵی هەڵبکات و بەشێوەیەک لەشێوەکان رام بکرێ. لەگەڵ ئەوەش جیاوازی کەش و هەوایەکە بە هیچ جۆرێ مانای ئەوە نەبوو کە ئیدی دۆخەکە لە چاکەی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دایەو ئیدی رێی تێکۆشان تەخت و کەم هەڵەموتترە لە جاران.

بەڵام ئەوەی لای ئێمە جێی بایەخە ئەوەیە مەسەلەی کورد بە راستی کەوتە نێو سیاسەتی نێو دەوڵەتان و سەرتەختەی ململانێی جیهانی.

بەڵام هەر کە ئەو مەسەلەیە چووە نێو مەیدانی ململانێی جیهانی، ئیدی بووە ماکێک لە ماکەکانی سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەشێکی زۆری ئەوەش بۆ خەباتی شێخ مەحموودی حەفید دەگەڕێتەوە. دەتوانین بەبڕواوە بڵێین کە چوونی مەسەلەی کورد بۆ نێو جەنگەی پێوەندیی نێو دەوڵەتان بۆ ئەو خەباتەی کە ئەو سەرکردایەتی کردو لێک کەوتن و رووبەڕووبوونەوەی ئەو خەباتە لەگەڵ بەریتانیا و وڵاتە هاوپەیمانەکانی دەگەڕێتەوە. بەریتانیا چەندین ساڵ مەسەلەی کوردی خستەسەر هەردوو ئەستۆی مەزنی خۆی و لە گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانی دەیسوڕاند و خوا خوای بوو لەیەکەمین وێستگەی حەوانەوەدا ئەو بارە گرانە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە.

ئەوەی جێی گومان نییە ئەوەیە ئەو مەسەلەیە سەراووەدراوی دیکەشی هەن، جگە لە وانەی کە باس کران، تەنانەت بووە هۆیەک لە هۆیەکانی ئەو پێوەندییانەو بۆ چەندین ساڵی پڕ پەندو وانە. لەو دەراوانەشدا لێک کەوتنی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد و سەروکاری بە مەسەلەی تورکەوە کە پاشان بزووتنەوەی کەمالی لێ کەوتەوە و هەروا بە مەسەلەی دامەزراندنی قەوارەی دەوڵەتی عێراق هەروەک بەتایبەتی لە مەسەلەی درێژخایەنی مووسڵ لەو سەردەمەیدا دەرکەوت، تەنانەت بە مەسەلەی بێ سەروبەری ئەرمەنیش. جگە لەو بەدەردانەوانەی کە لە بنەماکانی ویلسون و شۆڕشی سۆڤێتی و دوانە زۆرەکانی هاوپەیمانان (وەک دوانی ٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨) کەوتنەوە.

بە ئاخاوتنێکی دیکە دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەی کورد هۆکاری بابەتی و لە هەمان کاتدا خۆیەتیشی بۆ دروست بوون و کاری خۆیان کرد بۆ بەرز کردنەوەی ئەو مەسەلەیە بۆ گۆڕەپانی ململانێی نێودەوڵەتی. هەرچی هۆکاری بابەتییە ئەوا سەرو ساختی بە مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانی خۆیەوە هەیە کە لە مێژووی نوێدا لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهاندا خۆی لە تێکۆشانی شێخ مەحموودی حەفیددا بینییەوە. بەڵام هۆکارە خۆییەکان پێوەندی بەلێک کەوتن و پێکدادانی ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ هێزە جیهانییەکان و سەرەڕای سەروکاری بەمەسەلەکانی تورکیا و عێراق و ئەرمینییاوە... هتد هەیە.

هەر زوو نیشانەی وا لەئارادابوون، دەیان سەلماند مەسەلەی کورد دەبێتە هۆکارێک لە هۆکارەکانی پێوەندی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بە راستیش هەروابوو بۆ چەندین ساڵ کە دواتر لەو گفتوگۆ و دانوستانە نهێنییانەی لە ساڵانی شەڕ لە نێوان هاوپەیمانان دەبەسترا،



ئاشکرابوو، کە ئاکامەکەی بە بەستنی پەیمانی سایکس پیکو و رێککەوتننامەی سازانۆڤ- پالیولوگ (١٩١٦) تەواو بوو.

سیاسەتمەدارانی ئینگلیز ئەوانەی سەریان لە مەسەلە کوردییەکاندا دەخورا، دواتر بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە هاوپەیمانان (سیاسەتی کورد)یان گرتۆتەوە دەست، ئەو سیاسەتەی کە هەرچەندە دواتر وەلایان نا، بەڵام بەتیۆری بۆ چەندین ساڵ هەر مابوو و کاری لە سەرتاپای ئەو رووداوانە کرد کە بەسەر تەواوی ناوچەی کوردەواریدا دەهاتن.

جا ئەگەر بانگەشەی ئەو سیاسییانە راست بێ، ئەوا دەبوا ئەو سیاسەتە بگەڕابوایەوە سەر ڕیوڕەچەڵەک و ریشە بۆ هاوپەیمانان و هەردوو رێککەوتننامەی ناوبراو- واتە بەر لە گەڵاڵەبوونی دواتری ئەو سیاسەتە کە دەربڕینێکی روونی لە پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠دا دیارە.

ئیدی بەوجۆرە هەست بەگەشەسەندنی بەرەبەرەی هۆکارەکانی پەرەسەندنی مەسەلەی کورد دەکەین، لەنێو ئەو هەموو نەخشەو پرۆژەو پێشنیارە سیاسییانەی هەر وەک چۆن رووەک لە چینەکانی زەوی و پەیین و بەرداندا گەشەدەکات. ئەویش بەبینینی ژمارەیەک بەڵگەنامە و یادداشت کە سەروکاریان بەو گفتوگۆیانە هەبووە کە رێی بۆ بەستنی ئەو دوو پەیماننامەو رێککەوتننامەیە خۆش کردووە.

یەکێک لەو بەڵگەنامانە بروسکەیەکە بالیۆزی رووس لە پاریس بۆ سازانۆڤی وەزیری دەرەوەی ناردووە کە ژمارەکەی ٣٧٧ لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩١٥، تیشک دەخاتە سەر هێزە کاریگەرەکان و ئەو بایەخەی بە مەسەلەی ئەرمەنی و مەسەلەی حوکمی خودموختاری کوردستان دەدرێ. بروسکەکە ئاماژەی بەو گفتوگۆیانە دەکات کە هەردوو سەرکردەی ئەرمەنی دکتۆر زافریف و بوغوص نۆبارپاشا لەگەڵ کەسایەتی فەرەنسی و نێوەندە سیاسییە بەرپرسەکان دەربارەی مەسەلەی ئەرمەن دەڵێت. ئەو نێوەندانە حەزیان لێ بوو سەبارەت بە بابەتی حوکمی خودموختاری بۆ ئەرمینیا لە ژێرسایەی هەرسێ دەوڵەتی روسیاو فەرەنساو ئینگلترە گفتوگۆ بکەن. لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ کەنۆبار پاشا یادداشتێکی تایبەتی لەو بارەیەوە داوەتە (دلکاسیە) و لەهەمان یادداشتدا پێشنیار دەکات قەوارەیەکی خودموختاری تایبەت بە کوردستان لەژێر سایەی یەکێک یان هەر سێ دەوڵەتی زلهێز دابمەزرێت.

بەو جۆرە مەسەلەی کورد وەک هۆکارێکی پێوەندیی نێو دەوڵەتی بەشێوەیەکی نوێ ئەگەرچی

ولاتە گەورەکان ئارەزووی سیاسەتی بەزۆر لکاندن و دامەزراندنی (محمیات) لەوەی قەوارەی خودموختاری بۆ کوردستان و ئەرمینیا بوو.

چەندین جار ئەو مەسەلەیە لە گفتوگۆ نهێنییەکاندا دەوروژێندرا. لە بروسکەیەکی وەزارەتی هەندەرانی روسیا بۆ بالیۆزی روسیا لە پاریس بەژمارەی ٦٣٩١ لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩١٥ بەلایەنە دیاریکراوەکاندا راگەیاندراوە کە ولاتە هاوپەیمانە زلهێزەکان هاتنەسەر ئەوەی کە سەربەخۆیی تورکیای ئاسیایی بپارێزرێت، ئەویش بە دامەزراندنی ناوچەی خاوەن حوکمی خودموختاری لە سووریا و فەلەستین و عێراق و دوورگەی عەرەب و ئەرمینیا و کوردستان و دەستەبەرکردنی مانەوەیان لەژێر دەسەلاتی سولتاندا.

سێر مارک سایکس لە نامەیەکدا لە رۆژی ١٢ی مارس بۆ بالیۆزی ئینگلتەرەی لە پترۆگراد لەنێو چەندین پێشنیار، پێشنیاری دابەشکردنی ئەرمینیا و کوردستانی عوسمانی لە نێوان روسیا و فەرەنسا دەکات یان دانانی ئەو ناوچانە لەژێر دەسەلاتی نێو دەوڵەتی و دەستەبەرکردنی بێ لایەنی.

وەزیری هەندەرانی روسیا لە یادداشتێکدا کە داویەتە نوێنەری فەرەنسا و بەریتانیا لە پترۆگراد (پالیولوگ و سیربوکیتان) بەژمارەی ٢٠٥ لە ١٧ی مارتی ١٩١٦ تێیدا پێ لەسەر پێویستی دابەشکردنی کوردستانی تورکیا و ئەرمینیا لە نێوان فەرەنسا و روسیا دادەگرێت.

گرنگترین مەبەست لەو بەڵگەنامانەدا ئەوەیە کە مەسەلەی کوردستان بەڕاستی بۆتە بابەتێکی بەبایەخی تایبەت لە پێوەندی نێوان ولاتانی هاوپەیماندا. بەوجۆە بارودۆخێک دروست بوو کە رەنگ بوو سەرەنجامی دامەزراندنی ناوچەی فەرەنسایی و بەریتانیایی و روسیایی لە کوردستان و ئەرمینیا لەژێر مانداتی ئەو دەوڵەتانە یان ببنە (محمیات)ی ئەوانە لە ئاکامی شۆڕشی روسیا و بزووتنەوەی کەمالییەکان ئەو پرۆژانەی سەروکاریان بە کوردستانی تورکیاوە هەبوو، هەڵوەشانەوە.

کوردستانی باشوور (ولایەتی مووسڵ) کە بووە بەشی بەریتانیا دەبوایە بە راستی ئەوە چارەنووسی با، کەوتە ژێر ماندات دوای ئەوەی خرایە سەر عێراق. بەو جۆرە دەبینین لەئەنجامی زنجیرە رووداو واقیعییەکان لەبەرەو کۆتایی شەڕی یەکەم بۆ چەندین ساڵ بەرزکردنەوەی مەسەلەی کورد بۆ ئاستی کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست کەوتە ئەستۆی کوردستانی باشوور، ئەوەبوو ولاتە هاوپەیمانەکان بەپێویستییان زانی کەسیاسەتێکی کوردی دابڕێژن، هەروەک گومان ئەو سیاسەتەش دواتر لە دەقەکانی پەیماننامەی سیڤەر کە سەروکاری بەکوردستانەوە هەیە بەرجەستە بوو.



گومان لەوەدا نییە کە هەندێ قەفی ئەو سیاسەتە بە جۆرێ لە جۆرەکان سەروساختی بە مەسەلەی کوردستانی باشوورەوە هەبوو. شاندی کورد بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس بە سەرۆکایەتی شەریف پاشا پێوەندی بە شێخ مەحموودەوە هەبوو و ئاگای لە راسپاردەکانیش هەبوو هەروەک حەسەن ئەرفەع دانەری کتێبی کوردەکان (لەندەن، ١٩٦٦)، نووسیویە.

هەر لەسەروبەندی شەڕدا بوو کە شێخ مەحموود وەک سەرکردەیەکی نیشتمانی لە کوردستانی باشوور ناوی دەرکرد. سەرۆکایەتی دەستەی سوارەکانی کردو ئەرکی بەرگری کردنی خۆی راپەڕاند. هێشتا شەڕ کۆتایی نەهاتبوو کە بووە سەرکردەیەکی دیاری کوردو خاوەن مەسەلەو لایەنێک لەلایەنە نیشتمانییە بنەڕەتییەکان کە کەس بۆی نەبوو پشت گوێی بخات لە کاتی دوان بۆ چارەسەرکردنی سیاسییانەی مەسەلەی ولاتی عێراق.

بۆیە هەرکە بەریتانییەکان شاری کەرکووکیان داگیر کرد لە مایسی ١٩١٨ ئەوا روویان لە شێخ مەحموود خۆی کرد تا لەمەڕ دوارۆژی سیاسی لە ناوچەی کوردەواری گفتوگۆ بکەن، تورکەکانیش هەمان هەڵوێستییان بەرانبەری هەبوو.

شێخ مەحموودیش لای خۆیەوە ئاگاداری ناسکی و بایەخی دۆخەکە بوو، بڕیاریدا کە بەرەوپێشەوە بڕوات و رۆڵی خۆی ببینێ، بێ ئەوەی گوێ بداتە کۆسپ و تەگەرەکان. بانگی سەرکردەو سەرۆکە کوردەکانی کرد کۆنگرەیەک لەشاری سلێمانی ببەستن بۆ ئەوەی بڕیارو کاری پێویست بۆ رووبەڕووبوونەوەی بارودۆخی نوێ و نامۆ کە لە ئاکامی شەڕو شکانی تورک و هاتنی هێزەکانی بەریتانیا بۆ کوردستانی باشوور دروست ببوو، بدەن.

لەو کۆنگرەیەدا بڕیار درا حکومەتێکی کوردی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی حەفید دابمەزرێ، هەروەها بڕیار درا بە چاوی دۆستانە سەیری هێزە داگیرکەرەکانی ئینگلیز بکەن بە مەرجێ بەریتانییەکان لێنەگەڕێن جارێکی دی تورک بگەڕێتەوە کوردستان. بێ ئەوەی بوار بەشێخ مەحموود بدەن جارێکی دیکەش ئینگلیز پێوەندیان پێوەکردەوەو لە تشرینی دووەمی ١٩١٨ لەگەڵی کەوتنە گفتوگۆ. مێجەر نوئیلیشیان نارد تا وەک راوێژکاری شێخ کاربکات. لە یەکی کانوونی یەکەم ویلسونی نوێنەری سیاسی بەریتانیا بەفڕۆکە سەردانی سلێمانی کردو گفتوگۆیەکی دوورودرێژی لەگەڵ سەرۆکە کوردەکان کردو رێککەوتننامەیەک لە نێوان هەردوو لا لەسەر بنەمای دانان بە شێخ مەحموود بە(حوکمدار)ی کوردستانی باشوور بەسترا. بۆ لایەنە دیاریکراوەکان

دەرکەوت کە قەوارەی ئەو حکومەتە لەسەر بنەمای حوکمی خودموختاری یەکپارچە دامەزراوە. بەریتانییەکان دانیان بە رەوایی کێشەی کورد نا «ئەوە بوو فەرمانڕەوایی کوردستان بۆ ماوەیەک لەلایەن کوردەوە بووە راستییەکی بەرچاو» هەروەک لونگریگ دەڵێت:

بەو جۆرە بزووتنەوەی کورد دەستکەوتێکی سیاسی و نیشتمانی گەورەی هێنایەدی، ئەویش دانان و بنیاتنانی تەلاری حکومەتێکی نیشتمانی دانپێدانراو بوو بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان لەلایەن دەوڵەتێکی گەورەی وەک بەریتانیا ، هەر لەو رێگەیەشەوە توانی مەسەلەی کورد بباتە نێو ململانێی سیاسی لەسەروبەندی ئەو شەڕەدا بۆ ئەوەی ببێتە ماکێکی پێوەندیی نێو دەوڵەتان کە زایەلێکی بەهێزی لە نێو هۆکارەکانی ئەو پێوەندیانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو.

هەڵوێستی کوردستان کارێکی راستەخۆی زۆری کردە سەر سیاسەتی هاوپەیمانان لە ئاست کێشەی ئەو وڵاتە. جۆش و خرۆشی بزووتنەوەی کوردو راپەڕینە چەکدارییەکان دواتر کاریگەرییەکی زۆری لە نەخشەدانانی ئەو سیاسەتە هەبوو کە بە چڕوپڕی لە پەیمانی سیڤەردا بەرجەستەبوو.

لە ساڵی ١٩١٩ لە کوردستانی باشوور راپەڕین و شۆڕشی چەکداری لەدژی پەرەگرتنی داگیرکردنی ناوچە کوردەوارییەکان لەلایەن عیراقەوە قەوما تا لێنەگەڕێن دەسەڵاتی ئینگلیز پەرەبستێنێ و بگاتە هەموو ئەو ناوچانەی بەرهەڵستی کوردی تێدایە. گرنگترینی ئەو راپەڕینانە، بزووتنەوەی هۆزەکانی گۆیان و راپەڕینی ئامێدی و بزووتنەوەی چەکداری کوردی بارزان و زێبار و پاشانیش شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحموودی حەفید بوو. ئەو شۆڕش و بزووتنەوانەی کورد شوێنەواری بەرچاویان لەسەر سیاسەتی بەریتانیا بەتەواوی لە عێراق و کوردستان بەجێهێشت و بەتووندیش لە دارشتنی بنەماکانی پەیماننامەی سیڤەر کە خەریک بوو لە ساڵی ١٩٢٠ تایبەت بە مەسەلەی کوردستان ببەسترێ.

بەو جۆرە خەباتی کورد وای کرد مەسەلەی بنەڕەتی کورد بخرێتە سەر مێزی گفتوگۆی نێوان وڵاتە گەورەکان کە کۆببوونەوە تاکو بڕیار لە چارەنووسی تەواوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بدەن و ئەو کێشەیە بووە هۆکارێکی پێوەندی نێو دەوڵەتان کە دەیخواست بە مکوڕییەوە سەیری بکرێت و چارەسەری شیاوی بۆ دابنرێت. هەروا دەکرا کەرستەی سازشکاری و ئامرازی چاو لێ سۆرکردنەوە بێ هەروەک لەگەڵ کێشەی گەلانی دیکەشیان دەکرد. جگە لە گیروگرفتی سیاسی سەر مێزی دام و



دەزگا سیاسییە نێو دەوڵەتییەکان، جا چ لە سەروبەندی کۆنگرەی ئاشتی جیهان یان لە کاتی گفتوگۆی پێش بەستنی پەیمانی سیڤەر لەگەڵ حکومەتی ئەستەمبۆڵدا.

دیارە هەروا بە رێکەوت نەبوو کە ماددەی ٦٤ی پەیمانی سیڤەر بەتایبەتی باس لە مافی کوردی ولایەتی مووسڵ (کوردستانی باشوور) دەکات و بچێتە سەر ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە هەر لەو پەیماننامەیەدا باسی کوردستان دەکات، باسی دامەزراندنی کراوە.

دانانی دەقێکی وا ئاشکرا بەڵگەیە لەسەر کاریگەری راستەوخۆی بزووتنەوە کوردییەکان، هەر لەساڵی ١٩١٩ وە بەگشتی لەسەر سەرتاپای ئەو سیاسەتەی بۆ کوردستان نەخشەی بۆ کێشراوە.

شێخ مەحمود کە لە ململانێیەکی سیاسی تاڵ دابوو، لەو سەردەمە زووەی تێکۆشانیدا ئاگادارییەکی باشی لەسەر پەناوپێچ و بارودۆخی سیاسی جیهانی هەبوو و بەوردی و بایەخەوە سەر و سۆراخی دەکرد. قسەی راستگۆتر لەوبارەیەوە لەو دانپێدانانەی ئارنولد ویلسونی حاکمی سیاسی بەریتانیا لە عێراق خۆی راستگۆتر نابینینەوە. ویلسون نووسیوییە دوای بریندار‌بوونی شێخ مەحموود و بەدیل گیرانی لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە لە شەڕی بازیان لە حوزەیرانی ١٩١٩ و دادگاییکردنی ، لە نەخۆشخانە لە بەغدا سەردانی کردووەو لە بارێکی دەروونی مەعنەوی بەرز دابووە. ویلسون پتر دەڵێت کەوا شێخ مەحموود بۆ پتر پشت ئەستووربوون لەبەرگریکردن لاپەڕەیەکی قورئانی دەرهێنا کە وەرگێڕدراوی کوردی بەندی دوازدەیەمی بنەما بەناوبانگەکانی ویلسون و لێدوانی ئەنکلو- فەرەنسی لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ لەسەر نووسرابوو، کە وەک نووشتەیەکی پیرۆز لە قۆڵی خۆی بەستبوو.

مەسەلەی کورد لە گەرمەی سەرهەڵدانی کێشەی بەناوبانگی مووسڵ گەیشتە چلەپۆپەی ژیانەوەی وەک هۆکارێکی پێوەندی نێو دەوڵەتی. چونکە ئەگەرچی پەیمانی سیڤەر لەئاکامی سەرکەوتنی بزووتنەوەی کەمالییەکان جێبەجێ نەکراو پەیمانی لوزان جێی گرتەوە و مەسەلەی کوردیش هەر لەبەردەم چاوی هەموو لایەنە پایەدارەکانەوە مایەوە. دوای هەرەسهێنانی کۆنگرەی لۆزان و گفتوگۆی ئەستەنبۆڵ (١٩٢٤) لە نێوان بەریتانیا و تورکیا بۆ چارسەرکردنی مەسەلەی درێژ خایەنی مووسڵ و مەسەلەی گشتی کورد، بەریتانیا بڕیاریدا کێشەکە بەتەواوی بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەی چارەسەرییەکی پەسندی بۆ بدۆزێتەوەو هەموو لایەکان بێ ملە جێبەجێی بکەن.

ئیدی بەو جۆرە بەدرێژایی حەوت ساڵان کێشەی مووسڵ و مەسەلەی گشتی کورد بوونە

مەسەلەی ئالۆز لەبەردەم کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی، ئەرکێکی زۆری ئەو لایەنە نێو دەوڵەتییانەی ویست تاکو گەیشتنە چارەسەرییەکی وا لایەنە پێکناکۆکەکانی لەکارەساتی هەڵگیرسانی شەڕ لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست دوورخستەوە. لەو هەموو هێنان و بردنە مەسەلەی کورد لەپێشەوەی ئەو کێشانە بوو کە سەروکارێکی زۆر زۆری بەمەسەلەی مووسڵەوە هەبوو. لەبەر ئەوەی رای کورد و ویستییان لەچارەسەرکردنی ئەو کێشە گرنگ بوو، کۆمەڵەی گەلان وای پێ باش بوو، کە پێویستە لە نزیکەوە ئاگاداری داواکاری و رای خەڵکی کورد بێت.

ئەوە بوو ئەنجوومەن بڕیاریدا ئەو ئەرکە گرنگە بخاتە ئەستۆی لیژنەیەکی تایبەت کە بۆ ئەو مەبەستە دامەزرا بوو، بە لیژنەی لێکۆڵینەوە ناسرابوو. لیژنەکە لێژنەیەکی نێو دەوڵەتی بوو بەسەرۆکایەتی کۆنت تیلکی کە لە کانوونی دووەمی ١٩٢٥ گەیشتە مووسڵ.

دوای لێکۆڵینەوەیەکی فراوان لەسەرانسەری ولایەتی مووسڵ لیژنەی نێو دەوڵەتی راپۆرتێکی تێروتەسەلی دایە ئەنجوومەنی کۆمەڵە کە لە راستییدا لێکۆڵینەوەیەکی فراوان بوو لە بارودۆخی جۆراوجۆرو لایەنەکانی ژیان لە کوردستان لە بواری مێژوویی و جوگرافی و ئەتنوگرافی و ئابووری و کۆمەلایەتی و دیموکراتی وباری دانیشتوان ...هتد. لیژنەکە لە لێکۆڵینەوەکانیدا بایەخێکی زۆر زۆری بەڕای خەڵکی کورد لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی کە دەبوا لە ولاتەکەیان پەیڕەو بکرێ، بەتایبەتیش سەبارەت بەچارەسەرێکی باشی مەسەلەی کوردستانی باشوور (ولایەتی مووسڵ). لیژنەکە گەیشتە دەرەنجامی دروست کە سەرەنجامەکەی ئەوە بوو ئەگەر راو بەرژەوەندی زۆربەی کورد لەبەرچاوبگیرێ ئەوا چارەسەری بنبڕی ئەو مەسەلەیە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆیە.

ئەوەی لەو بوارە تایبەتەدا سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کە لیژنەکە بەتەواوی و درکی بایەخی شێخ مەحموودی لەو کێشانەدا دەکرد. لیژنەو سەرۆکەکەی ئەرکێکی زۆریان نواند بۆ ئەوەی پێوەندی بە شێخ و لایەنگرەکانییەوە بکەن و خۆیان لە مەبەستە سیاسییەکان و راکانی بۆ چارەسەری کێشەی کوردو مەسەلەی کوردستانی باشوور بگەن، کە ئەو ئالای خەباتی لە پێناو دامەزراندنی قەوارەیەکی تایبەتی سەربەخۆ لەنێو سنوورەکەی هەڵگرتبوو. لەو سەردەمەدا شێخ مەحموود لەگەڵ لایەنگرەکانی لە شەڕی پێشمەرگانەدا بوو دژی هێزە داگیرکەرەکان کە لە سالانی ١٩١٩، ١٩٢٣، ١٩٢٤ .. هتد چەندین جار لەپایتەختەکەیان وەدەریان دەنا.

لەبەر ئەوە بۆ لیژنە هەڵنەکەوت پێوەندی بە شێخ محمموودەوە بکات و لەنزیکەوە لە رای کوردە



نیشتمانپەروەرە تێکۆشەرەکان بگات. بەڵام لیژنەکە پشت گوێی خست و نەیدەتوانی ئەو راستییە لە راپۆرتەکەی پشت گوێ بخات و دەرەنجامە هەرە گرنگەکانی نەنووسێ کە بەڕوونی لە دەرەنجامە سیاسییەکانی بۆ بەرژەوەندی مەسەلەی کورد بەگشتی رەنگی دابۆوەو ئەو مەسەلەیە چووە تۆماری پێوەندیی نێو دەوڵەتی وەک مەسەلەیەکی رەوا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی نەیتوانی چارەسەرێکی پەسندکراوی بۆ دابڕێژێ کە لەگەڵ هەق و ئاوەزو مرۆڤایەتی رێک بکەوێ. مەسەلەی کورد لەو مەتەڵە هەڵنەهێنراوانە بوون بۆ چارەسەرکردن. راستە ئالۆزییەکی زۆری لە نێو پێچاوپێچی ئەو مەسەلەیە هەبوو کە لەئاکامی خۆسەپاندنی هێزی زۆر و تێکچرژانی بەرژەوەندی زۆریان و هەڵوێستی دژ بەیەکیان سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لەو مەسەلانە نەبوو کە چارەسەری هەر نەبێت. لە راستیدا چارەسەری واقیعی و بەکردەوە هەبوو، کە دەکرا بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو مەسەلەیە بۆ بەرژەوەندی ئاشتی و دادپەروەری پشتی پێ ببەسترێ لە لای کەم لە هەندێ بەشی ولاتی کوردەواری، ئەگەر نیازی ئاشتییانەی پاک هەبوایە. لە زۆر رووەوە مەسەلەی کورد لەلایەن کۆڕو نێوەندە نێو دەوڵەتییە جۆراوجۆرەکان ناسراوەو تێیگەیشتوون، نیشتمانپەروەرانی کورد هەوڵی بێ وچانیان داوە تا روونی بکەنەوە، تەنانەت لەپێناو ئەو ئامانجە پشتیان بەخەباتی چەکدارانە بەستووە وەک سمکۆی شکاک و شێخ مەحموودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران و شێخەکانی بارزان، بۆ ئەوەی مەسەلەکە بخەنە بەرگوێی دام و دەزگای سیاسی نێودەوڵەتی.

سەرەڕای ئەمەش بۆ دوارۆژ بزووتنەوەی کورد لەسەری بوو کە ئەزموونی خەبات بەشێوازی جۆراوجۆر بەدرێژایی سالانێکی دوورودرێژ بگرێتەبەر.

**(*) لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەشی یەکەم، بەرگی یەکەم ١٩٧٣، ل٧٣٠-٧٣٩، بلاوکراوەتەوە.**

# کورد لە نووسینی موسڵمانەکانی
# بەرایی ناوی مەڵبەندو تایفە کوردەکان★

**وشەیەک**

لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەو نووسین و رایانەی مێژوونووس و وڵاتناسە عەرەب و موسڵمانەکانی بەراییمان سەبارەت بە شوێن و مەڵبەند و هەواری کوردەکان و ناوی هۆزەکانیان و تایفەکانمان بەسەر کردۆتەوە، کە باس کراوە.

هەر ئەو لاپەڕەو بڕگەو رستانەمان وەرگرتووە کە وشەی (الكرد أو الأكراد) یان هەردوو ناوو وشەی (الكردي) لە هەندێ حاڵەتدا تێدا هاتووە. بەو شێوەیە ئێمە بەردەوام دەبین لە چنینەوەی ئەو جۆرە دەستەواژانە تاکو ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی و لە هەمان کاتیش لێکیان دەدەینەوەو بەراوردیان دەکەین و پێکیان دەگرین و بەپێی داخوازی و پێویستیش لێیان دەدوێین.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کەوا ئێمە لە حاڵەتی دیاریکراودا لاپەڕەی تەواو یان بڕگەی تەواو یان سەرلەبەری ئەو رستەیە وەردەگرین کە ناوی (کورد و کوردەکان و کورد- الكرد والاكراد والكردي) و ناوی تایفەکانیانی تێدابێت و لە کاتی بەسەرکردنەوەی ئەو زێد و مەڵبەندانەی نیشتەجێ بوونی کوردو شوێنی بوونیان لەو ماوەیەی مێژوودا ناوی هاتووە لە سەروبەندی گەڕان لە ناوی هۆزو تاقمەکانیان و بیانوو یان پاڵپشتی ئەو کارە یان ئەو رێبازەی لێکۆڵینەوەمان لەچەند هۆیەکدا دەبینین هاتووە وەک کەمی ئەو لاپەڕە یان بڕگەیە یان رستانەی بۆ ئەو تایفە کوردانەو شوێنی بوونیان و مەڵبەندەکانیان بەدەگمەن باس کردنیان لە نووسینە مێژووییەکان و ئەدەبیاتی وەسفی، لە دانراوەکانی وڵاتناسە پێشەنگەکانی بەرێ. هەستی راستەقینەمان بۆ کۆکردنەوەی



هەرچی لەو بارەیەوە نووسراوە یان تۆمارکراوە تاکو ئەو مێژووە لەنێو دووتۆیی یەک لێکۆڵینەوەدا کۆبکەینەوە، لەسەرێکی دیکەشەوە ئومێدەوارین لەو بوارەدا وێنەیەکی راستەقینە یان واقیعی ئەو زانیارییە رەسەنە بخەینە بەرچاوی خوێنەر، سەبارەت بەچۆنیەتی باسکردنی ئەو مێژوونووس و وڵاتناسە کۆنانە بۆ کوردو کوردەکان و خۆدورخستنەوە لە هەر پارچە پارچەکردنێک و لادانێکی ئەو وێنانەو پاراستنی تام و بۆی رەسەنی مێژوویی کە بە زۆری پەندئامێزو جێی سەرنجە.

لەو لای دیکەشەوە لەهەمان کاتدا ئێمە گەرەکمانە رێگایەکی نزیک لەو شێوازە یان رێگا زانستییە بگرینە بەر کە بەدەستەواژەی بیانی پێی دەڵێن HERALDRY لە لێکۆڵینەوەی رەگوڕیشەو بنچینەو تۆرمەو زانیاری.

هەروەها دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کەوا کەم وایە ئەو نووسەرو دانەرە پێشەنگانە ناوی مەڵبەندی دانیشتوانی کورد دەهێنن یان تایفە و دەستەو تاقمەکانیان بە تەواوی و بە تێروتەسەلی و رێک وپێکی و روونی تۆمار دەکەن. نووسینەکانی ئیستەخری و مەسعودی و مەقدەسی و ئیبن حەوقەل و کەمێکی دیکەیان نەختێ بە درێژی و تا ئەندازەیەک بە رێک و پێک ترە، کە رەنگە لە نووسراوەکانی دیکەدا نەبێت. ئەوەی ئەوانە کردوویانە تۆمارکردنی ناوو مەڵبەندی زۆر هۆزی کوردن و ئاماژەشیان بەلایەنەکانی ژیانیان کردووە بە شێوازێکی روون و ئاشکراتر لە کاری خەڵکانی دی.

لەگەڵ ئەوەش هەرچی هەواڵ و زانیاری چ کەم بێ یان زۆر لەبارەی ئەو دەستەو هۆزو مەڵبەندی نیشتەجێ بوونیان و کورد بەگشتی گوتراوە. ئەوا بە راستی کەڵک و بایەخێکی مێژوویی و زانستی زۆری هەیە. دیارە دابەشکردنە کارگێڕییە زانراوەکانیش ئەمانەبوون: هەرێم (الاقليم)، کۆیەکەی هەرێمەکانە (الاقاليم)- کورە- کۆیەکەی (کور)، (رستاق)، کۆیەکەی (رساتيق)، طسوج- طساسيج (هەروەها ناحیە- کۆیەکەی نواحي)(١) و (سقع)یش کۆیەکەی (اسقاع)ە - (مدينة) کۆیەکەی (مدائن) و (مدينات)ە (بلد) کۆیەکەی (بلدان) و (قرية) کۆیەکەی (قرى) و (القصبة)ەش مەڵبەندی کارگێڕی (کورە)یە.

سەبارەت بە هەندێ مەڵبەندو گەڕەک و تایفەی کوردان ئەو نووسەرانە ناوی تایبەتی بەکاردەهێنن وەک (زم، کۆی زموم) کە بە تایبەتی دەکەونە هەرێمی فارس و لەسەر سنووری ئەسفەهان و کرمان و ئەهواز. کە بە تێروتەسەلی لە بابەتی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا لێی دەدوێین.

بەپێی توانا هەوڵماندا، پێ بەپێ دەقی کۆنترین مێژوونووس و وڵاتناسان وەربگرین لەهەمان

کاتیشدا ئەو سەرچاوە (المراجع)انەشمان ناوبردوون کە ئەو ناوو بێژانەیان تێدا نووسراوە، ئەویش بۆ ئەوەی لە لایەک خوێنەر بەزنجیرە سەروکاری بکات و دەست پێشخەری بۆ بابەت یان ناوەڕۆکی هەرە گرنگی بکات تا بەئاسانی بەراوردی بکات و لە راستی ئەو ناووشوێن و مەڵبەندانە دڵنیابێت. ئێمەش لەبەر ئەو رۆشناییە دەق وەردەگرین و لێکی دەدەینەوەو لێی دەدوێین.

## زێد و مەڵبەند

لەکتێبی (الیعقوبی)، (البلدان)دا نووسراوە:

کورة الجبل[1]

الصمیرە[2]

«لەشاری سیروانەوە تاکو شاری سەمیرە کە شارێکی (کورە)یە بە مەهرجانقدق ناسراوە، خەڵکەکەی هەرەمەی عەرەب و عەجەمی فارس و کوردن، ماسبدان و سمیرە لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب[3] فەتح کراوە».

## حەلوان[4]

«حەلوان شارێکی شکۆدارە خەڵکەکەی هەرەمەی عەرەب و عەجەمی فارس و کوردن... قرماسینیش شارێکی بەشکۆ و ئاپورەیە، زۆربەی خەڵکەکەی عەجەمی فارس و کوردن»[5].

## ئەسبەهان

«رستاقی جێی هەیە وشاریشی لێیە، رستاقی بران خەڵکەکەی دهقانن و کەسیان تێکەڵ نابێت... رستاقی قاهدان «رویدست»یش کوردی لێیە خورەمییەش هەر لەوێ سەری هەڵدا، نێوان قەڵەمڕەوی ئەسبەهان و ئەهوازە، رستاقی فەهمانیش کوردی لێن»[6].

## (ماوەی نێوان دارالسلام و رەی)[7]

«لەبەغداوە تا نەهرەوان ٤ فەرسەخە.. لە دەسکەرەوەش بۆ جەلەولا ٧ فەرسەخە تا پردەکەی پێی دەڵێن تەرارستان، لە جەلەولاوەش بۆ خانەقین ٧ فەرسەخە.. پاشان دەڕوات تاکو لە دۆڵی حەلوان کۆتایی دێت.. لە حەلوانەوەش تاکو ملی درواستان ٤ فەرسەخە... لە ملی درواستانەوەش تا (مرج القلعة) ٦ فەرسەخە و رێگاکەی لکی لێ دەبێتەوەو دارودرەختی زۆرەو شوێنەکە ترسی



کوردانی هەیە تاکو لە (مرج القلعة) کۆتایی دێت... لە نزیک عەقەبەش دێیەک هەیە ئاخەرینی پێ دەڵێن کیسراکان دروستیان کردووەو خەڵکەکەی کوردن و خانووێکی لێیە ئاگرپەرستەکان بەپیرۆزی دەگرن... ئینجا بۆ نەهاوەند کە یەکێکە لە (کورە)کانی چیا و کورەی چیاش ماسبدان و مەهرجانقدق و ماهی کۆفەیە کە دینەوەرە و ماهی بەسرە کە نەهاوەند و هەمەدان رقومە»[8].

لە کتێبی (المسالك والممالك)ی ئیبن خردادبەدا نووسراوە (کورەی ئوستانی شاد فەیروز کە حەلوانەو داهاتی حەلوان لەگەل جەبارقەی کورد هەزار هەزار و هەشت سەد هەزارە کاغەز «درهەمە»[9].

هەر لەهەمان سەرچاوەشدا نووسراوە:

«ئەو چوارن و واتا و مەبەستی زمەکانیش(*)مەڵبەندی کوردانە[10] وەک زمی حەسەنی کوڕی جیلویە کە بازنجانی پێ دەڵێن چواردە فەرسەخ لەشیرازەوە دوورەو زمی ئەردەم کوڕی جوانامش لە شیرازەوە ٢٦ فەرسەخەو زمی قاسم کوڕی شەهربەراز کوریانی پێ دەڵێن و پەنجا فەرسەخ لە شیرازەوەیە و زمی حەسەنی کوڕی ساڵحیش سۆرانی پێ دەڵێن حەوت فەرسەخ لە شیرازەوەیە»[11].

بابەتی زمەکانی بابەتێکی خۆشکەڵەیە و بایەخی تایبەتی هەیە لەو سەردەمەی مێژوودا. مەسعودی و ئیبن خردادبە ئاماژەیان بە هەردوو ناوی (زم) و (زموم) کردووەو ئیستەخری و مەقدەسی و ئیبن حەوقەل بەشێوەیەکی تایبەتی بەفراوانی لەکاروباری ئەو زمانەیان نووسیوە. لە (تاریخ الرسل والملوك)ی تەبەریشدا ناوی هێنراوە. نووسەرەکانی نەوەی دواتریش لەوانە وەک یاقوتی حەمەوی و ئەوانی دیکە لە زمەکان دواون.

## کتێبی (المسالک والممالک) و (الاقالیم)ی ئیستەخری

ئیستەخری بەتێرو تەسەلی و باش و بەتام و بۆوە باسی ئەو تایفە کوردانە دەکات کە لەو مەڵبەندو شوێنانەی وەک گوتمان بە (زم)ی تاک و (زموم)ی کۆ لە هەندێ لای ئێران و بە تایبەتیش لە هەرێمی فارس دەژیان ناوبردووە. ئەوەی بەو (زموم)انەدا بگەڕێ ئەوا مێژوویەکی زووتری بەرچاو دەکەوێ کە بۆ سەردەمەکانی دیکە دەگەڕێتەوە. محەمەد ئەمین زەکی مێژوونووس دەڵێت: «دەبێ بە هۆی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی و نووسینە بەناوبانگەکانی زاناو پسپۆڕەکان لە رێوڕەچەڵەکی گەلی کرد بتۆژینەوە... ئەوەی لاگیری لەو بیرەش دەکات بوونی ئەو هەموو هۆزە

کوردانەیە لە -فارس- لە سەردەمی ساسانییەکاندا»[١٢].

ئێمەش دەتوانین بەدوای ئەو بێژەرو ناوی (زموم) و ناوی ئەو تایفەو سەرۆکانەدا بچین کە لەو کتێب و دانراوانەدا ناویان هاتووە، بایەخی زمەکان لەوەوە دەردەکەوێت کە ئەو نووسەرو خاوەن دانراوانە چ بایەخێکی ئاشکرایان پێداون.

هەر لە کتێبی ئیستەخریدا نووسراوە:

«حەلوان شارێکی ئاوەدانە... لە نزیک چیایە.. پاشان بەشێوەی کەوانەیەک تا سنووری واسیت لە سنووری عیراق بۆ چیاوە دەسووڕێیەوە کەئاوەدانی کەمەو گوندەکانی پەرش و بڵاون بەزۆریش کوردو عارەبن و لەوەڕگای ئەوانە»[١٤].

هەر لەهەمان سەرچاوەشدا هاتووە:

«ناوی کوردو شارو زمەکانی فارس هێنرا.. هەرچی زمەکانیەتی ئەوا پێنجن. گەورەکەیان زمی جیلوەیەو بە زمی زمیجانیش ناسراوە، زمی ئەحمەدی کوڕی لیسیش کە بە لوالجان ناسراوە بۆ گەورەیی لەدوای ئەوەوە دێت، دوای ئەوەش لە گەورەیی زمی حوسێن کوڕی ساڵح دێت کە بە زمی دیوان ناسراوە، پاشان شەهریار[١٥] دێت کە بە زمی بازنجان ناسراوە، ئەو بازنجانانەی کە لە سنووری ئەسبەهانیش لەو زمەوە چوونەتە ئەوێ، زمی ئەحمەد کوڕی حەسەنە کە بە زمی کاریان ناسراوەو زمی ئەردەشێری پێ دەڵێن. هەرچی (احیاء- گەڕەک، هۆبە)کانن ئەوا بە ژمارە زۆرن. بەڵام دەڵێن لەسەرتاپای فارس لە پێنج سەد هەزار ڕەشماڵ زێترن، وەک عەرەبانیش زستان و هاوین بەدوای لەوەڕ دەگەڕێن. لە هەر ماڵێک خاوەن و کرێگرتەو شوان و یاریدەدەرانیان کە لە پیاوێک تا دە پیاو دەبن. ناوی ئەو گەڕەکانەیان دەهێنم کە لە بیرم بێ، بەڵام ژمارەشیان تەنیا لە دیوانی سەدقات نەبێ نازانرێ»[١٦].

ئیستەخری لە کتێبەکەیدا زانیاری پتر دەنووسێ:

«هەرچی زمەکانیانن ئەوا هەر زمێکی شارو گوندی خۆی بەیەکەوە هەیە، باجی خەراجی ناوچەیەکی بۆ سەرۆکێکی کوردانە. پیاویان داناوە بۆ پێشوازی کاروان و پارێزگاری ڕێگاکان و چاکردنەوەی ڕێگاو پردەکان، هەر وەک مەمالیکەکان. هەرچی جیلویە بە ڕمیجان ناسراوە ئەوا بەولای ئەسبەهانەوە کەوتووە، لایەکی کورەی ئیستەخر دەبات و لایەکیشی کورەی سابور دەبیات... هەر شاروگوندێکی لێرەیە لەو زمەن هاوتخووبی ئەسبەهان و بازنجانیشە، کە جۆرێکن لە بازنجان کە لە زمی شەهریارن هیچ یەکێکی ئەو بازنجانانە لە فارس نین، بەڵام گوندو زەوی و زارێکی



زۆری هەن، هەرچی زمی دیوانی ناسراوە هی حوسێنی کوڕی ساڵحەو لە کورەی سابورە، لایەکی لە پاش ئەردەشێر خرەوەیە، سێ لاشی کورەی سابور دەوری داوە، هەر شارو گوندێکی لێیە سەربەوە، زمی لوالیجانی ئەحمەد کوڕی لیسیش- لە کورەی ئەردەشێری خرە، لایەکی لە دوای دەریاوەیە و سێ لاشی کورەی ئەردەشێر دەوری داوە، هەر گوندو شارێکی ئەو ناوەش سەر بە ئەوەوە. هەرچی زمی کاریانە لایەکی سەیفی کوڕی سەفارە[١٧]و لایەکیشی زمی بازیجانە، لایەکیشی تا سنووری کرمانە ولایەکشی تا ئەردەشێر خرەیە، هەمووشی لە ئەردەشێر خرەوەیە. ئەمانەش گەڕەک (احیاء)کانی کوردانن لە فارس:

کرمانی و رامانی و مدثرو گەڕەکی محەمەد کوڕی بشر و بەقیلی و بندادمهری و گەڕەکی محەمەدی کوڕی ئیسحاق و سەباحینی و ئیسحاقی و ئەدرکانی و شەهرەکی و تەهمادهنی و ربادی و شەهرەوی و بندادکی و خەسرەوی و زنجی و سەفەری و[١٨] شەهیاری و مەهرکی مبارەکی و شتامهری و شاهونی و سەلمونی و سیری و ئەزاددختی و بزاز دختی و مەتلەبی و مەمالی و شاهەکانی و کەجتی و جەلیلین، ئەوانە ئەوەبوون کە ناویانم دەزانی، دەکرێ هەر لە دیوانی سەدەقاتەوە ناوەکانیان بزانرێ. دەڵێن لە پێنج سەد هەزار ماڵ زیاترن، لە هەر گەڕەکێکیش هەزار تا سەد سواری هەیە. لەوەکەمتر زێتر. بەدوای لەوەڕ گەرمیان و کوێستان دەکەن، کەمێکیان نەبێت لە سنووری سرودو جروم[١٩] ناگەڕێن. ئامرازو هێزو پیاو و ڕەشەوڵاخ و بەرزەی هەیە کە بۆ دەسەڵاتیش زەحمەتە بەرزەفتیان بکات گەر بیەوێ هەڵیانپاچێ خۆیان بە عەرەب دادەنێن، خودان مەڕو ئەسپی ڕەسەنن، حوشتریان کەمە. کورد ئەسپیان نییە، تەنیا بازنجانەکان نەبی کە چوونەتە سنووری ئەسبەهان. ولاخیان ئێسترن، حاڵ و باریان باشە، ڕێبازیان قەنی و نەجعییە[٢٠] کە ڕێبازی هۆزە عەرەب و هۆزە تورکمانەکانە. وەک دەڵێن لە سەد گەڕەک زێترن، بەڵام من هەر سی و هەندێکیانم لەبیرە»[٢١].

بێ گومان ئەو زم و ناوی سەرۆکانەی ئیبن خردادبەو ئیستەخری ناویان دێنن بۆ سەدەی سێیەم و چوارەم دەگەڕێنەوە، ڕەنگە مێژوویەکی لەو سەردەمە کۆنتریشیان هەبێت، هەروەک لەو لاپەڕانەی دواییدا دەردەکەوێ، ئەوەی جێی سەرنجە ئیستەخری بەوردی و بەبایەخەوە شوێن و سنووری ئەو (زم)انە دیاردەکات... لە سەرێکی دیکەشەوە، واپێدەچێ هەندێ سەرۆک زمی کوردان، کورد نەبووبن. بۆ نموونە ئیستەخری دەڵێت: ئەحمەد کوڕی حەسەن کە زمی کاریانمان وەپاڵدا، لە ئالی جولندی ئەزدییە، کوڕەکەشی حەجەری کوڕی ئەحمەدیش تاکو ئێستا بەهێزو دەسەڵاتەوە لەسەر

زمەکەیە، ئال سەفاریش کە سەیفی کوڕی بەنی سەفاریش لەوانە هەر لە ئال جولندین»[٢٢].

ئیستەخری لە (المسالك والممالك)دا بەدەگمەن ناوی کورد لەدەرەوەی هەرێمی فارسدا دەهێنێ، هەروەک دەڵێت: «شارەزوور شارێکی بچووکە، کوردی پترن و نزیکە لە عێراق نە میری لێیە نە فەرماندار، بەدەست کوردانەوەیە، سەهرەوەردیش کوردی زۆرن و شارێکی بچووکیشە»[٢٣].

لە لایەکی دیکەشەوە ئیستەخری تا ئەندازەیەکی تەواو روون ناپرژێتە سەر مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی کوردان دوای ئەوەی ناوی ئەو سی وسێ تایفانە دەهێنێ و دەیانباتەوە سەر هەرێمی فارس. ناوی ئەو گەرەک و تایفە کوردانەی دیکە ناهێنێ. بەڵام دەشڵێت گەرەکە کوردەکان لە سەد زێترن. دەکرێ سەرنجی ئەو تەم و مژە سەبارەت بە مەڵبەندی ئەو هۆزانە بدەین کە مەقدەسی ناویان لە دوای یەک ریز دەکات، بە جیاوازی ناوهێنانی ئەو شوێن و مەڵبەندانەی کە کوردەکانی لێ نیشتەجێن بەبێ ئەوەی بەتەنیا لەگەڵ هەر تایفەیەک تێک بکەنەوە. کارەکەی مەسعودی لەگەڵ ئەو جیاوازییەو هەندێ ناو بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا دەهێنێ، لە هەندێ حاڵەتیشدا ئەو کارە پشت گوێ دەخات.

ئیستەخری زانیاری دیکەش لەبارەی زمەکان دەنووسێ:

«هەرچی پاشای زمەکانن کە سوپایەکی هەمیشەیی هەزار تا سێ هەزار پیاویان لەبەر دەرگایە، هەیانە لە زمی زمیجانی ناسراو بە زمی جیلوەی میهرەجانی کوڕی روزبەیە کە لە جیلوەی کۆنترەو پایە و شوێنی لەو گەورەترە، پاشان سەلمەی کوڕی روزبە، جیلوە بۆ ئەوان ماوەتەوە.. لە خزمەتی سەلمەی دابوو، کە مرد جیلوە بەسەر ئەو زمەدا زاڵ بوو... ئەوەبوو زمەکە بەناوییەوە نرا تا ئەمڕۆ... سەرۆکایەتی ئەو زمەش بەدەست کوڕانی جیلووەیە تا ئەمڕۆکە. هەرچی زمی دیوانە سەرۆکیان ئازاد مەردی کوڕی ئیبن کوشهادی کورد بوو، ماوەیەکی زۆر ئەو خاوەنی بوو، سوڵتان پەلاماریداو هەڵاتە عومان و لەوێ مرد. دوای ئەو فەرمان کەوتە دەست حوسێن کوڕی ساڵحی کورد کە تا رۆژگاری عومەری کوڕی لەیس هەر بەدەست خۆی و کوڕەکانییەوە بوو[٢٤] کە لەوانی ستاندەوەو دایە ساسانی کوڕی غەزوانی کورد، تا ئەمڕۆکەش لە دەست کەس و کاری ئەودایە، زمی لوالیجانیش لە دەست ئالی سەفاردابوو، تاکو محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی تاهیری فارس[٢٥] وەریگرت و خستییە دەست پیاوی کورد بە ناوی ئەحمەدی کوڕی لەیس کە تا ئەمڕۆکەش هەر لەدەست کەس و کاریدایە. ئەو محەمەد و ئیبراهیمە[٢٦]بوو لە ئازاد مەردی کوشهادی دا تاکو هەڵهات. هەرچی زمی کاریانە لە دەست ئالی سەفاردایە تاکو ئەمڕۆ و سەرۆکی ئێستایان حەجەر



کوڕی ئەحمەد کوڕی حەسەنە. زمی بازنجانیش سەرۆکیان شەهریاری ناو بوو، کورد بوو. زمەکەش وەپاڵ ئەودراوە، لەگەڵ جیلویە دا بە ژنان تێکەڵ بوون، پاشان قاسمی کوڕی شەهریاری هاتە سەر ئینجا چووە دەست موسای کوڕی قاسم، ئەو بازنجانەی لەسنووری ئەسبەهانیش لەو زمەن چوونەتە فارس، بەڵام لە سنووری فارس زەویوزارێکی زۆریان هەیە سەرۆکیشیان موسای کوڕی عەبدولڕەحمان بوو ئینجا کەوتە دەست موسای کوڕی مەهراب[٢٧] دوای ئەویش بۆ کوڕەکەی ئەبو مسلم محەمەدی کوڕی موسا دوای ئەویش بۆ ئەحمەد کوڕی موسا بوو. سەرۆکایەتیش تاکو ئەمڕۆکە لەدەست خۆیانە»[٢٨].

سەبارەت بە وشەی (زم) و (زموم) دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کە ئیبن خرداذبە و ئیبن فەقیهیش شێوازی (زم)یان بەکار هێناوە، هەرچی ئیستەخرییە ئەوا بێژە کە بە شێوەی (زم) لە (المسالك والممالك) و هەندێ جاریش بە شێوەی (زم)[٢٩] هەروەک لەکتێبی (کتاب الاقالیم)دا نووسراوە، تۆمار کردووە. بەڵام وێنەی دواییان زۆر دەگمەنە. مەقدەسی و مەسعودی و ئیبن حەوقەل و تەبەری شێوەی (زم) و (زموم) بە کاردەهێنن، راستییەکەشی شێوەی وشەکە هەر (زم)ە[٣٠].

وەک زانراوە لای ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی دەستنووسەکانن بە زۆری دووچاری گرفتی نەبوونی خاڵ و نیشانەکانی ئیعراب دەبن لە دەستنووسەکاندا. بەڵام زۆربەی ئەو مێژوونووس و وڵاتناسانە وشەی (زم)یان نووسیوە کە ئەوانە بە بایەخەوە لە بابەتی (الزم) و (الزموم) دواون[٣١] بێگومان بێژەی مەبەست (زم)ە، وێڕای هەموو ئەمانەش، لە کتێبی (معجم البلدان)دا دەستەواژەیەکی گرنگ نووسراوە، دەڵێت کە ئەو بێژەیە (زم)ە، بەتایبەتی لە سەردەمی حەمەوی کە ئەوەش نیشانەی بەردەوامی مانەوەی ئەو بێژەیە بۆ چەندین سەدە، ئەو دەستەواژەیەش ئاوایە:

«(زوم)... لە لای ئەرمینیایە لە موسڵ بەولاوە، رەنگە پەنیری زومیش وەپاڵ ئەودرابێ. پەنیری زمانی و زومی کە دراوەتە پاڵی لە زومان وەرگیراوە، گوتراوە کە تایفەیەکی کورد ولایەتێکیان هەیە»[٣٢].

لەوەش پتر، هێشتا وشەی (زومە) بەمانای شوێنی تایفەی کورد لە ناوچە کوردییەکانی باکوور باو بوو. خاوەنی کتێبی (داب و نەریتی کوردەکان)، مەلا مەحموودی بایەزیدی وشەی (زومە)ی چەندین جار لە نووسینە ناوبراوەکانی تۆمارکردووە کە بە زنکۆگراف لەگەڵ وەرگێڕانە رووسییەکەیدا بەهەمان واتای ناوبراو بڵاوکراوەتەوە. بەپێی کتێبەکەی بایەزیدی (زومە) گەرەکێک یان دێیەکی

کوردییە بۆ تایفەیەک یان دەستەیەکی ئەوانە. هەروا لەو سەردەمەدا (زم) دەدەنە پاڵ یەکێک لە سەرۆکەکان. هەروەها بایەزیدی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ژیاوە، دەڵێت هەر (زومە) و بە ناوی سەرۆکەکەیەوە هەڵدەدرێ، ئەو دەنووسێت:

«هەر تیرەیەک لەو کۆمەڵە خێزانانەی کە لە هەوار و مەڵبەندێک بەیەکەوە بەشێکی یان هەمووی، زومی پێ دەڵێن. ئەو دەستەیە بە ناوی ئاغا یان پیرێکی لە هەمووان بەتەمەنتر هەڵدەدرێت. بۆ نموونە.. بە زومە دەڵێن زومەی عەلۆ یان زومەی حەسۆ (زومەی عەلی یان زومەی حەسەن).

تیرەو گوندەکانیان پێیان دەڵێن زومەی فلان(٣٣).

لە کتێبی مەقدەسی (احسن التقاسیم)دا نووسراوە:

«زومەمە- واتە هەرێمی فارس- پێنجن گەورەترینیان زمی ئەحمەدی کوڕی ساڵحە بە دیوان ناسراوە، ئینجا زمی شەهریار کە بە زمی بازنجان ناسراوە کە ئەوانەی لە لای ئەسبەهانیش لەو گەلەن کە لەو زمەو زمی ئەحمەدی کوڕی حەسەنە بە زمی کاریکان ناسراوە کە ئەویش زمی ئەردەشێرخرە(٣٤).

هەر لە هەمان سەرچاوەشدا نووسراوە:

«هەرچی سابورە ئەوا کورەی نەزیهە... نزیکی چیایە... لە شارەکانیشی دریز... توز و زمی کوردان و جەنبەدخشتەو خشتیش لە ناوەڕاستی چیایە زمی کوردانیش رووبارو رستاقی هەیەو لە ناوەڕاستی چیادا هەڵکەوتووەو رەزوباخی میوەو خێراتی هەیە»(٣٥).

هەر لە هەمان کتێبیشدا دەربارەی هۆزە کوردەکان نووسراوە:

«ئەوێ سی وسێ گەڕەکی کوردانی لێیە»

«کەرمانی، رامانی، مەدثر، گەڕەکی محەمەدی کوڕی بەشر، سەعلەبی، بندامهری، گەڕەکی محەمەد کوڕی ئیسحاق، سەباحی، ئیسحاقی، ئەدرکانی سەهرکی، تەهمەدانییە زیادی، شەهروی، مەهرەکی، بنداقی، خەسروی، زنجی سەفەری، مبارەکی، ئستامهری، شاهۆنی، فراتی، سەلمونی، سیری، ئەزاددختی و مەتلەبی و مەمالی، شاکانی، کە پێنج سەد ماڵن)(٣٦).

لە کتێبی ئیبن حەوقەل (صورة الارض)یشدا نووسراوە:

«هەرچی زمەکانییەتی ئەوا پێنجن گەورەترینیان زمی جیلوەیەو کە بە زمی رمیجان ناسراوە، زمی ئەحمەدی کوڕی لەیسیش کە بە لوالیجان ناسراوە، بۆ گەورەیی لەدوای ئەوەوە دێت و ئەویش



بۆ گەورەیی زمی حوسێن کوڕی ساڵحە و بە زمی دیوان ناسراوە ئینجا زمی شەهریارە کە بە زمی مازنجان ناسراوەو هۆزێکی کوردن لەسنووری ئەسبەهان کە لەو زمەوە(٣٧) بۆی چوون و زمی ئەحمەد کوڕی حوسێنیش بە کاریان ناسراوە کە زمی ئەردەشێرە. هەرچی گەڕەکە کوردییەکانن ئەوا لە ژماردن بەدەرن، بەڵام بە هەموو گەڕەکەکانییەوە کە لە فارسدا نیشتەجێن لە خەڵکی دیوان بڵاوترن بەتایبەتی لە زانایانی نیشتەجێی ئەوێ(٣٨) لە پێنج سەد هەزار رەشماڵ پترن گەرمیان و کوێستان دەکەن بەدوای لەوەڕدا وەک عەرەبان. لە هەر ماڵێکدا لە پیاوێک تا دە پیاوی ماقووڵ و کرێگرتە و پیاوی خۆی هەیە. منیش ناوی هەر گەڕەکێکم لەبیر بێ دەینووسم بەڵام بەتەنیا لە دیوانی سەدەقاتدا سەروکاری ژمارەیان دەکرێ»(٣٩).

هەر لە هەمان سەرچاوەدا ئەو زانیارییانە بە درێژی هەن:

«لە باسی (زموم)(٤٠)و سیفاتیان، ئەوا هەر زمەو گوندو شاری بەیەکەوە هەیە و خەراجی هەر لایەکی بۆ سەرۆکێکی کوردەو لە سەریەتی حاڵ و باری ناوچەکەی چاک بکات و کاروان و پاراستنی رێگاو بەسەر راگەیشتنی کاروباری سوڵتان ئەگەر لێیان گێڕایەوەو فەرمانەکانی جێبەجێ بکات. هەرچی زمی جیلوەیە کە بە زمیجان ناسراوە ئەوا لە دوای ئەسبەهانەوە دێت و لایەکی کورەی ئیستەخرو لایەکیشی کورەی سابورو لایەکیشی کورەی رەجانەو سنوورێکیشی لە ئەسبەهان تەواو دەبێ و سنوورێکیشی تاکو سنووری خوزستانە و سنوورێکیشی لە زمی لای سابوور دەبڕێتەوە، هەرچی شارو گوندی لێیە ئەوا سەر بە ئەسبەهانە، سنووری دەوروبەریشی سەربە ئەسبەهانی مازنجانە کە مازنجانیش هەر لە زمی شەهریارن(٤١) کەسیان سەر بە فارس نین هەر تەنیا ئەو گوندو شوێنە زۆرانە نەبێت. هەرچی زمی دیوانیشە کە بە حوسێن کوڕی ساڵح ناسراوەو لە کورەی سابورە ئەوا سنوورەکەی لە دواوەی ئەردەشێرخرەوە دێت و سێیەمیشیان سنووری کورەی سابوری بەسەر دادەگرێ هەر شارو گوندێکی لێ بێت ئەوا لەوەوەیە، هەرچی لوالیجانی زمی ئەحمەدی کوڕی لەیسە ئەوا لە کورەی ئەردەشێری خرەو چی گوند و شاری لێیە هی ئەوە، زمی کاریانیشی سنوورێکی دەگاتە سیف- بەنی سەفار و سنوورێکیشی بۆ زمی مازینجانەو سنوورێکیشی بۆ کرمانە..

بەڵام گەڕەکە کوردەکانی فارس، کرمانی و رامانی و مدەین و گەڕەکی محەمەد کوڕی بەشرو نەقیلیی و بەنداد مهری و گەڕەکی محەمەد کوڕی ئیسحاق و سەباحی و ئیسحاقی و ئەدرکانی و سەهرەکی و تەهمەدانی و زیادی و شەهرەوی و بندادقی و خەسرەوی و زنجی و سەفەری و

شەهیاری و مەهرکی و ئوستامهری و شاهۆیی و فوراتی و سەلمونی و مەسیری و ئەزدادختی و مەتلەبی و مەمالی و لاری و بەراز دختی و شاهکانی و جەلیلییە. ئەوانەش بە گەڕەکانیانەوە بە ناوبانگن و لە دیوانی سەدەقات نەبێت سەروسۆراخ ناکرێن و لە پێنج سەد هەزار ماڵ پترن و لە هەر گەڕەکێک هەزار سواری زیاترو کەمتر لێ دەردەچێت بە زستان و هاوین لە پاوان و هاوینە هەوارەکان دەبەنەسەر، کەمێکیان نەبێت لەسەر سنووری کوێستانی و خەڵکی گەرمیانیش هاتووچۆو گەڕان و سوڕان ناکەن بەڵکو لە نێو خۆیاندا لەو شوێنانەی هەیانە سەرلەیەکدی دەدەن. ئەوەندەیان ئامرازو کەرەستەو جەربەزەو هێزی پیاوو وڵاخ و بەرزەیان هەیە کە سوڵتانیش زەحمەتە لە هەقیان بێت، گەر بیەوێت زوڵمیان لێ بکات، مەڕو ئەسپیان هەیە، بەڵام وشتریان کەمە، کورد ئەسپی چاکیان نییە، جگە لەوانە نەبێت کە لای مازنجانن لە سنووری ئەسبەهان و وڵاخەکانیان بەرزەو ناودارن و حاڵ و باریان باشەو ڕێبازەکانیان لەقەنی و نەجعی ڕێبازی عەرەبانە، دەڵێن لە سەد گەڕەک پتر دەبن و سی و هەندێ گەڕەکیش گوتراوە(٤٢).

بەو جۆرە دەبینین ئیستەخری و مەقدەسی و ئیبن حەوقەل سەرەڕای تۆمارکردنی ئەوانەی لە زەمەکان نیشتەجێن ئەوا ناوی ژمارەیەکی زۆری هۆزو تایفەی کوردو شوێنی نیشتەجێ بوونیان تۆمارکردووە، هەر وەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا بینیمان.

دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە هەندێ جیاوازی لە ناوی ئەو هۆزو تایفانەدا هەیە، یانیش لە هەندێ حاڵەتدا جیاوازییەکی گەورە هەیە. بەڵام هەر چەندی ڕۆژگار دووربکەوێتەوە جیاوازی ئەو ناوانە گەورەترو ئاشکراتر دەبێت، نەوەی دووەم و سێیەمی وڵاتناس و مێژوونووسەکان- گەر بۆمان بشێ ئەو پۆلێن کردنە بکەین- لە سەدەی پێنجەم یان شەشەم یان حەوتەم و ئەوانی دوای ئەوانیش هاتوون هەندێ جار ناوی هۆز و تایفەی کوردی وادەنووسن و تۆمار دەکەن کە لەگەڵ نووسینی ئەوانەی سەرەتا جیاوازەو بە ناوی نوێ یان جیاواز دەیانووسن، تەنانەت سەرجەلەی نوێی وادەنووسن کە پێشتر تۆمار نەکراوە(٤٣). بۆ نموونە لە کتێبی مەقریزی (السلوك) دا ئەوە نووسراوە:

«کورد دەچنەوە سەر کورد کوڕی مەرد... دەڵێن لە بەنی حەمیدی کوڕی تاریقە کە بۆ حەمیدی کوڕی زوهیر دەگەڕێتەوە... کە ئەو هۆزانەن: گورانی، بەنی گۆران و هەزەبانی(*) و بەشنووی و شاهجانی و سەزلجی و یەزوالی و مەهرانی و زەرزاری و کیکانی و جاک و لورو دنبلی و رەوادی و دیسنی و هەکاری و حەمیدیی و ورکجیی و مەروانی و جەلالی و شەنبیکی و جوینی... گەڕەکە



کوردەکان لە ژماردن بەدەرن»(٤٤).

ئیستەخری لە یەک لیستدا ناوی سی و سێ هۆزو تایفە تۆمار دەکات، هەرچی مەقدەسییە ناوی سیانیان لێ دەنووسێ، بەڵام دەشڵێت (سی و سێ گەڕەکی کوردی لێن). لە سەرێکی دیکەشەوە، مەسعودی لە کتێبی (مروج الذهب)دا ناوی شازدە هۆزو تایفەیان دەنووسێ، بەو جۆرەی: «جۆرێکی کورد- شویهجانن لە وڵاتی هەردوو ماهی کوفەو بەسرەن کە خاکی دینەوەرو هەمەدانە- ماجردانیشی لە کنکورە لە وڵاتی ئازەربایجان و هەلبانی وسرات و هەرچی وڵاتی چیا هەیە لە شادنجان و لزی مادنجان و مەزدیکان و پارسان و خالی و جەبارقی و جاوانی و هەستەکانی و لە وڵاتی شام لەدەبابلەو ئەوانی دیکەش... هەر لەوانە یاقوبی و جوزقان کە فەلەن، مەڵبەندیان لەولای وڵاتی مووسڵ و چیای جودییە»(٤٥).

لە لایەکی دیکەشەوە مەسعودی لە کتێبی (التنبیە والاشراف)دا ناوی یازدە تایفەو هۆز تۆمار دەکات وێڕای تۆمارکردنی ژمارەیەکی زۆری ناوی ئەو وڵات و مەڵبەندانەی کەهۆزو تایفە کوردەکان لێی نیشتەجێن، کە بەو شێوەیە:

«کوردی بازنجان و شوهجان و شاونجان و نشاورە، بودیکان و لوری و جوزقان و جاوانی و پارسیان و جەلالی و مەستەکان و جەبارقەو جەروغان و کیکان و ماجوران و هەزەبانی و هی دیکەش کە لە زەمەکانی فارس و کرمان و سەجستان و خوراسان و ئەسپەهان و وڵاتی چیان و لە ماهەکانی کوفەو بەسرەو ماهی سبدان و ئەلیغارین کە کەرج و بەرج و ئەبی دەلەف و هەمەدان و شارەزوورو داراباد و سامگان و ئازەربایجان و ئەرمینیاو ئارانی و بەیلەقان و بابو ئەبواب و لەجەزیرەو شام و شوێنە سنوورییەکانن..»(٤٦).

مەسعودی مەڵبەندی دیکەشی دەخاتە سەر «ئینجا کوردەکان.. لە چیای هرات و کوهستان و بوشنج نیشتەجێن لە وڵاتی خوراسان و لە وڵاتی مەکران لەسەر کەناری دەریای نێوان وڵاتی سندو کرمان، زۆربەیان سەفەری و حەمەرین (زەردوسوورن)، هەر لە وڵاتی حەمران ئیستەخرو ساهکی نێوان کرمان و فارس، لە وڵاتی تیهرتی ڕۆژئاواش و لە وڵاتی حەزرەمۆت و شوێنی دیکەش»(٤٧).

جا ئەگەر لەو ناووبێژانە وردببینەوە کە ئیستەخری و مەقدەسی و ئیبن حەوقەل لەلایەک و مەسعودی لەلایەکی دیکەدا نووسیویانە و لە نێوان ئەو ناوانەی کەمەقریزی لەلایەکی دیکە تۆماری کردوون ئەوا جیاوازییەکی زۆر و ئاشکرا دەبینین. رەنگە ئەمەش کارێکی سروشتی بێت، چونکە بە زۆری ئەو هۆزو تایفانە ناویان و شوێنی نیشتەجێ بوونیان بە درێژایی ڕۆژگار و ڕووداوەکان و

چاخە یەک لە دوا یەکەکان دەگۆڕن. بەدەگمەن هۆزێک یان تایفەیەکی کورد ناو و مەڵبەندی خۆی بەبەردەوامی هەر لە کۆنەوە تا ئێستا کە، وەک خۆی دەهێڵنەوە[٤٨].

بەردەوام دەبین لە وەرگرتنی ئەوەی کەمەقدەسی و ئەوانی دیکە تۆماریان کردووە:

**«هەرێمی رەحاب»**[٤٩]

«دبیل[٥٠] وڵاتێکی شکۆدارە، قەڵایەکی قایمی هەیەو زۆر بەخێر و بێرە.. مزگەوتەکەی لەسەر گردێکی گەورەیە لەتەکیدا کەنیسەیەکی لێیە، کوردەکان سەروکاری مزگەوتەکە دەکەن و قەڵایەکی لێیە لە قورو بەرد دروست کراوە.. سەلماس وڵاتێکی خۆشە قەڵایەکی قوروبەردی هەیە... کورد گەمارۆیانداوە... قندریەش شارێکە کورد نۆژەنیان کردۆتەوەو مزگەوتێکی جوانی لێیە[٥١].

هەر لە هەمان سەرچاوەدا نووسراوە:

«جندیسابور شارۆچکەیەکی ئاوەدانی شکۆدارو شارێکی کۆنە مەڵبەندی هەرێمی والان بوو، باری شێوا، کوردی بەسەردا زاڵ بوون.. لوڕیش لەسەر سنووری چیان[٥٢].

لەکتێبی ئیستەخری (الاقالیم)دا نووسراوە:

(لەباسی سنووری فارسدا)

«هەرچی گەڕەکە کوردەکانن ئەوا لە ژماردن نایەن، بەڵام دەڵێن لە هەموو فارسدا لە پێنج سەد هەزار رەشماڵ زێترن وەک عەرەبان زستان و هاوین بە دوای لەوەڕەوەن و لە هەر ماڵێکدا کۆمەڵێک هەیە»[٥٣].

ئەو کتێبەی «الاقالیم» بە شێوەی دەستنووس لەسەر فۆتۆستات چاپکراوە، بۆیە زۆربەی وشەکانی خاڵیان نییەو وشەی دیکەشی پەڕیون و هەڵە لە ناوی گەڕەکانیشدا هەیە. لەگەڵ ئەوەش دەکرێ پشت بە زانیارییەکانی ببەسترێ. بۆ ناوی گەڕەکانیش دەکرێ بچینەوە سەر کتێبی (المسالك والممالك)ی هەمان نووسەر کە پێشتر لێمان راگوێزێت.

هەرچی وەرمان گرت لەسەر چاپێکی دیکەی کتێبی (الاقالیم)ی ساڵی ١٨٩١ راستمان کردەوە.

هەر لە کتێبی (الاقالیم)ی گۆڕیندا نووسراوە:

«هەرچی شارەزوورە ئەوا شارێکی بچووکە و کوردی تێدا باڵا دەستن.. نە میرو نە کاربەدەستێکی لێیە و لە وڵاتی کوردانە، سەهرەوەردیش کوردی لێ باڵا دەستە، بۆیان باس کردم



سەهرەوەرد خەڵکێکی بەڕێزن»[٥٤].

لە کتێبی ئیبن حەوقەل (صورة الارض)یشدا نووسراوە:

## جەزیرە

«هەرچی مووسڵە شارێکە لە رۆژئاوای دیجلە... هۆبەی عەرەب و هۆبە کوردەکانی هەزبانی و حەمیدیی و ئاری گەرمیان و کوێستانی تێدا دەکەن... خانووی شکۆداری لێ هەن... بازاڕیشی هەن...

شارێکی لێیە ناوی کەفرعەزییە گەلێکی شەهارجەی فەلەی لێ دادەنیشن...

کورد لە دەوروبەری دادەبەزن، قردێ و بازبدانیش دوو رستاقی گەورەن»[٥٥].

دینەوەریش باسی (قردی و بازبدی)[٥٦] دەکات. تەبەریش ناوی ئەو دوو شارۆچکە لە رووداوەکانی ساڵی (١٧٤)دا دەهێنێ[٥٧].

ئیبن خردادیەش[٥٨] لە (المسالك والممالك)دا ئەو دێڕە شیعرە دەنووسێ:

بقردی و بازبدی مصیف و مربع
وعذب یحاکی السلسبیل بروده

لە لاپەڕەکانی پێشوودا دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کەوا لەتەک ئەو مێژوونووسانەی بارودۆخ و کاروبارو رووداوانەی کە کورد بەشدارییان تێدا کردووە چ بەکەم و چ بە زۆر، جا شانبەشانی ئەوانە وڵاتناس و مێژوونووسی وا دەبینین کە وڵاتناسیش بوونە، کە نەختێ بایەخیان بە مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی کوردو تایفەو هۆزەکانی کورد داوە. ئەو لاپەڕانەی پێشوو نموونەی ناتەواوی پێک دەهێنن ئەگەرچی هەوڵمانداوە کە تەواوی بکەین، کە ئەوە هەموو ئەو نووسینەیە کە لەبارەیەوە نووسراوە، ئێمەش هەرچی ئەو لاپەڕەو بڕگەو دەستەواژەو رستانەی کە شوێن و مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی کورد یان مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی هۆزێک یان تایفەیەکیان تێدا بێت بێژەری وەک (الاکراد والکرد والکردي) تێدا بێت رامان گوێزتووە. کاری ئەو وڵاتناس و مێژوونووسانە هەر بە ناوچەی کوردەوارییەوە بەند نەبوو، بەڵکو زێدو مەڵبەندی دیکەشی گرتۆتەخۆ کەلە دووتوێی کتێب و نووسراوەکانیاندا بە کورت یان بە درێژی باس کراوە، یەکێک لەو نووسراوانە... بۆ نموونە باسی هەرێمی ئازەربایجان دەکات، باسی بەرەسەن کورد بوونی ئەوێ ناکات، کە بێگومان کورد لەو هەرێمەدا نیشتەجێ بوونە هەر لە کۆنەوە بە ژمارەی زۆر زۆر تێیدا نیشتەجێ بوونە. هەر بەگەواهی

ئەو خاوەن نووسراوانەش کورد لە زۆر هەرێمدا نیشتەجێ بووینە.

لە لایەکی دیکەشەوە، هەرێمی فارس و دەوروبەرەکەشی جێی بایەخی ئەو پێشەنگانە بووە لەچاو شوێنی دانیشتنی کورد- بە واتایەکی دی ئەو ناوچەیە بایەخی پتر پێدراوە، کە ڕەنگە لە هەموویان دیارتر مەسعودی مێژوونووسە کە ناوی ژمارەیەکی زۆری تایفەو دەستەی کورد و ژمارەیەکی زۆریش ناوی مەڵبەندو شوێنی نیشتەجێ بوونی کورد لەو سەردەمەدا دەبات. هەرچی نووسەرانی مێژوو و وڵاتناسی نەوەی دوای ئەو پێشەنگانەیە ئەوا پتر بایەخیان بەناوچەکانی دیکە داوە. کە ئەوەش جێی سەرنجە. ڕەنگە یەکێک لە هۆیەکانی ئەو واقیعە ڕەنگە کەم بوونەوەی ژمارەی هۆزەکان و کەمتر بوونی بایەخ و شوێنیان بێت لە هەرێمی فارس یان بە واتایەکی دی کۆچکردنی کوردەکان بێت لەو هەرێمە و پەرش و بڵاوبوونیان بەو هەرێم و مەڵبەندانەی دیکە و بەتایبەتی بەرەو باکوورو ڕۆژئاوا[٥٩]، ڕەنگە شێخی ڕەبوەی خاوەنی (نخبة الدهر...) لەو پێشەنگایانە کە ئاوڕیان لە شیمانەی ئەو پەرش و بڵاوییە داوەتەوە، تەنانەت ئەو دەڵێت کوردی ئەو هەرێمە تەتەرەکان قڕیان کردن[٦٠]. هەرچی چۆنی بێت ئەوا ناوهێنانی کورد لە هەرێمی فارس بە کزی دێت تا بەرەبەرە شوێنیان پتر دەبێت و ناویان لەو وڵات و شوێنانەی دیکە پتر دێت و دوورتریش بەرەو باکوور و ڕۆژئاوای ئێران و ئازەربایجان و ئەرمینیاو دەراوی فورات و دیجلە و جەزیرە لەو سەردەمیدا.



## پەراوێزەکان

١- «وەرگێڕانی تەسوج ناحیەیە»، ابن خرداذبە- المسالک، ل١٠٧ .

٢- «کوردی چیای ماسبدان و مەهرجانقدق و ماهی کوفە کە دینەوەرە» ابن خرداذبە، (المسالک الممالک)، ل٢٠ .

٣- (صمیرة) یە: «وشەیەکی (عەجەمییە-غەیرە عەرەبییە) لە دوو شوێنە. یەکیان لەبەسرە ... و (الصمیرة)ش شارۆچکەیەکە لە مەڵبەندی چیا»، الحموی، (معجم البلدان)، بەرگی (٣)، ل٤٤٣ .

٤- الیعقوبی، (کتاب البلدان)، ل ٢٦٩، هەر لەهەمان سەرچاوەدا، ل (٢٣٦)دا: (کورة الجبل الحزنة الخشنة المثلجة دار الاکراد). (من کور الجبل... همدان ونهاوند و الدینور وحلوان و ماسبذان و مهرجانقذق و شهرزور و الصامغان و اذربیجان..)، تأریخ الیعقوبي، بەشی (١)، ل٢٠١ .

٥- حەلوان- دەکەوتە نێوان (قەسری شیرین) و (کەرەند)، زکی، (خلاصة تأریخ الکرد وکردستان)، ل٦ . «حەلوانی عیراق کەوتۆتە ئەوپەڕی سنووری خاکی ڕەش لە چیا بەولاوە بۆ بەغدا» الحموی، (معجم البلدان)، بەرگی (٢)، ل٣١٧، هەروەها بڕوانە: ابن حوقل، (صورة الارض)، ل٣١٤ .

٦- الیعقوبي، (کتاب البلدان)، ل٢٧٠، قرماسین- و(قرماشین) لە (الاعلاق النفیسة)، ل١٦٣، (قرمسین).. بێژەی بەعەرەبیکراوی کرمان شاهانە ئەو شارە ناسراوەی کە لەگەڵ هەمەدان سی فەرسەخی نێوانە لە نزیک دینەوەر کە لە نێوان هەمەدان و حەلوانەوە، (معجم البلدان)، بەرگی (٢٤)، ل٦٩، (کرمان شاهان.. شارێکە لە چیا)، المقدسي، (احسن التقاسیم)، ل٢٨ .

٧- الیعقوبي، (البلدان)، ل٢٧٤، (ابن الفقیە)ش دەڵێت (رویدشت و قامدار) مختصر تأریخ البلدان، ل٢٦٣، (رستاقي قەمدان و رستاقي رویدشت)، ابن خرداذبة، (المسالك والممالك)، ل, ٢٠

٨- لیسترنج، بلدان الخلافة الشرقیة، ل٢٣، بخوێنەوە.

٩- ابن رستة (الاعلاق النفیسة)، ل١٦٥، بڕوانە: ابن خرداذبة، (المسالك والممالك)، ل٤١ .

(زم-زۆما)، کۆمەڵێک ڕەشماڵی کۆچەریانە لە هەوارداو وشەکە کوردی ڕەسەنە، تەنانەت نوکتەیەک بە زمانی هەرکییەک دەگێڕنەوە بە جوانی ڕەسەنایەتی ئەو وشە کوردییە دەردەخات: (لە هەرکییەکان پرسی.. شافعی یان حەنەفی.. لەوەڵامدا گوتی: شافرەتی و مافرتی نزانم ئەز زوما قەتۆیمە بخۆ..!)

١٠- ابن خرداذبة، (المسالك والممالك)، ل١٤، ڕەنگە کاغەز لێرە ئەو کاغەزی پارەی درهەم بێت، (تأریخ

البيهقي)، ل٨١٥ .

١١- «... ناوچەكانی كورد بە تایبەتی لە فارس چوار زمی هەیە...» ابن الفقية، (مختصر كتاب البلدان)، ل٢٠٣ .

١٢- ابن خرداذبة، (المسالك والممالك)، ل٤٧، ابن الفقية، (المختصر)، ل٢٠٣-٢٠٤ لە (المشترك وضعا و المفترق صقعا)، یاقوت الحموي، ل٢١٠ دا: «كۆیەكەی زمەكانە كە مەڵبەندی هۆزە كوردەكانە لەسەر خاكی فارس.. زمی حەسەن كوڕی ساڵحیش، ڕیزانی پێ دەڵێن».

١٣- زكي، محمد امين، (خلاصة تأريخ الكرد وكردستان)، ل٤٣ .

١٤- ... مەسعودی وشەی (زم) لە شێوەی (زموم) لە (التنبيه والاشراف) ل ٨٨، كۆدەكاتەوەو هەمان وشەش لە ڕەگی (زمام) كۆ دەكاتەوە وەک دەڵێت: كوردەكانی... هەزەبانی و ئەوانی دیكەش كە لە زمەكانی فارسن»، هەمان سەرچاوە، ل٧٨ .

١٥- الاصطخري، (المسالك والممالك)، ل٦٨، چاپی ١٩٦١، ابن حوقل، (صورةالارض)، بەشی یەكەم، ل٢٤٧ .

١٦-زمی (شەهربەراز)ە لە (المسالك والممالك)، ابن خرداذبە، ل ٤٧ .

١٧- الاصطخري، (المسالك والممالك)، ل ٦٧-٦٨، (ياقوت الحموي) لە (معجم البلدان)دا دەڵێت- بەرگی (٣)، ٨٣٨: «لە ناوچەی فارس پتر لە پێنج سەد هەزار ڕەشماڵ هەن».

١٨- معجم البلدان، بەرگی(٣)، ل٢١٧ «سەیفی كوڕی سەفارو لایەكیشی لە زمی ڕەیحان تەواو دەبێت، هەمان سەرچاوە، بەرگی(٢)، ل ٨٢٢ .

١٩- بڕوانە: مروج الذهب، بەرگی (٣)، چاپی ١٩٦٥، ل١٠٠، «الصريه والحمريه».

٢٠- (الصرد- سارد) شوێنی بەرزی چیایە و لە هەمووی ساردترە)- معجم البلدان بەرگی (٣)، ل ٣٧٦، (الجرم - گەرم)یش چاووگی (جروم)ە بە عەرەبی كراوی گەرمی فارسییە، زەوی زۆر گەرم... كۆی (جروم)ە- قطر المحيط المعجم بطرس البستاني.

٢١- القنية... ئەوەی دەسكەوتووە كۆی (قني)یە، (النجعة)ش داوای لەوەڕ لە شوێنی خۆیدا و ناوێكیشە لە (النجوع)ی كۆی (نجع)ەوە- قطر المحيط، للمعلم بطرس البستاني.

٢٢- الاصطخري، (المسالك والممالك)، ل٧١-٧٣، چاپی ١٩٦١ .

٢٣- الاصطخري، (المسالك والممالك)، ل٨٥ .

٢٤- هەمان سەرچاوە، ل١١٨ .



٢٥- «لەوەدا واتە لە ساڵی ٢٦٥ی كۆچی یەعقوبی كوڕی لەیس لەئەهواز مردو براكەی عومەری كوڕی لەیس جێگای گرتەوە...»، الطبري، (تاريخ الرسل الملوك)، بەرگی (٩)، ل٥٤٤-٥٤٥، چاپی ١٩٦٨، هەروەها بڕوانە: (المسالك والممالك) خۆشی لەبارەی (ال الليث)ەوە.

٢٦- مەبەستی لەو سەرۆكە محەمەدی كوڕی واسل كوڕی ئیبراهیمە كە تەبەری و پاشان (ابن الاثير)یش، باسی دەكەن. لە (تاريخ الرسل والملوك)، بەرگی (٩)، ل٤٧٤ دا هاتووە: «لەوەدا- واتە ساڵی ٢٥٦ی كۆچی- محەمەدی كوڕی واسل كوڕی ئیبراهیمی تەمیمی ڕاپەڕی، كە خەڵكی فارسە. پیاوێكی كوردیش بە ناوی ئەحمەدی كوڕی لەیس... محەمەد كوڕی واسل بەسەر فارسدا زاڵ بوو»، ابن الاثير، الكامل، بەرگی (٧)، ل٢٤٠، چاپی ١٩٦٥ .

٢٧- محەمەدی كوڕی واسل كوڕی ئیبراهیمی ناوبراوە، لە (صورة الارض)ی «ابن حوقل»، ل ٢٤٢، «محەمەدی كوڕی واسلی حەنزەلی میری فارسە».

٢٨- تەبەری دەنووسێ: «لەوەدا- واتە لە ساڵی ٢٦١ی كۆچیدا- هاوەڵانی یەعقوبی كوڕی لەیس بەسەر خەڵكی زمی موسای كوڕی مەهرانی كورد كەوتن، كە محەمەدی كوڕی واسل بەسەریاندادابوون، كوشتیانن، موسای كوڕی مەهرانیش شكا»، تاريخ الرسل، بەشی (٩)، ل٥١٤

٢٩- الاصطخري، (المسالك والممالك)، ل ١٤٥ .

٣٠- سەفیەدین بەغدادی (رموم)، (زموم)ی بەیەكەوە نووسیوە، مراصد الاطلاع، ل١٠١٢، ساڵی ١٩٥٤ .

٣١- بڕوانە: الحموي، ياقوت:

- معجم البلدان، بەرگی(٢)، ل٨٢١، المشترك وضعاً والمفترق صقعاً، ل٢١٠ .

٣٢- تەبەری لەڕووداوەكانی ساڵی ٢٨٤ی كۆچی دەستەواژەی (الاكراد واهل الزموم)ی نووسیوە، تاريخ الرسل والملوك، بەشی (١٠)، ل٦٥، چاپی ١٩٦٨ .

٣٣- الحموي، معجم البلدان، بەرگی (٢)، ل٩٥٩؛ واتای زم بە كوردی واتە- هۆز- ڕاسترین ڕووی نووسینی (زومە)ە، لسترنج، بلدان الخلافة الشرقية، ل٣٠٢ .

٣٤- ملا محمود بايزيدي- عادات وتقاليد الاكراد، چاپی زانكۆ لەگەڵ وەرگێڕانی ڕوسی، ڕودنكۆ، مۆسكۆ، ١٩٦٣، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی د. ئەحمەد عوسمان ئەبو بەكر، (ئامادەی چاپە).

٣٥- المقدسي، احسن التقاسيم، ل٤٤٧، (اردشير خره.. هى من اجل كور فارس ومنها مدينه شيراز)، الحموي، المعجم البلدان، بەرگی (١)، ل١٩٩ .

٣٦- المقدسي، احسن التقاسيم، ل٤٢٤، هەروەها بڕوانە: هەردوو لاپەڕەی ٥٢و٤٣٥ .

٣٧- المقدسي، احسن التقاسيم، ل٤٤٦ .

٣٨- جێی سەرنجە ئیستەخری و مەقدەسی و ئیبن حەوقەل هەموویان دەڵێن ئەو بەشەی بازنجان (مازنجان) لە زمی بازنجانن لە هەرێمی فارس، مولک و ماڵیان لەوێ هەیە.

٣٩- (التأني والدهقان) کۆی (تناء)ە، (تنا) بەواتای نیشتەجێ بوونە، قطر المحيط، المعلم بطرس البستانی.

٤٠- ابن حوقل، صورة الارض، بەشی دووەم، ل٢٣٦، لێرەدا ئیبن حەوقەلیش هەروەک ولاتناسی دیکەی کە لێمان راگوێزتوون دەڵێت، ژمارەی ئەو کوردانە بە بەدەوروبەری پێنج سەد هەزار رەشماڵ واتە خێزان دەخەملێت.

٤١- هەروەها ئیبن حەوقەل دەڵێت: «واما ابواب المال لبيت المال على الناس فمن الزموم...» هتد و «عامة فارس مساحة الا الزموم فانها مقاطعات بالعبرة»، صورة الارض، ل٢٦٣، قسە لەسەر دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی و باج و باجی زەوی (خراج)ە.

٤٢- بەقسەی ئیبن حەوقەل شارێکی زم هەبووە و روستاقەکەشی زمی شەهریار خۆی بووە، صورة الارض، ل٢٣٨ .

٤٣- ابن حوقل، صورة الارض، ل٢٣٩-٢٤٠ .

٤٤- هەوڵ دەدەین لە تۆژینەوەی دەستنووسەکەیدا لە بابەتی رێورەچەڵەک و بنەچەکە بدوێین.

* هەزەبانی.. تایفەیەکن مەسعودی لە (التنبيه والاشراف)، ل ٧٨، ناویان دەهێنێ، ابن حەوقەلیش لە (صورة الارض)دا لە مادەی جەزیرەدا باسیان دەکات.

٤٥- المقريزي، كتاب السلوك، بەشی (١)، ب١، ل٢-٤ .

٤٦- المسعودي، مروج الذهب، بەشی (٢)، ل١٢٣، لە مێژووی تەبەریشدا، بەشی (٩)، ل٤٩٠، چاپی ١٩٦٨ دەربارەی رووداوەکانی ساڵی ٢٥٨ی کۆچی نووسراوە: «لەوێدا مەسروری بەلخی لە کوردە یاقوبییەکانی داو شکاندنی، خەڵکیشی لێ کوشتن». بەوجۆرە مەسعودی وەک فەلە بەناوی یاقوبی باسیان دەکات.

٤٧- المسعودي، التنبيه والاشراف، ل٨٨-٨٩ . هەروەها مەسعودی دەڵێت: «خابوری دیجلە.. کۆشکەکانی عەلی کوڕی داودی کورد رە هزادیەی لەسەرە»، هەمان سەرچاوەی، ل٤٨ .

٤٨- المسعودي، مروج الذهب بەشی (٣)، ل١٠٠، چاپی ١٩٦٥ . سەبارەت بە ئیستەخری لە (المسالك)، ل١٥٤-١٥٥دا «کوێستان لە خوراسانە..

ئەو شارانەی لە کوێستانن لێک دوورن و لەوشارانەدا کورد نیشتەجێن - هەروەها لە ١٥٨یشدا دەربارەی



بخوێنەوە.

٤٩- بۆ وردبوونەوە لە ناو و زێدی ئەو تایفەو هۆزە کوردە کۆن و نوێیانە، بڕوانە کتێبی (خلاصة تاريخ الكرد وكردستان)، بابەتی هۆزەکان.

٥٠- دەربارەی هەرێمی رەحاب مەقدەسی دەڵێت: «ئەو هەرێمەمان کردە سێ کورە یەکەمیان.. ئاران دوایی ئەرمینیا و پاشان ئازەربایجان»، احسن التقاسيم، ل٢٧٤ . حەمەویش دەربارەی دەڵێت: «رەحاب.. لەئازەربایجان و زۆریشی ئەرمینیایە»، معجم البلدان، بەرگی (٢)، ل٧٥٨ .

٥١- دبیل هەردوین خۆبەتی، ئینسکلوپیدیای ئیسلامی- بەرگی(١)، ١٩١٣، (بەئینگلیزی).

٥٢- المقدس، احسن التقاسيم، ل٣٧٧ .

٥٣- المقدسي، احسن التقاسيم، ل٤٠٨، لێرە قسە دەربارەی هەرێمی ئەهوازە لە ئێران و ئیبن حەوقەل دەڵێت: «لوڕ ولاتێکی بەپیتە و هەوای چیای بەسەردا زاڵە.. بادیە و هەرێم و روستاقی هەن و کوردی تێدا باڵا دەستەو دەوروبەریان بەپیتەو شێداریشە. صورة الارض، بەشی(٢) ل,٢٥٧

٥٤- الاصطخري، كتاب الاقاليم، ل٥٧ .

٥٥- الاصطخري، الاقاليم، ل٥٧، ئیبن موهەلهلیش دەڵێت: «نەزیزیش ولات بوونا جۆرێک کوردی ناسراو بە هەزەبانی تێدا زۆربوون.. بوونە خاوەنی شارەکە.. شارەزوورو شارو گوندی دیکە... زستانە هەواری شەست هەزار ماڵی کوردی جەلالی و پابسان و حەکەمی و سولی بوو»، الرسالة الثانية، ل١٥-١٦ .

٥٦- ابن حوقل، صورة الارض، ل٢١٤-٢١٧ هەر خۆی لەهەمان سەرچاوەدا، ل٣١٥ دەڵێت: «ئەو چیایانە کوردی حەمیدی و لاری هەزەبانی، خەڵکانی دیکەی کوردی شارەزوورو سەهرەوەردی تێدا نیشتەجێن».

٥٧- الدينوري، الاخبار الطوال، ل٣ .

٥٨- الطبري، تاريخ الرسل، رووداوەکانی ساڵی ١٧٤ .

٥٩- ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ل٩٥ .

٦٠- قەلقەشەندی لە (مسالك الابصار)ی (العمري) رادەگوێزی و دەڵێت: «مەبەست لەو چیایانە چیاکانی نێوان عەرەب و ولاتی عەجەمە، بێ لەو شوێنانەی کە کورد ناچنە ولاتی عەجەم. گوتی: بەچیای هەمەدان و شارەزوور دەست پێدەکات...

پاشان ناوی بیست شوێن دەهێنێ لەو شوێنانەی تایفەی کوردی لێیە»، کتێبی (صبح الاعشى)، بەشی (٤)، ل٣٧٣ .

٦٠- شیخ الربوة، نخبة الدهر، فەسڵی چوارەم، ل١٧٧ .

## مصادر ومراجع البحث

١- الاصطخري، أبو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي الكرخي- (كتاب المسالك والممالك) ليدن، طبعة (١٩٦١).

٢- الاصطخري، أبو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي الكرخي- (كتاب الاقاليم)- طبع دي مويلر. (بلا)

٣- ابن الاثير، علي بن محمد عزالدين الشيباني- (الكامل في التاريخ)- بيروت- (١٩٦٥).

٤- أبن حوقل، أبو القاسم محمد النصيبي (البغدادي)- (كتاب صورة الارض)- منشورات دار مكتبة الحياة بيروت. (بلا)

٥-أبن خرداذبة، أبو القاسم عبيدالله أحمد الخراساني- (المسالك والممالك) ليدن، مطبع بريل- (١٨٨٩).

٦- أبن رستة، أبو علي أحمد بن عمر- كتاب (الاعلاق النفيسة)- ليدن بمطبع بريل سنة (١٨٩١).

٧- أبن الفقيه، أبو بكر أحمد بن محمد الحمدانى- (مختصر كتاب البلدان)، ليدن، بمطبع بريل- (١٣٠٢).

٨- أبن مهلهل، ابو دلف مسعر- (الرسالة الثانية) نشره بطرس بولغاكوف موسكو- (١٩٦٠).

٩- بايزيدى، ملا محمود (عادات وتقاليد الاكراد)- تقديم وترجمه الىٰ الروسيه- (رودينكو) موسكو- (١٩٦٣). (مع النص الكردي بالزنكو).


(*) له گۆڤاری (كلية الاداب-جامعة بغداد)، ژ(٢٤)١٩٧٩، ل٣٢٧-٣٤٩.



# ناوهێنانی کوردو
# ڕێوڕەچەڵەکیان لەنووسراوی موسڵمانەکانی بەرایی*

### وشەیەک

وشەو بێژەی «کورد و کوردی و کوردەکان- الكرد والكردی والاكراد» ناویان لە نووسراوی موسڵمان و عەرەبە دێرینەکان هاتووە. وێنەی هەر یەکەیان چەسپاوەو داڕشتنەکانیان جێی خۆیان گرتووەو هیچ بێژەیان شێوەیەکی پێچەوانەی ئەوە نەهاتووە، کە هەمان مانا بدات یان هەمان مەبەست بپێکێ.

دراڤەر پێی وایە وشەی کورد Kurd بەڕەسەن فارسییە، ڕەنگە لەگەڵ وشەی بابلیی کاردۆ Qardo کە مانای ئازا یان شەڕکەر دەگەیەنێ هاوڕەگ بن، ئەو وشەیە لە فارسییەوە هاتۆتە ناو عەرەبی[1].

بۆ نموونە عەرەب وشەی کوردییان بەو نەتەوەیە گوتووە وەک چۆن وشەی فارسییان بەگەلی فارس گوت، ڕەنگە لە وشەی (گورد) یان وەرگرتبێ بە واتای شەڕکەرو ئازا دێت، فارسەکان بۆ ناونانی کورد یان وەسف کردنیان بە کاریان هێناوە. محەمەد ئەمین زەکی دەڵێت: (لە قسەو گێڕانەوەی عەرەب و ئەرمەندا وا دەردەکەوێ کە خاکی ئەو وڵاتی کاردۆیە زۆر بەرتەسک و سنووردار بووبێت)[2].

هەروەها دەڵێت:

«هەن دەڵێن- کرد- گرد-ی فارسی هەریەکن و مانای پاڵەوان یان زۆرانباز دەدەن»[3].

ڕەنگ بێ لە وشەی کاردای بابلی کەوتبێتەوە، ئەو بڕوایە ئاسانە چونکە زۆر وشە لە ئەسڵی هەردوو زمانی عەرەبی و بابلی سامی بەیەک دەچن. هەروەها زەکی دەڵێت: «نولدکە خۆی دەڵێت- کارتیوای- بەزمانی ئارامی و وشەی- کارثاوییە بە عەرەبی دوو بێژەن بە گەلی کورد گوتراون...

لەوەوە دەردەکەوێ کە لە سەردەمی فەتحی عەرەبی وشەی تاکی کورد و کۆی (الاکراد) بووە ناوی گەلێکی ئێرانی تێکەڵاو یان گەلێکی دراوسێی ئێران»[٤].

ئێمە نامانەوێ بە دوای رەچەڵەکی ئەو سێ بێژەیەدا بگەڕێین. بەڵکو ئامانجمان سەرو سۆراخکردنی ئەو وشانەیە لە نووسینە عەرەبییەکاندا- سەرەتای ئیسلام و تێیدا بە دوای شوێنەواریان هەڵگرن، مەبەستی ئێمە لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەدواداچوونی لایەنی مێژوویی ئەو گەلەو خەڵکی کوردە، لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاری و هەواڵانەی لە نووسراوی ئەو کۆنانەدا هاتوون، مەبەستمان، بردنەوە سەریەکی رەچەڵەکی فیلۆلۆژی ئەو ناو و بێژانە نییە لە لایەنی زمانەوانییەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ناوی (الکرد والاکراد) یان ئەو دوو بێژەیە سەرلەبەریان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە سەرچاوەکاندا نەهاتووە بەڵکو گرفتارییەکانی ئەو گەلە یان تایفەکانی لە دوو تۆیی تۆماری رووداوگەل و ئەو بارودۆخانەدا تۆمار کراون کە خۆیان کردوویانە یان بەشداری خەڵکی دیکەیان لە روودانیدا کردووە، یان بە شێوەیەک لە شێوەیەک سەروکاری بە وانەوە هەبووە. لەبەرئەوە نەسەرنجێکی واقیعانە و نەبۆچوونێکی ئاشکرا بە ئاسانی لای خوێنەر دروست ناکات، ئەگەر ئەو وێنانەی تێیدا ناویان هاتووە نەیانبینێ و بەبێ ئەوەی ناوو ناوهێنان لەو چوارچێوەو وێنە رەسەنەکاندا پارچە پارچە نەکات.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەو قسەو گوتەی ئەوانە دەربارەی کورد ئەوەندە کورتن لەچاو ئەو بابەتە مێژووییانەی دیکە، تەنانەت ئێمە ناتوانین هەموو ئەوەی تا ئەو کاتە لەسەری نووسراوە لە دووتۆیی یەک لێکۆڵینەوەدا کۆبکەینەوە یان بنووسینەوە ئەوەیش لەبەر کەمی و بەو شێوەی کە خراوەتە بەرچاوی خوێنەر لە راڤەکردن و لێدوان بەپێی پێویست.

بەو پێیە ئەو تۆژینەوەیەی ئێمە جۆرە شێوازێکی تۆژینەوەو دەرخستنی تێدایە، شتێکە لە نێوان زانستی رەچەڵەک و رێورەچەڵەکی سەرجەلەو پەیدا بوون و لەنێوان ئەوەی لە زمانەکان بە زاراوەی Heraldry ناسراوە.

هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە قسەو گێڕانەوەی ئەو نووسەرە کۆنانە لە بارەی رێورەچەڵەک و سەرجەلە ئەوا ورد نییە بە زۆریش پشتی پێ نابەسترێ.. چونکە ئەو پێشەنگانە بەڵگەو ئامرازی زانستی مێژوویی تەواو و تیۆرتەسەلیان بەپێی مەرج و شێوازەکانی تۆژینەوەی زانستی سەردەمی نوێی تێدا نییە.



لە سەرێکی دیکەشەوە ئەو تۆمارو مێژووانە لاپەڕەی زۆر گرنگن لە مێژووی کورد، ئەمە وێڕای بایەخیان بۆ مێژووی گشتی؛ تیشک دەخاتە سەر زۆر لایەنی ئەو مێژووە، وەک پەنجەرەن بەسەر حەوشەی مێژوودا دەنوارن . ئەو تۆمارانە بناغەیەکی دیکەن بۆ تۆماری مێژووی کورد.

ئەو تۆژینەوەیە، نووسینە سەرەتاییەکان دەگرێتەوە تاکو دەوروبەری نیوەی سەدەی چوارەمی کۆچی. دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە ئێمە بەشێکی ئەو لێکۆڵینەوەیەمان لە گۆڤاری کۆلیژی ئەدەبیات- زانکۆی بەغدا، ژمارە (٢٤)، ١٩٧٩- (کورد لە نووسینی موسڵمانەکانی بەراییدا- ناوی زێدو تایفەکانی کورد)دا بڵاو کردۆتەوە.

ئەو لێکۆڵینەوەیەمان بە زۆری لە رێورەچەڵەک و سەرچاوەی پەیدابوونی کورد دەدوێ. لەبەر رۆشنایی ئەو نووسینانە: ئیدی ئەو تۆژینەوەیە- لەبواری خۆیدا- تەواوکەری لێکۆڵینەوەی گۆڕینی سەرەوەیە. هەرچی رێورەچەڵەکە بەتەنیا تایبەتە بەو لێکۆڵینەوەیە.

## سەرەتای ناوهێنانی کورد

لەکتێبی (تأريخ الرسل والملوك) دەربارەی ئیبراهیم پێغەمبەر(د) و نەمرودی زۆردار بە ناونیشانی (في ذكر ابراهيم خليل الرحمان) دا نووسراوە:

«خودای گەورەو شکۆدار دەفەرمووێ: ئەوەی کفری کرد هێدمە دەیگرێ و شاش دەبێ واتە بیانووی کەوتەسەر گوتی نەمرودو نەتەوەکەی لەسەر ئیبراهیم کۆبوونەوەو گوتیان بیسووتێنن و خوای خۆتان سەربخەن... ئیبن حەمید دەگێڕێتەوەو دەڵێ محەمەد کوڕی ئیسحاق بۆی گێڕامەوە... لە موجاهید دەگێڕنەوە گوتی... ئەو ئایەتەم بۆ عەبدوڵڵای کوڕی عومەر خوێندەوە گوتی ئەی موجاهید دەزانی کێ ئاماژەی بە سووتاندنی ئیبراهیم بەئاگر کردووە... گوتی، گوتم: نەخێر، گوتی، پیاوێکی دەشتنیشینی فارسان گوتی، گوتم، ئەی عەبدولڕەحمان فارسیش دەستنیشینیان هەیە، گوتی، بەڵێ کورد دەشت نشینی فارسانن.... ئاماژەی بە سووتاندنی ئیبراهیم کردووە بە ئاگر.. لە شوعەیبی جەبەلیش دەگێڕنەوە گوتی ئەو ناوەی گوتی بیسووتێنن هیزن بوو»[٥].

بەو ئاوایە ئەوانەی سەربردان دەگێڕنەوە مێژووی کورد بۆ سەردەمی ئیبراهیم (د) دەبەنەوە، لەو گێڕانەوەیەدا رەچەڵەکێکی دیکە بۆ کورد دەردەکەوێ: ئەوان دەشتنشینی فارسان لەو قسەیەی

(ئەی باوکی عەبدولڕەحمان ئاخۆ فارسەکان دەشتنشینیان هەن، گوتی بەڵێ کوردن). ئە لێرەدا ناوی کابرایەکی کورد بە ناوی هیزن تۆماردەکات[٦].

جا ئەگەر ڕەچەڵەکی کورد بۆ ئەو سەردەمە دێرینە بگەڕێتەوە، بێگومان ئەو سەربردە دەگێڕنەوە، مێژوونووسەکانی وەک تەبەری گەورە و ئەوانی دیکەش کە پشت بە گێڕانەوە دەبەستن و ڕێگاو ئامراز دەگرنەبەر تاکو لە ڕاستی و دروستی ئەو گێڕانەوانە دڵنیابن و بکۆڵنەوە کە لەبارەی ڕێوڕەچەڵەک و سەرجەلەی ئەو نەتەوەو گەلانە دەنووسنەوە. ئێمە وای دەبینین بەو شێوەیە ئەوا ئەو نووسەرو دانەرانە پشت بەو جۆرە ڕیوایەتانە دەبەستن کە لەو تۆمارە کۆنانەدا نووسراون نەک شتی دیکە.

زاناو مێژوونووسان سەبارەت بە ڕاست و دروستی ئەو ڕیوایەت و ئەفسانە دێرینەی بەرێ، بەئاشکرا گومانیان دەربڕیوە و هیچیان نەختستۆتە سەر و خۆیان و خەڵکیشیان ئاگادار کردۆتەوە کە بەسووک و سانایی بڕوای پێ نەکەن. هەر بەو مانایەوە بیرونی لە (الاثار الباقیة)دا دەنووسێ:

«... دەست پێ دەکەم دەبێژم کە نزیکترین ئەو هۆیانەی دەمبەنەوە سەر ئەوەی پرسیارم لێ کرد زانینی هەواڵی نەتەوەکانی پێشوو سەدەکانی ڕابردووە... هیچ ڕێی دیکە نییە بۆ ئەوە... جگە لە پەنابردنە بەر کتێبدارو خەڵک و خاوەن ڕاکان نەبێ... ئینجا قسەو ڕاکانیان بۆ سەلماندنی لەگەڵ یەکدی سەنگ و سوو بکەی دوای ئەوەی خاوێنکردنەوەی دەروون لە هەر کۆسپێکی خراپ کە دێتەبەر ئاکار... ئاوا نەبێ ئەوەی داخوازیمانە نایەتەدی، هەرچەندی زۆریش خۆ ماندووبکەین... چونکە ناڕاستی زۆر کەوتۆتە ناو ڕستەو ئەو هەواڵ و قسانە،... تەمەنی مرۆڤ تێری ئەوە نابێ ئاگاداری هەواڵی نەتەوەیەک لەو نەتەوە زۆرانە بێت، زانستێکی وردو ڕاست، کەواتە چ جای ئاگاداربوون لە هەواڵی هەموویان ئەوە هەرناکرێ»[٧].

هەروەها لە کتێبی (الرسل والملوك)یشدا نووسراوە:

«ئەردەشێری- بابک- نووسراوێکی لە ئەردەوانی پەیامنێرەوە بۆ هات، ئەردەشێریش خەڵکەکەی کۆکردەوەو نووسراوەکەی لەبەر دەمیان خوێندەوە تێیدا نووسراوە.

تۆ لە سەردەمی خۆت تێپەڕیوی مردن بۆ خۆتت پەلکێش دەکات ئەی کوردی نێو ڕەشماڵی کوردان کێ ڕێی داوی ئەو تاجە لەسەربکەی و بەسەر ئەو وڵاتەدا رابگەی..»[٨].



بەپێی ئەو قسەیە ئەردەشێری باوکی دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی ئێرانی بەرەسەن لە نەتەوەی کوردە. ئەوە (ئەردەشێر) لە ئەردەوانی پێنجەمی شای ئەشکانی ڕاپەڕی و لە ساڵی ٢٢٤ زایینی بەسەریدا سەرکەوت.

لە کتێبی مێژووی گۆڕینی تەبەریدا دەربارەی بەهرامی چوپین کە لە کیسرای دووەمی شای ساسانی ڕاپەڕی، نووسراوە:

«هەرکە کیسرا بۆ هەندێ لەوانەی ڕاوەستابوون واتە ئەوانە بەهرام گوتی برایەکی بەهرام ناوی (کورد)ە تا هەنووکەش گوێڕایەڵی پەروێزە...»[٩].

ناوی برای بەهرامی چوپینی کوردو کورد بوونی خوشکێکیشی لە مێژووی یەعقووبیدا نووسراوە:

«... کیسرا لایبردو چووە ڕەی و کۆی کردنەوەو پێی گوتن کە کورد بوونی خوشکی بەهرام و ژنەکەی لە وڵاتی تورکەوەیە... بۆ برا کوردەکەی نووسی و ئەوەی پێ دەڵێ و لێشی دەپرسێ لە کیسرا ئەمان بۆ خۆی و بۆ ئەوانەی لەگەڵیشدان وەربگرێ»[١٠].

دینەوەری لە کتێبەکەی (الاخبار الطوال)دا لەمەڕ باپیرانی شاکانی ئێران دەنووسێ:

«سیاوەش کوڕی کەیکاووس کوڕی کەیقوبادە- هەڵاتە لای پاشای تورک و کچەکەی خواست و پاشان کوشتی، خێزانەکەی لەگەڵ کۆرپەکەی ناوسکی لە لای باوکی هەڵات- کوڕێکی بوو کە کەیخەسرەوە... لە لای خەڵکی ناو چیای کورد شیری خوارد تا لایان گەورەبوو»[١١].

هەر لە هەمان کتێبداو لەو ڕیوایاتانەی لە بارەی شا کۆنەکانی ئێران و پێوەندی گۆماناویان بە کوردەوە، نووسراوە:

«گوتیان بەهمەن شا کوڕی ئەسفەندیارە... بەهمەن بۆ سەجستان ڕۆیشت دەروەستی کوڕێکی ڕۆستەم و کەسو کارەکانی هات کوشتنی، گوتیان بەهمەن گەڕاوەتەوە سەر ئاگر پەرستی خومانی کچی خۆی هێناوە. جوانترینی خەڵکی سەردەمەکەی بوو کە مرد سکی پڕ بوو فەرمانیدا تاجیان هێناو خستیە سەرسکی و گەورەکان و خەڵکی وڵاتی ڕاسپارد کە گوێڕایەڵی فەرمانی بن تا سکەکەی دادەنێ... گوتیان ساسانی کوڕی بەهمەن بوو کە پیاوێکی بە مێشک و ئاوەزو بە ئەدەب و چاکە بوو، کە باوکی شا کیسراییەکانی فارسە، هەر بۆیە پێیان دەڵێن ساسانی، خەڵک گومانیان نەبوو کە دوای باوکی مەملەکەت بۆ ئەوە، هەر کە باوکی مەملەکەتی دایە خومانێی کچی

زۆر بەتووندی رەتی کردەوەو چوو پەزی خودان کردن و لەگەڵ کوردان چووە چیا، هەرخۆی سەروکاری دەکردن لە رقی کەمتەرخەمی باوکی ئاوەدانی بە جێهێشت، گوتیان کێ ئیدی چاوەدێری کوڕی ساسان تا ئەمڕۆ دەکات بەشوانەتی مەڕ، گوترا ساسانی کوردو و ساسانی شوان...»[١٢].

ئیدی بەو جۆرە، وەک دەبینین، دینەوەری تا ئەندازەیەک پاڵپشتی قسەکەی تەبەری سەبارەت بە ڕیورەچەڵەکی ئەردەشێر دەکات. یەکیان ئەو رەچەڵەکە دەباتەوە سەر رەگی کوردو ئەوی دیکەش بە جۆرێکی دی دەیگەیەنێتەوە کوردان؛ هەڵبەتە ئەو ریوایەتانە هیچ پاڵپشتێکی زانستی و مێژووییان نییە[١٣].

## ناوهێنانی کورد لە سەردەمی ئیسلامەتی

ناوی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر لە کتێبی نووسەرانی عەرەب و موسڵمانەکانی سەرەتادا هێنراوەو زۆر جارانیش پچڕاوەو نەهاتووە، رەنگە جابانی باوکی مەیمونی کورد[١٤] لە یارانی کورد بێت. لە کتێبی (الاصابة)ی ئیبنی حەجەر ئاوای لە بارەیەوە نووسراوە: «جابانی باوکی مەیمون- ئیبن مەندە لە ڕێی ئەبی سەعید ئەویش لە ئەبی خالید دەگێڕێتەوە، مەیمون کوڕی جابانی سەردەمی (الصردي) لە باوکی گوێی لێبووە کە لە جارێک زیاتر گوێی لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ) بووە...»[١٥].

## کتێبی (تأریخ الرسل والملوک)

تەبەری لەو وەرگرتنانەی خوارەوەدا باسی رووداوی فەتحی هەرێمەکانی فارس و ئەهوازو کرمان و ئەوانی دیکە دەکات لەگەڵ ئەو کێشەو هەنگامانەی کە کورد بەشداری بەشێکیانی کردووە بەر لەوەی ئیسلامەتی بچەسپێ و شوێن پێی خۆی لەو شوێنانە قایم بکات، لەدوای موسڵمان بوون و بڕوا هێنانیشیان. تەبەری دەنووسێ: (فەتح کردنی بازاڕی ئەهواز).

«ناکۆکی و داوا کەوتە نێوان هورمزان و نێوان غالب و کلیب لە (الارضین) سەلماو حەرمە لەوێ ئامادەبوون تا سەیری نێوانیان بکەین بینیان غالب و کلیب هەقیانە و هەرچی هورمزانە ناهەقە، نێوانیان تێک چوو هورمزان کافر بۆوەو هەڵگەڕاوەو پشتی بە کوردەکان بەست و سەربازەکانی مشەبوون، سەلماو حەرمەلەو غالب و کلیب زۆرداری و کافر بوونی هورمزانیان بۆ عەتەبەی کوڕی



غەزوان نووسی ئەویش بۆ عومەری نووسییەوە...»[١٦].

هەر سەبارەت بەو فەتحانەو ئەوەی سەر وتاری پێوە بوو هەر لەهەمان سەرچاوەدا نووسراوە:

- **بیروذ**[١٧]

«گوتیان هەرکە ئەسپەکان گەیشتنە کور خەڵکێکی زۆری کوردو هیدیکەش لە -پیروذ- کۆبوونەوەو... ئەبو موسا خۆی گرخاند تا گەیشتە لای -بیروذ- لەو کۆبوونەوەی کە لە رەمەزان کۆدەبوونەوە لە نێوان هەردوو رووباری تیری و مەنازر گەیشتنە یەک و خەڵکی دەشت و دەری فارس و کورد سەردانیان کرد»[١٨].

هەر لە هەمان سەرچاوەدا ئەو سەردێرە نووسراوە: (باسی سلمەی کوڕی قەیس و کورد)[١٩] ئەو بڕگەی خوارەوەش ئەو پێوەندییە بەم شێوەیە بە ئاشکراتر روون دەکاتەوە:

«سەلمای کوڕی قەیسی ئەشجەعیم بینی گوتی: لە شوعەیب و ئەویش لە سەیف دەیگێڕێتەوە گوتی. کوردانمان بینی بانگمان کردن»[٢٠].

## کتێبی (فتوح البلدان)

ئەو کتێبەی بە لازەری هەندێ رووداوی ئەو فەتحە ئیسلامیانەی لە ناوچەکانی کوردەواری روویانداوە، تێدایە. لەو کتێبەدا نووسراوە: «زیاد کوڕی عەبدولڕەحمانی بەلەخی، لە ئەشیاخی سیسر دەگێڕێتەوە، گوتی: بۆیە پێی دەڵێن سیسر چونکە لە نەوراییەکدایە لە نێوان سی سەری تەپۆڵکەدایە،... سیسر، سیسری سەدخانیشی پێ دەڵێن سی سەرو سەد کانی، کانیاوی زۆری لێیە سەد کانی پێک دەهێنن گوتیان: تا هەنووکەش سیسر و دەوروبەری لەوەرگای مەڕو ماڵاتی کوردو خەڵکی دیکەیە»[٢١].

هەروەها تێیدا نووسراوە:

## فەتح کردنی مووسڵ

«عومەر عەتەبەی کوڕی فەرقەدی سەلمی لەساڵی ٢٠[ه] بووە والی مووسڵ خەڵکی نەینەوا چوونە شەڕی... خەڵکەکەی لەگەڵی چاک بوونەوە پاشان مەرەج و دێهاتەکانی و خاکی باهودری و باعەدرێ و حەبتون و حیانە و مەعلە و دامیرو هەموو ناوچە کوردەوارییەکانی فەتح کرد..»[٢٢].

لە هەمان سەرچاوەدا ئەو سەرناوەشی تێدایە:

«شارەزوور و سامغان و دارا باد»(٢٣)

«ئیسحاق کوڕی سلێمان شارەزووری بۆی گێڕامەوە گوتی: باوکم بۆی گێڕامەوە... ئەویش لە محەمەدی کوڕی مەروان کەلبی و ئەویش لە هەندێ ئال عەزرەی کوڕی قەیس دەگێڕێتەوە کە عەزرەی کوڕی قەیس هەوڵیدا شارەزوور فەتح بکات بەڵام نەیتوانی کەچی عەقەبەی کوڕی فەرقەد دوای شەڕ فەتحی کرد وەک چۆن ئاشتی حەلوان کرا.. لە زاری شێخەکانی شارەزوو دەڵێ شارەزوور و سامغان و دارا باد(٢٤)، عەقەبەی کوڕی فەرقەد فەتحی کردن و شەڕی کوردانی کرد.. حەبیب رۆیشت و چووە ئەددسات کە گوندێکی قورمزە و لە رووباری کورد [رووباری کوڕی- الكُرّ-ی ئێستاکە]ی بڕی و لە مێرگی دبیل [دوین]... چیای کوتە [رەنگە ئارارات] و دۆڵی ئەحرار... دابەزی نووسراوی ئاشتەوایی دبیلی نووسی..»(٢٥).

**فەتحی ئازەربایجان(٢٦)**

«... مەرزەبان خەڵکی شەڕکەری لە باجروان و مێدو نەریز «سەراو وشیز و میانج و شوێنەکانی دی کۆکردەوە... پاشان مەرزەبان ئاشتەوایی لەگەڵ حوزەیفە کرد لەسەر هەشت سەد هەزار درهەمی کێش هەشت بە مەرجێ کەسیان لێ نەکوژرێ و تالان نەکرێن و خانەی ئاگر نەڕوخێنن، و بەگژ کوردی بلاسجان و رستلان و ساترواندا نەچنەوە»(٢٧).

هەر لە هەمان سەرچاوەدا هاتووە:

«عومەر کوڕی خەمیس بۆی گێڕامەوە... ئەویش لە باوکی (رجاوە) گوتی: کە عەبدوڵڵا کوڕی عامر سبیل و زەت و خەڵکەکەی فەتح کرد.. کوردی ئەو کوردانە هاتنەلای.. لە دوای شەڕێکی سەخت ئەیدەجی فەتح کرد..»(٢٨).

هەر لەوێدا نووسراوە:

«... کۆمەڵێک کورد دەوریاندا.. عەقەبەیان ناونا عەقەبەی جارود»(٢٩).

هەر لەوێدا نووسراوە:

«گوتیان سلێمانی کوڕی رەبیعەی باهیلی چوو... فەتحی ئارانی کردو بانگی کوردەکانی بەلاسجانی کرد... فەرمانی دا هەندێک جزیە بدەن و کەمێکیشیان نەختێ سەدەقە بدەن»(٣٠).

لە مێژووی گۆرینی تەبەریدا نووسراوە. «گەیشتنە ساڵی بیست و نۆ»



«لەبەرئەوەی لە ساڵی سێیەم خەڵکی ئەیدەج و کوردەکان بوونەوە کافر، ئەبوموسا بانگی خەڵکی کردو هانیدان و دنەی دەدان و باسی چاکەی جیهادی بەپیادەیی بۆ دەکردن»(٣١).

هەر لە هەمان سەرچاوەدا نووسراوە:

«... خەڵکی بێ بڕواو کوردەکان ئەوانەی خۆیان لە دانی باجی زەوی دەبواردو لە ئاکامدا مەعقەلی کوڕی قەیس لەشکری هێنا سەریان...»(٣٢).

هەر لەوێدا نووسراوە:

«ساڵی چل و یەک هات»

«لەو ساڵەدا حەمدانی کوڕی ئەبان بەسەر بەسرادا زاڵ بوو.. عەلی عەمی بۆ لای کوردانی نارد بۆ هاتنە دەرو زیادیش بەسەریاندا زاڵ بوو و لە ئەستەخر دانیشت(٣٣).

هەر لە هەمان سەرچاوەدا نووسراوە:

«ساڵی چل و سێ داهات»

«پێیان نەگوتی کوردەکان... لە چیاکان فارسن، گوتی پێیان گوتم،... پێی گوتنەوە کوردەکان چن، یەک تایفەی لە ئێوە بەسە...»(٣٤).

هەروەها لەوێدا نووسراوە:

«ساڵی حەفتاو حەفت داهات»

«لەو ساڵەدا حەجاج، سوید کوڕی عەبدولڕەحمان سەعدیناردەسەر حەلوان و ماسبدان... سوید خەڵکی ولاتەکەو کوردەکانی کۆکردەوەو هەرچی کوردەکان بوون نەرماتی حەلوانیان بەسەردا برد...»(٣٥).

لەو سەرچاوەیەشدا ئەوەش نووسراوە:

«حەجاج گوتی شیرەکەتم نیشان بدە... گوتی و ئیبن ئەشعەس رۆیشت و کۆمەڵێک هەڵاتووی لەگەڵ بوو رووەو سەجستان رۆیشتن... رۆیشتن تاکو سابوریان هێناو لەگەڵ عەبدولڕەحمانی کوڕی محەمەدی کوردان لەگەڵ ئەو هەڵاتووانەی لەگەڵی بوون کۆبوونەوە عەمارە و زۆر لە لایەنگرانیان چوونە شەڕیان...»(٣٦).

هەروەها لەوێدا نووسراوە:

«هشام گوتی ئەبو مەخنف لە ئەبی مەخارقی راسبی بۆی گێڕامەوە گوتی حەجاج رۆیشت بۆ

گەڕان و پشکنین چونکە کوردەکان بەسەر هەموو خاکی فارسدا زاڵ ببوون، یەزید و براکانی کەوتنە بەردەستی...»(٣٧).

هەر لە هەمان کتێبدا دەڵێت:

«سلێمان هەڵاتە لای سابور کە کوردی لێ بوون و دەستیان بەسەرداگرتبوو و مەسیحی کوڕی حواریان دەرپەڕاند و سلێمان شەڕی لەگەڵ کردن تاکو کوردەکانی لەسابور دەرکردو نووسراوی بەیعەتی بۆ عەبدوڵڵای کوڕی معاویە نارد»(٣٨).

هەر لەوێدا هاتووە:

«گوتی رۆیشتم هەواڵی هەڵگرانەوەی مووسڵ و بڵاوبوونەوەی کوردەکان بەوێدا بۆ مەنسور هات، گوتی کێ بۆی دەچێ، گوتی مەسیب کوڕی زوهیر کە برادەری خالید کوڕی بەرمەک بووە...»(٣٩).

لەو لاپەڕانەی پێشوودا بەشێکی گرنگی ئەو دەستەواژانەمان نووسییەوە کە وشەی (الکرد والکردي او الاکراد)یان تێدا بو کە لە کتێبی مێژوونووس و وڵاتناسە عەرەب و موسڵمانە پێشەنگەکاندا وەرمان گرتبوو؛ ئەو دەستەواژانەش بەزۆری درێژداری و لێکدانەوەی پتری پێ ناوێ مەگەر پەنا بۆ نووسینی نەوەکانی دواتری ئەو نووسەرانە ببەین وەک نووسەران ئیبن ئەسیر و ئیبن خەلەکان و یاقوت حەمەوی و ئەوانی دیکە؛ ئەوەش لە ئامانجەکانمان دوور دەخاتەوەو دەمانخانە ناو لێکۆڵینەوەیەکی درێژتر. ئەوەی جێی سەرنجە ئەو نووسەرە ناودارانەی دوایی کە ناومان هێنان زانیاری گۆڕین دەنووسینەوە چونکە بایەخدارن، ئەگەرچی کورتن یان هەندی جار هەر دەگمەنن جگە لەو زانیاریانەی کە ئەوانی کۆن لەبارەی کوردەوە تۆماریان کردووە بەتایبەتیش هەر لە مێژووی ئیسلامەییەوە بگرە تاکو دەوروبەری نیوەی سەدەی چواری کۆچی.

## باسی رێوڕەچەڵەکی کورد

لە پێشەوە گوتمان: قسەو قسەلۆک و ریوایەتی کۆنەکان (ابن درید وشەی (زعم) قسەلۆک وەک دواتر دەبینین بەکارهێناوە) دەربارەی رێوڕەچەڵەک و نەژادی کوردو گەل و نەتەوەکانی دیکەش پشتیان پێ نابەسترێ. لەگەڵ رێبازی زانستی مێژوویی نوێ تێک ناکاتەوە. جا ئەو راو ریوایەتانە



بەگشتی لە خۆیەوە رەت دەبنەوە چونکە بە زۆری راست نیین، چونکە پێک ناکۆکن، گریمانەو ریوایەتەکان لەگەڵ راستییە مێژووییەکان سەبارەت بە رێوڕەچەڵەک و نەژادی گەل و نەتەوەکان ناکۆکن.

بیرونی گومانی لەو هەڵانەی تۆماری مێژووە کۆنەکان و بەدواداچوونی نەوەکان هەبووە، تەنیا بە یەکدەنگی هەمووان رازی بووە، ئەگینا هەوڵەکانی بەنادروست و پڕوپووچ داناوە»(٤٠).

لاوازی و پڕوپووچی زۆری ئەو ریوایەتانە بەئاشکرا دیارە، ئەگەر ئەوە بزانین کە ئەو نووسەرانە نەک هەر لەگەڵ یەکدی ناکۆکن، بەڵکو تەنانەت قسەکانیان لەیەک سەرچاوەشدا پێک ناکۆکە، نووسەرێک کە سەرجەلەی باوباپیران تۆمار دەکات لە دوو کتێبدا، تێک ناکاتەوە، جاری واهەیە لەیەک کتێبیشدا.

بەزۆریش هۆیەکەی ئەوەیە، وێڕای کەمی ئامرازە زانستییەکان و نەبوونی بۆ نموونە ساخکردنەوەی شوێنەوار یان پشکنینی بەڵگەنامەی نووسراو، هۆی ئەوەش ئەوەیە ئەو نووسەرو ریوایەت گێڕەوانە بەزۆری قسەو رای سەرچاوەکانی دیکە دووبارە دەکەنەوە.

ئەو ریوایەت گێڕەوەو نووسەرانە هی سەردەمی عەباسیین کە کاروباری گشتی و زانیاری گەیشتبووە پلەیەکی دیاریکراوی پێشکەوتن کە لە توانایاندا نەبوو وێنەی بارودۆخی سەردەمەکانی پێشوو بەوردی لەگەڵ سەردەمەکانی دوای ئیسلامەتی بەراورد بکەن. جا ئەگەر کوردەکان لە سەردەمی رابردوودا لە بارودۆخێکی دیاریکراو دەژیان، ئەوا کاروبارو کێشەکانیان لە سەردەمی عەباسیدا وەک سەرجەم نەتەوەو گەلانی دی دەوروبەریان گۆڕابوو. نووسەر و مێژوونووسەکانی دێرینی سەرەتا شتێکی مێژوویی بایەخدارو دیاریان سەبارەت بە کورد لەو سەردەمانەی بەر لە ئیسلام باس نەکردووە، ئەوا سەردەمی کۆن هەر بخەرەلاوە، مێژووەکانیش تەنیا دوای سەردەمی فەتحەکان تۆمار کراون، ئەویش لەبەر دەگمەنی سەرچاوەی زانیاری. بە واتایەکی دی سەرچاوەی زانیارییمان سەبارەت بە سەرجەلەو رێوڕەچەڵەکی سەردەمە هەرە دێرینەکان کەم و دەگمەنن.

بەڵام بەچاوپۆشی لە هەموو ئەمانەش، بێگومان ئەوا هەرچی لە رابردوو تۆمارکراوەو نووسراوە سامانێکی بەنرخ و گەورەو بایەخدارو لەلایەنی «هیستۆریوگرافیا»یان نووسینی مێژوویی. ئێمەش لەبەرتیشکی ئەوانە لە خوارەوە ئەوەی لە بارەی کورد گوتراوەو نووسراوە، دەنووسینەوە.

**ئیبن درید لە (الجمهرة)دا دەڵێت:**

«کوردی باوکی ئەو نەوەیەی کە (اکراد)یان پێ دەڵێن- ئەبو یەقزان پێی وایە کوردی کوڕی عەمروی کوڕی رەبیعەی کوڕی عامری کوڕی سەعسەن- دێڕە شیعرێک دەڵێن نازانم تا چەند راستە کە ئەمەیە:

لعمرك ما الاكراد ابناء فارس     ولكنه كرد بن عمرو بن عامر

کەلبی دەڵێ کوردی کوڕی عەمروی کوڕی مەزیقیای کوڕی عامری ئیبنی سەماء، ئەبو بەکر دەڵێ ئەگەر عەرەب بێ ئەوا ناوەکە لە مکاردە داڕشتراوە هەر وەک (مطاردە) لە شەڕدا کەدەڵێن (تکاردة وكرداً)[٤١].

ئەوەی جێی سەرنجە گومانی ئاشکرای ئیبن دریدە لە قسەکەی (زعم أبو اليقضان) و هەروا لە (دێڕە شیعرەی بۆ گوتراوە کە نازانم تا چەندی راستە). لە سەرێکی دیکەوە. دەبینی ئەبی یەقزان و ئیبن کەلبی لەگێڕانەوەکانیاندا جیاوازن.

مەسعودی لە کتێبی (التنبيه والاشراف)دا دەڵێت:

«... کورد لای فارسەکان لە کوردی کوڕی ئەسفەندیاری کوڕی مقوشهر (مەنوچەهرە.و.)ی بازنجان و شوهجان و شادنجان و قشاورەو بودیکان و لوڕی و جوزقان و جاوان وبارسیان و جەلالی و مەستەکان و جبارقە و جرونمان وکیکان و ماجوران و هەزەبانی و ئەوانی دیکەن کە لە زمەکانی (هەوار)ەکانی فارس و کرمان و سەجستان و خوراسان وئەسبەهان و خاکی چیا و لە ماهەکانی ماهی کوفە، ماهی بەسرە و ماهی سەبدان و ئەیغارینن کە کرج و برج و ئەبی دەلەف و هەمەدان و شارەزوور و داراباد ئاران و بەیلقان و بابوئەلباب و جەزیرەو شامن، نەتەوەیەک لە کوردەکانی دوایی ئەوانەی شارەزان لەو ولاتەنانەمان بینین. کەوا ئەوان کوڕی کوردی مەردی کوڕی سەعسەعەی کوڕی حەربی کوڕی هۆزانن، هەن پێیان وایە کوڕی سەبیعی کوڕی هۆزانن، حەرب و سەبیعیش لەلای سەرجەلەناسانی مەزەر بێ ئەوە ناویان هاتووە... لە کوردانیش هەیانە دەڵێن لە رەبیعە ئینجا لە بەکری کوڕی وائیلن»[٤٢].

ئەو قسەی مەسعودی سەرنج رادەکێشی: (حەرب و سەبع لای سەرجەلەناسانی مەزەر بێ نەوە ناویان هاتووە). دیارە بەو جۆرە پچڕانێک لە زنجیرەکەدا پەیدا دەبێ.

ریوایەتەکان دەربارەی رەچەڵەکی کوردو رەگو ریشەیان زۆر پێک ناکۆکن، لە کوردی کوڕی ئەسفەندیاری کوڕی مەنوچەهر لای فارسەکان بۆ دوا ریوایەتی دیکە[٤٣]. ئەو هەمووە لە کوێ لەگەڵ ئەوەی لە کتێبی ئیبن دریدی ناوبراودا نووسراوە؟

درایڤەری رۆژهەلاتناس سەبارەت بە رەچەڵەکی کورد دەڵێت:



«تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشدا بەوردی و دیار هیچ لە رەچەڵەکی کورد نازانرێ، ئەو قسەیە پتر بۆ نووسەرە کۆنەکان دەبێ، کە نەک نووسینەکانیان لەو بارەیەوە ئەفسانەی رووتن، بەڵکو تەنانەت ریوایەتی ئەوانە تا ئەو نزیکانەی سەردەمی نوێ لێشیان نەکۆڵراوەتەوە بۆ ئەوەی بۆچوونێک یان هەڵسەنگاندێک دروست بکات»[٤٤].

لە سەرێکی دیکەوە سەرنج دەدەی کە مەسعودی گەورە مێژوونووس تا چەند ئاگاداری لایەنەکانی کاروبارو تایفە زۆرەکانی کوردەو شارەزای تایبەتی بە زێدو شوێنەکانیانەوە هەیە بەو جۆرەی کە ئەو سەردەمە هەبوون.

ئەوە لە کتێبی (مروج الذهب)ی مەسعودی رادەگوێزین:

«هەرچی رەگەز و جۆری کوردەکانە خەڵک لە رەچەڵەکیان دڕدۆنگن، هەن دەڵێن لە رەبیعەی کوڕی نزاری کوڕی مەعد کوڕی عەدنانن[٤٥] لە کۆنەوە پەرت بوونە، بە دۆڵ و چیایان وەربوون و لووت بەرزی وای لێ کردن بوونە دراوسێی نەتەوەکانی دانیشتوی ئەوێ بە عەجەم و فارس لە زمانی خۆیان دابڕان، زمانی عەجەمیان گرت، جۆرێکی کوردان زمانی کوردی خۆیان هەیە. هەن دەڵێن لە مەزری کوڕی نزارن، لە کۆنەوە پەرت بوونە.. ئی واش هەیە دەڵێن لە رەبیعەو مەزەرن بەدوای ئاوو لەوەڕدا کەوتنە ناو شاخان و کە بوونە دراوسێی خەڵکانی دی زمانی عەرەبیان لەبیرچۆوە..»[٤٦].

ئیدی بەو جۆرە ناکۆکی و ناتەبایی و جۆراوجۆری لەو ریوایەتانەدا دەربارەی رێورەچەڵەک و سەرجەلەی کورد زۆر بە ئاشکرایی دیارە.

سەبارەت بە زوحاک مەسعودی دەڵێت:

«ئەو هەوالانەی لە بارەی زوحاکەوە باسمان کرد، فارسەکان نکۆڵی لێ ناکەن..»[٤٧].

رەنگە ئەوەش بەڵگەی ئەوەبێ کە چیرۆکی زوحاک ئەفسانەیەکی ئێرانی چیتر نییە.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە مەسعودی باسی فەلەی کوردیش دەکات، دەڵێت «یاقوبی و جوزقانیان فەلەن، هەواریان لە ولاتی مووسڵ و چیای جودی بەولاوەیە»[٤٨].

تەبەریش باسی (کوردە یاقوبییەکان) دەکات. لە رووداوەکانی ساڵی (٢٥٨)ی کۆچی دەڵێت: «لەوێدا مەسروری بەڵخی لە کوردە یاقوبییەکانی داو هەندێکیانی پێکا»[٤٩].

دەتوانین بڵێین، هەرچەندە ریوایەتەکان پێک ناکۆکن، بەڵام مەسعودی زانیاری بەنرخمان دەربارەی تایفە کوردەکان لە سەردەمی ئیسلامەتی بۆ تۆماردەکات. بەڵام ریوایەتەکانی ئەویش وەک زۆربەی ریوایەتەکانی هاوشێوەی وەکو خۆی وەرناگیرێ.

ئیبن خەلدونی مێژوونووس بە داخەوە قسەکانی بیرونی لە مێژوونووسان دووبارە دەکاتەوە

(سەرنجی هۆیەکانی ئەو رووداوانەیان نەداوەو حاڵ و بارەکانیان لەبەرچاو نەگرتووەو قسە پڕپووچەکانیان بەر پەرچ نەداوە.. هەواڵەکان هەڵەو ناتەواوی و لاسایی لە مرۆڤ و نەتەوەکانی کۆنن)؛ ئیبن خەلدون بە تایبەتی ناوی مەسعودی لە چەندین شوێن دەهێنێ، وەک ئەوەی دەڵێ:

«... کتێبەکانی مەسعودی و واقیدی تانەو تەشەر هەڵدەگرن کە لەلای خەڵکی شارەزاو بڕواپێکراو زانراو و سەلمێندراو و چەسپاوە.. رەخنەگری وردبینی و دادوەری خۆیەتی لەو ساختەکارییەی کە دەینووسنەوە»[٥٠].

محەمەد ئەمین زەکی مێژوونووسیش دەڵێ:

«شوێنەوارە ئیسلامییەکان ریوایەت و چیرۆکە کوردییەکان بۆ تۆژینەوە لە رەچەڵەکی کورد زۆر متمانەیان پێ ناکرێ»[٥١].

حەسەن ئەرفەع ئەو ریوایەتانە رەت دەکاتەوەو بە ئەفسانەیان دادەنێ[٥٢].

وا دیارە هەندێ مێژوونووس و ریوایەت گێڕەوەکان ئەو ریوایەتانەیان دووبارە کردۆتەوە لە کاتێکدا خەڵکانی دی وەلایان ناون بە هۆی لاوازی و جیاوازی دەقەکان باسیان نەکراوە.

دەکتۆر مستەفا جەواد لە لێکۆڵینەوەکەی (هۆزی لەبیرکراوی جاوان)دا دەڵێت:

«بێگومان کورد بردنەوە سەر رەچەڵەکی عەرەب لای خەڵکی لێکۆڵەرو وردەکار پووچەڵ کراوەتەوە، بە من هۆیەکەی ئەوەیە سەلماندنی برایەتی لە رەچەڵەک بە دوای برایەتی لە ئاییندا سەرچاوەی گرتووە.. رەچەڵەکناسان ئەو رەچەڵەکەیان داهێناوە»[٥٣].

حەسەن ئەرفەع دەڵێت لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان بووە نەریت و خوو کە شانازی بە چوونەوە سەر رەچەڵەکی عەرەب بکرێ، تا بەری پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا»[٥٤].

لەکتێبی (شرفنامە)شدا نووسراوە:

ریوایەت خوانان دەڵێن: قسەی جۆراوجۆر و ریوایەتی دژ بە یەک سەبارەت بە رەچەڵەکی کوردو دیارکردنی رەگ و ریشەی تایفەکانی هەن»[٥٥].

لەو قسەی دواییدا هەندێ لەو راستیانەی کە ئەوانی بەرێ دەربارەی زانستی هەرجۆرە رێو رەچەڵەک و نەژادێک بەدەستیان هێناوە دەبینین. جا بۆ گەیشتن بە نەختێ راستی لەو بوارەدا چ رێگایەک نییە جگە لەپشت بەستن بە لێکۆڵینەوەی زانستی نوێ نەبێت.



## پەراوێزەکان:


1- Driver, G.R- The name Kurd and its Philological connexion Jras, London, 1923.

«کورد بۆیە ئەو ناوەیان لێنراوە چونکە زۆر ئازان» شرفنامە، جزء(١)، ل١٢ .

٢- زکی محمد امین- خلاصە تأریخ الکرد و کردستان، ل٤٠ .

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٤٩، میللنجن. ف- (ژیانی سەرەتایی لەنێو کوردان، ل ٢٠٦-٢٠٧، بەزمانی ئینگلیزی).

٤- زکی، محمد امین، خلاصە تأریخ الکرد وکردستان، ل٤٥ .

٥- الطبری، تأریخ الرسل والملوک، جزء (١)، ل٢٦٢، ابن الاثیر، الکامل فی التأریخ، جزء (١) لاپەڕەی (٩٨) بخوێنەوە.

٦- تەبەری خۆی دەستەواژەی (کوردەکانی فارس) ناو دەبات، تأریخ الرسل الملوک، جزء (٤)، طبعة مصر [١٩٦٨]، ل١٧٨، بەو جۆرەی ناو و دەستەواژەی تایبەت بەو رەچەڵەکە زۆر دەبن.

٧- البیروني، ابو الریحان- الاثار الباقیة، ص٣-٤ .

٨-الطبری، تأریخ الرسل والملوک، جزء (١)، ل ٨١٧؛ ابن الاثیر، الکامل، المجلد (١)، ل٣٨٢ .

٩- الطبری، تأریخ الرسل والملوک جزء (١).

١٠- تأریخ الیعقوبی، مجلد (٢)، ل٢٢٢-٢٢٣ .

١١- الدینوری، الاخبار الطوال، ص١٦

١٢- الدینوری، الاخبار الطوال، ل٣٠؛ ابن الاثیر، الکامل فی التأریخ، مجلد (١)، ل٢٧٨-٢٧٩ .

وەک سەرنج دەدەی چۆن هەندێ نووسەر سەرو سۆراخی ئەو ریوایەتە ئەفسانەیانە دەکەن.

١٣- محەمەد ئەمین زەکی مێژوونووسی کورد دەڵێت: «پێویستە بەهۆی تۆژینەوەی شوێنەوار و نووسەرانی بەناوبانگ و زانایانی پسپۆر لە میدیاو ئیران بۆ رەچەڵەکی گەلی کورد بگەڕێین.. هەڵبەتە ئەو بیرەش بۆ بوونی ئەو هۆزە کوردە زۆرانە دەچێ لە فارس لە سەردەمی ساسانییەکان. خلاصە الکرد وکردستان، ص٤٣ .

١٤-مەیمونی کورد، نازناوی ئەبو بەسیرە.. لە باوکی دەگێڕێتەوە.. ئەویش لە فەزلی کوڕی عەمیرە رەقەکار نەبوو. تهذیب التهذیب، جزء (١٠)، ل ٣٩٤؛ مەیمونی کورد، نازناوی ئەبا بەسیرە، تبصیر المنتبە، القسم الرابع، ل ٤٢٠؛ تنبیە المنتە، القسم الاول، ل ٢٣٠؛ جابان: کۆمەڵێکن، (جابان.. نازنرێ کێیە؟، میزان الاعتدال، ١، ص٣٧٧ .

١٥- ابن حجر، الاصابة، جزء (١)، ل ١٠٠٨؛ ابن الاثیر الجزري، مجلد(١)، (جابان ئەبو مەیمون) بخوێنەوە؛

محەممەد ئەمین زەکیش دەڵێ: (دوورنییە هەندێ لەیارانی بەرێزی بەرەچەڵەک کوردبن)، خلاصە الکرد وکردستان، ل١٢٣ .

١٦- الطبری، تأریخ الرسل والملوک، جزء (١)، ل ٢٥٤؛ (فارسەکان ٥٠ هەزار درهەمیان خستبووەسەر خوزستان کە ئەهوازە، ابن خرداذبە، المسالک و الممالک، ل ٤٢ .

١٧- ئەهواز، (ئەهواز ناوێکی عەرەبییە لە دەمی ئیسلامەتی ئەو ناوەی لێنراوە لە سەردەمی فارسەکان ناوی خوزستان بوو). الحموی، یاقوت، معجم البلدان، مجلد (١)، ل ٤١١ .

١٨- الطبری، تأریخ الرسل، القسم الاول، ص ٢٧٠٨؛ هەمان سەرچاوە، جزء (٤)، چاپی ١٩٦٨، ل ١٧٨ لەبارەی کوردانی فارس بخوێنەوە.

١٩- الطبری، تأریخ الرسل، ل ٢٧١٣ .

٢٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٧٢٠؛ سەلمەی ئەشجەعی لەو سەرکردانەی فەتح بوو کە خەلیفە عومەر (خوالێی رازی بێت) ناردی فەتحی هەندێ ناوچە لە باکووری ئێراندا بکات.

٢١- (سیسر، ئێستاکە شاری سنە یان سەنەندەجی پێدەڵێن لە ئێران)، تأریخ الکرد وکردستان، ل١٢٩؛ البلاذری، فتوح البلدان، ل٤٣٤ .

٢٢- البلاذری، فتوح البلدان، ل٢٧٣؛ هەروەها ابن حوقل، صورة الارض، الجزء (١)، ل٢١٤-٢١٧ بخوێنەوە.

٢٣- «شارەزوور شارێکی بچووکە کوردی لەسەر بوون..» ابن حوقل، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٤ .

٢٤- (المسعودي، التنبیه والاشراف)، سەبارەت بەو شوێنانەی کوردیان لێ دادەنیشتن هەروا لە ئازەربایجانیش، ل ٨٨-٨٩ بخوێنەوە.

٢٥- البلاذری، فتوح البلدان، ل٢٧٣؛ «دبیل شارۆچکەیەکە لە ئازەربایجان»، المقدسی احسن التقاسیم، ل٤٠٨؛ (دبیل هي دوین) ئینسکلوپیدیای ئیسلام، مجلد (١)، بەزمانی ئینگلیزی، چاپی ١٩١٣ .

رووباری کوردان- (الکر)- لکێکی رووباری ئاراسە،

٢٦- ئازەربایجان، (هەرێمێکی فراوانە لە شارە بەناوبانگەکانی تەوریزە.. شارەکانی دیکەشی خوی و سەلماس و ورمێ و ئەردەبیل)ن، یاقوت الحموی، معجم البلدان، جزء (١)، ل ٧١٣ . بەبۆنەی ناوهێنانی ئەو هەرێمە، جێی ئاماژەپێکردنە کە لە تورکیای نوێدا ئەو قسەیە باوە کە کوردەکان «تورکی شاخاوین»؛ دیارە ئەو قسەیە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە.

٢٧- البلاذری، فتوح البلدان، ل٤٥٦ . کوردی بەلاسجان لەو شاخانەی دەکەونە سەرلێواری دەشتی موغان لە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی ئازەربایجان دەژین.

٢٨- البلاذری، فتوح البلدان، ل٥٣٨؛ سەبارەت بەئەهوازیش، بڕوانە؛ یاقوت الحموی، معجم البلدان، مجلد (١)، ص٤١١ .



٢٩- االبلاذری، فتوح البلدان، ل٥٤٨ .

٣٠- البلاذري، فتوح البلدان، ل٤٣٤؛ ابن الفقیه، المختصر، ل٢٩٣ بخوێنەوە.

٣١- الطبری، تأریخ الرسل والملوک، القسم الاول، ل ٢٨٢٩؛ بێگومان کە کورد ئیسلام بوون وەک هەموو ئەوانی دیکە زۆر بڕوایان بەئاییینی خۆیان هەبوو.

٣٢- الطبری، تأریخ الرسل، القسم الاول، ٣٤٢٢ . باسی ئەو جووتیارو تایفە کوردانە دەکرێ کە لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامەتی باجی زەوی (الخراج)یان نەداوە.

٣٣- الطبری، تأریخ الرسل، القسم الثانی، ل١١؛ (باسی ئەو رووداوە بچووکانەی لێرەو لەوێ روو دەدەن دەکرێ کە هەندێ کورد بەشداریان تێیدا کردووە).

٣٤- الطبري، هەمان سەرچاوە، ل ٥٤ . (جارێکی دی باسی رووداوی جۆراوجۆر دەکات کە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، کورد بەشداریان تێدا کردووە).

٣٥- هەمان سەرچاوە، القسم الثانی، ل٩٨٩؛ هەروەها هەمان سەرچاوە چاپی ساڵی ١٩٦٨ دەربارەی حەجاج. سەبارەت بە حەلوانیش، بڕوانە: یاقوت الحموي، معجم البلدان، مجلد (٢)، ل٣١٧؛ (وکور الجبل ماسبذان...)، ابن خرذایة المسالك، ل٢٠ .

٣٦- الطبری، تأریخ الرسل، القسم الثانی، ١١٠؛ ابن الاثیر، الکامل، مجلد (٤)، ل ٤٨٤؛ باسی ناکۆکی نێوان عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەشعەس و حەجاجی کوڕی یوسف دەکا. الطبری، تأریخ الرسل، جزء (٦) چاپی ساڵی ١٩٦٨ .

٣٧- لە رووداوەکانی ساڵی (٩٠)ی کۆچی [یەزید کوڕی مهەلەب و براکانی لە بەندیخانەی حەجاج هەڵاتن]: (حەجاج چووە رستقباد سۆراخیان بکات... یەزید و براکانی مفەزەل و عەبدولمەلیکی هێنان). الطبری، تأریخ الرسل، جزء (٦)، چاپی ساڵی ١٩٦٨ .

٣٨- هەمان سەرچاوە، سابور لە شارە گەورەکانی هەرێمی فارس بوو لەو سەردەمەدا، لە سەرسنوورەکەیدا شوێنەکانی نیشتەجێی کورد دەگەیشتنەوە یەک، کە ئەمڕۆ بە زمەکانی کورد ناسراوە لەو سەردەمەدا. گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانکۆی بەغدا، ژمارە (٢٤) ١٩٧٩، (الکرد فی کتابات المسلمین الاوائل)ی د. ئەحمەد عوسمان بخوێنەوە.

٣٩- الطبری، تأریخ الرسل، القسم الثالث، ل٣٨٢؛ الشیخ زکریا الازدی، تأریخ الموصل، ل ٢٠٨؛ ابن الاثیر، الکامل، جزء (٥)؛ ل ٥٨٥، چاپی ,١٩٦٥ «پێی راگەیاندرا کورد بە ویلایەتەکەیدا بڵاوبوونەتەوە.. عەماری کوڕی غەمرە ئاماژەی بە خالیدی کوڕی بەرمەک کرد و ئەویش کردییە والی ئەوێ و بۆ ئەوێی ناردو بەباشە رەفتاری لەگەڵ خەڵکەکەی کرد» باسی دامەزراندنی خالیدی کوڕی بەرمەک لەسەر ویلایەتی مووسڵ دەکرێ لەلایەن ئەبو جەعفەری مەنسور، تا هێمنی و رێک و پێکی بخاتەوە ناوچەکە.

٤٠- البيروني، أبي الريحان، الاثار الباقية، ل٣٨ .

٤١- ابن دريد، كتاب جمهرة اللغة، مجلد(٢)، ل٢٢٥ .

٤٢- المسعودى، التنبيه والاشراف، ل ٨٨-٨٩؛ هەروەها بڕوانە (مروج الذهب)، المسعودى، جزء (٣)، ل١٠٠، چاپی ١٩٦٥ .

٤٣- (ابن الاثير) دەربارەی ئەو جۆرە ریوایەتانە دەڵێت: «ئەوەشیان درۆی ساردی فارسەکانن، درۆی لەوە سەیرو سەمەرەتریان هەیە باسمان نەکردوونە». الكامل، مجلد (١)، ل ٧٦، چاپی ١٩٦٥، بەوجۆرە زۆر ریوایەت دەگێڕنەوە کە راستیان کەم تێدایە.

44- Driver, G.R- Studies in kurdish History, Bulletin of the Orient-al studies, London, institute, Vol. ll, 1921-1922, 1924.

٤٥- مەقریزی ریوایەتییەکی دیکەی هەیە «کورد دەچنەوە سەر کورد کوڕی مەرد... دەشڵێن لەبەنی حەمید کوڕی تاریقن...»، السلوك، جزء(١)، قسم (١)، ل٣-٤ .

٤٦- المسعودى، مروج الذهب، حزء (٢)، ل١٢٢-١٢٣ .

٤٧- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٣ .

٤٨- هەمان سەرچاوە.

٤٩- الطبرى، تأريخ الرسل، جزء (٩)، ل ٤٩٠، چاپی ١٩٦٨ . هەروەها: «شەهابی کوڕی فەزلوڵلای رازنووس لە کتێبی (التعريف)دا دەڵێت: دەڵێن لە موسڵمانان کورد، لە کافرانیش کەرج»، القلقشندي- صبح الاعشى مجلد(١)، ل٣٦٩، بۆ زانینیش جۆرجیبیەکان فەلەو بڕوادارن.

٥٠- ابن خلدون، المقدمة، جزء (١)، ل٢-٣ .

٥١- محمد امين زكى، خلاصه تأريخ الكرد وكردستان، ل٤٨ .

52- Arfa, H.- The Kurds, London, 1966, p.6.

٥٣- الدكتور مصطفى جواد، (جاوان القبيلة الكردية المنسية)، ل٨ .

54- Arfa, H. The Kurds, P. 17.

٥٥- شرفخان بدليسي- الشرفنامة، الجزء (١)، ل١٢ .



## سەرچاوەکان:


١- ابن الأثير- علي بن محمد عزالدين الشيباني- (الكامل في التأريخ)، بيروت (١٩٦٥).

٢- ابن حجر: أحمد بن علي العسقلاني- (تبصير المنيه بتحرير المشتبه)- الدار المصرية للتأليف والنشر، بلا

٣- بن حجر، أحمد بن علي العسقلاني- (الأصابة في معرفة الصحابة) جزء(١).

٤- بن حوقل، أبو القاسم محمد النصيبي (البغدادي)- (كتاب صورة الأرض) -منشورات دار مكتبة الحياة- بيروت، بلا، وطبعة بريل، ليدن، (١٩٣٨).

٥- ابن خرداذية، أبو القاسم عبيدالله أحمد- (المسالك والممالك). ليدن، مطبعة بريل ١٨٨٩ .

٦- ابن خلدون، عبدالرحمان بن محمد- (المقدمة)- بتحقيق المستشرق كاتر مينر، المجلد(١)- بيروت(١٩٧٠).

٧- ابن دريد، أبوبكر بن الحسن- جمهرة اللغة- مجلس دائرة المعارف الاسلامية (١٣٤٥).

٨- ابن الفقيه: أبو بكر أحمد بن محمد الحمداني- (مختصر كتاب البلدان)- ليدن، بمطبع بريل- (١٣٠٦).

٩- البلاذري، أبو العباس أحمد بن يحيى بن جابر- (فتوح البلدان)- دار النشر للجامعيين (١٩٥٧).

١٠- البيروني، أبو الريحان محمد بن أحمد- (الاثار الباقية عن القرون الخالية)، ليبزيخ (١٩٢٣) .

١١- جواد، الدكتور مصطفى- (جاوان القبيلة الكردية المنسية)- منشورات المجمع العلمي الكردي، بغداد- (١٩٧٣).

١٢- الدينوري، أبو حنيفة أحمد بن داود- (كتاب الأخبار الطوال)- ليدن، بريل (١٨٨٨).

١٣- شرفخان البدليسي- (شرفنامة ترجمة الى العربية محمد علي عوني، الجزء الأول- مصر (١٩٥٢).

١٤- الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير- (تأريخ الرسل والملوك)، طبعة ١٩٦٤ وطبعة دائرة المعارف بمصر (١٩٦٨).

١٥- محمد أمين زكي- (خلاصة تأريخ الكرد وكردستان)- الطبعة الثانية بغداد، (١٩٦١).

١٦- المسعودي، أبو الحسن علي الحسين بن علي-(مروج الذهب ومعادن الجوهر)- بيروت (١٩٦٥).
- (التنبيه والأشراف)، مصر (١٩٣٨).

١٧- المقريزي، تقي الدين أحمد بن علي- (كتاب السلوك لمعرفة دول الملوك)- صححه محمد مصطفى زيادة- جزء(١) قسم أول، القاهرة (١٩٣٤).

١٨- اليعقوبي، أحمد بن أبي يعقوب بن واضح- (تأريخ)- ليدن، بريل (١٨٨٣).

19- Arfa, H._ the Kurds- (a political and Social Study), London. 1966.

20- Encyclopaedae of Islam. Vol (1) (1913).

21- Driver, G.R.- the name Kurd and its. Philological Connexion, Journal of Royal Asiatic Society London, 1923.


(*) لە گۆڤاری (کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد)، ژ(١٣)١٩٨٥، ل٣٦١-٣٨٣، بڵاوکراوەتەوە.

# سەرنجێ لەکاری کوردناسە ئینگلیزەکان
# لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا*

-١-

لەو بابەتە کورتە ناتەواوەدا، دوو دەستەواژەی کوردۆلۆگ و کوردناس یاخود ئەوەی سەرگەرم و عەودالّی کوردناسییەمان بەیەک واتاو نێوەڕۆک بەکارهێناوە، بێ ئەوەی ناو لێنانەکانیان دیاربکەین، چونکە ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی زمانەوانان.

ئیدی لێرە کوردناس و کوردۆلۆگ ئەو کەسەیە کە لە کاروباری کوردو وڵاتەکەیان و ئەوانەی بابەتێکی تایبەتییان لە هەر لایەنێک یان بوارێک لە بوارەکانی کوردناسی نووسیوە یاخود شوێنەوارێکیان بەجێ هێشتووە لە بابەتێک یان چەندین بابەتی جۆراوجۆر(١).

هەروەک لە ناوونیشانی بابەتەکەدا دیارە ئەرکی ئێمە تەماشاکردنی کارو شوێنەوارەکانی کوردناس و کوردۆلۆگە ئینگلیزەکانە (بە رای ئێمە، مەرج نییە، کوردەوان، زمانی کوردی بزانێ)، ئەوانەی کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی سەریان هەڵدا. تەنانەت وای دەبینین کە شیرازەی بابەتەکە وێک بینینەوە بۆ ئەوەی هەر ئەوانە بگرێتەوە کە بەر لەبەستنی پەیمانی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ لە بابەت کاروباری کوردیان نووسیوە یان تۆژیویانەتەوە. بێگومان ژمارەی ئەوانە زۆر نین و نەختێ ناوبانگیان پەیداکرد، هەندێکیشیان ناوبانگێکی زۆریان لە سەردەمی خۆیان و لە ئەمڕۆکەشدا پەیداکردووە، بەڵام دەتوانین بڵێین هەندێ شوێنەواری ئەو کوردناسانە، بەشێوەیەکی گشتی نەناسراون یان بە روونی باسیان نەکراوەو بەوردی لێیان نەکۆڵراوەتەوە. وێڕای ئەمانەش



حەزیان لێیە شیرازەی بابەتەکە تەنانەت لەوەش تەسکتر بکەینەوە، چونکە مەبەست لەمە تۆژینەوەی ئەو هەموو ئینگلیزیانە نییە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانەوە تاکو ئەمڕۆ، بەڵکو گەرەکمانە لەماوەیەکی بەرتەسک بدوێین کە لە دوو ساڵی دوای شەڕ تێپەڕناکات. سەرەڕای ئەمەش بەنیازین لەم دەرفەتەدا هەر دووان لەمانە بخەینەبەر باس. ئەوانیش مێجەر نوئیل و ج.ر. درایڤەرن. دواتر بواری لێکۆڵینەوە تەسکتر دەبێتەوە تەنیا یەکێک لە شوێنەوارەکانی نووسەری دواییان بەسەر دەکەینەوە. لەو هەموو هێنان و بردنەشدا دەمانەوێ نووسینێک پێشکەش بکەین کە پێشتر، بەپێی ئاگاداری ئێمە، بەربڵاوی و درێژی لێی نەکۆڵدرابێتەوە. هەر وەک پتریش روون دەبێتەوە، ئەوا ئەو بوارە نوێیەی کە زۆری لەسەر نەگوتراوەو نەتۆژراوەتەوە ج. ر. درایڤەری کوردەوانە. کە وەک پێویستە شوێنەوارو نووسینەکانی لە مەیدانی کوردناسیدا نەناسراوە ئەم قسەیەش لێکۆڵینەوەکە، یاخود راپۆرتەکەش دەگرێتەوە هەر وەک خۆی پێی دەڵێت؛ کە نۆبەرەی نووسینەکانی بوو لە بواری ئەو لێکۆڵینەوەیەداو رەنگە گرنگترین نووسینی بێ وەک سەرچاوە. جا بەر لەوەی نەختێ بەدرێژی سەروکاری ئەوە بکەین با جارێ لە نووسینەکانی مێجەر نوئیل بدوێین، نەک لەبەر ئەوەی بە دۆستی کورد دادەنرێ هەروەک لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێ، بە تایبەتی کە هەندێ نووسینەکانی بە کەڵکی درایڤەر هاتوون و کردوونی بەسەرچاوەی لێکۆڵینەوەکانی و لە بواری جیاجیادا لێی وەرگرتوون.

مێجەر نوئیل چوار نووسینی کورتی لەدوا بەجێ ماوە کە ئەمانەن:

**یەکەم:** رۆژانە یاخود یادداشتی بڵاونەکراوەی گەشتێکی بۆ ناوچەی کوردەواری لە زستانی ساڵی ١٩١٨ تاکو بەهاری ساڵی ١٩١٩ .

**دووەم:** لێکۆڵینەوە (یان راپۆرت) بەناوونیشانی (تێبینی لە بارودۆخی کورد)(٢) ئەو لێکۆڵینەوەیان رەسەن و بەکەڵکە.

**سێیەم:** نووسینی رۆژانە و یادداشت دەربارەی گەشتی دووەمی بۆ ناوچەکانی کوردەواری لە ئەنادۆڵ لە حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩ەوە تاکو ئەیلوولی هەمان ساڵ. رەنگە ئەو کتێبەیان گەورەترین نووسینی نوئیل بێ و (٧٦) لاپەڕەی گەورەیە بەوێنەی فۆتۆگراف و ناوی هۆزەکان و مێژووی بنەماڵەی بەدرخانییەکان و لێکۆڵینەوەیەکی پەندی پێشینانی ناوچەی هەکاریشی گرتۆتە خۆ.

**چوارەم:** ڕاپۆرتێک سەبارەت بەو ڕووداوانەی بوونە هۆی ئەوەی نوئیل بەدیلی بکەوێتە دەست چەکدارە جەنگەلییەکان لە ئێران. ئەمە سەرەڕای چەندین ڕاپۆرتی جیاجیاش.

ئەوەی کە دەبێ لە بارەی کاری کوردناسە ئینگلیزەکان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە تاکو ساڵی (١٩٢٠)، بگوترێ ئەوەیە کە نووسینەکانیان بە زۆری لە شێوەی ڕاپۆرتن و ئەو زانیارییانەیان تێدایە کە بۆیان لواوە بە دەستی بێنن- لە نزیکەوە لە هەندێ باردا- دەربارەی کاروبارو کێشەکانی ناوچەکە و مەسەلە پەیوەندیدارەکان بە هۆزە کوردییەکان و هەڵوێستی گشتی سیاسی ئەوێوەیە. ئەو ڕاستییە مێجەر سۆنی ناوداریش دەگرێتەوە، سەبارەت بەو ڕاپۆرتانەی کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی نووسیوونی و چالاکییەکانی لە بواری ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە. هەروەها کتێبی (دوو ساڵ لە کوردستان)ی کابتن هێ Hay یش دەگرێتەوە، وەک لێکۆڵینەوەو یادداشت دەربارەی ناوچەی کوردەواری لە هەمان ماوەدا، ئەمە وێڕای لونگریگ و مس بێل-یش.

لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانین بە پاساو هێنانەوەیەکی بەجێ، ژمارەیەک خەڵکی دیکەش بخەینە سەر ئەو کۆمەڵە کوردناسانەی کە ناچنە ریزی نووسەرو لێکۆڵەرەوە. وەک لورد کیرزنی وەزیری هەندەرانی بەناوبانگی بەریتانیا، لەوانەشە ئەمە ببێتە مایەی سەرسوڕمان، بەڵام ئەوەی بەڵگەنامەکانی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیای دوای شەڕ بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە ئەو لۆردە ئاگادارییەکی زۆری لە کاروباری کوردەوە هەیە، جگە لەوەی کەدانەری کتێبیشە. بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری نامەو بروسکەکانی لە بارەی کاروباری کورد لە دوای شەڕ تا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە، دەبێ لێکۆڵینەوەی نووسینەکانی بۆ بوارێکی دیکە دوابخەین. نابێ ناوی ئارنولد ولسن و مس بێل، ئەوانی وەک ئەوانیش لەو بوارەدا فەرامۆش بکەین.

هەروەها مەبەستمانە لەو تۆژینەوەیەدا لە نووسینەکانی ئەو کوردناسانە بدوێین نەک باسی ژیانی کەسایەتییان بکەین، لەو بوارەدا جگە لەوەی کە پەیوەندیی نووسینانەوەیان وەک سەرچاوەیەکی ڕەسەنی مێژووی کورد لەو ماوەیەدا هەبێت[٣].

نووسینەکانی درایڤەر بەتەواوکەری کاری ئەوانی دیکە دادەنرێن و شوێنێکی تایبەتی لە نێوانیاندا داگیر دەکەن. بە تایبەتیش لێکۆڵینەوەکەی یان یەکەم ڕاپۆرتی کە بە ناوی (کوردو کوردستان)ەوە[٤] بە تەواوکەر و لێکدانەوەی نووسینەکانی مێجەر نوئیل و ئەوانی دیکە دادەنرێت، بۆیە لەم ڕووەوە بایەخی ئەو تۆژینەوەی درایڤەر دەردەکەوێت.



هەروەک لە نووسینەکانی درایڤەر خۆیدا دیارە، ئەو یەکێک بوو لەو کارگێڕو بەرپرسە بەریتانیانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بە تایبەتیش لە فەلەستین، کاریان دەکرد. پاشان لە کۆلیژی ماجدولینی زانکۆی ئۆکسفۆرد لە ئینگلستان لە ساڵی ١٩٢٠ کاری کرد و لەوێش ئەو تۆژینەوانەی نووسی (ئایینی کوردان) و (لێکۆڵینەوەی دیرۆکی کوردان)... هتد. بەم جۆرە دەبینین کە درایڤەر لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری نووسیوە. بەڵام بابەتی یەکەمی (کوردو کوردستان) بوو، هەروەک گوتمان، کە لە ساڵی ١٩١٩ لە فەلەستین چاپی کردووە لەو دانەیەی کە لە نووسینگەی مۆزەخانەی بەریتانیایە بە قەڵەم لەسەری نووسراوە ساڵی (١٩٢٠)، بەڵام لە ناوەڕۆکی دیارە کە درایڤەر هاوینی (١٩١٩) دەستی بە نووسینی کردووە، ئەو بابەتە لە نێو لیستی سەرچاوەکانی کتێبی لونگریگیشدا (عیراق ١٩٠٠-١٩٥٠) چاپی لەندەن (١٩٥٣)[٥]دایە، کە مێژووی دەرچوونی ساڵی (١٩١٩)ە، هەروەها ناوی ئەو بابەتە لە کتێبەکەی رامبو (کورد و هەق)، (١٩٤٨)یش دا هەیە و مێژووی دەرچوونی هەر (١٩١٩)ە.

نێوەڕۆکی لێکۆڵینەوەی (کوردو کوردستان):

ئەو نامیلکەیە لە پێشەکییەکی بچووک و سێ فەسڵ پێک دێت.

پێشەکی: دوو بەشە:

**أ- فەسڵی یەکەم:** بە ناوی (کوردو کوردستان) و چوار پاژە:

١- کوردستان و سنوورەکەی.

٢- کوردستانی باکوور.

٣- کوردستانی باشوور.

٤- کورد.

**ب- فەسڵی دووەم:** بە ناوی (هۆزە کوردەکان)، بەم شێوەیەش دابەش دەبێت:

١- کوردی دەوروبەری ئۆرفە.

٢- کوردی هۆزی میللی.

٣- کوردی تورعابدین و نووسەیبینی.

٤- کورد لە کوردستانی باکوور.

٥- کوردی ناوچەکانی ئەرزەڕۆم و گۆلی وان.

٦- کوردی کوردستانی باشوور.

٧- کوردە ئێزیدییەکان.

**ج- فەسڵی سێیەم:** بە ناوی (بزووتنەوەی کورد)ەو دەبێتە دوو لک:

١- مێژووی بزووتنەوە.

٢- رەگ و ریشەو سەرچاوەو هۆیەکانی بزووتنەوەی کورد.

فەسڵی دووەم، پاشکۆ Appendix یەکی بە ناوی (هۆزە کوردەکانی دەرەوەی کوردستان) لەگەڵدایەو ئەوەش دەبێتە سێ لک:

١- ئەو هۆزانەی لە نێوان ئەرزەڕۆم و سیواس و مەرعەشدا نیشتەجێن.

٢- ئەو هۆزانەی لە ئەنادۆڵدا نیشتەجێن.

٣- ئەو هۆزە کوردانەی لە سووریە دادەنیشن.

پێشەکی: لە پێشەکیدا درایڤەر ناوی راپۆرتی لەو تۆژینەوە ناوە.

خۆی دەڵێت کە کەلکی لە چەندین سەرچاوە وەرگرتووە، وەک راپۆرتی کابتن دۆلی و مێجەر نوئیل و لە باسەکەی سیر مارک سایکس دەربارەی هۆزە کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی. هەروەها بۆ نووسینی ئەو لێکۆڵینەوەیە پشتی بەنووسراوو راپۆرتی رەسمی بەریتانیا بەستووە کە لە ساڵانی جەنگدا دەرچوون. ئەو دەڵێت زانیاری نوێ لە بارەی هۆزەکانەوە پەیدا بووە. لە هەمان کاتیشدا دان بەوەدادەنێ کە پێویستە پشت بە تۆژینەوەی پتر ببەسترێ بۆ تەواوکردنی ئەو زانیارییانە.

**فەسڵی یەکەم:**

لێرەدا درایڤەر لەبارەی وڵاتی کوردان دەنووسێ و دەڵێت: وڵاتێکی بەرین و شاخاوییە، پاشان سنووری ئەو وڵاتە دیاری دەکات و دەڵێ: زۆربەی هۆزە کوردەکان چیانشینن، ئەو لەو باوەڕەشدایە کە هۆزی کورد پتر حەزیان بە نیشتەجێ بوون و کشتوکاڵ کردنە. ئەو بە هەڵە دەڵێت ناوچەی (وان) سەرلەبەری ئەرمەنی نیشتەجێیە. لە دابەشکارییە کارگێڕییەکانی ناوچەی کوردەواری لە سەردەمی عوسمانی دەدوێ. پاشان نەختێ بە درێژی لە بارەی کوردستانی باکوورەوە دەنووسێ. لەو بڕوایەشدایە کە هەرێمی خوارووی کوردستانی باکوور زۆرترین رێژەی خەڵکی لێیە و هۆزە هەرە



ناودارەکان لەو بەشەدا دەژین. ئەو کوردانە لەسەرتاپای ناوچەکەدا جێگیرن و بە پیشەسازی بەناوبانگن و مەبەستیشی لەوە خەڵکی ناوچەی دیاربەکرو ئورفە و ماردین و ویرانشار و ناوچەکانی دەوروبەرین. بۆ نموونە درایڤەر دەڵێت: هەردوو هۆزی داکشوری و تاسیکی جێگیر ناودارن چونکە لە کاتی تەنگانەدا فەلەکانیان دەپاراست.

کوردستانی باشووریش لە خوارووی گۆلی وان تاکو شارۆچکەی مەندەلی درێژ دەبێتەوە و ئەو هەرێمە بە بێشکەی گەلی کورد دادەنرێت کە نەوەی گەلی کوردوینی کۆنە. ناوی هەندێ لە شارەکانی ئەو هەرێمە ئەمانەن: جەزیرە، زاخۆ، پردێ، هەولێر، کەرکوک، رواندز، سلێمانی، کۆیە. درایڤەر دەڵێت کورد لە کەرکوک بە زاراوەی موکری دەدوێن. لە لایەکی دیکەشەوە، پێی وایە زمانی کوردی کە کرمانجی پێ دەڵێن زاراوەیەکی فارسییە. هەروەها دەڵێت: نووسین و راپۆرتی بیانییان بە خەسڵەتەکانی کورد هەڵدەڵێن ستایشیان دەکەن. جووتیاری کورد وەرزێرێکی بە توانایەو پیشەگەرو ئاسنگەری کارامەیان لە نێواندا هەن. کورد گەلێکی جوامێرن و میوان دادەکەن و لە شەڕیشدا جەربەزەن. حکومەتی عوسمانی کەڵکی لە هەموو ئەو خەسڵەتە چاکانە وەرگرتووە.

درایڤەر دەڵێت: قۆناغی پاش ساڵی ١٨٦٦ دەوروبایەخی کورد لە عیراق پتربوو ئینجا چ وەک جووتیار یان شارستان، کورد خەڵکی جوامێرو بەرزیان هەن، هەروەها بڕواش وایە کە لوڕیش لە ئێران لکێک بن لە گەلی کورد.

نووسەر کە دێتە سەر باسی سەرۆکە کوردەکان، ناوی ژەنرال شەریف پاشای ناودار دەهێنێ و دەڵێت هەنووکە (ساڵی ١٩١٩) وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانییە، بێ گومان دیارە ئەو قسەیە راست نییە. شەریف پاشا کە بالیۆز بوو لە سوید، لە ئەوروپا نیشتەجێ بوو، هەر لەو ساڵەدا بووە سەرۆکی شاندی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس. گومانیش لەوەدا نییە ئەو چەشنە هەڵە بچووکانە شتێکی ئاساین، چونکە درایڤەر باسەکەی دوای شەڕ بە ماوەیەکی زۆر کورت نووسیوە.

لە لایەکی دیکەشەوە باسی کوردێکی دیکە دەکات بە ناوی زەکی پاشا کە نازناوی حەلەبی بووەو گەیشتۆتە پایەی سوپاسالاری و وەزیری ناوخۆ، پاشان بووە یاوەری تزاری ئەڵمانیا.

## بزووتنەوەی کوردایەتی

درایڤەر دەنووسی: بزووتنەوەی کوردایەتی لەسەر دەستی سورەیا بەگ (ئەحمەد سورەیا)ی بەدرخانی لە ساڵی ١٩٠٨ (ساڵی شۆڕشی دەستووری لە تورکیا) دامەزرا. لە ساڵانی شەڕ بزووتنەوەی کوردایەتی تا ڕادەیەک هێور بووەوەو، بەشێکی کورد هاوکاریی دەوڵەتی عوسمانییان کردو هەندێکیشان کەوتنە دژی ئەرمەنان.

لە سەرێکی دیکەشەوە دەبێژی: لە ڕاستیدا زۆربەی کورد لە دژی حکومەتی عوسمانی وەستان. ئەو قسەیە بە تایبەتی بۆ پێنج ساڵی دوایی (واتە لە ١٩١٤ تا ١٩١٩) ڕاستە. لەو بوارەدا بە تایبەتی ناوی سەرۆکەکانی خێڵی (بازیکی)ی کورد دەهێنێ.

لە کوردستانی باشووریشدا سێ هۆ یان بیانوو هەبوون بۆ پتەوبوونی بازووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بەڵام درایڤەر لە پەراوێزی ئەو شوێنەدا دەڵێ: یەکێ لە سەرۆکەکانی موکری لە ئێران بیروڕاو ئاواتی ئازادیخوازی کوردی بە کۆنسۆڵی ئینگلیز لە تەورێز ڕاگەیاند کە لە ناوچەی ساباڵاخ (مەهاباد) دەسووڕایەوە، ئەو سەرۆکە پتری پێوە چووە، گوتوویەتی کورستانی ئازاد باشترین ڕێگایە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی ئەرمەن بەیارمەتی حکومەتی بەریتانیا.

سەبارەت بەو هۆو بیانووە باسکراوانەی کە بزووتنەوەی کوردایەتییان لە کوردستانی باشوور پێ بەهێزبوو، درایڤەر دەنووسێ: هۆی یەکەم بێزاریی کوردە لە سیاسەتی ستەمکارانەی عوسمانی، دووەمیش ئەو کارە بێ شەرعییانەی سەربازانی ڕوس کردیان، هۆی سێیەمیش هەڵوێستی بەرپرسانی بەریتانیا بوو کە کوردەکان دەیانەویست کەڵک لە هەڵوێستیان وەربگرن.

درایڤەر باسی لایەنێکی کارەکانی دەسەڵاتی عوسمانی دەکا، لەوانەش بۆ نموونە: کوردێک بە ناوی مستەفا پاشای باجەلان کە سەرۆکی کوردی باجەلانە لە ساڵی ١٩١٢ ماوەیەک بە تاوانی لایەنگیری ئینگلیزەکان گیرا. لەولای دیکەشەوە، لە ساڵی ١٩١٤ ژەنراڵ شەریف پاشای ناوبراو ئامادەی خۆی نیشان دا بۆ یارمەتیدانی سوپای ئینگلیز لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕدا. بەڵام پێشنیارەکەی پەسند نەکرا، چونکە لە بیری ئەوەدا نەبوو کە شەڕ کوردستانیش بگرێتەوە، لەو هەڵوێستەی ڕادیارە کە هەندێ کوردی ئازادیخواز، پاڵپشتی ئەو چەشنە ڕایەیان دەکرد چونکە هەڵوێستە تاڵەکانی پێشووی عوسمانییان هەر لە مێشکدابوو.

لە سەرێکی دیکەشەوە، بە بۆنەی ناوهێنانی شێخ مەحموود، درایڤەر بە داخەوە دەڵێ ئەوان،



واتە بەرپرسانی ئینگلیز، نەیانتوانی تا سەر دۆستایەتی دۆستانی نوێ بکەن، واتە شێخ مەحموودو لایەنگرانی، ڕەنگە لەو بوارەدا درایڤەر تاقەکەس بێ ڕای خۆی بەو جۆرە دەرببڕێ.

هەروەها نووسەر دەڵێت: لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨ مێجەر نوئیل نێردرایە سلێمانی. یەکسەر شێخ مەحموودی کردە حوکمدار. حاکمی مەدەنیش لە یەکی کانوونی یەکەم بە فڕۆکە سەری لە سلێمانی دا و کۆنگرەیەکی بەئامادەبوونی شەست سەرۆکی کورد لەوێ بەست و بارودۆخی سیاسی نوێی بۆ ڕاڤەکردن کە ڕەنگە گۆڕانی بەسەردابێ. لەوێ دەرکەوت کە هەستی نیشتمانی زۆر قووڵ و ڕەگاژۆیە، دوای گفتوگۆیەکی درێژ ئینجا توانی ڕێککەوتننامەیەکیان لەگەڵدا ببەستێ... درایڤەر ئاماژە بۆ پڕوپاگەندەی فەڕەنسەییەکانیش دەکات و دەنووسێ: لە کوردستانی باشوور سەر لەنوێ دوای خەڵکی گەورە بزووتنەوەی نیشتمانی هەڵگیرسایەوە.

لێرەدا دەبێ باسی ئەو دیاردەیە بکەین کە یەکەم جارە لەو بارەیەوە دەبیسترێ، ئەویش ئەوەیە کە هەندێ لە بەرپرسانی ناوداری عوسمانی خەریک بوون بەشداری بزووتنەوەی کوردیان دەکرد، لەوانەش عەلی ئیحسان پاشاو سەرکردەکانی دیکەی حزبی ئیتحاد و تەرەقی. عەلی ئیحسان سەرکردەی سوپای عوسمانی بوو لە ویلایەتی مووسڵ لە کوردستانی باشوور لە دوابەشی ڕۆژانی شەڕدا. بەپێی قسەی درایڤەر، عەلی ئیحسان پاشاو بەرپرسانی دیکە لە کانوونی دووەمی ١٩١٩ لە شاری خەرپوت بوون، لەوێوە هانی کوردانیان دەدا کە داوای مافەکانی خۆیان بۆ ڕزگاربوون بکەن لە کۆنگرەی ئاشتی کە لەو سەروبەندەدا لە پاریس دەبەسترا. عەلی ئیحسان پاشا سەردانی سەرۆکە کوردەکانی دەکرد بۆ دوان لەسەر ئەو داخوازییانەو لە پێناوی دنەدانیان لە دژی بێگانان، هەروەها چەک و ئازوقەشی دەدانێ. نووسەر دەڵێ ئەو سەرکردە عوسمانییە تەنانەت بەر لە شەڕیش سەروکاری بە سەرکردە کوردەکانەوە هەبوو. عەلی ئیحسان یەکێکە لە بەرپرسانی کوشتاری ئەرمەن. لە دەوروبەری کۆتایی مانگی کانوونی دووەم سەرەتای ڕاپەڕین و بزووتنەوە لە دیاربەکر بە دەرکەوت، ئەمەشیان هەر لە ئاکامی جموجۆڵ و گەرم و گوڕی عەلی ئیحسانەوە بوو کە ئەو هەرێمەشی گرتبۆوە.

درایڤەر پتری پێوە دەچێ: هەرچەندە عەلی ئیحسان بەرواڵەت کاری بۆ سەربەخۆ بوونی کوردستان دەکرد، بەڵام واپێ دەچوو ئامانجی لەق کردنی دەسەڵاتی وڵاتانی هاوپەیمان بوو لەوێ. هەروەها نووسەر دەڵێت: ئەو سەرکردە عوسمانییە نەیدەویست ئەو وڵاتانە کوردستان داگیربکەن، جا بەو ڕێگایە بە توندی مەبەستی بوو کە ئەو وڵاتانە بکەنەوە ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی.

هەر لە مانگەکانی کانووندا، سیر مارک سایکس دوو نوێنەری ناردنە ناوچەکانی کوردەواری لە (مەدیات) و (تورعابدین)، بۆ ئەوەی بگەنە ئەو راستییەی ئاخۆ ئامادەن یارمەتی ئینگلیز بدەن، یان تا چەند ئامادەن لە عەلی ئیحسان و ئامانجەکانی بەدووربن. دوان لە سەرۆکەکان عەلی باتی مزیری و رەشید مەدیاتی هەواداریی خۆیان بەرەو ئەو لایەنەوە راگەیاندو ئامادەیی خۆیان نیشان دا (٥٠٠٠) چەکدار بۆ مەیدانی شەڕ ساز بکەن. ملیان بۆ قایمقامی مەدیات نەداو ئەو یادداشتەشیان مۆرنەکرد کە داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد.

بەڵام درایڤەر پتر دەڵێت: کەچی هەڵوێستی هۆزەکانی دەوروبەریان تەواو پێچەوانەی هەڵوێستی ئەوان بوو، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە عەلی ئیحسان سەروساختێکی پتەوی لەگەڵ ئەوانە دامەزراند بوو. دوای گەیشتنی ئەو هەواڵانە سیر مارک سایکس هەردوو سەرکردەی ناوبراو و هەریەک لە عەبدولعەزیز و مەلکی ئاغای ئامۆژگاری کرد کە لەهەر چەشنەسەروکارییەک بەعەلی ئیحسانەوە خۆ بەدوور بگرن و ئاگاداری فەلەکانیش بن، ئەوانیش ئەو ئامۆژگارییەیان لە گوێ کرد.

هەروەها درایڤەر دەڵێت: حزبێکی نوێ هاتەکایەوە کە دروشمی (سەربەخۆیی کورد و تورک)ی هەڵگرت، خواست و مەبەستی هەموو ئەوە بووە ئەگەر کورد ملیان بۆ ئیمپراتۆری تورک کەچ نەکرد ئەوا لەبەرامبەردا ناهێڵن وڵاتەکەیان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هیچ بێگانەیەک.

لە لایەکی دیکەشەوە کوردێک بە ناوی عەلی بەگ لەشاری دیاربەکر هەوڵێکی دڵسۆزانەیدا بۆ دامەزراندنی رۆژنامەیەک بە رەزامەندی حکومەتی (عوسمانی) بۆ ئەوەی ببێتە زمانحاڵی حزبی نوێ.

دوای ئەو پەرەسەندانە، شێخی عەشیرەتی (کتکانی بەسراوی)ی کورد کە لەگەڵ کوردی شێخان هاوپەیمان بوون لە ترسی هەڕەشە نوێیەکە بەپەلە پەنای بردە بەر ئینگلیز، بەڵام هەرچی سەرۆکی دیکە بوون ئەوا هەڵوێستی دیکەیان هەبوو، بەسراوی لە نێوانیاندا ئەو ناوانەی هێنا: مستەفای کوڕی شاهینی بەگ، بۆزان-ی کوڕی نەحوی، حاجی ئەحمەد و غالب بەگ و منداڵەکانی، بەداخوازیاری دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوە وەسف دەکران، زۆر بەتووندیش لایەنگیرییان لە حکومەتی عوسمانی دەکرد. دوای چەند هەفتەیەک بزووتنەوەیەکی دیکە بڵاو بۆوەو کوردی دیکەشی گرتەوە، تەنانەت عەلی باتیش داوای هەمان داخوازی دەکردو هەمان هەڵوێستی هەبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵێ کوردی ناوچەی سەعرەت، خوارووی گۆڵی (وان) راپەڕینێکیان لە دژی حکومەت بەرپاکرد و دەستیان بەسەر دوو تۆپ داگرت. بەوجۆرە هەندێ هۆز زۆر بە جەرگانە رووبەڕووی حکومەتی عوسمانی بوونەوە.



## پەراوێز

١- بۆ روونکردنەوەی بایەتی کوردەوانی و کوردناسی و پسپۆری لە زمانی کوردیدا، جێی خۆیەتی لێکۆڵینەوەی بەپێزی- (کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیا)ی- د. جەمال نەبەز و (سەرەتای کوردناسی لە ئەوروپا)، (بەزمانی کوردی)- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا (١٩٧٤) بخوێنیەوە.

2- Note on the Kurdish Situation , by Major E.M.C. Noel,

Political department, Govt. of India on special "Duty" in Kurdistan, July. 1919.

٣- (کوردستان لەسەردەمی ئاشتییدا)، د. ئەحمەد عوسمان، گۆڤاری (الثقافة)، ژمارە (١١-١٢)، کانوونی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٩، ژمارە (١) و (٢). ١٩٨٠ بخوێنەوە.

4- Driver, G.R.- Kurds and Kurdistan printed by the G.S.I. printing section, Mont Carmel. Palestine. 1919.

لێکۆڵینەوەکانی دیکەی درایڤەر ئەمانەن:

١- (بڵاوبوونەوەی کورد) لە گۆڤاری کۆمەڵەی ئاسیایی، بەشی چوارەم، لەندەن، ١٩٢١ .

٢- (ناوی کوردو دارِشتنە زمانەوانییەکانی) هەمان گۆڤار، ١٩٢٣ .

٣- (ئایینی کورد)، گۆڤاری پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی، بەرگی (٢)، لەندەن، ١٩٢١-١٩٢٣ .

٤- (تۆژینەوە لە مێژووی کورد)، گۆڤاری ناوبراو، بەرگی (٣)، ١٩٢١-١٩٢٣ .

٥- لێکۆڵینەوەیەک لە گۆڤاری ئاسیایی. بەرگی (١٧)، ژمارە (٥٢)، لەندەن (١٩٢٢) .

5- Longrigg. S. (IRAQ 1900-1950) London P. (410).

٦- ئەو بیروڕایە هەڵەیەو هیچ بەڵگەو سەرچاوەیەک لەو بوارەدا نییە.

(*) لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کردستان)، ژ(٥٩) ١٩٨٠، ل٦-١١، بڵاوکراوەتەوە.

# سەرنجێ لە کاری کوردناسە ئینگلیزەکان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا★

-٢-

پێویستە لێرە ئاگاداری ئەوەبین کە درایڤەر رووداوەکان دەگێڕێتەوە و ناوی کەس و شوێنان دەهێنێ، بە وردی و رەوانی شوێن و ناو و کەسەکان دیاری ناکات. هۆیەکەشی ئەوەیە کاتێ ئەو ئەو باسانەی نووسیوە هێشتا چەند مانگێک بەسەر کۆتایی هاتنی شەڕ تێنەپەڕیبوو. بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی زۆر گۆڕابوو، تەنانەت کاتەکە ئەوەندەی بەبەرەوە نەبوو، گەلاڵەی هەڵوێستەکان بکرێ و کاروبارەکان رۆشن ببنەوە. خەڵک بێزاربوون، هەروەک درایڤەر دەڵێت، لە حوکمی حکومەتی تورکیا. لە لایەکی دیکەشەوە خەڵک بەرەنگاری دەستدرێژی بێگانە داگیرکەرەکان دەبوونەوە. هەروەها دەڵێت دیارە هەر گەلەو لە پێناوی مافە رەواکانی خۆی دەخەبتێ، هەرچی بۆ کوردیشە ئەوا گەورەترین هۆ کە بۆ کاری نیشتمانی پاڵی پێوەدەنان و هەستی نەتەوایەتییانی جۆش دەدا، ئەو پڕوپاگەندە باوانە بوون کە گوایە وڵاتانی هاوپەیمان دەوڵەتی یەکگرتووی ئەرمەنی دادەمەزرێنن، کە بەشێکی زۆری کورد و خاکی کورد دەگرێتە خۆی. بۆیە زۆربەی زۆری کورد مافی رەوای خۆیانە داوای دامەزراندن و پاڵپشتی کردنی حکومەتی کوردی بکەن، پێیان ستەم و ناهەقی بوو کە لە نێو هەموو گەلان ئەوان لەو مافانە بێ بەش بن و خەباتی دوورودرێژی چەندین ساڵەیان بێ ئاکام بێ.

هەندێ لەو کەسانەی کە لە مەیدانی کوردایەتییدا کار دەکەن کە گومان درایڤەر بۆی نەلواوە بە



تێروتەسەلی باسیان بکات، ئەوا لە بەڵگەنامەی دیکەی بەریتانیادا باسی هەندێکیان کراوە. لە فەرمانگەی تۆماری گشتی بەشی وەزارەتی دەرەوە، بەڵگەنامەیەک هەیە بە قەڵەمی کاپتن میلزی ئەفسەری سیاسی، تێیدا باسی ژمارەیەک سەرۆکی کورد کراوە کە بەوە ناسراون خەریکی کاروباری گشتی و چالاکی کوردایەتین. هەروەها ناوی عەلی باتی و رەشید مەدیاتی و عەبدولڕەحمان شەرناخی و خەڵکی دیکە دەبات، وێڕای هەندێ لە ئەندامانی ئیتحاد و تەرەقیی کۆن[١].

لە دیاربەکر یانەی کوردی کرایەوە و دەستی بەکارکرد و ئەمانەش سەرۆکەکانی بوون: شەربەتچی شەمدین ئوغلو عەبدولڕەحمان و سەلاح بەگ سەید.. ئەوانە بڵاو کراوەو چاپکراوەکانیان لەشەقامەکاندا پەخش دەکردو داوایان لە تەواوی کوردە نیشتمانپەروەرەکان دەکرد ببنە ئەندامی یانە.

لە ماردین حەوت سەرکردەی ناسراو یانەی کوردییان بەڕێوەدەبرد، لەوانە عەبدولڕەزاق شاهتانەو عەبدولقادر پاشا و شاکر بەگی کوڕی و نەجیب ئەفەندی و شەوکەت ئەفەندی و شێخی شاهتانەو قادر چەلەبی شاهتانە... ئەوانە یادداشتێکیان ڕێک خست کوردو تورک و فەلە مۆریان کردبوو داوای خۆبەڕێوەبەریی (حوکمی زاتی) کوردستانیان دەکرد.. وەک درایڤەریش دەڵێت زۆر کەسی وەک مار ئەلیاس پەتریکی کڵێسەی سریانی، یادداشتەکەیان مۆرنەکرد.

لە ١٩ی مارتی ١٩١٩دا یوسف و حەیدەر و خەیرەدین زەرگەلی (نووسەری بەناوبانگ)، نووسەرانی رۆژنامەی (المفید) کە لە دیمەشق دەردەچوو، وتارێکی درێژیان تێدا لە بارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە نووسی... دانەی زۆری لەو ژمارەیە لە شەقامەکانی شاری حەلەب بڵاو کرایەوە.

لەو بارەیەوە درایڤەر دەڵێت: ناوونیشانی وتارەکە (نووسراوێکی کراوە بۆ کوردی کوردستانی باکوور و باشوور).. هەردوو نووسەر گلەیی لە کوردەکانی برایان دەکەن چونکە هەڵوێستێکی گۆشەگیریان سەبارەت بە سیاسەت گرتۆتەبەر. داوایان دەکرد کوردیش هەمان هەڵوێستی برا عەرەبەکانیان هەبێ ئەگەر توانییان سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەیان بەدەست بێنن؛ بەو شێوە هەردوو نووسەر داوا لە کورد دەکەن لە پێناوی کوردستانێکی ئازاددا خەبات بکەین کە بەڕای ئەوان دەبوایە لەو ویلایەتانە پێک بێت: ئەرزەرۆم و وان و بەتلیس وخەرپوت ودیاربەکر و ناوچەکانی دیکەی کوردەواری.

لە لایەکی دیکەشەوە عەلی باتی (ناوبراو) سەرۆکی هۆزی هاڤیرکا کۆنگرەیەکی بۆ سەرۆک هۆزەکان لە کۆتایی مانگی مارت بەست. لە ناوچەی مەلاتییە کوردەکان یەکگرتووبوون [سەبارەت بەو ناوچەیە یادداشتەکانی مێجەر نوئیل بخوێنەوە. ئە.ع.]، وەک درایڤەر دەڵێت، (خەلیل بەگی) بەدرخانی موتەسریف بەتووندی پشتی خەباتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەگرت.

هەروەها درایڤەر دەنووسێ لەو دیوی سنووری ئێرانیش سەرۆکە کوردەکان کۆنگرەیەکیان لە شوباتی ١٩١٩ بەست، بۆ ڕێکخستنی ڕاپەڕینێک لە دژی بەرپرسە ئێرانییەکان و زۆربەی بەشدارانی کۆنگرەکە دەنگییان بۆ ڕاپەڕینەکە دا. مەڵبەندەکانی ڕاپەڕینی کورد ناوچەی دەریاچەی وان و هەرێمی ئازەربایجان بوو لە ئێران.

لە ناوچەی سیلوانیش، سادق بەگی سەرۆکی کوردی جەزرو گری ڕاپەڕینی لە دژی عوسمانییان هەڵایساند لە پێناوی ڕزگارکردنی کوردستاندا. هەرچی هۆزەکانی ناوچەی هەکاریش بوو هەر لە سەرەتاوە سەربەخۆ بوون.

دوای ئەوەی کە لە شوباتی ١٩١٩دا حکومەت، عەلی ئیحسان پاشای دوورخستەوە، شەوقی بەگ و سدقی بەگ و حاجی بەگی لە شوێنی ئەو دامەزراند... بەڵام لە لایەکی دیکەوە، هەروەک درایڤەر دەڵێت ناکۆکیی نێوان هۆزەکان کۆسپی بەردەم یەکخستنی خەباتی نیشتمانی بوو.

هەروەها ئەو دەنووسێ: سەرۆکەکانی شاری سیوەرک سەردانی بەرپرسانییان لە دیاربەکر کرد و بڕیاریان دا دەستەی چەکداری تورک و خێڵە کوردەکان ڕێک بخەن بۆ بەرەنگار بوونەوەی بێگانان لە دیاربەکرو سیوەرک و ئۆرفە. مەحموودی سەرۆکی خێڵی میللی و عەبدولقادر دیرای سەرۆک خێڵی کوردی قەراگیچی[٢] لە بەندی بەردران. حکومەتی تورکیا بەڵێنی دا مەحموود بکاتە سەرۆکی خێڵی میللی کە گەورەترین خێڵە. مەحموود هەندێ سەرۆکی کۆکردنەوەو لەگەڵ خێڵی جحێشی عەرەبی ڕێک کەوت کە پەلاماری بێگانان بدەن.

لە ١٢ی مارتی ١٩١٩ سەرۆک بسراوی و ژمارەیەکی کەمی لایەنگرانی سەردانی سەرکردەکانی سوپای ئینگلیزیان کرد[٣].

لە هەمان کاتدا جەودەت بەگ (ڕەنگە دوکتۆر عەبدوڵڵا جەودەتی ناوبراو بێ. ئەحمەد عوسمان) و عەبدولقادر پاشای [شەمدینانی] سەرۆکی کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان دوو نوێنەری سیاسییان ناردە نێو هۆزە کوردەکان بۆ ئەوەی بەگژ بێگانانیان دابکەنەوە. بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەمی سەرۆکەکانی لەگەڵیان ڕێککەوتن، وەک خەلیل جازال کە لە عەمباری داغ لە



باشووری ماردین نیشتەجێ بوو. هەروەها سەرۆکەکانی کوردی غورز و حوسێن باکارو لە ماسیرتا. خەلیل جازال بەهێزترین سەرۆک بوو، هێزەکەی نزیکەی ٥٠٠٠ چەکدار دەبوو.

لە ١٩١٩ ڕاپۆرتەکان وا ڕادەگەیێنن کەوا کۆشش بۆ دامەزراندنی یانەیەکی کوردی لە شاری ئۆرفە دراوە، بەڵام هێشتا ئەو هەواڵە بە ڕاست نەگەڕاوە. تەنیا هۆی ئەمەش ئەوەیە کە هەڵوێستی سەرۆکەکان لە شار هێشتا گەڵاڵە نەبووە. لەلایەکی دیکەشەوە، هێزی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ هێزێکی هۆزی میللی ڕێک کەوتن و بەرپرسە تورکەکان سێ تۆپی مەیدانییان خستە بەردەستی مەحموود.

ئەوەی دەبێ بگوترێ، هەروەک پێشتریش گوتمان، ئەوا درایڤەر زۆری کەڵک لە نووسین و یادداشتەکانی مێجەر نوئیل وەرگرتووە. وەک ئەوەی کە درایڤەر بەدرێژی لە بارودۆخی سیاسی شاری دیاربەکر لە مایسی هەمان ساڵدا لە یادداشتی ڕۆژانەی نوئیل وەردەگرێ بەم شێوەیە:

«بۆ ئەوەی ڕاستی لە بارەی یانەی کوردی لەوێ بێژین، دەبێ دان بەوە دابنێین کەوا زۆرینەی ئەندامانی ئەو یانەیە بە دڵسۆزی بۆ بەرژەوەندی و کامەرانیی کوردستان کاردەکەن. باشترین ئەندامیشیان بەڕای من کامل بەگ خەیالی زادە و شەوکەتی کوڕی ئیسماعیل زازاو هەروەها ئیحسان بەگ و دوکتۆر فوئاد بەگ [لەسێدارەیان دا چونکە بەشداریی شۆڕشی کوردی بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران ساڵی ١٩٢٥ کرد] و ئەکرەم بەگ بوون... لە سەرەتاوە ئەو یانەیە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی تورکدا بوو، بەڵام دواتر پتر سەربەخۆ بوو تا ئەو ئەندازەیەیی حکومەتی عوسمانی – یانەکەی داخست و لە ٤ی حوزەیران سەرۆکەکانیشی گرتن.

سەبارەت بە پڕوپاگەندەی باوی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنی درایڤەر دەڵێت:

ئەگەر کوردستان جارێکی دی کەوتەوە بن دەستی حکومەتی عوسمانی، ئەوا هیچ هەلێک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ئەرمەنی بە ئاشتییانە لە گۆڕێ نامێنێ. هەر ئەو هۆیە بوو دەسەڵات [لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە] درایە مێجەر نوئیل کە بەناوی حکومەت لە موسڵ لێبووردن بۆ هەموو ئەوانە ڕابگەیێنێ کە بە بەشداری لە کوشتارە خەفەتبارەکەی ئەرمەن، گوناهبار کرابوون. واتە لێبووردنی گشتی ڕاگەیاند.

مێجەر نوئیل خۆشی لە یادداشتی مانگەکانی مارت تا مایسی ١٩١٩ بیروڕای خۆی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی دەردەبڕێ کە لە پێشەوەی داخوازی و هیواکان بووە، ئەو هەستە ڕەوایەش بەردەوام لە زێدە بووندایە... کورد بەهیچ جۆرێ نەحەز لە پشێوی دەکەن و نەحەزیشییان لێ کردووە

ئەگەر مافە ڕەواکانیان لەبەرچاو بگیرێ.

ئەو لێکۆڵینەوەیەی درایڤەر زانیاریی زۆری تایبەت بە بارودۆخ و گوزەرانی هۆزە کوردەکان و گەلی کورد تێدایە، بەشێکی ئەو زانیارییانەش نوێن، واتە گرنگن، بۆیە لێکۆڵینەوەکە بۆ مێژووی ئەو ماوەیە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی سەرەتاییە. ئەو ناوی هۆزەکان و شوێنیان و سەرۆکەکانیان دەهێنێ و بۆ ڕوونکردنەوە نەخشەیەکیشی بە باسەکەیەوە لکاندووە. هەندێ ژمارەشی لێرەو لەوێ نووسیوە. بۆ نموونە ژمارەی دانیشتوانی شاری ماردینی بە دەوروبەری ٤٠,٠٠٠ کەس خەملاندووەو سێ هۆزی ناوداری کوردی وەک: میشکی و داشی و میدلیکانی لێ نیشتەجێن. ئەو پێی وایە دیاربەکر ناودارترین شاری کوردانە لە باکوور کە ٥٠,٠٠٠ کەسی تێدا نیشتەجێن. کوردەکانی دەوروبەری نوسەیبینیش بەنزیکەی ٦,٥٠٠ خێزان دادەنێ. ئەو شارەش مەڵبەندی ئەو هۆزانەیە: تەی عارەبی، هۆزە کوردەکانی: داکشوری و تامیکی و ئەوانی دیکە. هۆزە کوردەکانیش لە کۆمەڵێک خێزان پێک دێن. بەهرەی کوردان لە بواری زانستیش دەردەکەوێت. هەڵوێستی درایڤەر بەرانبەر شێخ مەحموود هەڵوێستێکی دووفلیقانەیە. لە لایەک هەستی خۆی سەبارەت بە بایەخ و دەسەڵاتی دەردەبڕێ و لە سەرێکی دیکەشەوە بە سیفەتی منداڵانە تاوانباری دەکات وێڕای فێڵ و ئاواتەکانی باسی هۆیەکانی بەشداری کردنی شێخ مەحموود لە ڕاپەڕینی ٢٢ی مایس دەکات بە درێژی باسی پێکدادانەکانی لەگەڵ هێزەکانی بەریتانیادا دەکات.

درایڤەر دەنووسێ کە سەرەتا یانەی کوردی ناوبراو لە دیاربەکر دژی دەسەڵاتی بەریتانیا چالاکی نواند لە ناوچەکە. لە ٢١ی مارتی ١٩١٩ بەڕێوەبەرایەتی بەیاننامەیان لەو بارەیەوە دەرکرد و شاندی سەرۆکە کوردەکان و خەڵکی دیکەشی بینی وەک حاجی ئەحمەدی سەرۆک هۆزی سەرکوجی و سەردیم پاشای سەرۆکی کوردی حازو و موفتی سیوەرک و دوو سەرۆکی دێرکی، ئامادەکارییان بۆ بەرگری کردن لە ماردین و دیاربەکر لە دژی ئینگلیزەکان کرد. لەهەمان کاتیشدا نەجمەدین ئەفەندی کوڕی ئەمینە فەندی و شەوکەت بەگیان نارد بۆ وروژاندنی خەڵکی مەدیات.. هەر درایڤەر دەڵێت قەشەیەکی سریانی کاسۆلیکش دژی دەسەڵاتی بەریتانیا بوو.

لە ٢٥ی مارت شاندێک بە نوێنەرایەتی لیژنەی نەتەوەیی کوردی لە ئەستەنبۆل بە مووسڵدا چووە سلێمانی و نامەی بۆ کوردی ناوچەکە برد بوو بۆ ئەوەی بۆ ئازادی وڵاتەکەیان بخەبتن، شاندەکە بە سەرۆکایەتی دەوڵەمەندێکی ڕواندزی تەمەن ٤٥ ساڵەی ناو خەلوسی بەگ بوو کە سەروکاری بە بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە هەبوو، جاران پیاوێکی بەدەسەڵات بووە، هەروەک



درایڤەر دەڵێت ڕەنگە مەبەستی لە تێکەڵ بوونی بە کوردایەتی ژیاندنەوەی دەسەڵاتی جارانی بێت کە حزبی ئیتحاد و تەرەقی تورک لێیان زەوت کردبوو. یەکێ لە ئاکامەکانی ئەو هەراو بگرەیە کوشتنی کابتن پیرس بوو لەلایەن چەند کەسێکی هۆزی گۆیانی لە نێوان بیلو و مێرگێ لە ٤ی نیسان، هاندەری ئەو کارەش عەبدولڕەحمان (شەرناخی) بوو کە ئامێری دەستی موفتی ناسراوی جەزیرەی ئیبن عومەر ئەحمەد حیلمی ئەفەندی کوڕی حاجی محەمەدی خەلوارزی بوو... قسە هەبوو کە عەبدولڕەحمان لەگەڵ ڕەمەزانی سەرۆکی کوردی ساڵحان و خەڵکی دیکەش گەلە کۆمەکێکیان لەدژی بێگانان پێک هێنا.. چەک و جبەخانەیان لە ئەزیخ کۆکردەوە.

لەلای ئێرانیشەوە هەواڵەکان دەڵێن کوردەکان لەوێش لە دژی حکومەتی لاواز ڕاپەڕیون، حاکمی شارۆچکەی سەلماسی نزیک گۆمی ورمێیان گرتووە و شارۆچکەی (خۆی) شیان گەمارۆداوە.

بەڵام ئەو هەواڵانەی کە جێگری کۆنسۆڵی ئەسپانیا لە سەلماس نووسیویەتی جۆراوجۆرن. ئەو دەڵێت هۆی سەرەکی هەراو پشێوی لەوێ ناردنی بۆمبایەک بوو بۆ سمایل ئاغا (سمکۆ)و کوشتنی ژمارەیەک لە پیاوەکانی بوو. کۆنسۆڵ دەڵێ لە ڕاستیدا سمکۆ دۆستی فەلەکان بوو، دەیویست بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان درایڤەر پتر دەڵێت دەڵێن سمایل ئاغای سمکۆ لە نەهری دەژی. ئەو سەرۆکی کوردی شکاکە و کوردی گەردی و برادۆست دانیان بەسەرۆکایەتی ئەودا ناوە، ڕەنگە ئێستا لەگەڵ یەک نەبن ، بەڵام لەگەڵ عەبدولقادر [شەمدینانی] تەبا نییە.. ئەو دوو بنەماڵەیە لە ڕوسیا نزیک دەبوونەوە، بەڵام دوای ڕووخانی ڕوسیا ڕوویان بۆ لای حکومەتی تورکیا وەرگێڕا، دوای ڕووخانی تورکیاش، هەوڵیان دەدا مەرامەکانیان لەسەر حسێبی ئەوان بێننە دی(٤).

هەروەها درایڤەر دەنووسێ: ئیدی بەو شێوەیە زەحمەتە ئەندازەی بنەمای پاڵنەری سەرەکی هاندانی ئەوانە بگرین کە داوای خەبات کردن بۆ کوردایەتی لە ئەستەمبوڵ دەکەن. هەر ئەو پیاوانە هەمان ئارەزوویان بۆ کارکردن بۆ هەمان مەبەست لەکوردستانیشدا هەیە. تەنیا ژمارەیەکی کەمیان دەتوانن ئەزموونی ورد لەم ڕووەوە ببڕن، چونکە زۆربەیان مەبەستییان بەدەست هێنانی ئامانجی خۆییە.

هەروەک دەڵێن درایڤەر دەڵێت، گریمان کۆنگرەی ئاشتی دانی بەسەربەخۆیی کوردستاندا دانا، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی فەرمانڕەوای دوا ڕۆژیشی چاوەڕوانی چارەکردنە. لەسەرێکی دیکەشەوە درایڤەر باسی ئەو ناودارو سەرۆکە کوردانە دەکات کە دەکرێ، لە کاتی چارەسەرکردنی

مەسەلەی کورددا بۆ یەکەم بەرپرسایەتی وەرگرتن بپالێورێن، لە نێوانیان مەحموودی سەرۆکی هۆزی میللی بەرزو بەڕێز دەگرێ، پێی وایە مەحموود بە قەبووڵ کردنی ئینتدابی ئینگلیز دڵخۆش دەبێت[٥]. هەروەها دەڵێت، چاودێران لەسەر ئەوە کۆکن کە سەرچاوەی وروژاندنی کوردایەتی ئەستەنبۆڵە. دیارە سەرۆکانی ئەو بزووتنەوەیەش عەبدولقادر و سەید تەهای زاوای و دوکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت و سلێمان نەزیف و کوڕانی بەدرخان بوون. سوڕەیا یەکێ لەو بەدرخانییانەیە کە لە میسر کاردەکات و زۆر لایەنگیری بەریتانیاییەکانە. حزبی نەتەوایەتی راستەقینە کە لە ئەستەنبۆڵ کاردەکات لاگیری بەریتانییەکانە نەک تورک. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوا حزبی کوردی-تورکی بەگشتی ئەندامانی یەکێتی و پێشکەوتن (اتحاد ترقی) نوێنەرایەتی دەکەن.

ئیدی بە و جۆرە، باسەکەی درایڤەر لێواوی لێکدانەوەو شیکردنەوەو زانیاری گرنگ ونوێ و خۆش و بەتامە. ئەو دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە زۆرینەی ئەو سەرکردانەی کار بۆ کوردایەتی دەکەن لێهاتوو نین، بەڵام هەشیانە مەبەستییان ئامانجی بەزرو ئاواتی روونە، جا شتێکی سروشتییە کە ئەو بەشەیان پێی وایە کورد بگاتە خۆبەڕێوەبەری، مەرجێکی سەرەتاییە بۆ بەردەوامی قەوارەی نەتەوەیی سیاسی گەلی کورد. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە گومانی لەوە هەیە کە کورد لە توانایاندا بێت توخمی شارستانییەتی بەیەکجاری وەربگرن کە بۆ گەلانی ئەوروپا چەندین سەدەی ویست تا وەریان گرت، بۆیە پێی وایە دەبێ وڵاتێکی زلهێز وڵاتەکەیان بخاتە ژێر ئینتدابی خۆیەوە[٦].

لێکۆڵینەوەکەی درایڤەر فەسڵێکی بە ناوونیشانی (خستنە سەرو راستکردنەوە) تێیدایەو ئەو دەڵێت ئەو بڕگانەی دوایی لە بارەی هۆزە کوردو ئەرمەنە تێکەڵەکانن کە لە نووسینی نیافەی قەشەی ئەرمەنی مەکردیجیانە کە هەر لەساڵی ١٨٩٦ وە لە کۆنسوڵخانەی بەریتانیا کاری دەکردو لەساڵی ١٩٠٤ بووە جێگری کۆنسوڵی ئینگلیز لە دیاربەکر[٧].

رەنگە لەراستییەوە بەدوور نەبێ لە کۆتاییدا بڵێین، مەرجە بۆ کوردۆلۆژی یان کوردناسی کە بە لانی کەمەوە بابەتێک بنووسێ ناوونیشانی کوردی بێ یان بابەتێکی تەرخانکراو بۆ لایەنێکی کاروباری کورد بنووسێ و لە جارێک پتر بەردەوام بچێتەوە سەر بابەتەکان چ بەنووسین یان بە وتە لە کۆڕو کۆمەڵەکان، بێ گومان نموونەی ئەوانە لەو ماوە کورتەی لەدوای شەڕ ئاماژەمان بۆ کردن کەمن. بەڵام لە دوای ئەو ماوەیە ژمارەیان لەزێدە بووندابوو.



## پەراوێز

1- (PRO) . AIR 20 - 721, 5132, Mousul. (gth April, 1919) To: G.H.Q. Mills, CAPT.

S.S.O. Kirkuk. p.p. 23.

میلز لەوێ ناوی هەندێ سەرۆکی کورد دێنێ کە کوردایەتییان دەکرد. لە دیاربەکر ناوی مستەفا بەگ و زولفی بەگ و عادل بەگ و شەریفی کوڕی موفتی و حەقی بەگ و دوکتۆر جەودەت و موسللومحەمەد دێنی. لە ماردینیش قادر بەگ و حاجی عەبدولڕەحمان کاویس. سەرۆکی پێشووی شارەوانی و سەرۆکی شارەوانی نو سەیبین قادوس بەگ دێنێ. دەڵێ زولفی بەگ و عادل بەگ بران و دوکتۆر جەودەتیش لە برادەرە هەرە نزیکەکانی رەشیدی والی پێشوو بوو کەخۆی کۆشت.

٢- لەهەمان سەرچاوەدا سەبارەت بەسەرۆکی هۆزی قەراگیچ دەڵێ: سەرۆکی هۆزی قەراگیچ عەبدولقادر ئەلادرغە لە بەندیخانەیە لە دیاربەکر هەروەها ئیسماعیلی کوڕی سەرۆکی هۆزی میللی ئیبراهیمیش لەشوباتی ١٩١٩ لە بەندیخانەبوو.. سەرچاوەی پێشوو، ل٣ .

٣- ئەو رووداوانە ئەوکاتە قەومان کەهێزەکانی بەریتانیا ناوچەکانی وەک دیاربەکر و ئۆرفە و مەدیاتیان لە شوباتی ١٩١٩ لە تورکیا داگیرکرد ئەویش بەپاڵپشتی هەندێ بەندی ئاگر بەسی مودروس لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانان، لە ئاکامی ئەوە سەرۆکەکانی تورک و کورد هەڵوەستی جۆراوجۆریان لەبەرانبەر بارودۆخی تازە وەرگرت و هەڵوێستەکان لەبەر خێرایی و یەک لەدوا یەکی رووداوەکان و لە ناکاو گۆڕانیان لەو سەروەختە زووەی دوای شەڕی یەکەمی جیهان یەک نەبوون.

4- Driver Grkurdstan And the kurd, Printed By The G.S.I.

٥- هەمان سەرچاوە، ل١٠٠ .

٦- هەمان سەرچاوە، ل١٠٢ .

٧- هەمان سەرچاوە، ل١٠٣ .

(*) لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کردستان)، ژ(٦١) ١٩٨١، ل٢٢-٢٦، بڵاوکراوەتەوە.

# کتێبی کوردەکان
# لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە★

-١-

ئەو کتێبە، بالیۆزی پێشووی ئێران لە تورکیا و سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێران، حەسەن ئەرفەع بە زمانی ئینگلیزی دایناوەو لە ساڵی ١٩٦٦ لە لەندەن چاپی کردووە[١]. لە پێشەکیدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە لێکۆڵینەوەکەی تەرخانە بۆ کێشانی وێنەیەکی مێژوویی بێلایەن دەربارەی کورد، لەمەشدا راستەوخۆ لەگەڵ نێوەندەکانی گەلی کورد خۆی سەروکاری هەیە. دان بەوەشدا دەنێ کە بەڕێز عەبدولقادر سابیری شارەزای کاروباری کورد یارمەتی داوە.

کتێبی کوردەکان لە وتەیەکی کورت و پێنج بەش پێکهاتووە:

١- کورتە مێژووییەکی کوردەکان.

٢- کورد لە ئێران.

٣- کورد لە تورکیا.

٤- کورد لە عێراق.

٥- کۆتایی.

هەروەها کتێبەکە لیستی سەرچاوەی وتاری شوێن و کەسایەتی و (ئیندیکس) و هەندێ نەخشەو وێنەی گرتۆتە خۆ.



## ١- کورتە مێژووییەکی کوردەکان.

ئەرفەعی نووسەر ئەو بەشە دابەشی سەر ئەو بابەتانە دەکات:

کوردو شوێنەکانیان و زمانەکەیان؛ کورد بەر لە ئیسلام، کورد تاکو سەدەی نۆزدەیەم، کورد تاکو پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠)؛ عوبەیدوڵڵا (١٨٨٠)، شەڕی یەکەمی جیهان (١٩١٤-١٩١٨)، هەڵوێستی وڵاتە زلهێزەکان..

ئەوەی ئەو کتێبە بە پێشەکییەوەڕا بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە نووسەر بەڕواڵەت چەندین راستی بە شێوەیەکی بابەتیانە، بەڵام بە زۆری تێکەڵ بە بیروباوەڕی تایبەت و لایەنگیرانەی خۆی کردووە. خوێنەر بۆی دەردەکەوێ کە ئەو لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەبەردەستە کە لە گۆشە نیگایەکی دیاریکراو دەردەبڕێ، رەنگە بایەخی ئەو کتێبە لەوەدابێت. هەر لە پێشەکییە کورتەکەدا خوێنەر لەوە هەڵدەنگوێ کەوا ژمارەی کوردی ئێران لە ملیۆنێک کەس زێترە! کەچی ناکرێ بەهیچ جۆرێ لەو رۆژگارەدا لە پێنج ملیۆن کەمتر بێت ئەگەر زۆرتر نەبووبن.

لە بەشی یەکەمدا نووسەر بە کورتی بەشەکانی گەلی کورد بەسەر دەکاتەوەو دەڵێت ئەگەرچی تایفەی (کاروس) کوردن بەڵام ئەوان ئەو رەچەڵەکەیان دۆڕاندووە. پاشان پێدادەچێ و رێوڕەچەڵەکی کۆنی گەلی کوردو تایفە جۆراوجۆرەکانی لێک دەداتەوە. دەڵێ زمانی کوردی لێی کۆڵراوەتەوە..

لێکۆڵەرەوان لەم دواییانەدا چەندین بیردۆزیان سەبارەت بە رەچەڵەکی کورد داڕشتووە (بەڵام ئەو بیردۆزانە لە بنجدا پشت بە سیاسەت دەبەستن و بایەخێکی کەمیان لە زانستی رەچەڵەکناسیدا هەیە).. زمانی کوردی (بە تایبەتی زاراوەی کرمانجی نێوەڕاست) زۆر بڵاوەو ئەدەب و زانستی پێ دەنووسرێ و لە قوتابخانەکانی باکووری عێراق وەک زمانێکی رەسمی دەخوێندرێ و بە پیتی عەرەبی دەنووسرێ، ئەوەش دەڵێ کە زۆربەی وشە کوردییەکان رەگی فارسییان هەیە.

دانەر باسی سەلاحەددینی ئەیوبی دەکات کە خەسڵەتەکانی کردوویەتە پاڵەوانێکی موسڵمان وکوردەکان شانازی پێوە دەکەن کە بە رەچەڵەک لەوانە، چونکە کورد بۆ بیروباوەڕیان دڵسۆزن. هەڵکەوتی ناوچە کوردییەکان لە نێوان وڵاتانی عوسمانی و ئێران وای لە سەرۆکە کوردەکان کرد کە بایەخی خۆیان بزانن و ئەم لاو ئەولا هەریەکەو بەلا خۆیاندا کێشیان دەکردن.

لە سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانی کوردەکان زۆر دڵسۆزانە لەتەک تورکەکان لە جەنگدا

بوون دژی روسیا. بەتەنیا سوارەی کوردی تا نیزامی لە بەرەی تورکیای رۆژهەلات ٣٠ سی ئەیالە (١٣٢ فەوج) بوون. ئەو هۆزە کوردانەش چوونە پاڵ سوپای یەدەگی سوارە..

١- تیپی یەکەم: (حنس): هۆزەکان: زیرکانی، جبرانی زیریکی، حەیدەرانی، یوسفانی، جامادامی، کاشقالی، شادلی.

٢- تیپی دووەم: (ئالاشکرد): جامادانی، زیلانی، سبیکی، زیلاف، ئەدامانی، باشحانی، قەرەپاپاغ، سەراجی، جەلالی.

٣- تیپی سێیەم: (ئەرجیش): حەسنانی، ینعیف Nisif. حەیدەرانی، مارمارین، کالکانی.

٤- تیپی چوارەم: (ویرانشار): میللی، حزیر، دیروکی، تەی Tai، کیکی، قەراکیج.

٥- لوان (وان) یەدەگ: ماکوری، تاکوری، شوکتی، شیرکان، شیدان، شمسیکی، میلان، شیولی، لیولی.

لە سەرەتای شەڕ تیپێکی تورکی بە پاڵپشتی چەندین هەزار سوارەی کورد پەلاماری سنووری ئێرانیان داو سابلاخ (مەهاباد)یان داگیرکرد. هۆزە کوردەکان لە ئێران لە (بانە) وەک هۆزی مەنگوڕ و مامەش و دیبوکری و ئەوانی دی چوونە پاڵیان و بەسەر ئەو هێزە روسیەدا زاڵ بوون کە لە میاندواو بوون. پاشان ئەو هێزە کوردییە بەرەو تەورێز کشاو تەورێزی داگیرکرد و روسەکانی لێ کشانەوەو فەرمانڕەوا ئێرانییەکەشی هەلات (لە کانوونی یەکەمی ١٩١٤).

بەکۆتابوونی شەڕ هەندێ سەرۆکی کورد لەگەڵ دەسەلاتدارانی بەریتانیا خەریکی گفتوگۆ بوون بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایەتی خۆبەڕێوەبەری بەدەست بێنن کە پێشتر ولاتەکەیان لێی بێ بەری بوو. نووسەر دەڵێت رای گشتی رۆژئاوا زۆر سەرقاڵی مەسەلەی ئەرمەن و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنی بوون و تێڕوانینی ولاتانی هاوپەیمانیش بۆ ئەوە دەچوو کە مەسەلەی ئەرمەنی دەکرێ بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد خۆی چارەسەربکرێ. چارەسەری ئەو دوو مەسەلەیەش لە پەیماننامەی سیڤەری ساڵی (١٩٢٠) خۆی بینیەوە؛ بەڵام بارودۆخی دیکە وێڕای پەرەسەندنی بزووتنەوەی کەمالی لێنەگەڕا ئەو پەیماننامەیە جێبەجێ بکرێت.

نووسەر دەڵێ: لیژنەیەک لە پاریس بە ناوی (خۆیبون) بە سەرۆکایەتی سەرۆکی شاندی کوردی لە کۆنگرەی ئاشتی ژەنراڵ شەریف پاشا دروست بوو کە نووسەر ئاشنایەتی لەگەڵ پەیداکردووە. وەک دەڵێت لە مونتی کارلو لە باشووری فەرەنسا وەک برادەری باوکی، بۆ ئازادی کورد دەخەبتی.



واپێدەچێ، ئەرفەع یەکەم کەسە دەڵێت شەریف پاشا بۆتە سەرۆکی لیژنەی (خۆیبوون) وەک دەزانین ئەو رێکخراوە کوردییە لە ساڵی ١٩٢٧ دامەزراوە[٢] لەبەرئەوەی نووسەر پتر پیتە بەکوردی ئێران دەدا بۆیە وا باشە بەگوێرەی کتێبەکە بچینە سەر مێژووی نوێیان.

دانەر دەبێژی کورد لە ئێران لە سێ هەرێم دەژین. لە ئازەربایجان لە باکووری رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ تا خوارووی رۆژئاوای، هەروەها لە ولاتی موکری و مەهاباد و خوارووی. لە خوارەوەش هەرێمی کوردستان دێت کە دانیشتوانی سەرجەم کوردن (مەڵبەندی هەرێمەکەش شاری سنەیە). لە هەرێمی کرماشانیش کورد زۆرینەن (راستییەکەی کورد زۆرینەی هەرە زۆرن). لە خوارووش هۆزە کوردەکانی لوڕ لە ئیلام و هەرسین دەژین. واتە کورد لە چوار هەرێم لە باکووری رۆژئاوا تا خوارووی رۆژئاوای ئێران نیشتەجێن.

دانەر دەڵێت حکومەتی ئێران کەمتر دەست دەخاتە ناو کاروباری کوردەوە. حکومەت ئەوەندە سەروکاری لەگەڵ سەرۆکەکان نییە بەڵکو لەگەڵ خەڵکی رەمەکی هۆزەکان و جوتیاران و گەل بەتایبەتیش هەر لە سەرەتای چاکسازی زەوییەوە. بەو جۆرە دەبینین دانەر رایەکی تایبەتی دەخاتەڕوو کە ئەو سەردەمە باوبووە.

دانەر دەڵێت بەری رەزا شا هۆزەکان وەک تورکیا چەکداربوون بەڵام لە کۆتایی بیستەکان بەرەبەرە چەکەکانیان لێ داماڵین. هەندێ هۆزیش لە دوای شۆڕشی دەستووری لە ئێران (١٩٠٧) بەکردەوە سەربەخۆبوون.

**سمکۆ لە ئازەربایجان:**

نووسەر دەڵێت: خەریک بوو شۆڕشێکی کوردی لە دژی حکومەتی ئێران، لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان لە رۆژئاوای ئازەربایجان، هەڵدەگیرسا. چونکە سەرۆکی بەهێزی هۆزی شکاک سمایل ئاغای (ناسراو بە سمکۆ) بەهۆی کەسایەتی و ئازایەتی خۆی توانی دەسەلاتی راستەقینەی بەسەر ژمارەیەکی زۆر هۆزی دەوروبەر هەر لە باکووری شارۆچکەی (خوی) تاکو شارۆچکەی (بانە)ی خوارووی کوردستانی ئێران و رۆژئاوای ئازەربایجان، بڕوات.

سمایل ئاغا کوڕی محەمە ئاغای سەرۆکی شکاکی (شەمدینانن) کە چوار هەزار بنەماڵە پێکدەهێنن و دەبنە دوو لک: عیدونی[*] نزیک شارۆچکەی جەهریکی رۆژئاوای سەلماس کە لەژێر فەرمانی سمکۆ خۆیدان، مامدویش بەسەرۆکایەتی عەمەرخان، بەڵام ئەو دووانەی دوایی دانیان بە

سمایل ئاغا وەک سەرۆکی باڵای هەمووان دەنا[3]. ئەو هۆزە جاران جارێک ئارام و جاری دیکەش شۆڕشیان دەکرد. جەعفەر ئاغای نۆبەرەی محەمەد ئاغا ئەوەندە بەهێزبوو تەنانەت نیزام مەلیکی فەرمانڕەوایی ئێران لە تەوریز بڕیاریدا خۆی لێ رزگار بکات. ئەوەبوو لەگەڵ ئەندامانی هۆزەکانی دانەخۆرەی کردن بۆ تەوریز تا هێزێکی پۆلیسی بۆ شاری شێواوی لێ پێک بهێنێ کە بەهۆی رووداوەکانی شۆڕشی روسیایی ساڵی ١٩٠٥ شێواوبوو. پاشان بۆ دانوستان بانگی کرد، بەڵام لە راستیدا بۆسەیەکی بۆ نابۆوە کە بەئامادەبوونی خۆی لە ساڵی ١٩٠٧ جەعفەری تێدا کوژرا[٤] بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ئەو رووداوە، هۆزی شکاکی جەربەزەترو سەرگەرمتر کرد.

بارودۆخی هەرێمی ئازەربایجان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهان یەکەمجار زۆر خراپ و شێواو بوو دانەر دەڵێت، سمایل ئاغا (سمکۆ)ی سەرۆکی شکاک لە نیوەی دووەمی رۆژگاری شەڕی یەکەمی جیهانی زۆر وریاو بەپارێزبوو و هەڵوێستی بێلایەنی خۆی پاراست و خۆی نەخستە تەک عوسمانییەکان، ئەگەرچی لەگەڵ ئاسورییەکان تەباش نەبوو، کە دوژمنایەتی خۆیان لەگەڵ عوسمانییەکان ئاشکرا کردبوو. لەبەرئەوەی ئەو ئێرانی بوو و بەرەسمی وڵاتەکەی لەو شەڕەدا بێلایەن بوو، بۆیە بۆ ئەو ئاسان بوو ئەو هێڵە بێلایەنییە بگرێتەبەر. سمکۆ گەورەترین سەرکردەی بەدەسەڵات بوو لەو ناوەدا لە دوای شەڕ- سێ تۆپی مەیدانی کەوتبووە دەست و ژمارەیەکی زۆری ئەو سەربازانەی کە لە سوپای عوسمانی خزمەتیان کردبوو هاتبوونە پاڵ، وێڕای هێزەکانی خۆی. خەباتی سمکۆ بۆ ئەوەبوو دەزگایەکی کوردی ئازاد لە ناوچە کوردییەکانی ئازەربایجانی ئێرانی دابمەزرێنێ. سەید تەهایی کوڕی شێخ عەبدولقادری کوڕی عوبەیدوڵڵای ناودار کە شۆڕشی کوردی لە ساڵی ١٨٨٠ رابەری کرد، ئامۆزاو برادەرو راوێژکاری بوو. ئەوەش زانراو بوو کە وڵاتانی هاوپەیمانی سەرکەوتوو نەرێ دەگرن و نە لەبەردەم نەخشەیەکی ئاوا رادەوەستن، چونکە ئەوانیش لای خۆیان دەخەبتێن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی لە ولایەتەکانی باکووری رۆژهەڵاتی تورکیا[٥]. لاوازی بەردەوامی حکومەتی ئێرانیش بۆ سمکۆ دەریدەخست کە دەتوانێ ئامانجەکەی لە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی ئازاد لەوێ بهێنێتە دی. لەو سەروبەندەدا جێگری حاکمی ئازەربایجان موکەرەم مەلک پیلانی بۆ داناوە ئەویش بەناردنی نامەیەکی مین رێژ بۆ سمکۆ بە ناوی داپیری کوڕەکەی، بۆمبایەکە تەقییەوەو یەکێک لە براکانی کوشت، بەڵام سمکۆ و کوڕەکەی لە رووداوەکە رزگاریان بوو.



سمکۆ خێرا هێزێکی گەورەی کۆکردەوەو هەڕەشەی پەلاماردانی بۆ سەر رەزائییە (ورمێ)ی ئێستاو خوی و شاپور (سەلماس)کرد. جێگری حاکمی ئازەربایجانی ناوبراو هەترەشی چوو دوو کەسی بەتاوانی ئەنجامدانی رووداوی گۆڕین دایە سمکۆ، بەڵام ئەو هەڵوێستە سازشکارییە (حیزەبخۆبیە) سمکۆی نەهێنا رایێ. لە هاوینی ١٩١٩ سمکۆ لە راپەڕینەکەی بەردەوام بوو و ورمێی داگیرکرد، پاشان بە هێزێکی ٤٠٠٠ هەزار کەسی سەلماسیشی داگیرکرد.

حکومەتی ئێرانیش تا هێزی هەبوو کۆی کردنەوەو، لە تارانەوە بۆ ناوچەی رەزائییەو (طسسوج)ی باکووری دەریاچەکە ناردنی بەسەرکردایەتی کولونیل فیلیبوڤی ئەفسەری روسی سەرۆکی تیپی قەوقازی لە ئێران و دەستی کرد بەپەلاماردانی هێزە کوردییەکان لە ناوچەی سەلماس، بەڵام خێرا دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ سمکۆ وازکرد کە قایل بوو ورمێ جێ بهێڵێ و ئاشتی ناوچەکە بپارێزێ و بگەڕێتەوە شارۆچکەی چەهریک. بەو جۆرە وا دەردەکەوێ سمکۆ چۆن هەلی بۆ بسوڕێ مل بۆ گفتوگۆ و ئاشتی دەدات.

دانەر دەڵێت: لە ساڵی ١٩٢٠ سمکۆ بەردەوام بوو بەئاشکرا قسەی دەربارەی پێویستی دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی نوێ لەناوچە کوردەوارییەکانی ئازەربایجان دەکرد.

دانەر دەڵێت سمکۆ لە پەنای ئەوە هەوڵی بۆ بەدیهێنانی دەسکەوتی تایبەتی خۆی و دەست گرتن بەسەر ناوچەکانی دەوروبەردابوو کە ژمارەی ئازەرییەکانیشی لێ کەم نەبوو.

دوا بەدوای رۆیشتنی فیلیبوف لەگەڵ هێزی ئێرانی ناوبراو، سمکۆ هێزەکانی کۆدەکاتەوەو توانی هۆزی هەرکی کورد بەلای خۆیدا رابکێشێ و تەنانەت پەلاماری شارۆچکەی خوی بدات، ئەو هێزە ئێرانییە بشکێنێ کە لە تەورێزەوە لە دژی ناردرابوو(١٩٢٠).

لە هاوینی ١٩٢١، حکومەت لە تارانەوە هێزێکی گەورەی لە دژی نارد، نووسەر دەڵێ: خۆی فەوجێکی لەو هێزە رێبەری دەکرد. پتریش دەڵێت: لە ئەیلوول لەگەڵ فەوجەکەم کە کەتیبەیەکی تۆپی بارکراو بوو بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی دیکەی ئێران ناردمیانە مەهابادی خوارووی ورمێ. لە سەروبەندی گەیشتنی ئەرفەع و هێزەکەی دەزانی سمکۆ بە هێزێکی ٤٠٠٠ چەکداری کورد پەلاماری هێزی ئێرانی لەو شوێنەداوەو تارومار کردوون و پتر لە ٤٠٠ کوژراوی لێ پێکاون. نووسەر دەڵێت دوای ئەو سەرکەوتنەی هێزە کوردییەکان بەدەستیان هێنا، هۆزە کوردەکانی ناوچەی مەهابادیش وەک هۆزی مامەش و مەنگوڕو دیبوکری و پیران و زرزاو گەورک و فەیزوڵڵابەگی و

پشدەری و بانەو قادر خانی، واتە زۆربەی هەرە زۆری کوردی ناوچەکە دایانە پاڵ هێزەکانی سمکۆ. ئەرفەع دەڵێت، هێزەکەی لەگەڵ هێزە کوردییەکان کەوتە شەڕو هەرکە کۆمەکی لە هێزەکانی قۆزاقەوە بۆ دێت، ئەو دەتوانێ بەهێزەکەیەوە بکێشێتەوە تەورێز، واتە لەبەر هێزی کوردەکان دەشکێ. ئینجا دانەر بەخۆی و هێزەکەیەوە دەچنە خوی و دەچێتە پاڵ ئەو هێزانەی ئێران، لەوێ. دەبوا حەسەن ئەرفەع چووبا پاڵ ئەو هێزە گەورە چەکدارەی هۆزە ئازەرییەکان کە لەژێر سەرکردایەتی ئەمیر ئەرشەددا بوون و بەرەو سەلماس دەکشا. ئەمیر ئەرشەد ژمارەیەک ئەفسەری روسیشی لەگەڵدابوون. وەک ئەرفەع دەڵێت، هەروەک لێی چاوەڕوان دەکرا، سمکۆ بە جووڵانەوەیەکی خێراو شەبەیخون لێ نەگەرا ئەو هێزانەی ئێران یەکتر بگرنەوەو پەرتان پەرتانی پێخستن و هۆزە ئازەرییەکان بە شپرزەیی شکستیان خواردو ٢٠٠ کوژراویشیان لە دوا بەجێما، کە یەکیان ئەمیر ئەرشەد خۆی بوو. پاشان سمکۆ سوڕایەوەو پەلاماری هێزەکانی دیکەیدا بە هێزەکەی ئەرفەعی دانەریشەوە، ئیدی ئەو سەرکردە ئێرانییە ناچاربوو بەرەو خوی پاشەکشە بکات، بەڵام وەک هەمیشە کوردەکان نەکەوتنە سۆراخی پاشەکشەی ئەو هێزانە.

دانەر دەڵێت: لە تشرینی دووەمی ١٩٢١ هێرشێکی ناکاوی بۆ سەر گوندی ئەزدیکانی کوردان جەرباندووە، بەڵام نووسەر دەڵێ شەبەیخون پیاوماقوولێکی ئازەری ناپاکی کردووە، کوردەکانی ئاگادارکردۆتەوە لە ئاکامدا لەبری ئەوەی ئەو لە ناکاو بەسەر کوردەکاندا بدات، کوردەکان بەسەریان داداوە، نووسەر دەڵێ، بۆ بەیانی خۆی لەنێو گەمارۆی خەڵکی ئەزدیکان و ئەستیران و کوردی کوراسونی بینیەوە. ئەرفەع ناچار دەبێ بکشێتەوە دوای ئەوەی ٤٠ کوژراوی لێ بەجێ دەمێنێ و نۆ دیلیش دەکەونە دەست کوردەکان. پاشان باسی ڕووداوێک دەکات وەک بەڵگەی ئازایەتی و لاوچاکی سمکۆ.

پاشان هێزە ئێرانی و ئازەرییەکانی دی پەلاماری هێزەکەی سمکۆیان دا، بەڵام جارێکی دیکەش لە بەرانبەر هێزەکانی شکستیان خواردو ئازەرییەکان زۆر بەشپرزەیی جەنگیان بەجێ هێشت. پاش ئەو ڕووداوەش هێزەکانی ئێران لە خوی پاشەکشەیان کرد، بەڵام وەک جاران کوردەکان نەکەوتنە سۆراخیان.

لە جەنگەی ئەو ململانێیە بەردەوامە کودەتای ژەنراڵ ڕەزا خانی سەرداری سوپا ڕوویداو ئەو بووە وەزیری جەنگ و سەرکردەی گشتی لە دوای کودەتای شوباتی ١٩٢١، کە خێرا دەستی کرد



بەرێکخستنی سوپای ئێران. ڕەزا خان دەیزانی هێزێکی بچووک لەگەڵ هێزێکی دیکەی خێڵەکی ناتوانێ لە بەرانبەر شۆڕشگێڕان خۆ ڕابگرێ، ئاکامیشی هەر بەزینە، بۆیە فەرمانیدا ئەو سوپایەی کە بە لیوای پاسەوان ناسرابوو، پێک هاتبوو لە چەند فەوجێکی پیادەو دوو بەتاریەی تۆپی چیاو چەند کەتیبەیەکی هێزی قەناسە بەرەو ئازەربایجان بکشێن لە هەمان کاتدا لیوایەکی هەرەمەی دیکەی لە هێزی جۆراوجۆر لە ئازەربایجان پێکهێنا. ئەو هەموو هێزانە بوونە هەشت هەزار چەکدار لەژێر سەرکردایەتی ژەنراڵ ئەمان الله میرزا جهانبانی سوپا سالاری سوپادا بوو کە لە ئەفسەرە هەرە بەناوبانگەکان بوو و زانستی سەربازی لە روسیا خوێندبوو، ئەو هێزە لە تەمووزی (١٩٢١) لە دەشتی تەسوج باکووری گۆلی ڕەزائیە (ورمێ) جێگیربوو. لە ٢٣ی تەمموزی (١٩٢٢) هەموو ئەو هێزە بەرەو دەشتی سەلماس بە دوو ڕەتلی هاوتەریب بەدرێژایی دامێنەکان بۆ پێشەوە پێشڕەوی کرد. ڕەتلی پیادە لەناوەڕاست و ڕەتلی کەتیبەکانی سوارەش لە تەنیشتەکان. کوردەکان لە هەشتی بیانییەوە پەلاماری هەردوو تابوریان دا. ئەرفەع دەڵێ، سمکۆ توانیبووی دە هەزار چەکدار لە هۆزە کوردەکانی مەهاباد تا قتور لە باکوور کۆبکاتەوە کە سێ هەزاریان کوردی تورکیا بوون.

دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە کوردی تورکیا کە دانەر ناویان دەبات لەگەڵ کوردەکانی دی جیاوازییان نەبوو، هەیانبوو لەژێر سەرۆکایەتی هەمان بنەماڵەی شەمدینانی ناوبراوداببوو کە بەشێکی ئەو هۆزانە لە تورکیا نیشتەجێ بوون و مەڵبەندیان شارۆچکەی نەهری تاکو خوارووی شاری وان بوو. لە کاتی تەنگانەدا لەگەڵ زۆر هۆزی کوردی دیکەدا یەکێتی هۆزایەتیان پێکدەهێنا.

پاشان دانەر پێدادەچێ و دەڵێت: چوار جار کوردەکان بەپیادەیی پەلاماریان هێنا، ریزەکانی لیوای پاسەوانی پیادەو شوێنەکانیان لە قەدپاڵی خوارووی چیای (بوزداغ) بری، شیرو خەنجەریان بەکاردەهێنا، کە دیمەنێکی سەیرو ناباو بوو، چونکە هۆزەکان لە پەلاماری گشتیدا ئەو جۆرە چەکە بەکارناهێنن. شەڕێکی تا بڵێی سەخت لەنێوان هەروولادا بەرپابوو و زیانی زۆر زۆریان لە ئاکامی شەڕی دەستەویەخە لێکەوت. پاشان کوردەکان هەوڵیاندا بەهێزی سوارە یان پەلاماری بەرەی ڕاستی لیوای پاسەوان بدەن. ئەویش لە بۆشاییەکی پێنج میلی کە لە تیپی تەورێزی دابڕی بوون، ئەرفەع پتر دەڵێت، فەوجەکەی ئەو بۆشاییەی داگیرکردبوو و دەڵێت: ئاگری تفەنگەکانمان تێگرتن.

تۆپی کوردەکان بەرێنمایی ئەفسەرانی تۆپچی تورک بەدیقەت ئاگرەکانیان دەهاویشتن. دانەر

دەڵێت: لە بەختی باشمان زۆری گوللەی ئەو تۆپانە نەدەتەقینەوە: بۆیە تا ئەندازەیەک زیانی هێزەکانی ئێران کەم بوو.

جێی خۆیەتی لەم هەوارەدا ئاماژە بەململانێی کوردی ئێران بە سەرکردایەتی سمکۆ بکەین کە دەنگ و زایەڵەی لای رای گشتی کورد بەتایبەتیش رۆژنامەوانی کوردی تازە سەرهەڵداوی لە عێراق بەتایبەتی پەیداکردبوو. بۆ نموونە رۆژنامەی (بانگی کوردستان) ئاماژە بەخەبات و خۆڕاگری سمکۆ دەکات و لە هەواڵی رۆژنامەکانی ئێران تایبەت بەو شەڕانەی کە لەگەڵ هێزەکانی (سمایل خان)، سمکۆی کورد دڕدۆنگەو... بەڵێن بە خوێنەرانی دەدات کە لە ژمارەی داهاتوویدا بەدووررودرێژیەکی ئەو هەواڵانە بلاوبکاتەوە[٦].

1- Arfa Hassan, The Kurds. an Historical and Political Study Lonon, 1966.

2- Rambout, L- Les Kurdes Etle Droit, Paris, 1947. P.29.

٣- رۆژنامەی (بانگی کوردستان) ژمارە (٢)، ١٤ی ئابی ١٩٢٢، ئاماژە بەمێژووی ئەو بنەماڵەیە دەکات دواتر دێینەوە سەر ئەو بابەتە.

٤- مینورسکی، ف. (هۆزەکانی رۆژئاوای ئێران)، (بەزمانی ئینگلیزی)،ساڵی ١٩٤٩، دەڵێت، لەساڵی ١٩٠٤ غافلڵکوژ کراوە.

٥- کوردستان فی عهد السلام - د. احمد عثمان- گۆڤاری (الثقافة) ژمارەکانی ٨، ٩، ١١، ١٢، ١٩٧٩ و ژمارەی ١، هتد(١٩٨٠)، بەغدا، بخوێنەوە.

٦- بانگی کوردستان، ژمارە (١)، ٢٢ی ئابی ١٩٢٢، (سلێمانی).

* عبدویی نەک عیدونی؛ بڕوانە: حسن ارفع، کردها، تهران ١٩٦٥، ل٥٣ .

* لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کردستان)، ژ(٥٧)، ١٩٨٠، ل١١-١٥، بلاوکراوەتەوە.



# کتێبی کوردەکان
# لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە★

-٢-

بەکردەوە رۆژنامەی «بانگی کوردستان» بەڵێنی خۆی گەیاندە جێ و لە ژمارە(٢)ی رۆژی ١٤ی ئابی ١٩٢٢ هەندێ هەواڵی دەربارەی ململانێی هێزەکانی سمایل ئاغا (سمکۆ)ی لەگەڵ هێزەکانی حکومەت بلاوکردۆتەوە، لەوانەش هەواڵی شەڕێکی گران کە لە گوندی رهال روویدا ئەویش لە ئاکامی پەلاماری هێزەکانی کورد لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٢٢ کە تێیدا عەلی تەقی خانی ئامیر فەوج و دوو کەسی هێزەکەی پێکران. لە هەواڵێکی دواتردا هێزەکانی کوردو ئێران لە دەوروبەری شارۆچکەی خوی تێکگیران و تێیدا (٢٠) کوردو(٢) ئەرمەن و (٦) سەربازیش کوژران. لە دەستەو پێوەندەکانی سمایل ئاغاش، محەمەد ئاغا کوژرا کە سەرۆکی هێزێکی ٦٠٠ سوارە بوو ٨٠ کەسیش بریندار بوون.

هەرچی حەسەن ئەرفەعە باسی زۆربەی ئەو رووداوانەی کە لەو سەردەمە قەوماون نەکردووە.

بانگی کوردستان دوای ئەو هەواڵانە، وتارێکی دووررودرێژ دەربارەی سمایل و هۆزی شکاک بلاودەکاتەوە. لەسەرەتادا ناڕەزایی توند سەبارەت بەناردنی بۆمب بۆ سمایل ئاغا و کەسوکاری لە شەعبانی ساڵی ١٣٨٣ کۆچی (١٩٢١) دەردەبڕێ.

ئینجا وتارەکە دەربارەی مێژووی هۆزی شکاک و لەو رووداو قەوماوانەی بەشداربووە دەدوێت. لە وتارەکەدا دەڵێت، سمایل(سمکۆ) کوڕی محەمەد پاشای کوڕی عەلی خانی کوڕی سمایل خانەو

لەباوو باپیرانەوە سەرۆکی شکاک بوونە، کە گەورەترین هۆزی کوردە لە باکوور و هۆزەکە دەبێتە دوو بەش: بەشی ئێران لە نێوان خوی و ئەرمینیا نیشتەجێن و بەشی تورکیاش لەهەردوو ولایەتی (وان) و هەکاری دادەنیشن. سەرۆکی هەردوو بەش باوکی سمایل و باپیرانین، عەلی خانی باپیری دەسەڵاتێکی فراوانی پەیداکرد بوو، بەڵام حکومەتی ئێران، بە هەموو چەشنە بەڵێن و دڵنیاییەکەوە بانگی کرد، کەچی پێچەوانەی بەڵێنەکان لەتەورێز بەندی کرد و پاشان کوشتی.

دوای ئەوە ناوونابانگ و دەسەڵاتی کوڕەکانی محەمەد خان و تەیموور ئاغا زێدە بوو، لەپێناو رزگارکردنی کورد لەستەمی حکومەتی ئێران دەخەبتێن. حکومەتیش تۆی ناکۆکی لە نێوان هەردوو برا وەشاند، هەر کە محەمەد ئاغا هەستی بەو نیازە کرد، لە ساڵی ١٣٠٩ کۆچی (١٨٩٢ز)داوای لە حکومەتی سوڵتانی تورکیا کرد، جاری(جاریک-چەهریق.و) (کە هەر لەکۆنەوە بارەگای هەڵسووڕانی سەرۆکەکانی شکاک بووە) لەگەڵ خێڵەکەی بچێتە تورکیا، حکومەتی تورکیاش رەزامەندی لەسەر داواکەی نیشاندا و چووە شارۆچکەی ئەلباقی سەربە قەزای باشقەڵاو نازناوی پاشاو مووچەیەکی هەزار قروشی درایە. بەڵام لەبەر ئەوەی فەرمانبەران فەرامۆشیان کردبوون، ئەوا محەمەد پاشا لەگەڵ شکاکەکان گەڕانەوە زێدی خۆیان لە ئێران. دوابەدوای کوشتنی ناسرەدین شا لە ساڵی ١٣٢١ رومی (١٨٩٦)، موزەفەرەدین شای جێنشین لە تەورێزەوە پەنای بۆ محەمەد پاشای شکاک برد بۆ ئەوەی یارمەتی بدات بگاتەوە تاران. محەمەد ئاغاش جەوهەر ئاغای[1] کوڕی بە سەرۆکایەتی هێزێکی ٦٠٠ سوارەی ئازا بەگەڵ موزەفەرەدیندا، ئەویش بۆ ئەو یارمەتییە سوپاسی کردن. بەڵام بەرپرسانی تەورێز بە زێدە بوونی دەسەڵاتی شکاکان چاویان چووە پشتی سەریان، لەبەر ئەوە راستەوخۆ توانای رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵیاندا نەبوو، پەنایان بۆ فڕوفێڵ و داونانەوە برد و جەوهەرئاغایان بۆ رێکخستنی کاروباری کارگێڕی لە تەورێز دانەخۆرە کرد و لە بۆسەیەکدا کە بۆ پیاوەکانیان دانابۆوە غافڵکوژ کرا[*]. میرزۆی خاڵی کە بۆ تەورێز یاوەری بوو، توانی بەزەبری چەک خۆی رزگاربکاو بە ناو بازاڕدا رێ ببڕێ و گەڕایەوە نێو هۆزی شکاک ئێستاکەش لای سمایل ئاغا(سمکۆ)یە. محەمەد ئاغا زۆر بە کوشتنی جەوهەر (جەعفەر)ی کوڕە قارەمانەکەی تێکچوو. ئێرانی بەجێهێشتو پەنای بۆ سوڵتان عەبدولحەمید برد لە ئەستەنبوڵ.

لەئاکامی کوشتنی رەزوان پاشای پایتەختەوانی ئەستەنبوڵ و تاوانبارکردنی هەندێ کەسی بنەماڵەی کوردی بەدرخان لەو رووداوە داو دوورخستنەوەی هەندێکیان، باڵیۆزخانەی ئێران لە



ئەستەنبوڵ ئەوەی بەهەل زانی تا لای دەرباری عوسمانی لە محەمەد پاشای بدوێ و ئەوانیش بۆ جەزیرەی روس دووریان خستەوەو لەوێ مرد. لەئەنجامی ئەوەدا منداڵەکانی محەمەد پاشا و سەرۆکەکانی شکاک پتر کەوتنە دوورە پەرێزی و دڕدۆنگی لە حکومەتی ئێران، تا ئەوەی سمایل ئاغا هەراش بوو و سەرکردایەتی خێڵەکەی لە دەوروبەری ورمێ و خوی وەرگرت و تواناو ناوبانگی پتر بوو حکومەت بە ئاشکرا دۆستایەتی دەکرد لە ژێرەوەش دەیویست لە دەسەڵاتی بدات و هەر لە کۆششی داونانەوەدا بوو بۆ لەناوبردن و لێخستنی سەرۆک هۆزەکان تاکو شەڕی یەکەمی جیهان. سمایل ئاغاش زۆر بە ئازایی و بەجەرگی دژی زوڵم و زۆرداری بەرپرسان لەهەق کوردان دەکۆشا و دەسەڵاتی خۆشی بە دەوروبەری ورمێ و سەلماسدا بڵاوکردبووەوە[٢]، هەرچەندە حکومەت نازناوی (سەرۆکی سەرکەوتوو-سردار نصرت)ی دابووێ و بەروالەت دۆستایەتی دەکرد، بەڵام درێخی لە لەناوبردن و سەرکوت کردنی هۆزی شکاک بەهەموو توانای تا مێژووی١٣٣٧کۆچی (١٩٢٠) نەدەکرد. ئەوە بوو موکەرەم مەلیک محەمەد حەسەن میرزای فەرمانڕەوای تەورێز ٥٤ هەزار تمەنی دایە لیژنەی ئەرمینیا بۆ گەڵاڵەکردنی نەخشەی لەناوبردنی سمایل خان.

لە ژمارە(٣)ی رۆژی ٢١ی ئابی ١٩٢٢ی دواتری رۆژنامەی بانگی کوردستان دێتەوە سەر تەواوکردنی مێژووی ململانێی سمایل ئاغا و شکاک، لەو پاشماوەیەدا دەڵێت: پیلانگێڕان سندوقێکی شیرنایەتیان ئامادەکردو بۆمبێکیان خستەناوی و بەفەرمانڕەوای خۆی کە ناوی (ثقة السلطان) بوو بۆ سمایل خانیان نارد، سندوقەکەیان بردە گوندی کانیان لە دەوروبەری سەلماس، لەوێوە سندوقەکەیان نارد... بەڵام سمایل گومانی لە سندوقەکە کرد، داوای کرد لێی دڵنیابن کە بۆمبی تێدا نییە. بەڵام بەگوێیان نەکرد و سندوقەکەیان کردەوە، بۆمبەکە تەقیەوەو براکەیەکی سمایل خان و ژمارەیەک خزمیشی کوژران. لەپەی ئەو رووداوەدا، رۆژنامەکە بەردەوام دەبێ و دەڵێ، لەسەر لەبەری خوی هۆزەکانی شکاک لە راپەڕین دان. لەوکاتەوە شەڕ لەنێوان ئەو کوردانەو هێزەکانی حکومەت بەتوندی بەردەوامە. سمایل ئاغا ورمێ و دەوروبەری داگیرکرد لە٥ی سەفەری ساڵی١٣٤٠ (١٩٢٢)! شاری ساباڵاخ و دەوروبەریشی داگیرکرد. پاشان حکومەتێکی کوردی دامەزراند[٣]. هەر لەبەر سمایل خان بوو سەقز و میاندواویش لەدەست حکومەت دەرچوون.

لە ژمارە(٤)ی رۆژی ٢٨ی ئابی ١٩٢٢ (بانگی کوردستان) ئەو هەواڵە لەبارەی سمکۆ بڵاودەکاتەوە: بەپێی ئەو هەواڵانەی پێمان گەیشتوون، شەڕێک لە نێوان سوپای سمکۆ و سوپای

حکومەت لە دەوروبەری شەرەفخان لە ڕێگای تەورێز لەسەر کەناری باکووری گۆمی ورمێ بەرپابووە و تێیدا کوردەکان سەرکەوتوون و وەک جاران هێزەکانی دوژمن شکستیان خواردووە.

ئەو ڕۆژنامەیە لە ژمارە (٥)ی ٤ی ئەیلوولی ١٩٢٢ بەردەوام هەواڵی خۆش سەبارەت بە تێکۆشانی سمایل ئاغا بڵاودەکاتەوە، لەو هەواڵەدا دەڵێت:

لەو هەواڵانەی کە لە ئەستەنبول لە ڕۆژنامەی (الرافدین) بڵاوبۆتەوە کەوا هێزەکانی سمکۆ چوونەتە ناو تەورێز و وەزارەت لە تاران لەترسان داوای یارمەتی لە تیپی یازدەی بۆلشفیکیی (روسی) کردووە.

لەژێر ئەو هەواڵەدا ئەو دێڕە شیعرانە بە کوردی بڵاوکراونەتەوە:

سەبا هەڵسە دەخیلت بم بڕۆ بۆ چاری لای سمکۆ
بڵێ تاوی بدا ئەسپی هەتا تەورێز و قافلان کو
هەموو کرمانج کرمانشاه بە ئاواتن بەگیان و دڵ
سنە حازر هەمووی خەلقی دەڵێن بێ لەشکری سمکۆ(*)

لە ژمارە(٦)ی ڕۆژی ١٨ی ئەیلوولی ١٩٢٢یش بانگی کوردستان هەواڵێکی بە ناوونیشانی:

سردار نصرت(سمکۆ) سمایل خان بڵاوکردۆتەوە.

بەگوێرەی ئەو هەواڵە نوێیانەی لە بانەوە گەیشتوون سمایل خان(سمکۆ) لەدوای ئەوەی بارەگاکەی لە چاری بە جێهێشت و خۆی لەچیاکانی سۆمای قایم کرد سوپای ئێران دەستی بەسەر چاری و دەوروبەرەکەیدا گرت، چەندان ڕۆژ لە چاودێری بارودۆخەکەدا بوو خەریکی خۆسازدان بوو، پاشان لە شەبەیخونێکدا بەسەر سوپای حکومەت سەرکەوت و بەگوێرەی ڕوایەتی باوەڕپێکراو پێنج هەزار کەسی لە سوپای دوژمن بریندار و کوشتووە.

پاشان بۆ هەموو لایەک بۆ تایفە کوردەکانی نووسی داوای ئامادەکردنی کفنی بۆ ئەو کوژراوانە و شاردنەوەیان بە گیانێکی مرۆڤانە کردووە.

وێڕای سەرکەوتنی، بەڵام سمکۆ پێی باش نەبوو بگەڕێتەوە بارەگاکەی (چاری). بە کورتی، ڕۆژنامەکە دەڵێت، جارێکی دیکەش هەر سمکۆ سەرکەوتووە بەراستی ئێمە لەو بڕوایەدا نەبووین، ڕۆژنامەکە دەڵێت: سمکۆ شکست بخوات، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرکەوتنەکانی درێخی



ناکەین. انشاء الله هیچ کوردێک لە پێناوی هەق ژێر ناکەوێ و لەخوامان داوایە ئەو ململانێیە بەچاکە دوایی بێت. ئینجا هەواڵەکە بەچەند دێڕە شیعرێک کە سەرکەوتنی کوردان پیرۆز دەکات، کۆتایی دێنێت.

بانگی کوردستان لە ژمارە (٧)ی ڕۆژی ٢٢ی ئەیلوولدا ئەو هەواڵە بڵاودەکاتەوە: بەگوێرەی ئەو نامەیەی کە لە شارۆچکەی بانە هاتووە ئەوە جەنابی(سمکۆ) دووجار لەگەڵ هێزەکانی ئێران تێکگیراوەو لە هەردوو جاردا زیانێکی گەورەی لە هێزەکانی دوژمن داوە و بەسەرکەوتوویی گەڕاوەتەوە چاری.

لە ژمارە (٨)ی ڕۆژی ٨ی تشرینی یەکەمی١٩٢٢ ڕۆژنامەکە ئەو هەواڵە بڵاودەکاتەوە:

**سمایل خانی سمکۆ**

ماوەیەکە هیچ هەواڵێک لەلای سمایل خانەوە نەهاتووە. دوێنێ هەواڵ لە بانەوە هاتووە کە سەرداری نصرت(سمکۆ) دوای ئەوەی بەزەبری هێز بارەگا کۆنەکەی ستاندەوە لەشکری سەرفرازی خێڵەکانی شکاک بۆ دیلمان نارد کە مەڵبەندی قەزای سەلماسە و لە دوژمنانی پاک کردەوە...

پاشان چەند دێڕێک لە چاکەی سەرکەوتنەکانی کوردان هەڵدەڵێ و دەنووسێ.

هەرچی کتێبی حەسەن ئەرفەعە ئەوا لە ئاست ئەو ڕووداوە زۆرانە کڕو بێ دەنگە و هیچ ناڵێ، ئەگەرچی کتێبێکی مێژووییە و لە مێژووی ئەو سەردەمەش دەدوێت.

ڕۆژنامەی بانگی کوردستان لە ژمارە( ١٠ )ی ڕۆژی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ ئەو هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە:

**سمکۆ (سردار نصرت سمایل خان)**

لە مینا ئاغای سەرۆکی هۆزی گەورکی دەوروبەری سەقز و خوی(*) دەگێڕنەوە کەوا لە گوندی کەندە سووری(سەر بە بانەیە) لەو کاتەدا جەنابی سمکۆ سەرلەنوێ دەستی بەسەر شاری ورمێدا گرتووەو وەری گرتۆتەوە و هۆزە کوردەکانی ئەو دەوروبەرانە و تاکو گوڵباغی و لای سەقز و چوارسینەش هەموو بۆ یارمەتیدانی سمکۆ ئامادەن. حکومەتیش ئەمجارە لە تواناو بە ورەیی کوردان گەیشتووە بۆیە ناردوویەتە لای سمکۆ بۆ گفتوگۆ و لێک گەیشتن .. ئینجا دوو دێری شیعر نووسیوە.

ئەوەی لێرەدا لە خوێندنەوەی ئەو هەواڵانەی کە لە بانگی کوردستان بڵاوکراوەتەوە و سەرنج

ڕادەکێشێ ئەوەیە، ئەو ڕۆژنامە کوردییە کە لە شاری سلێمانی دەردەچوو وێڕای کەم توانایی ئەوا خەباتی کوردان بە سەرکردایەتی سمکۆ هەر بەردەوامە، بەڵام هەرچی کتێبی عارفەیە ئەوە لە هەمبەر زۆربەی ئەو شەڕ و ڕووداوانەی کە لە نیوەی کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٢٢ و پاییزی ئەو ساڵە قەوماون کڕ و بێ دەنگە. ئەو هەلومەرجە و ئەوانی دیکەش بە ئاشکرا کەمتەرخەمی کتێبەکە و نیاز و مەبەستی شاراوە لەدەرکردنی دەردەخات. سەرنج بۆ ئەوەش ڕادەکێشێ کە دانەر خۆی لە قەرەی وردودرشتی هەموو ئەو ڕووداوو پێکدادانەی کە قەوماون نەداوە. تەنانەت زانیاری تێروتەسەل لەبارەی ئەو شەڕانەش بەدەستەوە نادات کە خۆی تێیدا بەشدار بووە. کورتبڕی و کەمتەرخەمی لەگێڕانەوەی تێروتەسەلی ئەو ڕووداوانەی لە کوردستانی وڵاتی دانەر قەوماون خەسڵەتی یەک لایی ئەو کتێبە دەردەخات، وەک ئەوەی ئەو کتێبە هەر بۆ ئەوە دانراوە لە هەندێ هەڵوێست بدوێ و هەندێ تێڕوانینی دیاریکراو دەربڕێ، بۆ نموونە زۆر بە کورتی لە لاپەڕە (٦٢)دا ئەوە دەنووسرێ: «هەر چەندە دوای ئەوەی سمکۆ سنووری بڕی و چووە تورکیا جارێکی دیکە هەوڵیدا بگەڕێتەوە ئێران، بەڵام دیسان لە شەڕێکی کورتدا شکا، جارێکی دیکە هەڵاتەوە ناو تورکیا و لەوێ چەکیان کرد و بۆ ناوەوە دوور لەسنووری ئێرانیان نارد و هێزی سەربازی، جارێکی بارەگاکەیان وێران کردەوە».

سەبارەت بە ڕەفتاری حکومەتی تورکیا لەگەڵ سمکۆ دەکرێ سەیری کتێبی (یادداشت)ی ڕەفیق حیلمی بکەی[٤].

لە سەرێکی دیکەشەوە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) کە لە سلێمانی جێی ڕۆژنامەی بانگی کوردستانی ناوبراوی لە١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ گرتەوە، ئەویش دەستی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی سمایل ئاغای (سمکۆ) و خەباتی کوردی ئێران کردووە،

لە ژمارە (٧)ی ڕۆژی ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ ڕۆژی کوردستان لەلاپەڕەی یەکەمی و هەموو ژمارەکەی بۆ ئەو بروسکانە تەرخان کردووە کە سمکۆ و شێخ مەحموود بۆ یەکتریان ناردووە. وەڵامێکی لەسەر ئەو هەواڵە نادروستانەی ڕۆژنامەی (ستارە ایران) لە ژمارە(٧٠) بڵاویکردبوونەوە، داوەتەوە. لە بەرانبەریشدا ڕۆژی کوردستان لەو ژمارەیەدا واتە (٧)، دەقی ئەو بروسکەیەی بڵاوکردۆتەوە کە سمکۆ بۆ شێخ مەحموودی ناردووە،

تێدا گوێڕایەڵی بۆ ڕاو ڕاسپاردەکانی دەردەبڕێ. هەروەها وەڵامی شێخ مەحموود بۆ سمکۆ کە



گەیشتبووە شاری هەولێر، بڵاوکردۆتەوە، هەروەها بروسکەی دووەمی سمکۆ کە لەوێوە بۆ شێخ مەحموودی ناردووە کە تێیدا ڕای خۆی دەربڕیوە، واتە سمکۆ؛ ئەوا حکومەتی ئینگلیز تاقە لایەنە کە کورد هیوای پێ بێت. پاشان وەڵامی شێخ محمود لە بروسکەی دووەمدا تێیدا قسەی سمکۆ دەسەلمێنێ و دەڵێت گەلی کورد ئامادەی قوربانیدان و پشتگیرییە، ئەگەر حکومەتی ئینگلیز بەڵێن و ڕێکەوتنەکەی تایبەت بە مافی کورد جێبەجێ بکات.

ڕۆژنامەکە وەرگێڕانی کوردی ئەو بروسکانەی لەهەمان ژمارەدا بڵاوکردۆتەوە.

ئەوەی جێی گوتنە سمکۆ کە لەسەروبەندی شەڕی یەکەم و دواتر جووڵانەوەی ڕێک و پێکی نواند، تا ڕادەیەک بایەخی بە دەرکردنی ڕۆژنامەش داوە هەروەک باسمان کرد.

(تویینبی) نووسەری ئینگلیز دەڵێت: سمکۆ دەسەڵاتی لە ناوچەیەکی فراواندا هەبوو، تەنانەت خێڵی ئەفشاری تورکمانیشی گرتەوە. لە حەوت مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ حکومەتی ئێران ئاگر بەسی لەگەڵ سمکۆ پاراست و هەوڵیدا لەسەر بنەمای بەخشینی جۆرێک خۆبەڕێوەبەری (خودموختاری) بۆ کوردی ئێران گفتوگۆ بکەن[٥].

لە پاییزی ساڵی ١٩٢٢ سمکۆ خۆی بە فەرمانڕەوای(کوردستانی ئێرانی ئازاد) ناساند و سوپایەکی دە هەزار شەرکەری ئامادەکرد[٦].

بەو جۆرە دیارە دانەری کتێب خۆ لە زانیاری تێرو تەسەلی ئەو ڕووداوە زۆرانەی کە سەروکاریان بە تێکۆشانی سمایل خانەوە هەیە نەبان کردووە. بەڵام دەڵێت:

«دەکرێ مەسەلەی سمکۆ بە هەوڵێکی بەرایی کوردی ئێران لەقەڵەم بدەین بۆ دانانی ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەری» ؛ لاپەڕە(٦٣)ی کتێبەکەی.

سەرەڕای ئەوەش، دانەر لە تێکۆشانی کوردی پارێزگەی کوردستان دەدوێ، وەک زانراوە شاری سنە مەڵبەندی ئەو پارێزگایەیە کە لە ناوەڕاستی کوردستانی ئێران هەڵکەوتووە.

لە کتێبەکەدا لە ژێر ناوی (ڕاپەڕینی کورد لە پارێزگای کوردستان)دا دەڵێت:

بزووتنەوەی کورد لەو پارێزگایە لەو بزووتنەوەیەی کە لەساڵی ١٩٢٦ بەسەرکردایەتی سمکۆ بەرپابوو گرنگتربوو.

بزووتنەوەی ئەو هەرێمە کوردییە بە سەرکردایەتی سەردار ڕەشید بوو کە پێشتریش چەندین جار لەگەڵ بەرپرسان لێک کەوتوون. دوای ئەوەی ماوەیەکی لە بەندیخانەکان بەسەر برد، گەڕایەوە

شارۆچکەی خۆی رەوانسەر لە باکووری کرماشان و بە پەلاماردانی هێزێکی حکومەت دەستی بە بزووتنەوەکەی کرد. هۆزە کوردەکانی بانە و سەقز و سەردەشت وەک هۆزی گەورک و سنی و پشدەری و ملکاری و مەنگور و بەسەرۆکایەتی خەلیل سوسنی راپەڕین و بەسەر بنکەکانی جەندرمەیان دادا و شارۆچکەی سەردەشتیان داگیرکرد. لەباشووریشەوە هۆزەکانی مەریوان و هەورەمان لەگەڵ مەحموود کانیسانی(*) و جەعفەر سوڵتان و هی دیکە راپەڕین و تا ناوچەی شنۆی لە باکووردا گرت، هۆزە راپەڕیوەکان بەرەو شاری سنە کشان و گەمارۆیاندا. بەڵام خێرا هێزەکانی نادری پیادەی حکومەت لەتارانەوە هاتن ، کوردەکان خۆیان لەبەر ئەو هێزە لادا. دەسەڵاتداران هێزێکی سوارەشیان لە ئەیلوولی ١٩٢٦ بۆ ئەوێ نارد. هێزی دیکە لە تیپی تەورێزەوە هاتن و بانەو سەردەشتیان داگیرکرد، هێزی دیکەش کە لە کرمانشان و سنەوە هاتن پەلاماری سەردار رەشیدیان دا کە لە ناوچەی رەوانسەر و مەریوان خۆی قایم کردبوو، لە کۆتاییدا پەنای بۆ عێراق برد. دانەر دەڵێت: ئەو هێزانەی حکومەت لە هەمەدان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی لە بەهاری داهاتوو پەلامار بدەنەوە، هەروا لیوای سنەشیان ئامادەکرد. لەو سەروبەندەدا حکومەت ژەنراڵ (عبدالله خانی ئەمیر تەهماسبی) وەزیری جەنگی پێشووی لە تارانەوە نارد بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکان بکات و بگەنە ئاشتی. نووسەر دەڵێت؛ ئەو توانی هەندێ لە سەرۆکە کوردەکان دەستەمۆ بکات، بەڵام هەندێ لە سەرۆکەکانی دیکە هەر بەرگریان دەکرد.

بۆیە حکومەت هێزە مۆڵخواردووەکەی هەمەدانی ناردە سنە، پاشان هەموو هێزەکان بۆ سەر ناوچەی مەریوان کشان و ئەو هێزە کە لە ٢٠٠(*) کەس پێکهاتبوو دووچاری رووبەڕووبوونەوە بوو لە ناوچەی شاخاوی. نووسەر دەڵێت بەشداری لە شەڕێک کردووە لە نزیک رزاو، کە ئەوەیان لەشەڕەکانی پێشوو سووکتر بووە.



## پەراوێزی دووەم

* سەبارەت بەغافلکوژی سیاسی بڕوانە باسێکی درێژی وەرگێڕ بە ناوونیشانی «غافلکوژی سیاسی هەندێ سەرکردەی کوردستانی رۆژهەڵات» کە باسی غافلکوژی (هەمزاغای مەنگوڕ و جەغفەر ئاغای شکاک و سمکۆی شکاک و د. ئەوڕەحمان قاسملو)ی تێدا کراوەو وەک تۆژینەوەی دەرچوونی دوا ساڵی خوێندنی بکالۆریۆس لە مێژوو ساڵی خوێندنی (١٩٩٦-١٩٩٧) لە گۆڤاری یەکبوون، ژمارە (١٣) بڵاوکراوەتەوە.

* دەقی شیعرەکە لە ژمارە (٥)ی ٤ی ئەیلوولی ١٩٢٢ (بانگی کوردستان)، ل ٥ بڵاوکراوەتەوە.

* خوی لێرە هەڵەیە. لە ئەسڵەکە (خوی ایستاکە-خۆی ئێستاکە)یە، نەک شاری خوی.

(١) جەعفەر ئاغای برای سمکۆیە هەروەک لە بەشی یەکەمی ئەو لێدوانە کە لە ژمارەی پێشووی ئەو گۆڤارە بڵاوکراوەتەوە. بەراستی تۆمارکراوە.

(٢) لەکۆتایی شەڕدا سمکۆ زۆر بەلێهاتوویی هێزی سەرەکی بوو لەناوچەی ورمێ. لونگریک-العراق ١٩٠٠-١٩٥٠، ل ٢١٧ .

(٣)شەمزینی، ع-خەبات-ژمارە(٢٩٢) لە ,١٩/٨/١٩٦٠.

(٤) حلمی، ر- یاداشت ب٥، ل٧٦ و ب٦، ل ٥٣-٥٤ و ٨٠ .

(5) Survey Of International Affairs. 1925,Volume I.

(٦) رۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (٢٩٢)، ١٩/٨/١٩٦٠ .

* (کانی سەنان)ە.

* ٢٥٠٠ کەس نەک ٢٠٠ کەس. بڕوانە: حسن ارفع، کردها، تهران ١٩٦٥، ل٦٧ .

* لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کردستان)، ژ(٥٨)ی ١٩٨٠، ل١١-١٤، بڵاوکراوەتەوە.

# کتێبی «گەلی کورد»و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی★

-١-

دوکتۆر مەسعود فانی والی پێشووی تورک، کتێبێکی گەورەی بەناوی (گەلی کورد و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکەی) بە زمانی فەرەنسی لە پاریس ساڵی ١٩٣٣ دەرکرد[1].

کتێبەکە لە پێشەکییەک و ٣٧ بەش و کۆتایی و سێ نەخشەو لیستی سەرچاوەکان پێک هاتووە. بێ گومان نووسەر ئەرکێکی زۆری لە نووسین و ڕێک خستنی کەرەستەو بەشەکانی کتێبەکەی بەخەرج داوە. پێشتر هیچ نووسەرێکی تورک نە لە پێشی ئەو نە لە دواییشی کتێبی تایبەتی بە کاروباری کوردەواری دەرنەکردووە. نووسەر تەنیا پشتی بەسەرچاوەی فەرەنسی و ئەو سەرچاوانەی کە کراونەتە فەرەنسی بەستووە، سەرچاوەی رەسەن و بەڵگەنامەی رەسمی زۆری بۆ بەرهەڤکردنی کتێبەکە بەکارهێناوەو سەیری زۆر سەرچاوەی کۆنی ئیسلامی مێژوونووسان و وڵاتناسان کردووە..

لەلایەکی دیکەشەوە بایەخی کتێبەکە لەوەدایە، بەوەی نووسەر سەر بە قوتابخانەی کەمالییە، ئەگەر ئەو دەستەواژەیە راست بێ، دەربڕی تێڕوانینی نەتەوەپەرستەکانی ئەو کاتەیە. یەکەمین کتێبی جیدییە کە لەبەر رۆشنایی ئەو تێڕوانینە لە مەسەلەی کورد دەدوێ.

نووسەر هەوڵی داوە. لە شیرازەی ئەو تێڕوانینەی کە هەیەتی ورد بێت. دیارە ئەوەش مانای ئەوە نییە لە هەمان کات یەکەو راست لایەنی بابەتی گرتووە. دەبێ ئاماژە بەو راستییە بکرێ بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن و لێدوانی ئەو کتێبە وێنەیەکی روون بەدەستەوە بدات.

**پێشەکی***

دوکتۆر فانی پێی وایە بنەچەو رەچەڵەکی کورد لە مێژوودا هەر لێڵەو بوونی ئەو گەلە کەمتر



جێی بایەخ بووە لای ئەوروپاییەکان لە سەدەی نۆزدەدا تا دەوروبەری کۆتایی جەنگی گەورەی یەکەم، لەسەر شانۆی سیاسی ئەوەندە دیارنەبوو، ئەوکاتەی کە بۆ یەکەمجار مەسەلەی کورد لە کۆڕو نێوەندە نێودەوڵەتییەکان کەوتە نێو ناوانەوە.

راستییەکەی بەپێچەوانەی رای نووسەر، بوونی کورد بایەخپێدانێکی دیاری لە نێوەندە ئەوروپاییەکان لەو سەردەمەدا هێنایە گۆڕێ و ئەو بایەخپێدانە لەدوای شەڕ گەیشتە رادەیەکی زۆر[2].

نووسەر دەڵێ لە سەروبەندی ئامادەکاری بۆ ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شاندێکی کوردی ساڵی ١٩١٩ هاتە پاریس بۆ کۆنگرە، داخوازییەکانی گەلەکەی لە میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێشکەش کرد.

دەبێ لێرە ئەوە دووبارە بکەینەوە کە نووسەر دان بەئامادەبوونی شاندێکی کوردی لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس، لە دوای شەڕی گەورەی جیهان دادەنێ و داخوازییەکانی میللەتەکەی پێشکەش کردووە. ئەوەش پێچەوانەی رای هەندێ نووسەرو نێوەندە سیاسییەکانەو بەرپەچیان دەداتەوە. چونکە هەندێ لەوانە دەیانگوت شەریفی سەرۆکی ئەو شاندە بەتەنیا نوێنەری خۆیەتی.. راستییەکەی شاندی کوردی و شەریف پاشا خۆی واپێ دەچوو، پێوەندییەکی پتەویان بەرێکخراو و کەسایەتییە کوردەکانەوە هەبووبێ، تەنانەت لەو سەروبەندەی لە ئەوروپا بوون لە پێناوی ئەوەی مەسەلەی کورد بخەنە بەرچاوی شاندەکان. لە دەقێکی رۆژنامەی (کوردستان)دا هاتووە کە لە دوای شەڕی یەکەم دەرچووە، لە ژمارەی (٩)ی رۆژی ١١ی حوزەیران، ١٢ی رەمەزانی ساڵی ١٣٣٧ کۆچی، کە لەو وتارەی گۆڤاری رۆژی کوردستان لەبارەی هەردوو ژمارەی (٨و٩) کە رۆژنامەی ناوبراو بڵاوی کردبۆوە. لەو ژمارەیەی ئەو رۆژنامەیەدا بەم شێوەیە ئاماژە بە شریف پاشا کراوە:

وتارە تورکییە گرنگەکان ئەو ناونیشانەیان هەیە:

١- ........

٢- بەشی یەکەمی ئەو یادداشتەی کە شەریف پاشای (نوێنەری کورد) دابوویە کۆنگرەی ئاشتی (لەپاریس).

بەم شێوەی خوارەوەش ناوی هاتووە:

«چەند بروسکەیەکی تایبەتی»

**✱ لە پاریسەوە**

– بروسکەنامەکەی رۆژی ۲۳ی نیسانتانم وەرگرت. من ئامادەم هاوکاری لەگەڵ لایەنگرانی عارف پاشادا بکەم لە پێناوی بەرگری لە مافەکانی گەلەکەمان. یارمەتی فەخری عەیدی بەگمان دا تا بێتە پاریس.

۲٦ی مایس «شەریف»

بەم شێوەی خوارەوەش ئاماژە بە شەریف پاشاکراوە:

«لە قاهیرە، دوابەدوای رێکخستنی کۆمەڵەی بەرزی کوردستان دەستەیەک بە سەرۆکایەتی عارف پاشا کە رۆشنبیرێکی کوردە پێک هات، بەو ئامانجەو سەرۆکایەتی گشتی کۆمەڵەی بەرزی کوردستانیش ئاگادار کرایەوە:

لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کە بۆ ئەم مەبەستە کرابوو سەرۆکایەتی هەموو مافێکی دایە ئەو دەستەیە بۆ ئەوەی بچێتە پاریس و لەوێ کاری خۆی لەگەڵ کاری شەریف پاشا یەک بخات، هەروەها شەریف پاشاش لەو چۆنیەتییە ئاگادار کرا»[٣].

لە سەرێکی دیکەشەوە حەسەن عەرەفە بەئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات کە شەریف پاشا لە پاریس ئەرکی خۆی بۆ هەمان مەبەست دەخستەکار[٤].

ئەوەش هەموو ئاماژەیە بۆ زێدەبوونی بایەخدان بە روونکردنەوەی مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی رێک و پێک لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان بەشێوەیەکی تایبەت.

دەشبینین نووسەر لە کتێبەکەیدا بەدرێژی باسی دەوڵەتی پیاوە نەخۆشەکە دەکات کە خزێندرایە ناو گری شەڕ لەلایەن فەرمانڕەوایانییەوەو، ئەو شکستییەش کە بە درێژایی بەرەکانی شەڕ لە ئاکامی ناپاکی زۆر لایەنەوە تووشی هات: ئەڵمانیا دۆستایەتییەکەی بە خراپە بەکارهێناو فەرمانڕەواکانیشیان بە خراپی سەرکردایەتییان کرد، بۆیە لەپەل و پۆیان خست تا لە ئاکامدا لە خوێنی خۆی گەوزی.

نووسەر دەڵێ: ئەوە چەند سەدەیەکە تورک لە بەرامبەر هاوپەیمانی ئەوروپا لە پاشەکشەدان تا وای لێ هات کە دەستێوەردانی دەوڵەتە گەورەکان لە کاروباری تورکیای ناوەخۆ ببووە نەریتێکی ئاسایی و ئەو وڵاتانەش نەیان دەویست تورکیا بچێتە ناو خێزانی گەورەی ئەورووپاوە، هەر چەندە چەند هەرێمی گرنگیشی [واتە ممتەلەکاتی دەوڵەتی عوسمانی جاران لە وڵاتانی بەلقان– ئەحمەد عوسمان] هەبوو، ئەمەش وای کرد تورکیا هەر لە یاسا لای دابێت، بە چاوی نەیارانەوە سەیر بکرێ و تا رۆژگاری پەیمانی پاریسی ساڵی ۱۸۵٦ بارودۆخەکە هەروا مایەوە، کە بۆ یەکەمجار



سۆزی ئەوروپا، بەرانبەر بە تورکیا گۆڕانی بەسەرداهات و بەرواڵەت بەشداری لە سوودەکانی یاسای گشتی کۆمەڵەی ئەوروپایی بکات، بەڵام چ بێ هێوایەکی تووش هات!

نووسەر دەڵێت:

لەو مێژووەوە دەوڵەتی عوسمانی پتر بووە جێی چاوتێبڕینی هەر ئەو وڵاتە زلهێزانە.. تورکیاش لەهەر شتێک پتر لەتەماعکارییە کۆنەکەی روسیا دەترسا. دواتر ئینگلتەرە لەسەر رێ و شوێنی روسیا دەرۆیشت و هەستی دوژمنکارانەی لەبەرانبەر تورکیا دەردەخست.

لە نێو وڵاتانی زلهێزدا هەر تەنیا بە فەرەنسادا هەڵدەڵێ..

بەپێی قسەی نووسەر پەیمانی لۆزان لە هەموو روویەکەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ پەیمانی سیڤەردا هەیە کە ئەویش لە نێوان هاوپەیمانان و حکومەتی عوسمانی بەسترابوو. یەکێ لەو دوو پەیمانە فەرمانی مردنی بەسەر تورکیادا سەپاند [مەبەستی نووسەر پەیمانی سیڤەرە، ئەحمەد]. هەرچی دووەمیشیانە [واتە پەیمانی لۆزان] پێشوازی لە هەستانەوەی تورکیای نوێ کرد.

**هەروەها دەڵێ:**

لە دەقەکانی پەیمانی سیڤەریشدا دامەزراندنی نیشتمانێکی کوردی لە نێو هەموو کێشەکانی دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، دیارە[٥].

بەڵام دوابەدوای وتاری توندی عیسمەت پاشا، ئیدی نەدەتوانرا هەروەک نووسەر دەڵێ: مەسەلەی کورد ببێتە بابەتی گفتوگۆ لەسەروبەندی خۆئامادەکردن بۆ بەستنی پەیمانی لۆزان.

نووسەر پتر دەڵێت: لە راستیدا لە ماوەی چەند سەدەیەکدا کوردەکان هیچ ئارەزوویەکیان بۆ جیابوونەوە لە تورکیا دەرنەبڕیوەو هیچ جۆرە ناکۆکیان لەگەڵ تورکیادا نەبوو[٦].

ئەگەر کورد هەندێ داخوازییان بۆ چاکەی گەلەکەیان خستەبەر چاوی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ساڵی ۱۹۱۹ ئەوەیان لە ئاکامی ئەو سازشکارییەی حکومەتی سوڵتان بوو لەسەر مافەکانی کورد، لە هەمبەر داخوازی و داواکارییەکانی ئەرمەن و بەرامبەر بە پروپاگەندەی دامەزراندنی ئەرمینیای گەورە[٧].

بەڵام لە دوای شەڕی نیشتمانی تورک، نووسەر دەڵێ، کورد هەموو جۆرە داخوازییەکی تایبەتیان رەت کردەوەو چارەنووسی وڵات و کۆمەڵەکەیان، هەروەک هەمیشە وایان دەکرد، بە چارەنووسی نیشتمانی باووباپیرانییەوە گرێ دا[٨].

قسەی نووسەر ئاوەهایە. بەڵام راستییەکەی ئاوا نییە. کورد لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی جۆرێکی دی بوو، توندو تیژییەک بوو کە بۆ گێڕانەوە باشە.

لە رۆژنامەی (کوردستان)ی ژمارە (٨)ی رۆژی (٢٨ی شەعبانی ١٣٣٧)دا، سەربارەت بە پەرتەوازەبوونی خەڵکی کورد بە ناو تورکیادا ئاوای نووسیوە:

«گەڕانەوەی شەش سەد هەزار کورد بۆ شوێنەکانی خۆیان و پێک هێنانی لیژنەیەک لە بارەگای وەزارەتی دارایی لە سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی دەوڵەت سەید عەبدولقادر ئەفەندی [لە ئاکامی شۆڕشی کورد ساڵی ١٩٢٥ لە دار درا. ئەحمەد]. و محەممەد عەلی بەگی وەزیری ناوخۆیی پێشوو و وەزیری دارایی و بەڕێوەبەری گشتی کۆچکەران بەمەبەستی گفتوگۆ و دەرکردنی بڕیاری پێویست بۆ گەڕانەوەی ئەو شەش سەد هەزار کوردەی کە لە قۆنیە و ئەنقەرە و شوێنەکانی دیکە ئاوارەو دەربەدەربیبوون و گێڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان لە کوردستان»[٩].

لەمەو لە قسەی نووسەر دەردەکەوێ، کە کورد خۆیان هەندێ داخوازییان داوە بە کۆنگرەی ئاشتی ساڵی ١٩١٩ بۆ بەرژەوەندی گەلەکەیان، وا دیارە حکومەتی سوڵتان لەهەمبەر داوا و داخوازیی دیکە سازشی لەسەر مافەکانی کورد کردووە، لەمەو لەقسەی نووسەر دەردەکەوێ کە کورد هەموو داخوازییە تایبەتییەکانی رەت نەکردۆتەوە؛ ئەوەش بە خۆی مانای بوونی ئەو داواکارییە تایبەتییانەیە. ئینجا هەموو قسەوباس و رووداوەکانی پێشوو و پاشتر دەیسەلمێنن کە کورد ئەو داخوازییە تایبەتییانەیان رەت نەکردۆتەوەو ئەوەی کە روویدا ئەوەبوو کە بارودۆخی گشتی و دەرەنجامە سیاسیی و دیپلۆماسییەکانی ولاتە زلهێزەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتبوو بە هۆی بارودۆخی بەرجەستەو ئەنجامی هۆکاری راستەقینەو هەندێکی دیکەی خەیاڵی. دوای ئەوەو دوای ئەزموونێکی زۆر دەبێ دان بە راستی ئەو گۆڕانانەدا بێنین لەو بارودۆخە بەرجەستەیەی کە ئەوسا دەوری مەسەلەکەی دابوو، لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانەی هەڵوێستی نێو دەوڵەتی واقیعی پێویستی دەکرد بەبێ ئەوەی ئەو دەرەنجامەی لێ بکەوێتەوە کە کورد داخوازییە تایبەتییەکانی خۆیانیان لە ولاتەکەی خۆیان رەت کردۆتەوە.

لە نامە گۆڕینەوەی نێوان وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو وەزیری هەندەران خۆی و ئەمیرال دی روبیک-ی نوێنەری باڵای هاوپەیمانانی بەریتانیایی بەر لەبەستنی پەیمانی سیڤەر لە ئابی ١٩٢٠، ئەوا رای دیپلۆماسیەتی بەریتانیا هاتەسەر خۆبەڕێوەبەری کوردستان و قەوارەیەک کە بە تورکیاوە بەسترابێتەوە[١٠] هەموو پێشنیارێک کە لەگەڵ هەڵکەوتەی ئەو بارودۆخە بگونجێ کە ئەو کاتە دەوری مەسەلەی کوردیان دابوو. لەسەرەتادا ئەوە رای وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیا بوو.

هەرچەندە سێر دی روبیک نەختێ بەپارێزە، بەڵام لەلای خۆیەوە دان بە بایەخی چالاکییانەی (یانەی) کوردی لە ئەستەنبوڵ دادەنێت کە (بایەخی ئەندامەکانی لەگەڵ پەرەسەندنی هزری



مەسەلەی کوردو بەرەو وەدی هێنان، روو لە هەڵچوون دەبێ. رای ئەو نوێنەرانەی کە(یانە) هەڵیاندەبژێرێ هەندێ کەڵکی دەبێ باشترین رێگاشن بۆ بانگ کردنی ئەو نوێنەرانە، ئەوەیان تێ بگەیەندرێت کەوا لەبەر ئەوەی واپێ دەچێ شەریف پاشا ئیدی نوێنەرایەتی راو بۆچوونی هاونیشتمانییەکان بە تەواوی نەکات و حکومەتی خاوەن شکۆ ئامادەیە گوێ لەو راو بۆچوونانە بگرێ کە یەکسەر دەردەبڕدرێن زێدەتر لەمەوپێش لەلایەن ئەو سەرۆکانەی کە لێرەن، ئەگەر توانییان ئەو کارە بکەن و ژمارەیەکی دیاری کراویان بنێرن، بۆ نموونە لە نێوانیاندا سێ نوێنەر، من وای دادەنێم کە ئێوە هەماهەنگی لەگەڵ فەرەنسییەکان دەکەن، ئەگینا ئەوا مەترسی پێکدادان و لێککەوتنی لێ دەکەوێتەوە کە حەز دەکەین لە جاران پتر خۆی لێ دوور بخرێتەوە. بەهەرحاڵ خۆ ئەگەر حوکمی خۆبەڕێوەبەری هاتەدی ئەوا سەروەرییەکە هەر تەنیا بۆ بەریتانیای مەزنە[١١].

پاشان لە بروسکەیەکی دیکەدا لە ئەدمیرال دی روبیکەوە بۆ وەزیری هەندەران لە تەمووزی ١٩٢٠ (زۆر بەپەلە) ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە سەرەک وەزیرانی عوسمانی بەردەوام لە پەیوەندی کردندایە لەگەڵ کەسایەتییە خۆپارێزو کوردە خودان راو بۆچوونەکان کە پاڵپشتی لە بیرۆکەی حوکمی خۆبەڕێوەبەری دەکەن کە پەیمانەکە دەستەبەری دەکات [واتە پەیمانی سیڤەر بەڕێوەیە... ئەحمەد]، نوێنەری باڵا ئاوا هەڵوێستی سەرۆک وەزیران لە مەسەلەی کورد دەردەبڕێ: «پێویستە کوردستان لە حوکمی خۆبەڕێوەبەری بەرخوردار بێت بە زامنی پەیماننامەیەک».

ئەدمیرال رای وایە ئەو نەخشەیە کارێک نییە بۆ کردن نەشێ، هەرچەندە هەندێک ئاستەنگ ئەو لە بروسکەنامەی ژمارە (٤٠١) ئاماژەی پێ کردووە [لە نێو بەڵگەنامەکانی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیا بلاو نەکراوەتەوە کە لەو باسەدا لێی وەردەگرین- ئەحمەد]، دەڵێت هێنانەدی ئەو بیرۆکەیە بەبێ هاوکاریی گەرمی فەرەنسییەکان زەحمەتە، چونکە بەشێکی زۆری کورد لەو ناوچانە دەژین کە کەوتوونەتە ناو بازنەی دەسەڵاتی فەرەنسی[١٢].

بەو جۆرە دەبینین ئەو چارەسەرییەی کە سەرۆک و بەرپرسانی بەریتانیا و سەرۆک وەزیرانی عوسمانی و سەرۆکە کوردەکان پێیان باش بوو، حوکمی خۆبەڕێوەبەریی ئازاد بوو.

رای دکتۆر فانی زۆر لەگەڵ ئەو دەرەنجامانە جیایە. بەهەرحاڵ نووسەر خۆی، بە شێوازی تایبەتیی خۆی، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کوردەکان دژی داخوازییە رەواکانی کورد نەبوونە.

بە پێچەوانەوە درێخیان لەجێ بەجێ کردنی نەکردووە. نووسەر دەڵێت:

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە چەند ساڵێکە جۆرە بزووتنەوەیەک لە کوردستان دەبینین کە ناوەناوە دەورووژێ و بە راستی زیان لە ئاسایشی تورکیا دەدات. ئەو بزووتنەوەیە ئاکامێکی ساکارانەی

هەڵچوونی هەستی خەڵکە کە خۆپیشاندانێکە دژی چەشنە نا دادپەروەرییەک.

شۆڕشی کورد لە ژێر کاریتێ کردنی هۆکاری جودا جودا پەرەی سەندو رەگ و ریشەیەکی نەتەوەیی نییە، هەر لە جۆری ئەو بزووتنەوانەیە کە لە ئەفغانستان بەرپابوون و چەند ساڵێکیش ئێرانی شێواند.

نووسەر پرسیار دەکات و دەڵێ:

ئایا شتێکی ئاسایی نییە کە ئەو بزووتنەوانەش خۆ بخزێننە کوردستان و هەڵایسێن و بکوژێنەوە، دوکتۆر فانی هەموو گلەییەکە دەخاتە ملی بەریتانیا. ئەو ئیمپراتۆریەتە، چاوی بەرایی نادا ئەوەی نیازی نوێ بوونەوە بێ لە ئاسیا ببینێ... ئەو دەڵێت، تورک لە مێژە ئەوە دەزانن. راستییەکەش بەڕای نووسەر ئەوەیە، ئەوە چارەنووسی کوردە، ئەو گەمەی پێ دەکات لەپێناوی بەجێ هێنانی بەرنامەیەک کە بەپلەی یەکەم خزمەتی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیای پێ بکات. هەر لەبەر ئەوەشە ئێمە دەبینین، نووسەر هەر لە قسەکانی بەردەوامە. شۆڕشی کورد دەبینین. رۆڵەکانی ئەم گەلە مێرخاسە چەندین ساڵە بەهەموو توانایەک پەلاماری دەدەن، ئەوەش تا ئێستا هەر خزمەتی ئەو بێگانانەی کردووە کە کەمینەکان جۆش دەدەن. هەروەها پروپاگەندەی دوژمنانیش، لەنێو توێژی لاوانی کورددا بلاوە... بەبیانووی رزگاری گەل و نەتەوە، تەنانەت پروپاگەندە خۆی خزاندۆتە نێو پیرەکانیش کە لەگەڵ داب و نەریت و برایەتی لە ئاییندا کێبرکێ دەکات.

ئیدی بەم شێوەیە دەبینین نووسەر هۆی سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوانە دەباتەوە سەر پروپاگەندە، ئایا سەیر نییە، گەلی کوردی دێرین، ئازایە، بە رای نووسەر خۆی، بە پیروکاڵ و تۆلازی لە پروپاگەندە بەولاوە مل بۆ هیچ شتێکی دیکە دانەنوێنێ.

نووسەر دەڵێ، دەیەوێ بەتایبەتی و بەشێوەیەکی بەربلاو و پتر بەقووڵی مەسەلەی کورد دابچێ و لەو گەلە بکۆڵێتەوە هەر لە بنچەو رەچەڵەکی زۆر رەسەنییەوە تاکو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کە زۆر کەمی لێ زانراوە. ئەو گەلەی کە چارەنووسی لەسەر شانۆی سیاسیی ئەو سەردەمە تازەیە، زۆر لە زێدە بووندایە. بەو جۆرە نووسەر دان بەو گەلە رەسەن و دێرین و مێرخاسە دادەنێ، باشە نابێ و ناکرێ گەلێکی دێرین و ئازا هیچ داخوازییەکی تایبەتی خۆی نەبێ بیەوێ بیهێنێتەجێ؟!

بەو جۆرە ئەو وێنەیە دەردەکەوێ کە نووسەر مەبەستی بووە راڤەی بکات و نیشانی بدات و تا ئەندازەیەکی باشیش لایەنەکانی ئەو رایانە ئاشکراو روونن.

نووسەر دەڵێ: کورد یەکێکە لە گەلانی ئاسیای خۆرئاواو لە بنچینەدا لە ناوچەیەکی دیاریکراو لە ئێران و تورکیای ئاسیایی جێگیربوونە. نووسەر دەڵێ: هەر لە زۆر زووەوە کوردەکان لە ناو ئەو



شاخ و داخە نیشتەجێ بوونە. نووسەر ناوی ژمارەیەکی زۆری تایفەو هۆزو خێڵی کورد بە فراوانی ئەو وڵات و ناوچانەی کە داگیری دەکەن؛ دەبات. تەنانەت وڵاتەکەیان لە قووڵایی ئەنادۆڵەوە تاکو ئەوسەری لورستان لە ئێران دەڕوات. هەر خۆی دەڵێ: لەگەڵ ئەوەی دووچاری راگوێزانیش بوونە کەچی ژمارەیان هەر زۆر بووەو هەمیشەش تایبەتمەندی خۆیان لەدەست نەداوە و هەر بە ئازادی ژیاون(١٣).

**-٢-** (١)

ئەو وشیارییەی کە دەربڕی واقیعی گەلی کوردە گەیشتە ئەو ئاستەی کە دەتوانرێ بە چاوێکی بابەتییانە سەیری هەر بیرو بۆچوونێکی بکرێ. بۆیە دەبێ لەبەر رۆشنایی ئەوە بچینە نێو ناوەڕۆکی ئەو کتێبە بۆ ئەوەی راو هەڵسەنگاندنمان لەبەر رۆشنایی ئەوەوە بێت.

*** هۆزە کوردەکان:**

دوکتۆر فانی دەڵێت: بەشەکانی گەلی کورد لەسەر پانتاییەکی فراوانی ئاسیای رۆژئاوا بلاودەبنەوە، ژمارەیەکی زۆری تایفە (بەرەباب)و هۆزیان هەن(٢). هەندێ جیاوازییان لە نێواندا هەیە. هەرچی هۆزە کوردەکانن پەلاماری خەڵکانی دی نادەن و بەدەگمەن نەبێ دووبەرەکییان لە نێواندا نییە.

بەو جۆرە نووسەر، دان بە لاشەڕی هۆزە کوردەکان لە ناخداو وەلانانی دووبەرەکی دوژمنکاری بەگشتی دادەنێ.

بەژماردنی هۆزە کوردەکان هەر لە ئەفغانستانەوە دەست پێ دەکات. کورد لەسەر لەبەری ئێراندا هەن، بەختیارییەکانیش لەنێو بنەماڵەی تایفە کوردەکان دادەنێ. زانیاریی پتریشی لەبارەی هۆزەکانەوە هەیە، باسی وێکچوونی خەسڵەتەکانی کوردو تورک دەکات، وێڕای یەک ئاییینیان.

نووسەر دەڵێت: زۆربەی هۆزە کوردە نیشتەجێیەکان بەچاکی ناو و تایبەتمەندییەکانی خۆیان پاراستووە. مەبەستی لێرە ئەو هۆزانەن کە نیشتەجێ بوونە و ژیانی شارستانییانەیان گرتۆتەبەر، پارێزگاری قەوارەی خۆشیان کردووە. بۆ نموونە، وادەبێ چەند گوند لەسەر پارچە زەوییەک موڵکی یەک عەشیرەتەو ناوچەکەش هەر بە ناوی ئەو عەشیرەتەوە هەڵدەدرێ.

*** دانیشتوان:**

نووسەر ژمارەی جۆراوجۆر لە سەرچاوەی نارەسمی سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی کورد تۆمار دەکات. هەر خۆشی دان بە ناوردی و کەمیی زانیاری لەبارەی ئامارەوە دادەنێ، لە کاتێکدا خۆی ژمارەیان بە ٢,٥٠٠ تا ٨,٤٠٠ ملیۆن دادەنێ، ئەوا ژمارەی رەسمیی تورکیش تۆمار دەکات کە ٢,٧٨٩٠٠ ، نووسەر خۆشی دەزانێ بۆچی دامودەزگای رەسمی ژمارەیان بە کەمی دادەنێن.

بەڵام تەنانەت ئەگەر هەر ئەو ژمارە بچووکەی دواییش پەسند بکەین و ئەگەر وای دابنێین کە ژمارەی دانیشتوان ئێستا سێ بەرانبەر بووە، کەشتێکی کەمە بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان لە رۆژگاری نووسەر، بەو خەملاندنەش ژمارەی دانیشتوانی کورد. لە دەوروبەری ٩ ملیۆن کەس دەبێ لە تورکیای ئەمرۆدا.

*** بنەچەو رەچەڵەکی کورد:**

نووسەر دەڵێت: هەر کە هۆزە ئارياييەكانی بەرایی لەبانی بامیر هاتنە خوار هیچ رێگایەکی دیکەی جگە لە رۆژئاوایان بەدی نەکرد. بەم جۆرە بەشێکی ئەوانە هاتنە ئاسیای رۆژئاوا و بانی ئێران و زنجیرە شاخەکان و چیای زاگرۆس. ئەوانە میرنشینی جۆراوجۆریان دامەزراند.

نووسەر زانیاری سەبارەت بە رێورەچەڵەکی کورد تۆمار دەکات و پشتیش بە ئینسکلوپیدیاکان و چیرۆکی گەشتی زەینفون دەبەستێ و دەڵێت: «کورد لەبەرە بەیانی مێژووەوە، پەیدابوونە، بەڵام بنەچەو رەچەڵەکیان پێویستی بەلێکۆڵینەوەی فراوانتر هەیە».

*** ناوی کورد لە چییەوە هاتووە؟**

نووسەر باسی (اشتقاقی) جۆراوجۆری رەچەڵەکی ناوی کورد دەکات. بەلای ئەو قسەیەدایە کە دەڵێ وشەی فارسی- گورد- بە مانای ئازاو پاڵەوان رەنگە رەسەنی ئەو ناوە بێت، رەنگە ئەو قسەیەی نووسەر زۆر راست بێت.

*** نەسەبی کورد**

کورد بوونە موسڵمان. وڵاتەکەیان کەوتە بەر زۆر پەلاماران و لەمەشدا تێکەڵ و پێکەڵییەکی زۆر پەیدابوو، تەنانەت ئەرمەن دەڵێن هەندێ کورد بە رەچەڵەک ئەرمەنی و بەپێچەوانەش کورد دەڵێن ئەرمەن رەچەڵەکیان لە کوردە. بەڵام راستییەکەی وەک نووسەر دەڵێت، بە هۆی دراوسێیی هەردوو گەل تایبەتمەندی چۆن یەکیان هەڵگرتووە.



بەگوێرەی شانامە کورد بەرەچەڵەک ئارین و بە هۆی ستەمی دەئاک پەرت بوونە. لەو بارەیەوە نووسەر ئاماژە بەقسەکانی مەسعودی و هی دیکەش دەکات. بەگوێرەی شارەوای وەرگێڕی ئەوا ناوی کورد- کوردین- کوردیا لە وشەی روسی (گورد) بە واتای (بەهێز، بە خۆناز) دەکات.

دەکری لێرەدا هەندێ راوبۆچوونی بەرێز تۆفیق وەهبی زانا لەو بارەیەوە بێنینەوە. نووسەر بە روونی دەری دەبڕێ کە لەگەڵ هەندێ لەو رایانە سەبارەت بە رەچەڵەکی کورد کۆک نییە.

بەرێز تۆفیق وەهبی دەڵێت، لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ئێستا (بیست. ئازاد) رای سەیر سەیر پەیدابوون گوایە کورد رەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر گەلانی زاگرۆس و گەلانی دراوسێی وەک حوریی و نایریی و گوتی و لولوبی و ئورارتو و عیلامییەکان کە زمانەکەیان لەگەڵ زمانی بنەماڵە قەوقازییەکان دانراوە. بەرای تۆفیق وەهبی زمانی کوردی بەرەچەڵەک دەچێتەوە سەر زمانی میدی- ئاوێستایی.

بەهەرحاڵ زمانی کورد بەرەچەڵەک زاراوەیەکی سەربەخۆی هیندو- ئێرانییە. ئەگەر کورد خۆیان لە هیندو- ئێرانییەکان نەبان ئەوا پەلاماردانی ئارییایی لە ناویان دەبردن[٣].

ئەو دەڵێت: کوردو میدییەکان تێکەڵ بەیەک بوونە لە سەردەمی ساسانییەکانەوە بە کورد ناسران.. ناوی کیرتی Kirti دەبێ بە شێوەی کوردی Kordi زانرابێ. ئەو ناوەی سترابوو بەکاری هێناوە کیرتیوی Kirt-i-oi (لە سەدەی یەکەمی بەر لە زایینی) و ناوی ئەرمەنی کوردیخ Kord-i-x (سەدەی حەوتی زایینی)، هەروەها کورتاییا Kortaiaی بەتلەمیوس بەکاری هێناوە (سەدەی دووەمی زایینی)، مینورسکی [زاناو رۆژهەڵاتناسی ناودار- ئەحمەد عوسمان] پەسەندیان دەکات بەو واتایەی کە وێنەی کۆنی کوردن. بەرێز تۆفیق وەهبی دەڵێت، دەکرێ گەلی کورتاییا Kortaia و دانیشتوانی هەرێمی کوردیخ Kord-i-x کە بڕوا وایە کوردبن، هەموویان وەک کوردوخ (کاردۆخی) کە دراوسێیانن لە هەرێمی کورجیخ کە ئەویش ناوێکی ترەو بڕوا وایە لکێک بێت لە ناوی کورد، هەموویان شارنشین بن... ئێستاکەش کورد لە هەمان شوێن بڵاون، دەبێ ناوی کورد لە کیرتی سترابۆوە هاتبێ نەک لە کاردۆ[٤].

راستییەکەی لێکۆڵینەوەی بەرێز وەهبی تا ئەو ئەندازەیە وردە، لێکۆڵینەوەکەی دوکتۆر فانی لەهەمبەردا بچووک دەبێتەوە لەو گۆشە تایبەتەی بەرەسەنی ناونانی کورد. خۆشی هەندێ را بەرپەرچ دەداتەوە و جەخت لەسەر رەسەنی میدی ئێرانی گەلی کورد دەکاتەوە.

نووسەر دەپرسێ و دەڵێت: «ئایا بە مێشک دادێ دە ملیۆن کوردی شارستانی ئەمرۆ نەوەی ئەو کیرتیانە نەبن کە لە سەدەی یەکەمی زایینی ناویان براوە» ئەو پێی وانییە ناوی کورد لە وشەی

گورد-ی پەهلەوی یان لە وشەی (خورت)ی کوردییەوە هاتبێ[٥].

بەڕای ئەو زمانی کوردی هەمان زمانی میدییە، واتە ئەو زمانەی کتێبی پیرۆزی ئاوێستای پێ نووسراوە.

### * زانستی کۆمەڵایەتی کورد:

نووسەر دەڵێ، لە دێر زەمانەوە ژیانی کۆمەلایەتی کورد زۆر نەگۆڕاوە. دوای هەموو پەلامارە بیانییەکان کورد بە ساغی مانەوەو قەوارەی خۆی پاراستووە و خۆیان لە چیاکانیان پەناداوە. ئەستۆی هەموو هێزێکی داگیرکەری لەسەر کەڤرە بەرزەکانی وردوخاش بووە.

ڕاستییەکەی کورد خۆیان نەک کەڤرە بەرزەکانیان، تا بۆیان کرابێ کۆشاون خۆیان لە مەترسی دووربخەنەوە.

نووسەر دەڵێ: تا دوادوایی سەدەی نۆزدە دەرەبەگایەتی لە کوردستانی تورکیا بەردەوام بوو بەڵام لە ئێران هێشتا نەگۆڕاوە.

کتێبی شەرەفنامە بەدرێژایی چاخەکان ناوی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کورد دەبات.

نووسەر دەڵێ: کورد ژیانی ڕەوەندیان پێ خۆشە[٦]. چڕیی دانیشتوان لە یەک کیلۆمەتر لە (٨) کەس تێناپەڕێ. کورد لەیەک وەرزدا بۆ شوێنی دوور بە دوای لەوەڕدا دەگەڕێن، ئافرەتی کوردیش کە بە جوانی و ئازادی ناویان کردووە نەخشی کۆمەلایەتی دیاریان هەیە.

نووسەر دەڵێ: کورد ئۆلداران (دیندارن)، توانای فێربوونیشیان هەیە. «هاوکاریی ئەو گەلە هێزێکی گەورەیە بۆ ئەوەی بتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ». «ئەو هێزە خزمەتێکی ئەوەندە زۆری بۆ شکۆمەندی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بزووتنەوەی نیشتمانی کردووە، لەبیرناکرێ. لەشەڕی ئەم دوایییەی سەربەخۆی کورد سەلماندیان هاوپەیمانی دڵسۆزن». «ئازایی و بەشەرەفی و دڵسۆزی ئەو خەسڵەتە ڕەسەن و جوانانەی تایبەتی ئەو گەلەن».

فانی دەڵێت: هەموو دانەران، بە ئازایی و شکۆیی کوردان دا هەڵدەڵێن، هەموو ئەو گەڕیدەو گەشتیارانەی سەردانی وڵاتی کوردەوارییان کردووە بیرەوەری جوانیان سەبارەت بەسەرفرازیی کوردەوە هەیە.



نووسەر هەندێ لەو هەوارانە بەسەردەکاتەوە کە گەلی کوردی وەک گەلانی دیکەوە تێیدا ڕۆیشتوون، ئەو پێی وایە هەموو گەلانی ئەورووپا خۆشیان لە کۆنەوە بەو جۆرە هەوارانەدا ڕۆیشتوون، وەک گالییەکان و فەرەنگ و فندال و هون و نورماندی کە بە هەواری جۆراو جۆر و ماوەی دوورودرێژ ژیاون.

نووسەر دان بەوە دادەنێ کە دەوڵەتی عوسمانی گەلێ پەلاماری سەربازی بۆ ناچارکردنی جێنشین بوونی کۆچەرەکان سازداوەو زۆر بە نالەبارانە دوژمنایەتی گشتی لە وڵات نایەوەو ئاکامەکەشی چەندین شۆڕشی لە دژی حکومەتی سوڵتان لێ کەوتەوە.

### زمان و ئەدەبی کوردی:

زمانی کوردی سەربە خێزانی زمانە هیندو- ئەورووپاییەکانە سەر بەکۆمەڵەی ئێرانە، بەڵام نووسەر دەڵێت تایبەتمەندی سەربەخۆیی هەیە. بەقسەی هارت زمانی کوردی تا ئەمڕۆش هەندێ وێنەی لەزند ماوە، وەک ڕاناوی - ئەزم- واتە: من، کە بڕواوایە دوا شێوەی ڕاناوە لە زمانی میدیای کۆن.

زمانی کوردی... دیاردەی هەڕەمەیی نێوان توخمەکانی، تێدا دیارە، بەتایبەتیش زاراوەی عوسمانی کە بەهەزاران وشەی فارسی و عەرەبی دەوڵەمەند بووە.

### ئەدەبی کوردی:

لەبارەی کوردەوە نووسەر دەڵێ، وێڕای دۆخی لاچەپانەیان- ئاوا- هەمیشە شاعیری خۆیان هەیە. تێیاندا هەست ناسک و خودان ڕەسەنایەتی قووڵ. بە ناوبانگترینیان عەلی هەریری و جەزیری و فەقێ تەیران و مەلای باتیی.

(شەرەفخان) خزمەتێکی مەزنی گەلەکەی کردووە و ئەحمەدی خانیش چیرۆکی (مەم و زین)ی نووسیووە، ئەوەی ئەدەبی سەرەکی کوردییە.

شەریف خانی هەکاری پایەیەکی تایبەتی هەیە لە نێو ئەو شاعیرانەدا، ئەویش لەبەر شێوازی پاراوی.. لە ساڵی ١٦٨٩ لە جۆلەمێرگ کۆچی دوایی کرد.

سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بە ڕاستی بە سەردەمی بوژانەوەی ئەدەبی کوردی دادەنرێ. لەو سەردەمەدا ئەو شاعیرانە پەیدابوون: بابا تاهیری عوریان و شێخ مارفی نۆدەیی و نالی، کەبە هۆی بەرزی هەست و سۆزیان و شێوازیان، ئەوانی پێشوویان بۆڕدان. ئینجا مەحوی و ئاهی و سالم و ساحێبقران و مستەفا بەگی کوردی و قەرەجەهەنەم و عەبدولڕەحمان بەگ و شارەزووری و مەولەوی.

ئەو زانایانەی کورد وەک: مەولانا خالید و زەهاوی و موفتی بەغداو رەسووڵ زەکی و زانای جەبری بەناوبانگ شێخ قاسم و بیرکاریزان شێخ جەلال و شێخ یەحیا و مەلای خەتێ[٧]، پەیدابوون.

*** ئایین:**

نووسەر دەڵێ: (کورد هەموویان موسڵمانن)، کورد لەو دوو گەلە تۆرانییەی میدی و بەرتینی کەوتوونەتەوە.

بەو جۆرە دەبینین هەندێ جار نووسەر خۆی زیان بەکارو کتێبەکەی دەگەیەنێ. چەندین جار هەوڵ دەدات بەهەر وێنەیەک بێت پەیوەندییەک. لەنێوان کورد و تورک بدۆزێتەوە. جا ئەگەر ئەوە راست بێت دیارە زیانی بۆ کەس نییە، بەڵام خۆشی بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوی نییە. وەک زانراوە هەر بەگوێرەی کتێبی نووسەر خۆی میدی و بەرتینی لەگەلانی ئارین. باشتر وابوو نووسەر پێناسەیەکی رەچەڵەکی ئەوانەی لە کتێبەکەدا کردبا.

## مێژووی کورد:

نووسەر دەڵێ: مێژوونووسە کلاسیکییەکان کوردیان بە هەرەمەیەکی نێوان میدی و بەرتینی تێکەڵاو لەگەڵ تورکمان داناوە. پاشان چوونە ژێرباری یەکێتی سیاسی ئێران لەسەردەمی ئەخمینی.

پتریش دەڵێت: بەڵام دێرینی کورد بەبێ هیچ گومانێک سەلمێندراو و لێی بۆتەوە، بەتایبەتیش لە ریوایەتی زینەفۆندا.

بەڵام دێرینی کورد بەڵگەی بەر لەزینەفۆنیش سەلمێنراوە هەروەک لەو کتێبەی خۆیدا دیارە.

نووسەر دەڵێت: زینەفۆن لە هەڵوێستێکی ئەوتۆدا بوو کە دەیتوانی وێنەیەکی باوەڕ پێکراوی بارودۆخی ئەتنولوجی کوردو کاردۆکییەکان، هەروەک ناوەکە لە کتێبەکەدا هاتووە، روون بکاتەوە، هەروەها دەڵێت: بەڵام ئەوەی راستی بێت، زۆر گرانە کە دان بەوە دابنرێ ئەو سەدان هۆزە کوردانەی لە خوراسان و بلوجستانە تا قووڵایی ئەنادۆڵ دەڕوات هەر هەموویان بە تەنیا هەر لە کاردۆکییە ئازاکان جودا بووبنەوە،، بۆیە پێی وایە پێویستە تۆژینەوەی پتر بکرێ بۆ روونکردنەوەی ئەو رێوڕەچەڵەکە. نووسەر رای دیکەش لەو بارەوە دەنووسێ، دەچێتە سەر شۆڕش و راپەڕینە زۆرەکانیان.



## میرنشینە کوردییەکان:

نووسەر باسی میرنشینە کوردییەکان هەر لە سەدەی دەیەمەوە دەکات. مێژووی دروست بوونی زۆر حکومەت و میرنشینی کورد لە ئاسیای رۆژئاوا و دەوڵەتە سەربەخۆکانیان دەنووسێ، بەڵام وەک دەڵێ لاوازە. میرنشینەکانیش ئەمانەن: شەدادی و حەسنەوی و مەروانییە کوردەکان و هی دیکەش. یەکەمجار هەرێمی کوردستان لە سەردەمی سەلجوقییەکان پێک هات و میر سەنجەریش سەرداری بوو.

*** ژیانی کورد لە پەلاماری تورکدا:**

نووسەر دەڵێت: میرنشینە کوردەکان توانیان سەربەخۆیی ناوخۆیان لە نێوان ئێران و تورکیا بپارێزن.

بنەماڵە کوردەکان و بنەماڵە گەورەکان خۆیان وەک ئەیوبی و مەڕوانی و حەسنەوی دەستپێشخەری وایان نەکرد جەماوەر بۆخۆیان رابکێشن بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی. دیارە مەبەستی پێ قەوارەیەک بێ هەموو کورد بگرێتە خۆی.

سوپای سەرفرازی ئەیوبییەکان، تورکیشی تێدابوون. لاپەڕەیەکی شانازی مێژووی کورد کەریم خانی (زەند) پڕی کردۆتەوە. خزمەتێکی مەزنی کرد.

نووسەر باسی شۆڕشی ئەوڕەحمان بابان و کوردی حەیدەرانلی و سبکانلی و دەست تێوەردانی ئێران لە کاروباری تورکیا دەکات تا بەستنی پەیمانی ئەرزەڕۆمی یەکەم (١٨٢٣)، پاشان شەڕ دەستی پێ کردەوە و روسیا و بەریتانیا هاتنە ناوی و پەیمانی ئەرزەڕۆمی دووەم (١٨٤٧) بەسترا.

ئینجا سەردەمی شۆڕشەکان داهات کە تورکیای لاواز کردبوو: شۆڕشەکانی محەمەد پاشای کۆرە، راپەڕینی ئێزیدییەکان، شۆڕشی بەدرخان و نوراللەی هەکاری ئیسماعیل بەگ. (سمکۆ) و سەعید بەگ (رەنگە مەبەستی شێخ سەعیدی پیران بێ کە لە ساڵی ١٩٢٩-١٩٢٥- ئازاد-، شۆڕشی کوردی راگەیاند). [ئەحمەد عوسمان]. محەمەد پاشای (رواندزی) سەربەخۆیی راگەیاند، شێخ عوبەیدوڵڵای نەقشبەندی شەمزینان شۆڕشی بەرپاکرد (مەبەستی شۆڕشی کوردی ساڵی ١٨٨٠).

نووسەر دەڵێت: گرنگترین دیاردە کە لەو سەروبەندەدا سەری هەڵدا مەسەلەی ئەرمینیا و چاکسازی ئەرمەنی بوو کە لە پەیمانی سانستیڤانو و بەرلین (١٨٧٨) باس کرابوو و دەستتێوەردانی وڵاتانی زلهێز بۆ بەرژەوەندی ئەرمینیا، کە ئەمەش بەتایبەتی لەدژی بەرژەوەندی کوردو چەرکەس و تورکیا بوو. ئەوەش وای لە سوڵتان کرد کار بۆ دروست کردنی تەگەرە لەبەردەم

چاکسازی ئەرمینیا و بوژانەوەی ئەرمەن بکات، وەک دروست کردنی سوارەی حەمیدی.

***کوردستان:**

کوردستان بە فارسی واتە (وڵاتی کوردان) ئەگەرچی کورد زۆر لەمێژە هەنە، بەڵام تا کۆتایی شەڕی گەورەی یەکەم خەونیان بە دروست کردنی قەوارەی نەتەوەیی نەدەدیت. نووسەر دەڵێ هەموو ئەو بەڵگەنامە کۆن و نوێیانەی توانیوویەتی دەربارەی کوردستان کۆیان بکاتەوە وردنین و تێک ناکەنەوە.

بەپێی کتێبی (تقویم البلدان)، نووسەر دەڵێ، (وڵاتی کوردان) پانتایەکی زۆر بەرفراوانی هەیەو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە:

جەزیرە، عیراق، چیا، ئازەربایجان، ئارارات، ئەرمینیا و بەشێکی وڵاتی رۆم (ئەنادۆڵ) کوردستان دابەشی سەر (١٨) (ولایەت) کراوە. ئەبو فیدا سەبارەت بەکوردستان دەڵێت: ئەو وڵاتانە بەدوای سنووری خوزستانی عیراق و چیاو جەزیرە و ئەرمینیا و موکان و ئازەربایجان دێن، یەکێتی کارگێڕی نەتەوەیی نییە.

*** لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کردستان)، ژ(٥٤)، ١٩٧٩، ل١٤-١٨، بلاوکراوەتەوە.**

**-٣-***

**دوکتۆر فانی دەڵێت:**

هەرچی شەرەفەدینی -خاوەنی کتێبی شەرەفنامە-یە ناوچەی دەرسیم و جەمشگەزک لەناو سنووری کوردتستان دادەنێت، دانەری کتێبی (نزهة الاحکام)یش هەمان شت دەکات (ناوچەی دەرسیم و جەمشگزک دەکەوێتە نێوەڕاستی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە کوردستانی باکوور).

جوگرافیناسی ناودار حەمدوڵلای مستەوفی کە لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەم ژیاوە لە کێبی - نزهة القلوب-دا دەڵێت کوردستان دابەشی سەر ١٦ ویلایەت دەبوو. فانی نووسەریش دەڵێت ئەو سنوورە روون ودیار نییە و دەبێ شاری دیکەش بخرێنە سەر کوردستان.

دەڵێین لە راستییدا ئەو قسەی دوکتۆر فانی راستە. بە گوێرەی ئەولیا چەلەبی گەڕیدەی بەناوبانگی تورکیش زۆر ویلایەتی دیکەش لەنێو کوردستانن کە درێژییەکەی نزیکەی حەفتا هەوارە.



نووسەر دەڵێت: ئەو نەخشە جوگرافیایانەی کوردستان کە نووسەر بینیووینی و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون تێنووێتی ناشکێن. ئەو نەخشانەی لە کتێبخانەی نیشتمانی پاریس دۆزیوەتەوە.هەندێ لەو نەخشانە تا ئەندازەیەک کۆنیشن. ئاماژە بە خشتەی سیر مارک سایکس و ئینسکلۆپیدیا جۆراوجۆرەکان دەکات کە ئاماژە بە کوردستان لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا دەکات، ئەوە لە کاتێکدا ناوی کوردستان لە سەدەی دەیەم پەیدا بووە وەک ئاماژە بە ناوچە کوردەوارییەکان لە ئێران. هەروەها نووسەر دەڵێت: «دوژمنانی تورک ئارەزوویانە بەلکانێکی دی دروست بکەن و گرێی دوژمنایەتی سیاسی بە وروژاندنی هەستی نەتەوەیی کۆمەڵی کورد و ئەرمەنی وەکو رۆژهەڵاتی وڵات لە رۆژئاواش خۆش بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش خەڵکی گەڕیدە و مژدەدەران (مسیۆنێرەکان)، زانست و مێژوو بەکاردەهێنن، واتە وریا کردنەوەو وروژاندنی ئەو دوو نەتەوە دێرینە (بەو جۆرە ئەوان دوو نەتەوەی دێرین بە هەرحاڵ ئەوە دان پێنانێکی دروستی نووسەرە) لە دژی وڵات، بۆیە نووسەر دەڵێ، سنووری کوردستان و ئەرمینیایان وێک هێناوە بۆ ئەوەی بکەوێتە نێو دەوڵەتی عوسمانی. بەقسەی نووسەر، ئامانج لە و نەخشەیە هەڵاوێردنی ئەرمینیا و کوردستانە لە روسیا وئێران و جەخت کردنە سەر بانگەشەکردن بۆ کوردستان و ئەرمینیای ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کە چەندین سەدە لە ژێر باری ستەم و دەسدرێژی دەیناڵاند. (ئەوە قسەی نووسەر خۆیەتی).

بێگومان ئەو دەرەنجامەی نووسەر پشتی بە هیچ بنەمایەکی توندوتۆڵ نەبەستووە، نە لەرووی مێژوویی و جوگرافیایی و نە لەلایەنی بانگەشەی سیاسی و دەرەکی کە هەمیشە تیرە ژەهراوییەکەی لە گەلی کورد خۆی دەگرت.

**کوردو مەسەلەی ئەرمەن:**

نووسەر مێژووی کۆنی ئەرمینیا تاکو کەوتنە ژێر باری دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر دەکاتەوە وخۆشی دان بەو راستییە سیاسییە دادەنێ کە دووچاری دەبن. لە سەدەی نۆزدەیەم سەردەمی دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز بۆ چاکەی فەلەکان لە بەلکان و لە رۆژهەڵات دەست پێدەکات. جا میسیۆنێرو گەڕیدە و کونسولەکان، ئەرمەن و کورد و(ئاوا-کذا) و هەروا کەمینەکان لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دنە دەدا، ئەو سیاسەتە لە کۆنگرەی سان ستیڤانۆ گەیشتە چڵەپۆپە، کاتی کە روسیا چاکسازی ئەرمەنی ناوداری بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپاند، نووسەر دەقی ماددەی (١٦)ی پەیمانی ناوبراو دەنووسێتەوە[1].

نووسەر دەڵێت: ئەنجامی ئەو پەیمانە لەو نەخشەیەدا دەردەکەوێ کە پەترپارکە ئەرمەنەکان دابوویانە کۆنگرەی ناوبراو و کۆنگرەی بەرلین کە شوێنی ئەوی گرتبۆوە، لە ئەنجامدا ئەرمەن

سەربەخۆییەکی فراوانیان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد.

سەبارەت بە ناوهێنانی پەیمانی بەرلین کە لە ٢٣ی تەمموزی ساڵی (١٨٧٨ نەک ١٧٨٨و) لەلایەن وڵاتە زلهێزەکان مۆرکرابوو تاکو شوێنی پەیمانی ستیڤانۆی ناوبراو بگرێتەوە، ئەوا لە بارەی چاکسازی ئەرمەنی لە پەیماننامەکەدا نووسراوە ئارەزوو و ویستی وڵاتانی زلهێزبوو. جا مەسەلەی ئەو چاکسازیانە لە ماددەی (٦١)ی پەیماننامەکەدا ئاوا دارێژراوە:

«دەروازەی باڵا، بەبێ زۆر خۆگرخاندن، ئەو چاکردن و چاکسازیانەی (REFORMS) کە پێداویستی ناوچەیی وای دەخواست لەو ناوچانەی کە ئەرمەنی تێدا نیشتەجێن بکرێن، پاراستنی ئەمن و ئاسایشییان لە دەستدرێژی چەرکەس و کورد بوو. دەروازەی باڵا ناوە ناوە هەنگاوە هاوێشتراوەکان بۆ وڵاتانی زلهێز رادەگەیێنێ کە ئەوان سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی دەکەن»[٢].

بەو ئاوایە وڵاتانی زلهێز، لای کەم بە شێوەیەکی یاسایی و تیوریی، مەسەلەی چاکسازی ئەرمەنییان بە رەسمی گرتە ئەستۆ، ئیدی بەو جۆرە لەو رۆژەوە هەرگیز بوار بۆ هیچ کەس نەما، نە بۆ دەوڵەتی عوسمانی و نە بۆ ئەوانی دیکە و نە بۆ نووسەریش، کە مەسەلەی ئەو دوو گەلە تێکەڵ بە یەک بکەن کە چەندین سەدە بە تەبایی و برایەتی بە یەکەوە ژیاون. یاخود هەردوو مەسەلە بخرێنە یەک سەبەتەوە. هەر بەو جۆرە مەسەلەی کورد تا کۆتایی هەر بە تەنیا و بێ پشتیوان مایەوە. وێڕای هەموو شتێ، ئەوا مەسەلەی ئەرمەنیش بووە گەمەی دەستی وڵاتانی زلهێز. ئەو سیاسەتەی بووە بەڵای گەورەو مەرگەسات ومالوێرانی بەسەر هەمووواندا هێنا. کە جگە لە کردنەوەی دەرگا بۆ دەست تێوەردانی ئەو دەوڵەتانەو دەوڵەتی عوسمانی بواری زۆری رەخساند بۆ هۆنینەوەی جۆرەها پیلانی خەندەئاورو خەفەتبار.

وڵاتانی زلهێز لە حوزەیرانی ١٨٨٠ یادداشتێکیان دایە حکومەتی سوڵتان تێیدا پێیان لەسەر داواکردنی بەجێ هێنانی ناوەڕۆکی پەیماننامەی چاکسازی لەبارەی ئەرمەنییەوە دادەگرت.

پاشان نووسەر وەڵامی تەواوی عارفی پاشای سەرووەزیر بۆ ئەو یادداشتەی وڵاتانی زلهێز تۆمار دەکات. دوکتۆر مەسعود پتر دەڵێت: مەبەستی وەڵامی عارفی خۆدزینەوەبوو لەو ئیلتیزاماتانەی کە لە پەیماننامەی بەرلین دەربارەی ئەرمەنەکانی دانیشتوانی کوردستانەوە هەبوو.

وڵاتانی زلهێز وەڵامی حکومەتی عوسمانییان رەت کردەوە ومەحکومیان کردو لەو یادداشتەی رەت کردنەوەدا (ئەیلولی ١٨٨٠) نووسیویانە کە ئەو سەروبەرە کاریگەرییانە لە وەڵامی سەرووەزیراندا هاتووە هەرگیز پەسندنین و جێگای ئەو چاکسازییە فراوانە داواکراوانەش ناگرێتەوە (بەتایبەتیش ناکرێ کوردە کۆچەرەکان لەگەڵ ئەرمەنە جێنشینەکانی ناو هەمان چوارچێوەی کارگێری لەگەڵ یەک دابنرێن).

ئەو وڵاتانە جەختیان لەسەر پێویستی جێبەجێ کردنی چاکسازییە چاوەڕوانکراوەکان کرد،



داخوازییەکی نوێشیان سەبارەت بە ئاشوورییە فەلەکان خستەسەر.

ئیدی بەو جۆرە خوێنەر دەبینێ، وڵاتانی زلهێز گەلی کوردو هەموو گەلانی رۆژهەڵاتی عوسمانی ستەمدیدەی وەک عەرەب وکوردو چەرکەسیان فەرامۆش کردبوو.، تەنانەت بە کردەوە لە خانەی دوژمنان دانرابوون، بە بێ ویستی ئەو گەلانە. وەک ئەوەی بەمەش وڵاتانی زلهێز ناوبڕ وکۆسپ دەخەنە نێوان ئەو گەلانە و ئەرمەن بۆ ئەوەی لێک داببڕێن.

نووسەر دەڵێت، هەرکە ئەرمەن راپەڕین، ئەوا وڵاتانی گەورەی ئینگلیز وفەڕەنساو روسیا یادداشتێکیان دایە دەروازەی باڵاو تێیدا داوای چاکسازی هەنووکەییان کردبوو، لەبەر ئەوە ولە ئاکامی ئەو گوشارانە، دەروازەی باڵاش یاسایەکی نوێی چاکسازی لە ساڵی ١٨٩٥ دەرکرد. بەپێی ئەو یاسایە حکومەتی عوسمانی بەڵێنی دا زنجیرەیەک چاکسازی لە کوردستان بۆ چاکەی ئەرمەن لە دەزگا کارگێڕییەکاندا بکات.

هەر ئەو یاسایە پرۆژەیەکیشی سەبارەت بە رێوشوێنی بەڕێوەبردنی هۆزە کوردەکان تێدابوو. ئەو مەسەلەیە زۆر بە جیدی باڵیۆزی هەموو وڵاتە زلهێزەکان و دەروازەی باڵای بەخۆوە خەریک کردبوو.

روسیا وفەڕەنسا و ئینگلتەرە گەلاڵەیپرۆژەیەکیان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی تایبەت بە هۆزە کوردەکان پێشکەش کرد. پرۆژەکە جمووجۆڵ و هاتوچۆی هۆزە کوردەکانی بۆ پاوان و لەوەڕگاکان دیاری کردبوو. تێیدا داواکرابوو سانسۆر دابنرێ- فەرمانبەرێکی گەورە بە ناوی (عشیرت مدیری) دابمەزرێ- دەسەڵاتی گرتن وناردنی تاوانبارانی بۆ دادگاکان و جێبەجێ کردنی بە توندی سەربازگری لە سوپادا بەسەر هۆزە نیشتەجێ و کۆچەرەکان (هۆزە جێگیرو کۆچەرەکان پێکەوە!) بسەپێنێ و وابکرێ هۆزە کۆچەرەکان نیشتەجێ بن و زەوی رەنێو بهێنن و زەوی دابەش بکرێ، لێ نەگەڕێن نیشتەجێکان هەراسان بکەن و لە مافی هەڵبژاردنیش بێ بەش بکرێت. (بە کورتی مۆرکردنی سزای بە کۆمەڵ دەرهەق بە هەموو توێژێکی کورد!).

لە ساڵی ١٨٩٥ حکومەتی عوسمانی یاسایەکی لەو شێوەی تایبەت بە - بەرزەفت کردنی هۆزە کوردەکان- دەرکرد، نووسەر دەڵێ دەرکردنی ئەو یاسایە لە سەر ویستی وڵاتانی زلهێز بووە؛ ئەو یاسایە لەبەر رۆشنایی پرۆژەی گۆڕینی باڵیۆزەکان دارێژراوە.

لە دوای شەڕی بەلکانیش ١٩١٢-١٩١٣ داخوازییە چاکسازییەکانی ئەرمەن نوێ بۆوە. نووسەر باسی گوشاری توندی ئەرمەنەکان دەکات بۆ سەر دانیشتوانی کورد وتورک و تۆڵەسەندنەوەیان لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی.

بەر لەوەی پتر بەدوای لێکدانەوەی ئەو مێژووەدا بچین، با نەختێ بووەستین و سەیری ئەوە بکەین بزانین چ لە بارەی ئەو مەسەلەیە نووسراوە، پەیوەندی کورد-ئەرمەن، دەست تێوەردانی وڵاتانی زلهێز بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، ئەو دەست تێوەردانەی کە یارمەتی تێکچوونی

پەیوەندی نێوان ئەو دووگەلە بوو. ئەو پەیوەندییەی چەندین سەدە پێش ئاسایی بوو، واتە دەست تێوەردانی دەرەوە یارمەتی بە جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی کرد کە لەسەر لێک هەڵبڕانی ئەو دوو گەلە و تێکدانی پێوەندیان دامەزرابوو.

هەر لەو مێژووەوە لەو رووداوانەی رۆژانەی خۆئامادەکردن بۆ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای شەمدینانی لە ساڵی ١٨٨٠دا سروشتی پێوەندی دامەزراوی دۆستایەتی نێوان گەلی کورد و گەلانی مەسیحی/ئاشووری و ئەرمەن و یاقوبی هاوسێیان دەرکەوتبوو.

جەلیلی مێژوونووس دەڵێت:

لەو راپەڕینەدا ئاشوورییەکان یارمەتی کوردیان دا و مار شەمعونی سەرۆکی ئاشوورییەکان پێوەندی لەگەڵ شۆڕشگێڕان دامەزراند[٣].

شێخ عوبەیدوڵلای سەرکردەی ئەو شۆڕشە هۆزە کوردەکانی یەکخست، دەروازەی باڵاش لە ترسی تەقینەوەی دیکەو بێ توانایی لە ئاست سەر نەگرتنی ئەو یەکێتییە، ویستی ئەو یەکڕیزییەی کورد لە دژی گەلی ئەرمەن بەکاربێنێ. مەبەستی بوو بەو یەکێتییە بۆ دوژمنایەتی ئەرمەن مشتوماڵ بکات و پاشان بۆ سەرکوت کردنی راپەڕینی کوردان پەنا بۆ وڵاتانی ئەوروپایی ببات و لایەنگیری لێ بکەن[٤].

بە هەمان رێبازیش، رۆژنامەی (عوسمانلی) کە لە ئەستەنبوڵ دەردەچوو ئەرمەنییان بە نیاز خراپی گوناهبارکرد، بەو داوایەی دەیانەوێ بەرێگای بڵاوکردنەوەی فەلەیی، کورد بتوێننەوە.

بیانووشیان ئەوە بوو کە ئەرمەن منداڵی کوردان بۆ قوتابخانە بیانییەکان رادەکێشن.

هەرچی رۆژنامەکانی (وەقت) و (حەقیقەت) بوو، دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی وتاری داکۆکی لەو کوردانەی کە ئەرمەنەکان بە شێوازێکی دڕندانە دەیانچەوسێتەوە.

سیاسەتی دەروازەی باڵاش توندکردنی ناکۆکییەکان بوو، بەتایبەتیش ناکۆکیی نێوان کوردو ئەرمەن[٥].

رافی نووسەری ئەرمەنی لە وتاری (یەکێتی کوردان)دا شاهێدی دەدات کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی گەرەکیانە کورد لەناو ببەن و تورکیای ئاسیاییان بە یەکجاری لێ پاک بکاتەوە![٦].

دوکتۆر جەلیلی پتر دەڵێت: لە نووسراوەکاندا زۆر شت سەبارەت بە پێوەندی کورد و ئەرمەن نووسراوە و ئەو مەسەلەیەش بە تەواوی لێی نەکۆڵدراوەتەوە. بۆیە واباشە هەندێ راستی سەبارەت بە پێوەندی دۆستایەتی دامەزراوی بەردەوامی نێوان هەردوو گەلی کوردو ئەرمەن بخەینە بەرچاو.

ئەوەی جێی سەرنجە، تێڕوانینی دەستەی پێشکەوتووی ئەرمەنەکانە کە پێشنیاری شێوازێکی بەرەودوای پێوەندی کوردو ئەرمەنەکانە: ئەویش دامەزراندنی یەکێتییەکی کوردی – ئەرمەنییە دژی دەروازەی باڵا... لە دەراوی خەباتی هاوبەشی کورد و ئەرمەنەوە، دەکرێ بە خۆسازدانێکی ورد بۆ



ئەو تێکۆشانە بهێنرێتە دی. لە نامەیەکی (هوراتونیان) بۆ هونەرمەندی فۆلکلۆری ئەرمەنی سەرفانزیان پێشنیار دەکات کار بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ کورددا بکرێت. ئەو (هوراتونیان-و.) دەنووسێ: بابەتی بایەخدار بۆ ئەرمەن ئەوەیە کورد بناسێ و لەو رێیانە بتوێژێتەوە گرێی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تۆکمەتر بکات.

هەر کە رۆژنامەکانی تورکیا و ئەوروپا بەبۆنەی دروست بوونی یەکێتی کوردی هەرایان نایەوە، رۆژنامەی ئەرمەنی (ئەرفلیان مامول) لە سەروتارێکیدا رەخنەی لە هەندێ (دیپلۆماتی) ئەرمەنی گرت و جەختی لەسەر پێوەندی برایانەی ئەرمەنی لەگەڵ گەلانی دەوروبەر دەکردەوەو پێشنیاری فراوان کردن و توندوتۆڵ کردنی دۆستایەتی لەگەڵ کورداندا کرد[٧].

خەڵکی پێشکەووتوخواز بە بایەخەوە لە پێوەندی چارەنووسی گەلی کورد بە گەلی ئەرمەنەوە دەڕوانی کە هەر لە کۆنەوە سەرو ساختی کۆمەڵایەتی و ئابووری توندوتۆڵیان بە یەکەوە هەبوو کە ستەمی گرانی عوسمانییان هەردووکیانی یەک خستبوو، بیرمەندانی دیموکراتی ئەرمەنی، کوردیان وەک ئەرمەن بەگەلێکی چەوساوە دادەنا. درکیان بە هەستی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی خەفەکراوی جووتیاری کورد دەکرد. دڕندەیی و گەندەڵی ئەو بەرپرسە عوسمانییانەی، کوردە نەدارەکانیان چەپاو دەداو ریسوا دەکرد[٨].

لە ساڵی ١٨٨٠ هەردوو رۆژنامەی (میکو ئەیاستانی)و (مشاک) سەبارەت بە کێشەی کورد کەوتنە مشتومڕێکی توند.

ئەوەی سەرنج رادەکێشێ وتاری (ئەرمەن و کورد) بوو کە لە تشرینی دووەمی ١٨٨٠ لە رۆژنامەی (میکو ئەیاستانی) بڵاوکرابۆوەو نووسەرەکەی هەوڵی داوە پێوەندی دۆستانەی هەمیشەیی نێوان کوردو ئەرمەن لەسەر بنەماو بەڵگەی مێژوویی بسەلمێنێ ... وا دیارە جیاوازی بیروباوەڕی ئایینی نە بۆتە هۆی ناکۆکی نێوانییان، نووسەر بڕوا بە سۆزی قووڵی جووتیاری سادەی کورد دەکات و داوا لە ئەرمەنەکان دەکات پێوەندی دۆستایەتی دامەزراوی لەگەڵ کورداندا بە هێز بکات و ئاماژەش بە بەرخورداری بەسوودی زۆری بۆ هەردوو گەل دەکات.

لە راگەیاندنی هەوڵی سەرەتایی یەکخستنی کوردو ئەرمەن و ئاشووردا، رۆژنامەی بەناوبانگی ئەرمەنی (مشاک) دەنووسێ: سەرەنجام یەکێتییەکی جەربەزانە لەنێو گەلانی وڵاتەکەماندا سەری هەڵدا [٩].

هەندێ سەرۆک و سەرداری ئەرمەن و ئاشووری، چ بە هۆی لاوازی، یانیش لە تێخوێندنەوەو تێڕامانێکی دروستی بارودۆخ و هێزیانەوە بێ یاخود لەبەر هەندێ ناڕوونییەکەوە بێ، پشتیان بەو بیرۆکەیە دەبەست کە دەیگوت تەنیا دەوڵەتە ئەوروپاییەکان دەتوانن ئاواتی کەمینە مەسیحییەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا وەدی بهێنن ودەبێ ئەوان بۆ چاک کردنی ژیانی خۆیان پشت بەو دەوڵەتانە

بەستن.

مێجەر نۆئیلی ئینگلیزی بەناوبانگ و شارەزای کاروباری کوردو ئەرمەن لەو راپۆرتە گرنگەی کە لە تەمموزی ١٩١٩ سەبارەت بە مەسەلەی کورد بە گشتی و پێوەندی کورد-ئەرمەن بەتایبەتی کە بە ناونیشانی (هەندێ تێبینی لەبارودۆخی کورد) پێشکەشی کردبوو، زۆر بەروونی راستی پێوەندی دۆستایەتی لە مێژینەو تەنانەت تاوەکو سەردەمی نوێش، لە نێوان گەلی کوردو ئەرمەن بە دەردەکەوێت. بەروونیش ئاماژە بە کۆششی حکومەتی عوسمانی و ولاتانی زلهێز و نێوەندە دیاریکراوە ئەرمەنییەکان دەکات لەسەر کاریگەری خراپی پێوەندی کورد لە ئەوروپا وەک پیاوێک سەیری دەکرێ کە سەرلەبەری کاروکردەوەی لە ژیاندا سەربڕینی ئەرمەن بێ... چۆن ئەو بیرە درۆیە بۆتە باو، کەچی هەموو ئەو گەڕیدە ئەوروپاییە بیانییانەی هاتوون لە نزیکەوە -لە کوردستان بکۆڵننەوە- لە گەڕانەوەیاندا، بیروباوەڕی زۆر باشیان لەبارەی کوردەوە لا دروست دەبوو، لەگەڵ ئەوەش بە هۆی کاریگەریی رۆژنامەی میسیۆنیرەکان و کۆمەڵەی نەتەوەی ئەرمەنی تەواو دەمارگیر لە ئینگلتەرە، ئەوا بیروڕای گشتی دژ بە کورد هێشتا هەر باوە[١٠].

مێجەرنۆئیل لە فەسڵی (پێوەندی لەگەل ئەرمەن)ی راپۆرتەکەیدا دەڵێت:« لەبنەڕەتدا جیاوازێکی زۆر لە نێوان کوردو ئەرمەندا نییە، بەڵام لە بەختی کەچ و بە هۆی ئەو سیاسەتەی کە عەبدولحەمید گرتییەبەرو کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیش هەمان رێبازی گرتەبەر رق و قین و بڕوا بەیەک نەکردن پەیدابوون کە تەنانەت تاکو دوای ساڵی ١٨٦٠یش شتی وا نەبوو. کورد وا رێکیان خستبوو کە لە نێوان خۆیاندا بە پێی هەڵومەرجی دۆستانە بژین هەروەک ئەرمەنەکان خۆیان شاهێدی ئەوە دەدەن [١١].

ئیدی هەر تیوریاو سیاسەتانەبوو کە ئەو پێوەندییە سروشتییە دامەزراوەی نێوان ئەو گەلانەی تێک دەدا، کە کاری بۆ ئەوە دەکرد هەندێ تەم وگومانی بخاتەسەر.

کونسولی رووسی کامساراکان لە رۆژهەلاتی تورکیا ساڵی ١٨٨٠ دەنووسێ و دەڵێت: «مار شەمعوونی سەرکردەی رۆحی ئاشووری بۆیە قسەی خۆی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵای سەرکردەی کورد نەکردە یەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاتی عوسمانی، چونکە بە هیوای یارمەتیدانی ولاتانی زلهێزی ئەوروپا بوو»[١٢].

ئەمە وێنەیەکی بچووکراوەی واقیعی پێوەندی سروشتی نێوان گەلە رۆژهەلاتییە ستەم لێکراوەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانییە بەر لەوەی ولاتە زلهێزەکان لەژێر پەردەی ئەو مەسەلەیە و بە دەمامکی دیکەوە دەستی تێوەردەن و بەر لەوەی سیاسەتی نالەباری عەبدولحەمید سەقامگیربێ. ئەو پرسیارەی لێرەدا بە مێشکدا دێت ئەوەیە، ئایا کوردیش زۆر بە توندی نە چەوسێنراوەتەوە. هەروەها گەلانی دیکەی وەک عەرەبیش؟ ئایا ئەو ململانێ و راپەڕینانەی ئەو گەلانە لە پێناو



رزگاری بە بیرناهێنینەوە بە چ تووندوتیژییەک سەرکوت کران؟ باشە بۆچی ئەو ولاتە زلهێزانە داوای جێبەجێ کردنی چاکسازیان نەکرد، هەر چاکسازییەک، بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد یان عەرەب یان هەر گەلێکی چەوساوەی عوسمانی؟ یاخود دەستێوەردانی، هەر بۆ گێرەشێوێنی بووە؟

بە پێچەوانەشەوە، ئەو ولاتانە لە یادداشتەکانیاندا داوایان لە دەوڵەتی عوسمانی دەکرد کورد لە هەموو مافێک بێ بەش بکەن، تەنانەت داوایان کرد لە (الغیتو) لە ئۆردوگای نیمچەبەندی بئاخنرێن. هەروەک لەسەرەوەش وەرمان گرتبوو، ئەوا گەلالەنامەی ئەو پرۆژەیەی کە ولاتانی گەورە ساڵی ١٨٩٥ سەبارەت بە «کارگێری تایبەتی هۆزە کوردەکان» سازکرابوو، بەمەبەستی دیاری کردنی هاتوچۆ و تەسک کردنەوەی هاتوچۆی هۆزە کوردەکان لە لەوەڕگاکانیان و داوای دانانی چاودێرییان لەسەری دەکرد، ئایا دەبێ ئەمە چ واتایەک ببەخشێ؟ ئەو کارە ئەو کاتە سەیرتر دەبێت کە هاولاتییە ئەرمەنەکان، ئەگەر مەسەلەی چەوساندنەوەیان بخەینەلاوە، ئەوا کەمینەیەکیان لەنێو زۆرینەی کورددا پێک دەهێنا و ژمارەشیان بە هیچ شێوەیەک لە شەڕی یەکەمی جیهانی٣٠٪ پتر تێنەپەڕی، لە کۆی دانیشتوان لە ناوچەی رۆژهەلاتی دەوڵەتی عوسمانی.

کوا بایەخی ئەو ولاتانە بە کاروباری زۆرینەی کورد؟ هاولاتییە ئەرمەنەکانیش ئەگەرچی کەمینە بوون ئەوا روسیا چەکداری دەکردن [١٣].

دەربارەی ژمارەی دانیشتوان دەبێ بچینەوە سەر ئەو ئامار وژمارە وردانەی کە مێجەر نۆئیل لە راپۆرتی ناوبراودا تۆماری کردوون و ژمارەکانی لە چەندین سەرچاوەی وەک فەرمانگەی بەرزی سەربازی رووسی لە قەفقاز دەست دەکەوت.

بەر لە کوشتاری ئەو دواییەی ئەرمەن کە لە بەهاری ساڵی ١٩١٥ دەستی پێ کرد لە ساڵانی شەڕ، ئەو تیپە ئەرمەنییەی، روسیا چەکداری کردبوو پێشەنگی سوپای روس بوو لە ساڵی ١٩١٤ کە پەلاماری کورد و خەلکی دی دەدا و خەریکی قەسابخانەو کوشتارو کاول کردن بوو، بەقسەی عارفە ئەو پەلامارە بە سەرکردایەتی ئەندرانیک لە دوو بەرە بوو: لە قەفقاس و لە تورکیا خۆیدا، لەو پەلامارانە پتر لە شەش سەد هەزار کوردی تێدا کوژرا [١٤].

-٤-*

گومان لەوەدا نییە بەراستی مەسەلەی کوشتاری ئەرمەن جێی داخ و پەژارەیە، ئەو تاوانانەی کە گەلی ئەرمەنی لێهاتوو و دۆستی گەلی کورد دووچاری بوو، هاوکات و بەزۆریش هەروەک لەگەڵ رووداوە گەورەکان روودەدەن، ئالۆزی و پەشێوییەکی زۆری راستیەکانی بەدوادا هات کە زۆر لایەن

و کۆڕی جۆراوجۆر هەریەکەو بەپێی تێڕوانینێکی دیاریکراو بۆ مەبەستی جۆراوجۆریش ئەنجامی دەدەن. تەنانەت لەو چەشنە تاوانانە هەوڵی زۆر دەدرێت راستییە گەورەکان و تاوانبارانی راستەقینە بشاردرێنەوە یان لای کەم نەخش و دەوریان کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی چاوی خەڵکی پێ ببەستن و سەرنج بۆ لایەنی دی بدرێ، بە زۆریش بۆ لای هەرە لاوازو گەورەکردن و دەنگ و دۆڵی بۆ بەردەم رای گشتی بۆ لێبدرێ. کورد کە خۆیان قوربانی هەر دەستپێشخەری و کردارێکی حکومەتی عوسمانی یاخود سیاسەتی وڵاتانی بیانی بوو لە هەمبەر دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیای بچووک. کە ئەوەش بەروونی دیارە چ لە پەیماننامەی سان ستیڤانو یان پەیماننامەی بەرلینی ناوبراو، یان رێککەوتننامەی قوبرس لە نێوان بەریتانیاو دەروازەی باڵا، یان لەو یادداشتانەی کە وڵاتانی زلهێز یەک لە دوای یەک دەیدایە دەوڵەتی عوسمانی، بەمەبەستی راستەوخۆ دەستێوەردان لەژێر پەردەی بەرگریکردن لە کێشەی مافی گەلی ئەرمەن، تا دوا شت لەو بوارانەی دەستێوەردان لە کێشەی گەلان یان وڵاتان یان ئاسیای بچووک و گەلانی رۆژهەڵاتی دیکەی عوسمانی، ئەوا کورد زۆری لەو تاوانانەی کە خوا بۆ خونکاری ناردووە، پێی تاوانبار کرد. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی خەڵکێکی زۆر و زۆر لایەن لە خۆیانەوە دەستپێشخەری بکەن بۆ سەرو سۆراخ کردنی راستییەکان سەبارەت بەو کێشە مرۆڤایەتییانە لەژێر رۆشنایی راستی بەرجەستەو روون و ئاشکرا هەموو ئەو شتانەش پووچەڵ بکەنەوە کە پێویستە پووچەڵ بکرێنەوە، وەک تاوان و درۆودەلەسەی زۆر سەیرو سەمەرە کە هاوسەردەمی ئەو رووداوە تاڵانە بوون. لەوانەش کتێبی سیر مارک سایکس هەروەک لەدوا کتێبی بەناوی (میراتی دوا خەلیفە)[١]، واییفسکی ژەنراڵ و دیپلۆماسی روس و مسیۆ زارزیکی کونسولی فەرەنسا لە تورکیاو هی دیکەش.

هەروەها کتێبی (مەسەلەی تورک – ئەرمەن– تێڕوانینی تورک) بە (زمانی ئینگلیزی) لە ئەستەنبۆڵ لە ساڵی ١٩١٩ لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی تورک دەرچووە[٢].

ئەو کتێبە – بەڵگەنامەی پەرەسەندنی مێژوویی پێوەندی تورک – ئەرمەن و ئەرمەن و کوردو مەسەلەی ئاسیای بچووک و دەستێوەردانی وڵاتە ئەوروپییەکان لەو پێوەندی و کێشانەدا، گرتبووە خۆ.

ئەو کتێبە بابەتەکەی ئاوا دەست پێدەکات.

«هەرچەندە لە پێوەندی لەگەڵ فەلەکاندا کە هەمیشە دڵسۆزییان جێی گومان نەبوو، ئەوا تورکیا هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەی نیو سەدەی رۆژگاری بۆ دابین کردنی یەکسانی و مافی خەڵکی



ناموسڵمانی ژێردەسەڵاتی بوو وەک مافی موسڵمانان. ئەو بیرۆکەیەش لەو یاسایانەدا هاتوون کە هەر لە ساڵی ١٨٣٩ لە سەردەمی تەنزیماتەوە لە ئیمپراتۆریەت دەردەچوون...»[٣].

کتێبەکە پتری بەدوادا دەچێت و دەڵێت:

«هەر لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە تاوەکو شەڕی یەکەمی جیهانی تورکیا بووە قوربانی دوژمنایەتی روسیا ئاشکراو بەردەوام.. روسیا بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی لە دواکەوتنی ئێستای تورکیادا کەوتۆتەوە ئەستۆ»[٤].

**هەروەها نووسەر دەڵێت:**

«تاکو سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید ئەرمەن هیچ دادو سکاڵایەکیان نەبوو.. بە پێچەوانەوە زۆر جێی رێزو بڕوای دەسەڵاتداران بوون..»[٥].

«بەڵام سەبارەت بەسەروکاریان بەکردەوە، بەگشتی بەپێچەوانەی ئەو بیروباوەڕەی کە هەیە ئەوا لە لە بارودۆخ و پێوەندییەکی پەسندو بەرزی لێبووردەیی بەیەکەوە دەژیان»[٦].

پاشان کتێبەکە ئەو قسانەی مسیو زارزیکی دەنووسێ:

«بەگ و ئاغا کوردەکان.. رەفتاریان لەگەڵ ئەرمەن –ەکان باش بوو و دەیانپاراستن.

رەنگە شەڕی عەشیرەتێکی دیکەی کوردیان کردبێ کە لەگەڵ ئەرمەن خراپەیان کردبێ.. بە کورتی پێوەندی نێوان کوردو ئەرمەن... ئەوا ئەرمەن کاریان دەکردو کوردیش بەرگریان لێ دەکردن... بارودۆخی ژیانی ئەرمەنیش لە سۆنگەی ئەو یاسایانەی تەنزیمات زۆر باشتر ببوو.. پێوەندی نێوان دەستوپێوەندە کوردەکان و دەستوپێوەندە ئەرمەنەکان هەمیشە باش بووە[٧].

کتێبەکە ئاوا لەو دۆخە دەدوێ:

«خوێنەر دەتوانێ لەوەی بەپێشەوە ببینێ کە ئەو رایانە چەند درۆن و چەند بەنیازی خراپ لە دەرەوە بڵاودەکرێنەوە کە دەڵێت ئەرمەنەکان هەمیشە دەچەوسێنرێنەوەو کوردەکان بە خراپی دەگەڵیان دەجووڵێنەوە»[٨].

لەوەش پتر، وەک کتێبەکە دواتر دەنووسێ، ئەگەر دەستێوەردانی گێرەشێوێنانەی روسیا نەبا کە مەسەلەی ئەرمەنی لەو گۆڕەوە دروست کرد. ئەوا رەنگە جیهان ئەو مەرگەساتە سیاسییەی نەدیبا.. بەڵام هەرچی ئەرمەنەکانن کەوتنە ژێرباری دانەقدیلکەی روسیا»[٩].

کتێبەکە ئەنجومەنی نەتەوەیی ئەرمەن بەوە تاوانبار دەکات کە لە رۆژگاری شەڕی ساڵی ١٨٧٨ بوونی هێزەکانی روسیای دوژمنی تورکیا لەسەر دەروازەی ئەستەنبۆڵ بەهەلزانی ئەو

ئەنجوومەنە نووسراوێکی گشتی ئەو هێزانە داوای کرد کە حکومەتی روسیا هێزەکەی خۆی بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەو ولایەتە رۆژهەلاتیانەی ئەنادۆل بەکاربهێنێ کە ئەرمەنی تێدا نیشتەجێن یاخود هەرنەبێ ئەو ولایەتانە بخرێنە ژێر دەسەلاتی روسیا[١٠].

روسیا بەندێکی خستە ناو پەیماننامەی سان ستیڤانۆ – ١٨٧٨- کە دەلێت پێویستە چاکسازی بۆ بەرژەوەندی ئەرمەنەکانی ژێر دەسەلاتی سولتان بکرێ. کتێبەکە دەلێت: دیارە روسیا ئەمەی بەمەبەستی چاککردنی حال و باریان نەبووە. بەلکو مەبەستی لەوە دروست کردنی بیانوویەکی نوێ بووە بۆ ئەوەی دەست بخاتە ناو کاروباری تورکیا[١١].

جا نێوەرۆکی ئەو بەندە لە رێککەوتننامەی قوبرسی نێوان تورکیا و ئینگلتەرە بەدەرکەوت، لە پەیماننامەی بەرلینیش کە شوێنی پەیماننامەی سیتڤانۆی هەمان سالی گرتەوە.. ئیدی بەو ئاوایە هەر لەو سەروبەندەدا مەسەلەی ئەرمەن پەیدابوو[١٢].

هاوولاتیانی ئەرمەن کە لە موسلمانەکان کەمتر قوربانیان بۆ ئیمپراتۆریەت نەدابوو، ئەوا بەکردەوە بزووتنەوەیەکیان لە دژی زۆرداری تەخت لە نێواندا پەیدابوو کە تاکە لایەنی تاوانکاری بوو لە کارەکەدا[*].

کتێبەکە باسی سەرهەلدانی حزبە ئەرمەنییەکانی داشناک و هنشاق دەکات (کە پێشتر دروشاکیان پێ دەگوت).

ئینجا ئەو سەرچاوە تورکییە بەلگەنامەییە گەلێ قسەی ژەنرال و دیپلۆماسی مایفسکی وەردەگرێ و لە قسەکانی کامبوی بالیوزی فەرەنسا و لە کتێبی زەردی حکومەتی فەرەنسی (١٨٩٣-١٨٩٧) وەردەگرێت.

کتێبەکەش ئەو ناوونیشانەی هەیە:

بەرتەکی رەسمی تورکیا بۆ هەلەشەییەکانی ئەرمەن و کاریگەری لەسەر پێوەندی کوردو ئەرمەن.

کتێبەکە دەنووسێ، وێرای هەلەشەیی کەچی دانیشتوانە موسلمانەکان هەر ئارام بوون، ئەگەرچی لە دەرەوەی ولاتدا هاوکارێکیان نەبوو، بەلام هەرچی رێکخراوە ئەرمەنییەکان بوون دووچاری چەوسانەوەی سولتان عەبدولحەمید هاتن[١٣].

کتێبەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەوا بەرپرسیاریەتی ئەو مەرگەساتە دەبێ روسیا کە یارمەتی بە رێکخراوە ئەرمەنییەکانی دەکردو رێکخراوە ئەرمەنییەکان و عەبدولحەمید لە ئەستۆی بگرن[١٤].



کتێبەکە دەلێ مێجەر ولیامسی کونسولی ئینگلیز لە شاری وان-یش جەخت لەسەر بەرپرسیاریەتی ئەرمەن دەکاتەوە[١٥].

کتێبەکە جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە پێوەندی کوردو ئەرمەن هەر لەسەرەتاوە تەواو باش بووەو سال بەسالیش بەرەو باشی دەچوو[١٦].

کتێبەکە لە نووسینەکانی ژەنرال مایفسکی ناوبراو رادەگوێزێ:

«دەکرێ خۆ لە بانگەشەی هەندێ راپۆرت سەبارەت بەهەولی کورد بۆ شەری ئەرمەن نەبان بکەین و وەلای بنێین چونکە درۆی رووتن.. بەپێچەوانەوە هەموو ئاگادارانی بارودۆخی ولایەتەکانی رۆژهەلاتی ئەنادۆل شاهێدی ئەو راستییە دەدەن، لادێی فەلەکان لەلادێی کوردەکان پێشکەوتووترە. ئەگەر کورد ئاوابان وەک هەندێ ئەوروپایی باسیان دەکەن هەرگیز ئەو پێشکەوتنەی گوندە ئەرمەنییەکان ئاوا بەردەوام نەدەبوو تاکو سالی ١٨٩٥ .. مرۆڤ دەتوانێ دلنیابێت لەوەی کە زۆر کوردو سەرۆکەکانیان – بەتایبەتی – ئەرمەنی زۆریان لە سەختترین رۆژگاردا پاراستووە. ناکرێت هیچ بەلگەی لەوە پرشنگدارتر بێنینەوە.. وەک بەلگە کە ئەرمەن بەپێوەندییەکی دۆستانەی تەواوە لەگەل کورد ژیاوە..»[١٧].

مارک سایکس دەلێت: قایمقامی ناوچەی ئەرخەوان باسی ئەو کێشانەی کرد کە پێوەندییان بەئەرمەنەوە هەیە دە سالان بەری ئەو رووداوانەی کە لە سالی ١٨٩٥ قەوماون «ببرای ببرِ گیانی هیچ ئەرمەنییەک لە هیچ دێیەک لەو یازدە دێیەی سەر بەبنەمالەی ئێمەن، لەنێو نەچووە[١٨].

کتێبەکە ئاوا باسی سەرجەم باردۆخەکە دەکات:

ئەوەی مایفسکی دەینووسێ قسەی نوێنەری ولاتە زلهێزەکانی دوژمنی تورکیان، واتە روسیا. بایەخی ئەو قسانە لێرەدایەو ئەو قسانەشی راکانی زارزیکی سەبارەت بەژیانی چەندین سەدەی پێکەوە ژیانی کوردو ئەرمەن پشت ئەستوور دەکات.

کتێبەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەست تێوەردانی گێرەشێوێنانەی بێگانەکان لە هەر شتی دی پتر کارەکانی گەیاندۆتە حالەتی مەرگەسات[١٩].

پاشان کتێبەکە هەندێ ئامار سەبارەت بەژمارەی دانیشتوانی ئەنادۆلی رۆژهەلات دەنووسێ. لەکۆی ٦،٠٠٠،٠٠٠ ملیۆن کەس ئەوا ١،٠٠٠،٠٠٠ یەک ملیۆن ئەرمەن بوون، کەچی موسلمانەکان ٤،٥٠٠،٠٠٠ کەس بوون. واتە رێژەی ئەرمەن لەچاو موسلمانەکان (١) بۆ (٤،٥)

بووه، هەر ئەو ڕێژەیە (١) بۆ (٦) بووە بۆ سەرجەم دانیشتوان[٢٠].

کتێبەکە دەنووسێ کە: مسیو هانوتوی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسی لە دانیشتنێکی کۆشکی بووبوون لە ساڵی ١٩٠١دا گوتی: بەپێی ڕاپۆرتەکان کونسولەکانی فەڕەنسا و ئینگلیز دەڵێن ئەرمەن کەمینەیەکی ئاشکران لەسەر تاپای ئەو هەرێمانەی کە خۆیان داوای دەکەن[٢١].

مێجەر نوئیلیش سەبارەت بەپێوەندی ئەرمەن و کورد قسەکەی خۆی دووپات دەکاتەوەو دەنووسێ:

«هەرچی کوشتاری ئەرمەنە لە ساڵانی ١٨٩٥ و ١٩١٥ دروست، کاری دەوڵەتی عوسمانییە. کە لە دیاربەکر بووم بەتایبەتی لە سەرۆکە بەرپرسەکانی تایفەی جۆربەجۆری فەلەکانم دەربارەی پێوەندییان بەکورد خۆیانەوە پرسی، بەدڵنیاییەوە وەڵامیان دامەوە، ئەگەر کاریگەری تێکدەرانەی عوسمانی نەمێنێ، ئەوا هیچ هۆیەک بۆ ڕێککەوتن لەسەربەیەکەوە بەئاشتی ژیانی نێوان هەردووکیان نامێنێ. لە ڕۆژگاری شەڕیشدا، ڕووداوی زۆر هەن بەباشی دەیسەلمێنێ کە کوردەکان بەئەنقەست فەرمانی تورکانیان سەبارەت بە کوشتار فەرامۆش کردووەو ئاوارە ئەرمەنییەکانیان بەسەلامەتی لە هێڵەکانی ڕوسیا دەرباز کردووە.کوردەکانی (دەرسیم)یش لای کەم ٢٥,٠٠٠ ئەرمەنیان بەو شێوەیە ڕزگارکردووە-ڕاپۆرتی ئەو ڕووداوە لە ژمارە ١١٩ی ڕێکەوتی نیسانی ١٩١٩ لە ڕۆژنامەی جاگادامات JAGADAMART ی ئەرمەنیدا هەیە[٢٢]نوئیل لە نووسینەکانی پێدادەچێ:

«نەختێ دوای ئاگربەس سەردانی ناوچەکانی کوردستانی نێوەڕاستم لە نزیک ڕواندزەوە کرد، لەوێ تووشی زۆر لەو دەربەدەرە فەلانە بووم کە دوو ساڵ پتر لەلایەن کوردەکانەوە لە چیادا پەنا درابوون و بەوجۆرەش لە دەربەدەرکران و مردن ڕزگاریان ببوو. وێڕای ئەمانەش کوردەکانی ئەو دەڤەرە لیستی درێژی ناوی فەلەی دیکەشیان دامێ.. داوایان دەکرد تا بکرێ بەخێرایی بنێردرێنە مەڵبەندی ئاوارەکان لە عێراق کە هەڵ و سەروساختی نێوان کوردو ئەو دوو تایفەیە هەمیشەو بەگشتی دۆستانە بووە»[٢٣].

مارک سایکس شارەزای کاروباری ئەرمەن دەڵێت:

«لە گوندێک سەنگراینەوە کوردی باڵەکی بوون. پیاوێکی کووتەبنەی پیر هاتەدەر قسەی بۆ کردین گوتی: بەرێ وەک برایان پێکەوە لەگەڵ ئەرمەنان دەژیاین. جگە لە جیاوازی ئایین هیچ جیاوازییەکی دیکەمان لەنێواندا نەبوو. هەرچی هەنووکەیە لێک دردۆنگین، بەڵام نازانم



لەسەرچی.. بەرپرسەکان تالانمان دەکەن، چۆن بژین... ئەوەی دیاربوو بەرپرسەکان ئەرمەن و کوردیان وەک یەک چەپاو دەدا، ئەوە ئەگەر کوردەکە پتریش تالان نەکرابا[٢٤].

لەسەردانی ناوچەی شاری موشیشدا سایکس دەنووسێ:

«بەیانی ڕۆژی دوایی سەردانی قەشەی کاسۆلیکی ئەرمەنیم کرد، لێی تێگەیشتم کە ئەرمەنەکان بەهیچ ئەندازەیەک دووچاری دوژمنکاری کورد نەبوونەتەوە. بەڵکو ئەوە پۆلیسە وازیان لێ ناهێنن.. لە سەرێکی دیکەشەوە شۆڕشگێڕانی ئەرمەن... موسلمانانیان غافڵکوژ دەکردو سامانی خەڵکیان بەنیوەشەو دەبرد.. کاسۆلیک و (الحروجون)ئەرمەن، بەیەک دەنگ وادەڵێن[٢٥].

کتێبی گۆڕینی مەسەلەی تورکی - ئەرمەنی پتر لە نووسینەکانی مسیوزارزیکی را دەگوێزێ، تا ئەوەی دەڵێ عەبدولحەمید توانی شەپۆڵێکی هەمیشەیی بێ بڕوایی لە نێوان هاووڵاتیانی ئەرمەن و کورد دروست بکات، هەروەک بۆ چەندین جار سەلمێنرا. لەسەرشێوەی پێوەندییەکی باش چەندین سەدە بەیەکەوە ژیاون[٢٦].

هەروەها کتێبەکە بەردەوامە لەسەر پتر ڕاگوازتنی نووسینەکانی ژەنرال مایيفسکی کە بە نێوان خۆشی هەردوو گەلی ئەرمەن و کورد زۆر بەدڵنیاییەوە هەڵدەڵێ.

لە باسەکەیدا (ئاماری تایبەت بەولایەتی وان و بەتلیس) کە بەگیانێکی بێلایانەی ئاشکراو ڕاستگۆیانە نووسراوە، ئەگەرچی دەشیەوێ هەروا بەسەر نەخشی پیلانگێڕانەی ڕوسیا لە مەسەلەی ئەرمەنیدا بڕوات، بەڵام ئەو قسانەی خوارەوەی ئەو سەربازە دیپلۆماسییەی کە سەبارەت بەپێوەندی ئەرمەن و کورد کردوونی، جەخت لەسەر ڕای گۆڕین دەکاتەوە.

«هاشوهوشی خەڵکانی ڕاگەیاندن دەربارەی دەستدرێژی بەردەوامی کورد بۆ سەر ئەرمەن، دەکرێ وەلای بنێین و بێ هەلاوێردن بەدرۆی دابنێین. ئەگەر ئەو هاشوهوشە ڕاست با دەبوا هیچ کەسی گەلێکی دی لەگەڵ کورداندا نەماباو ئەوانی دیکەش سەرلەبەریان کۆچیان کردبا... بەڵام ئەوە نەبووە. بەڵکو بەپێچەوانەوە... لە ساڵی ١٨٩٥ لیژنە ئەرمەنییەکان کاری دوژمنکارەیان چاند کە بە چاکسازییەکان دەناسڕێنەوە... لێرە لە ساسۆن ئەرمەن و کورد چەندین سەدە بەئاشتی و دۆستایەتی ژیاون»[٢٧].

کتێبی ناوبراو پتری لێ دەدوێ و دەڵێت، ئەو ڕاگەیاندنانە لە نوێنەری دەوڵەتێکی زلهێزی دژ بەتورکیا ڕایگەیاندووە. ئالێرەدا بایەخەکەی دەردەکەوێ، بەڵام ئەگەر خەریکە لەو مێژووەوە کورد هەست بە هەندێ تالی بکەن، ئەوەش بەری ئاکامی ئەو ناکۆکییە کە سوڵتان عەبدولحەمید

بەئەنقەست تۆپەکەی لەنێوان ئەو دوو گەلە وەشاند، لەوەشدا لیژنە ئەرمەنییەکان – یارمەتیاندا – کە لە راستیدا روسیایان لە پشت بوو[٢٨].

کتێبەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەتەنیا لە ولایەتی بەتلیس ئەندامانی داشناک لە ١٧,٠٠٠ ئەندام پترن[٢٩] دەستێوەردانی گێرە شێوێنانەی ئەوروپاش بەئەنقەست لە هەموو شتی دیکە پتر ئەوانەی ورووژاند، ئەو ئاکامە پڕ داخانەی لێ کەو

## پەراوێزی یەکەم:

١– بەبۆنەی تێپەڕبوونی چل و پێنج ساڵ بەسەر ئەو کتێبەدا ئەم بەرچاوخستن و پەراوێز لێ دانەتان پێشکەش دەکەین، ئەو نووسینە وەک تەواوکەرو فراوان کردن و بژارکردنی وتارێکی زنجیرەیی پێشووە کە بۆ رۆژنامەی (التآخی) لە هاوینی ساڵی ١٩٧٣، بەبۆنەی تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەو کتێبە نووسیبووم.

2- Soane, C- To Mesopotamia... P.3.

خالفین، ن، الصراع علی کردستان، ت: د. احمد عثمان ابوبکر، بغداد ١٩٦٩ .

٣– گۆڤاری (رۆژی کوردستان – شمس کوردستان)، ژمارە (٥٢)، تشرینی یەکەمی ١٩٧٨، (جولة في عالم الصحافة الکردیة قدیماً)، وەرگێڕانی: د. ئەحمەد عوسمان، بەڵگەنامەکانی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیاش ئاماژە بە جموجۆڵی شەریف پاشا دەکەن:

Documents on British Foreign Policy 1919-1939 First series, Col. XIII.

4- ARFA, H. The Kurds. P. 31.

٥– مەبەستی نووسەر لەو دەقانە ماددەکانی (٦٢و٦٣و٦٤)ی پەیمانی سیڤەرن کە لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیادا لە ئابی ١٩٢٠ بەسترا.

٦– ئەمە تەواو پێچەوانەی رای فردریک میللنگنە. لەبارەی ناکۆکی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا. بڕوانە: [ژیانی سەرەتایی نێو کوردان] (بەزمانی ئینگلیزی)، ل٢٠٣ .

٧– لە راستیدا حکومەتی عوسمانی دوای شەڕی گەورەی یەکەم لیژنەیەکی وەزاری لەسێ وەزیر پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی کورد و پێشکەش کردنی پێشنیاری کردەیی بەرجەستە بۆ هێنانەدی ئەو داخوازییانە.



رەفیق حیلمی، یادداشت، بەرگی (١)، بەشی (٢)، ل ١٩٠ . بلج شیرکو، القضیة الکوردیة. ل٦٧-٦٨ .

٨– راستییەکەی بارودۆخی نێو دەوڵەتی بەگشتی پێچەوانەو کۆسپی بەردەم هێنانەدی داخوازییە رەواکانی کورد بوون، بەتایبەتیش ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر سیاسەتی بەریتانیادا هاتن، بەتایبەتیتریش ئەو دەرەنجامانەی دیپلۆماسییەت بەگشتی پێی گەیشت، دەکرێ بەهۆکاری سەرەکی گۆڕانی هەڵوێست دابنرێن.

٩– گۆڤاری (رۆژی کوردستان– شمس کردستان) ژمارە (٥٢) تشرینی یەکەمی ١٩٧٨، وتاری ناوبراو بەقەڵەمی دکتۆر مارف خەزنەدار و وەرگێڕانی ئەحمەد عوسمانە.

* سیڤەر لە ١٩٢٠ بەستراوە.

10- Documents on British Foreign Policy 1919-1939, First series, Vol. XIII.

11- Documents on Foreign Policy, First series, Vol. VIII, No. 34.

١٢– هەمان سەرچاوە.

13- Hay. W.R. Two years in Kurdistan, London, 1921, P. 35-36.

ئەو کتێبە هەڵسەنگاندنی بەکەڵکی دەربارەی ئەم کتێبە تێدایە.

Fraser, J. Baillie- Travels in Koordistan and Mesopotamia. Vol, I. London, 1840.

ئەمەشیان هەندێ هەڵسەنگاندنی تێدایە.

**سەرچاوەکان:**

١– گۆڤاری (رۆژی کوردستان – شمس کردستان)، بەغدا. تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ (وتار) [ژمارەی (٨و٩)ی رۆژنامەی کوردستان] د. مارف خەزنەدار، وەرگێڕانی: د. ئەحمەد عوسمان بەناوونیشانی (گەشتێک بەجیهانی رۆژنامەوانی کۆندا).

2- Documents on British Foreign Policy 1919-1939, Vol, XIII. London, 1963.

٣– حلمی، رەفیق. یادداشت، بەرگی (١) بەشی (٢)، بەغدا، ١٩٥٦ .

٤– شیرکو، الدکتور بلج، القضیة الکردیة، القاهرة، (١٩٣٠).

5- Fraster, J. Baillie- Travels in Koordistan and Mesopotamia, Vol. I. London. 1840.

6- Hay. W.R.-Two years in Kurdistan, London. 1921.

7- Millinyen, F., - Wild life Amang the koords, London, 1920.

* لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان–شمس کردستان)، ژ(٥٣) ١٩٧٩، ل٥-٩، بلاوکراوەتەوە.

**پەراوێزی دووەم:**

١- ئەلقەی یەکەمی ئەم لێدوانە لە کتێبی دوکتۆر فانی، لە ژمارە (٥٣)ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩، رۆژی کوردستان، بلاوکراوەتەوە.

٢- ئەم بابەتە (الكرد في كتابات المسلمين الاوائل- ذكر مواطن و طوائف الاكراد)ی دوکتۆر ئەحمەد عوسمان لەگۆڤاری (كلية الاداب- جامعة بغداد- ژمارە (٢٤) ١٩٧٩ دەربارەی هۆزە کۆنەکان بخوێنەوە.

3- Wahby, T. - Kurdish Studies, Part one, ( The Indo- European Language). A. 12. London. 1968.

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٧ .

٦- ئێستا ژمارەی کۆچەران زۆر کەمە، تەنانەت جێی باس کردن نییە، کورد شارنیشین بوونە.

٧- بێگومان خوێنەری بەڕێز بۆی دەردەکەوێ نووسەر زانیاری زۆری راست لە پاڵ زانیاری هەڵەو نادروست دەئاخنێ، ئێمە هەموو هەڵەکانمان راست نەکردۆتەوە، تەنیا بەکورتی لە هەندێ بیرو بۆچوونی دواوین..

*** لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس**

**پەراوێزی سێیەم:**

(١و٢) نییە

(٣) جەلیل، دوکتۆر جەلیلی، راپەڕینی کورد (١٨٨٠)، بە زمانی روسی، ل٥٨ .

(٤و٥) هەمان سەرچاوە، ل ٦٠ .

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ٦١ .

(٧) هەمان سەرچاوە، جەلیل، ئەو ژمارەیە ئاوا دیاردەکات «ئەرفیلیان مامول ١٨٨٠، ژمارە ٨٥».

(٨) هەمان سەرچاوە، ل ٦٢ .

(٩) هەمان سەرچاوە، ل ٦٣ .

(١٠) مێجەر نۆئیل ، ئەی - راپۆرتی تێبینی لەسەر باردۆخی کورد، ئەستەنبۆڵ، ٢٣ تەمووز، ١٩١٩ .

(١١) هەمان سەرچاوە، هەروەها بڕوانە: الصراع على كردستان، خالفين، ل ١٢٧ .

(١٢) جەلیل، دوکتۆر جەلیلی، راپەڕینی کوردی ساڵی (١٨٨٠)، ل ٦٧ .

(١٣) ئەرفەع، حەسەن، کوردەکان (بە زمانی ئینگلیزی).

(١٤) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦ .



## پەراوێزی چوارەم

1- Syks,sir mark - The caliph’s Last Heritage.

لە مەودوا - مارک سایکس، کتێبی ناوبراو.

2- Turco - Armenian Question, The Turkish Point of View - Puplished by The National Congress of Turkey, Series - No. 1.

لەمەودوا مەسەلەی تورکی - ئەرمەنی

٣- مەسەلەی تورکی - ئەرمەنی، ل٣-٤.

جێی خۆیەتی ئەو راستییە بڵێین کەوا ئەنجومەنی نیشتمانی ئەو کتێبە - بەڵگەنامەیەی، بۆیە دەرکرد، ئەویش بەهۆی بایەخی کێشەکەو بایەخ پێدانی جیهانی بەو کێشەیە. دیارە کتێبەکە بڕێ پێوەنان و هێرشی تێدایە، وەک یەکەم زانینی بایەخی مافی رەوای فەلەکان.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ١٠.

٥- هەمان سەرچاوە، ل١١، راستییەکەی ئەرمەن گەلێکی چەوساوەن و لە پێناو مافە رەواکان دەکۆشن.

٦- هەمان سەرچاوە.

٧- هەمان سەرچاوە، ل١٢ بێگومان هۆی گرنگی چاکبوونی ژیانی ئەرمەن چوست و چالاکی و دڵسۆزیان لەکارکردندا بەبۆنەی سەردانی بۆ ناوچەی بالاوندبری لە ئەنادۆل لە ساڵی١٩٠٦ دەڵێت: (ئەو دێهاتانە بڕێ ئەرمەن و کوردن بەیەکەوە شانبەشانی یەکدی دەژین... لەو گوندانەدا من هیچ دژمنایەتییەکم لەنێوان ئەو دوو گەلە نەبینی) کتێبی ناوبراو. (٣٦٥).

٨- هەمان سەرچاوە، ل١٥-١٦.

٩- هەمان سەرچاوە، ل١٦، بێگومان مەسەلەی گەلی ئەرمەن مەسەلەیەکی بابەتی رەوایە. رەنگە روسیاو خەڵکی دی بەخراپ بەکاریان هێنابێت، مێژوو هەموو خراپەیەک مەحکوم دەکات کە دەرحەق گەلی ئەرمەن کرابێ جا لەهەر لایەکەوە بێت.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل١٦-١٧.

١١- هەمان سەرچاوە، ل١٧.

١٢- هەمان سەرچاوە، ل١٩.

بەراستی بزووتنەوەی دژ بە زۆرداری و ملهوری تەخت پەیدابوون. لەگەڵ ئەوەش دەبێ مافە رەواکانی گەلانی چەوساوە بەوردی لەبەرچاوبگرین.

١٣- هەمان سەرچاوە. ل,٢٥ بێگومان وێڕای راستی قسەی هەندێ نووسەر، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە رێکخراوە ئەرمەنییەکان ژمارەیەکی زۆری خەڵکی دڵسۆز بۆ کێشەی گەلەکەیان تێدابوو کە لەو مێژووە بەرەو رووی هەڵوەستێکی ئاڵۆزو ناخۆش بوونەوە.

١٤- هەمان سەرچاوە. ل٢٦.

١٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٧ بەڵام دیارە نەک گەلی ئەرمەن، رەنگە رێکخراوەکان لە خۆیانەوە رەفتار بکەن. لەسەرێکی دیکەشەوە، هەڵبەت وێڕای دەسەڵات بەپایەی یەکەمین، نابێ چاو لە هەندێ هەڵوەستی سەرچلانەی هەندێ خەڵک، بەهەندێ کوردی و خەڵکانی دیکەشەوە بپۆشین.

١٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٨ لە کتێبی شین، راگوێزراوە.

١٧- مەسەلەی تورکی - ئەرمەنی. ل٣٠ .

١٨- مارک سایکس - کتێبی ناوبراو، ل٩-٣٦٨.

١٩- مەسەلەی تورکی - ئەرمەنی، ل٥٢.

٢٠- مەسەلەی تورکی- ئەرمەنی، ل٦٨.

٢١- هەمان سەرچاوە، ل٧١.

٢٢- مێجەرنوئیل، ئەی - راپۆرتی «تێبینی دەربارەی بارودۆخی کورد» ، ئەستەنبۆل، تەمووز ١٩١٩.

٢٣- هەمان سەرچاوە. هەروەها دەربارەی ئەو گەشتەی نوئیل ئەمە بخوێننەوە:

Wilson, A - T- Mesopotamia, 1917-1920. pp. 130-131.

٢٤- مارک سایکس، کتێبی ناوبراو، ل٤٠٦.

٢٥- مارک سایکس، کتێبی ناوبراو، ل٤٠٩.

٢٦- مەسەلەی تورکی، ئەرمەنی، ل٢٨-٢٩.

٢٧- مەسەلەی تورکی - ئەرمەنی، ل٣١-٣٢.

٢٨- مەسەلەی تورکی - ئەرمەنی، ل٥٠.

٢٩- هەمان سەرچاوە، ل٥ .

*** لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کردستان)، ژ(٥٦)، ١٩٧٩، ل٥-٩، بڵاوکراوەتەوە.**



# دەربارەی کتێبی کورد★

باسیل نیکتن زاناو پسپۆر و ناسراوی کوردناسییە، ئاووگی ئەرکی گەورەی زانستییانەی خۆی خستۆتە خزمەت تۆژینەوەی بەروومەتی «کورد- لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژووییە» ، کە لە دووتۆیی کتێبێکی گەورە بەزمانی فەڕەنسی لە ساڵی ١٩٥٦ لەپاریس دەرچووە. بە راستی ئەو دانراوە لەو کتێبە هەرە گرنگانەیە کە بیانییەکان لەسەر کاروبارو مەسەلەی کوردیان نووسیوە، بەڵام هەر کە کتێبەکە دەرچوو کەوتە بەردەستان، دەتوانم بڵێم دەستی ناپاکی هەندێ بڵاوکەرەوە یەکسەر قۆزتییانەوەو ئەو کتێبە بەنرخەیان (وەرگێڕایە) عەرەبی و (دار الروائع- لبنان)یش بەناوونیشانی: کورد، رێوڕەچەڵەکیان؛ مێژوویان، نیشتمانیان، بیروباوەڕیان، داب و نەریتییان، ئاکاریان، زارەکانیان، هۆزەکانیان، کێشەکانیان، سەیر و سەمەرەکانیان، چاپ کرد. کۆمەڵێک نووسەر وەریان گێڕاوەتە عەرەبی.

راستییەکەی ئەو کتێبە وەرگێڕدراوە بەو شێوەیە دانەیەکی کلک و گوێ کراو و شێواندراوی ئەسڵی کتێبەکەیە.

ئەوەی ئازارەکە زێدەتر دەکات ئەوەیە، لە دوای وەرگێڕانی کتێبەکە، لەلایەن ئەو خوێنەرانەی دانەیەکیان وەگیرکەوتووە، زۆر بە هەرِمێن بوو. ئەوەش کارێکی شیاو و رەوایە. چونکە خوێنەر ئارەزوو دەکات ئاگاداری کێشەکانی کورد بێت. ئەو راستییە چاوچنۆکی بڵاو کەرەوەکانی زێدەکرد ئەوەبوو چاپی دووەمیشیان خێرا چاپ کردەوە، قازانج و دەستکەوتیان لەسەر حیسابی خوێنەران و دانەرو دەستپاکی ئەدەبی بەیەکەوە دووچەندانەبوو. کێ دەزانی، رەنگە چاپی سێیەمیش بکرێتەوە!

ئیدی بووە ئەرک و فەرمانیش، کەلای کەم خوێنەر ئاگادار بکرێتەوە کە ئەو کتێبەی نێو دەستییان، کتێبی ئەسڵی نییە، بەڵکو وێنەیەکی شێواو و کلک و گوێ کراویەتی.

رەفتاری ئەو جۆرە دەزگایانە ژمارەیەکی زۆری نووسەرو دانەری زۆریان گلەو گازاندە لە بەد رەفتاری کردن بە بەرهەم و توانا زانستییەکانی دیکەوە کردووە بەمەبەستی دەستکەوت و قازانج.

(جورج جرداق)ی نووسەری لوبنانی زۆر بە چاکی وێنەیەکی راستەقینەی تەڵخی ئەو واقیعەی ئاوا نیشان داوە:

(لەو دەریای ئاژاوەیەی کە خەڵکی ئەو وڵاتەی تێدا نقوم دەبێ وە هەڵپەی کۆکردنەوەی زۆرترین پارەوپوول.. کتێبەکە بەشێکی زۆری لێکدانەوە بۆ دەکرێ، جا ئەو کتێبە دانراو بێت یاخود

وەرگێـڕدرابێت یان کـەلەپووربێت. لێکدانەوەی کـتـێـبـیش هەزارو یەک شـێـوازی هەیە. کـە هەر هەمـووی لەلایەک سـەر وتاری بەتوانای داهێنانەی دەزگـاکـەی بلاوکـردنەوە هەیە. لەسـەرەکـەی دیکەشـەوە، بوونی بڕی نەخـوێندەواریی... پاشـان ئەندازەی چاوچنۆکی و پیـسـکەیی.. وا دەبێ دەزگــای بلاوکـردنەوە دەبینێ خــەڵـک بایەخ بەبابەتێک لەبابەتەکــانی ڕۆژ دەدەن، ئەو هەڵە دەقۆزێتەوەو یەکێ لە (هاوڕێکانی) ڕادەسپێرێ کـتـێـبێک دەربارەی ئەو بابەتە بنووسێ... چەند ڕۆژێکی کـەمی پێ ناچێ کـتێبـەکە دادەنرێ و چاپ دەکرێ و دابەشدەکرێ و دێتە بازاڕ.. لەسەر بەرگی کتێبەکەش چەند دێڕێک نووسراوە لەمەڕ بایەخدانی دەزگاکە بەزانست و زانیاری.

لێرەدا ڕووداوێک بۆ خوێنەر دەگێڕمەوە، لای خۆمەوە بەنموونەیەکی دادەنێم کە لەسەر دەستی هەندێ دەزگای کتێب چۆن وەلا دەخرێ: هەر کە هەواڵی موریس باسترناکی شاعیر و ڕۆماننووس کەوتە سەر زاران، وابوو یەکێ لەدەزگاکان لەخزمەت کردنی وڵاتەکەی کەمتەرخەمی نواندبوو.. کـتـێـبە بەناو بانگەکەی باسترناک- دکـتـۆر جیـڤـاکـو-ی بە فـەرەنسی کـڕی و حـەوت قـوتابی قـوتابخـانەی بانگ کـردن و.. پێی گـوتن: هەریەکـە ئەوەی دەیدەمێ بیـبـات، دوای دوو ڕۆژ بەوەرگێڕدراوی بۆ عەرەبی بۆم دەهێننەوە.. ئەوەی گوت و کتێبە فەرەنسییە گەورەکەشی بەدەستەوە بوو... فەسڵی یەکەمی لێ کردەوەو دایە قوتابییەک. ئینجا سەیری فەسڵی دووەمی کردو، چونکە درێژبوو، وازی لێ هێنا، ئینجا سەیری فـەسڵەکـەی دوای ئەوی کرد ئەویش لە دووەم درێژتر بوو، وازی لەویش هێنا، هەر کە گەیشتە فـەسڵی چوارەم گەش بۆوە و دڵخۆش بوو.. لاپەڕەکانی ئەو فـەسڵەشی لێکردەوە دایە قـوتابییـەک، بەو جۆرە تاکۆتایی کـتێبەکە، کە هەر تەنیـا فـەسڵـە کورتەکانی لێکردنەوەو... دایە قـوتابییـەکان... دوای تەنیـا چوار ڕۆژ کـتـێـبێکی بچووکی لاوازی حـەفـتـا لاپەڕەیی دەرچوو، ناوی دکـتـۆر جـیـڤـاکـۆی بەسـەرەوە بوو.. ئامـاژەی بەو ئەرک و مـاندووبوونەش کـردبوو کە لەلایەن نووسـەرانی پسپۆڕ وەرگێڕدراوەتە عـەرەبی! ئەو قـسـانە چەند ڕاست و دروستن! جورج جرداق لە کتێبەکەی نکتێن لەمەڕ خۆشمان دەدوێ.

نەناوونیشانی کتێبەکەو بەرگەکەی و تەنانەت شێوەی دانە وەرگێڕدراوەکە بە هیچ شێوەیەک لەکتێبە ئەسڵییەکە ناکات. هەرچی ناوەڕۆکی کتێبی ئەسڵی و وەرگێڕدراوەکەیە جیاوازییان ئاسمان و ڕێسمانە.

کتێبە ئەسڵییەکە (٣٦٠) لاپەڕەیە. سەرلەبەری ژمارەی دێڕەکانی هەر لاپەڕەیەک (٤١) دێڕە، ژمارەی وشەی کتێبە ئەسڵییەکەو دانە وەرگێڕدراوەکە وەک یەک نین. بە حیسابێکی سادە بۆمان دەردەکەوێ:

کتێبە ئەسڵییەکە = ٣٦٠×٤١= ١٤٧٦٠

کتێبە وەرگێڕدراوەکە = ٢٤٧×٢١= ٥١٨٧



هەرچی ژمارەی لاپەڕە وەرگێڕدراوەکانە = ٢٤٧ بەسەر لەبەری ٢١ دێڕ لەیەک لاپەڕەدا. ئەوەش بەجوانی نیشانی دەدات کە کتێبە ئەسڵییەکە نزیکەی سێ هەندی دانە وەرگێڕدراوەکەی بەردەستە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە کتێبە وەرگێڕدراوەکە سێ یەکی کتێبە ئەسڵییەکەیە!

هەر لەیەکەم بڕگـەوە قرتاندن و شێـواندنی پێـوە دیارە، تەنانەت لە یەکـەم دێڕی پێشـەکـییـە وەرگێڕدراوەکە. ئەوەش گەمە کردنێکی خراپی مافی دانەر و مافی خوێنەران و مافی مێژووی کورد خۆیەتی:

یەکەمین دەستەواژە لە ئەسڵەکەدا ئەوەیە:

«کورد و کوردستان؟ ئەوانە کێن و وڵاتەکەیان دەکەوێتە کوێ..؟»

هەرچی وەرگێڕانەکەیە ئاوا دەست پێ دەکات:

«کورد کێن؟ لێکۆڵینەوە لە مێژوو و کۆمەڵەکەیان چ سوودێکی هەیە؟»

ئیدی بەو شێوەیە نیازو مەبەستی بەدی دەزگاو وەرگێڕەکان هەر لەسەرەتاوە دەردەکەوێ، دەبا بڕگەی یەکەمی وەرگێڕانەکە وەربگرین:

«کورد کـێن؟ تۆژینەوە لە مـێـژوو و کـۆمـەڵەکـەیان چ سـوودێکی هەیە؟ مـەبەسـتی ئێـمـە ئەوەیە پوختەی هەمـوو ئەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێـستـا دەربارەی کورد کراون بە خوێنەر بگەیێنین بۆ ئەوەی ئاگاداری ڕاستەقینەی ئەو پارچەیەی ئاسیای هەبێ...»

هەرچەندە بڕگەی یەکەم لە پێشـەکی نووسەر لە کتێبە ئەسڵییەکەدا درێژترە لە هەمان بڕگەی وەرگێڕانەکە، بەڵام بڕگەی ئەسڵی وشەی ئاسیاو دەستەواژەی (پوختەی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی کورد دانراون)ی تێدا نییە.

بەو جۆرە ڕوون دەبێتەوە، وەرگێڕە گەمژەکان (البهالیل) هەر خۆیان پێشـەکـییـەکی شێـواویان نووسیوەو ناویان ناوە (پێشەکی نووسەر).

جا ئەگەر پێشەکییان شێواندبێ، ئەدی دەبێ چییان لە ناوەڕۆکی کتێبەکە کردبێ!؟ نموونەیەکی ڕاستـەوخۆی دیکە: بڕگەی دووەمی پێشـەکـییە ئەسڵییەکە وشەی کوردو ئەرمەنی تێدا نییە، تەنانەت بڕگەی سێـیـەمیش وشەی ئەرمەنی تێدا نییە. کەچی (پێشـەکی وەرگێڕەکان) لەبڕگەی دووەمدا ناوی کوردو ئەرمەن بەیەکەوەو بەتەواوی دەهێنێ!

هەموو ئەمانەش بەشێواوی و نامۆو سەیر و سەمەرە کراوە.

پێـشــەکی ئەسـڵی دانەر شـەش لاپەڕەیە، واتە ٦×٤١= ٢٤٦ . هەرچی (پێـشـەکی وەرگێڕەکان)یشە سێ لاپەڕەو بەشێک، واتە ٣×٢١=٦٣ . ئەمەش مانای ئەوەیە کە (پێشەکی- ئەسڵی- دانەر) سێ هەندونیو لە (پێشـەکی وەرگـێـڕەکـان) زۆرترە، لەگـەڵ ئەوەش ناویان ناوە

(پێشەکی دانەر)!

دیارە بێ ئاکام و درێژدادڕییە، درێژە بەو نموونانەی تۆژینەوەی شوێن و قرتاندن و لابردن و شێواندن و دژبەیەکانەی نێوان ئەسڵی و وەرگێڕانەکەدا بچینەوە. فەسڵی یەکەمی کتێبە ئەسڵییەکە سێ هەندونیو جار لەهەمان فەسڵی وەرگێڕانەکە زۆرترە.

بۆنموونە، فەسڵی سێیەم. باسێکی بەناوونیشانی (تایبەتمەندییەکانی بانی ئەرمینیا)یە. هەرچی وەرگێڕانەکەیە، گەڕان بەدوای ئەو ناوونیشانە، کارێکی بێ ئاکامە، چونکە تێیدا نییە، وەرگێڕەکان سڕیتیانەوە.

بەشی دوازدەیەمیش، ئەسڵ و وەرگێڕانەکە نێوانیان ئاسمان و ڕیسمانە.

ئیدی بەو جۆرە کارێکی دزێوە بۆ زانست و دەستپاکی ئەدەبی! لە کتێبە ئەسڵییەکەدا نۆ پاشکۆی گرنگ و نەخشەی هەن کەچی لەوەرگێڕانەکەدا نەماون.

ئێمە نامانەوێ سەر لەخوێنەر بشێوێنین. بەڵام دەبێ پێی بڵێین کەوا بەڕێز نیکتن ئەرکێکی زۆری بۆ راست تۆمارکردنی ناوناوداران و بێژەکان داوە، چاکی هێناوە. کەچی لەوەرگێڕانەکەدا جۆرەها هەڵە لە نووسینەوەی ئەو ناووبێژانە کراوە.

ئەوەی جێی داخە ئەو وەرگێڕانە نەکورت کردنەوەیەو نەدەستکاری کردنی ئەسڵەکەیە. خۆزیا کارەکە هەر لەو سنوورە دەوەستا. بەڵکو گەیشتۆتە قرتاندن و شێواندن.

ڕەنگە کتێبی وانەبێ، دەزگاو وەرگێڕەکان، وایان بەسەر هێنابێ. دیارە ئەو تاوانە ئازاری ئەو کەسانە دەدا کە بەتەنگ زاست و دەستپاکی ئەدەبییەوەن و ئەوەی بایەخی مێژووی کوردی لەلایە ئەوا ئەو کتێبە بەنرخە سەرچاوەیەکی گرنگی سەرجەم مێژوو و کاروباری کوردەوارییە. هەر ئەو پارە خەڵکی پەرۆش پتر هاندەدا بایەخ بە کاروبارو مێژوو و کەلەپوورەکەی بدەن و بەتایبەتی ئاوڕ لەو کتێبە بدەنەوەو رزگاری بکەن و بەدەستپاکی وەری بگێڕن بۆ ئەوەی بەکەڵکی هەمووان بێت و لە هەمان کاتدا هەقی مێژووی کورد وەربگرێتەوە.

(١) مجلة-الصیاد، بیروت، العدد ١٤٩٠، نیسان١٩٧٣.

* لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کردستان) ژ(٤)، ١٩٧٣، ل١٤-١٥، بڵاوکراوەتەوە.



# کورد و سەرەتای مێژووی ئەتنۆگرافی گەلی کورد*

**نووسینی ئەو. ل. ڤیلجیڤسکی**

**وەرگێران و لێدوانی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبو بەکر**

ئەو کتێبە لەساڵی ١٩٦١ بە زمانی رووسی لە چاپخانەی ئەکادیمییای زانستی سۆڤیەتی-ئامۆژگای لینینگراد دەرچووە. کتێبەکە لە وشەیەکی پێشدەستی و حەوت بەش کە ١١٦ لاپەڕەی قەوارە گەورەیە پێک هاتبوو؟ پاش ئەوەی تێبینی وردو درێژی بۆ هەر بەشێک نووسیوە لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەی زۆری تایبەت بەهەر بەشێک، ئەو تێبینیانەش (٤٩) لاپەڕەیان داگیر کردووە لە «١١٧-١٦٥».

ئەو کتێبە باس لە مێژووی کۆنی ناوچەی کوردەواری هەر لە سەرەتاوە دەکات، پاشان چاخەکانی دوای سەردەمی بەردین تا نزیکەی سەدەی شەشەمی زایینی دێت. بەچاوپیاخشاندنێکی خێرا بەکتێبەکەداو تێبینییە بەنرخەکانی بایەخی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییە گەورەیە بەدەردەکەوێ. ڤیلجیڤسکی جگە لەو کتێبە چەندین لێکۆڵینەوەی دیکەی لەبارەی کوردەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەش دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە نووسەر هەندێ راو بۆچوون ودەرەنجامی دەربڕیوە کە بەسەیر یاخود ناپەسند لای خوێنەر دێنە بەرچاو. یەکەمجار ئێمە وشەی پێشدەستی پێشکەش دەکەین: وشەی پێشدەستی: کورد لەلانی ژمارەو بایەخی سیاسی و رۆشنبیرییەوە، یەکێکن لە گەلە گەورەکانی رۆژهەڵاتی نزیک.

ژمارەی کورد لە ٧ ملیۆن کەس پترە و لەناوچەیەکی شاخاوی بەرفراوان نیشتەجێن، کوردستانی «وڵاتی کوردان» لەسەر زنجیرە چیای یەکتر بڕی ئاسیای بچووک و بانی ئێران هەڵکەوتووە. لێرە، لەسەر پارچە زەوییەکی ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیی دەوروبەری ٨,٥ ملیۆن کەس [ئەوە لەکاتی دانانی کتێبەکەدایە] دەژین. کورد لەنێو ئەوانەدا رێژەی ٧٥٪ «لە دەرەوەی کوردستان ژمارەیەک کورد لە رۆژئاوای ئێران و لە سوریا* و خوارووی یەکێتی سۆڤیەت هەن، کە لە ٣٠٠-٤٠٠ هەزار کەس تێناپەڕێ. هەنووکە کوردستان لەلانی سیاسییەوە لەنێوان

تورکیا و ئێران و عێراق دابەش بووە ئەو ولاتە سنووریان بەو ناوچانە تێدەپەڕێت کە کوردی تێدانیشتەجێ، واتە نزیکە لە جەرگەی کوردستان. کورد گەورەترین کەمینەو و لە هەموو ئەو کەمینە نەتەوەییانەش بەگوڕترە لەو ولاتانەی لێی نیشتەجێن. لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی دیرۆکێکی دێرینی هەیە، بۆیە تایبەتمەندییەکی زۆر کاریگەری هەیە. وادەبوو لەهەندێ حالەتەدا دیارە سووریا پارچەیەکی کوردستانی لێیە نەک دەرەوەی کوردستان ببێت و کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. بەلام ئەو بزووتنەوە رزگاریخوازییانە لە دواماندا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناو و مافی کوردانیش هەر دانی پێدانەنرا.

لەلایەنی نەتەوەیی (ئەتنییە)شەوە، مێژووی سەدەکانی نێوەڕاست لەرۆژهەلاتی نزیک لە کردەیەکی هەرەمەیی پێک هاتووە کەلەئاکامدا لەتێکەلّ بوونی گەلان لە بەرایی سەدەکانی نێوەڕاست ئەو نەتەوەو گەلانەی ئێستا دروست بوون. بایەخی تایبەتی ئەو کردە ئالۆزیە بەندیواری بەگەلی کوردەوە هەیە کەبەڕاستی نەخشێکی گرنگی لە مێژووی رۆژهەلاتی نزیک لەو سەدە ناوەنجیانەدا گێراوە. روونکردنەوەی لایەنی نەتەوەیی رەگەزی ئەو کردە بەردەوامە لەو سەدانەدا بەدی نایەت، بەبێ دیاریکردنی بنەمای ئەو سەرو بەندە تایبەتیانەی مێژووی نەتەوەی کورد، هەر لەبەرە بەیانی مێژووەکەیەوە بەچاوپۆشین لە ژمارەی زۆری ئەو تۆژینەوانەی کە تا ئەو ئەندازە یان ئەندازەیەکی لە مێژووی نەتەوەیی رەگەزی گەلی کورد دواوە، ئەوا ئەو مەسەلەیە بەتەواوی چارەسەرنەکراوەو روون نەکراوەتەوە. جا ئەگەر لەو سەردەمەدا زەحمەت نەبووبێ تێبینی هێلّی گشتی پەیوەندییەکانی نەتەوەیی و هاوسەروکاری کورد لەگەلّ هۆز و گەلانی دیکەی رۆژهەلاتی نزیک لەسەدەکانی نێوەڕاستدا، ئەوا ئەوەی ئەو بابەتە بەسەری دەکاتەوە ئەو مەسەلەیە- لەکوێ و کەنگی و لە ژێر چ هەل و مەرجێکدا کرۆکی تایبەتی گەلی کورد پێک هاتووە گەشەی کردووە- تا ئەو ساتەوەختە هیچ چارەیەکی پەسندو لەجێ بۆ ئەو مەسەلەیە لەگۆڕێدا نییە. هۆی ئەوەش هەر لە دەگمەنی ئەو سەرچاوانە نییە کە دەست ئێمە کەوتوون، بەلّکو بەرجەستەبوونی بە روون بوونەوەی هەواری بەرایی پێک هاتەی نەتەوەی کورد بەتوندیی بەندیواری بە تۆڕی ئالۆزی دەرکەوتنی هۆزە شوانکارە کۆچەرەکانی ناوچە شاخاوییەکانی ئاسیای بچووک و ئێران و هاوپێوەندییان بەدانیشتوانە نیشتەجێ بووە دراوسێکانەوە هەیە. لێکۆلّینەوەی روالّەتی ئەتنوگرافی تایبەتمەندی س.ب. تولستوڤا دەربارەی لێکۆلّینەوەی ئابووری- گوزەرانی گەلانی تورکمان لە دەراوی ئارالدا بە روونی دەری دەخات کە تا چەند ئالۆزی و رەسەنی پێوەندی و سەروکاری لە بوارە ئابووری و رەگەزییەکان (نەتەوەیی)و کۆمەلایەتی لەو چەشنە هەلومەرجانە پەیدا دەبن: هەروەها مەترسی چارەسەری ئەو مەسەلانە دەردەخات بەتێگەیشتنی ئامادەوە، بەبێ لێکۆلّینەوەی تایبەتی



بابەتیانەو هەوارانەو پێکهاتەی کۆمەلایەتی و روالّەتە ئابووری و هاوژیانیانەی نێوان هۆزو نەتەوەکان.

نووسەر، پاش ئامادەکردن و تەرخان کردن [قسەی نووسەرە] بۆچارەسەر کردن و لێکدانەوەی ئەو زنجیرە مەسەلانە، زانیاری کەرستەی ئەتنوگرافی پارێزراوی- پارێزراوی باری مادی و روحی کورد لەپاشماوەی سەردەمە دێرینەکان سەری بەو ئامانجە دەگات، کە ئەو شوێنەوارو پاشماوەی کۆن بڕایی ببڕ ناکرێ بەخەسلّەتی «رەسەن»ی لە «نەتەوەی کورد»، بۆیە پاراستنی ئەو تایبەتمەندییە دێرینانە بەشێوەیەکی سەرەکی لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە کە گەلی کورد کەوتۆتە ژێر سێ هێزی داگیرکەرانی گەلی کورد خۆیان و چینە فەرمانڕەواکانی ولاتانی رۆژهەلاتی نزیک. لەسەرووی ئەمانەشەوە هێزی ئیمپریالیزمی بێگانە. باشترین گەواهیشی بۆ راستی و دروستی ئەو بارودۆخە لە کوردی کەم ژمارەی یەکێتی سۆڤیەتی دیارە دوای ئەوە بوونە هەلّگری توانای پەرەسەندنی ئازاد، کە بە هاوشانی گەلانی ولاتە فرە نەتەوەکەمان ژیانێکی کامەرانی نوێ دروست دەکەن. دەبینین لەو پاشماوانە رزگاریان بووە، لە هەمان کاتدا کورد لەو رەوتەدا تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیان نەک هەر فەرامۆش نەکردووە، بەلّکو پاراستوشیانن و زێتریش پەرەیان پێ داون.

## بەشی یەکەم

ژیانی مێژوویی و بوونی نموونەیی مێژوو لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری (سەرووی) ولاتی نێوان دوو ئاوان و سەرلەبەری بانی ئێرانیی هاوسێی دەستی پێ کردووە. لەسەردەمایەکی گەلێ زووتر لەپەیدابوونی ئەو هۆزانەی کە دواتر برپرەی پشتی (بنکەی بنەڕەتی) گەلی کوردیان پێک دەهێنا، پەیدابوون.

پەیدابوونی ئەو هۆزانە لەوێ کاردانەوەو کاریگەریی بەسەر چارەنووسی دوارۆژی مێژوویی هەبووە، بەشێوەیەکی زۆر بەهێزتر لە کاریگەری و کاردانەوەی لەسەر بوونی رێڕەوی پەرەسەندنی مێژوویی دواتری ئەو سەر زەمینەو دەڤەرەکە، کۆنترینی ئەو هەرێمانەیە کە شارستانییەتی مرۆڤایەتی لێ دروست بووە. رووی کرداری دروست بوون و پێکهاتنی نەتەوەیی رەگەزی گەلی کوردی بەسەردا رابردووە، کە ئەو هۆزانەش بەشداریان تێداکردووە. هەر ئەو هۆیەش وامان لێ دەکات دەست بە لێکۆلّینەوەی ئەو کردارە بکەین ئەویش بەسەرکردنەوەی ئەو مەسەلانەی کە بەشێوەیەکی ناتەواو لەبارەی پەیدابوونی مرۆڤی یەکەم لەو شوێنانەدا رۆژگاری سەرەتایی بوونی مێژوویی ئەوە لێیان کۆکراوەتەوە[1]، واتە دەوروبەری شەش هەزار سالّ بەر لەزایین. دەتوانین کۆتایی چاخی بەر لە مێژوو بە چوار هەزار سالّ بەر لە مێژووی زایینی دیاربکەین، کە لێرەدا بۆ

مرۆڤ دەردەکەوێ، هەروا لەسەر سەرزەمینەیەکی بەرفراوان هەر لە سوریاو فەلەستینەوە تاکو ئاسیای نێوەڕاست و چین، شوێنەواری جێماوی دانیشوانی چاخی بەردینی نوێی لێ دیارە. کە دەیبەنەوە سەر ئەو کۆمەڵەیەی بە شارستانیەتی گلێنەی ڕەنگاوڕەنگی پێ دەڵێن.

پشکنین لە تەل خەلەف، تەل بەراک، ئەرباجیە، تەپە گەورە، سامەرا، لەوەش پتر لە شوێنەکانی نزیک بە نزیکی بانی ئێرانیش، لەتەپەکیان، کییە- تەپەو شوێنی دیکە، لەو شێوازانەن کە بەهۆیەوە دەتوانرێ بەچاو حوکم لەسەر شێوازی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو دانیشتوانانە بدرێ کە ئەو شوێنەوارانەیان لەپاش بەجێماوە(٢).

بەچاوپۆشین لەو جیاوازە زۆرەو ڕەسەنایەتییەی کە هەریەک لەو مەڵبەندە ژیاریانەی هەیانە بۆ ئەو نموونەیە، ئەوە هەر هەموویان چەندین خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە کە تا ئەندازەیەکی زۆر ڕێ خۆش دەکات بۆ ڕاستکردنەوەو تەواوکردنی پووختەی ئەو دەرەنجامانەی لەشیکردنەوەی بەجیای پێکهاتەکانیان(٣).

نموونەی ئەنترۆپۆلۆژی ئەو خەڵکە ڕەسەنەی نیشتەجێی ئەو شوێنانەن کە ئێمە لێیان دەکۆڵینەوە، وا پێدەچێ بە ئاشکرا لەیەک ڕەچەڵەک بن. لێرە هەموو ئەو نموونە ئەنترۆپۆلۆژییە بنەڕەتیانەی کە هەر لە کۆنەوە لە ئاسیای بچووک و لە ئێران بڵاو بوونەتەوە، بەیەک گەیشتوون و تێکەڵ بەیەک بوونە. جا ئەگەر نموونەی هیندی- پامیری(٤)، نموونەی گشتی سەرتاپای ڕۆژئاوای بانی ئێران و هەروا لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران و ئاسیای نێوەڕاست، بێ، ئەوا لە باکووری دۆڵی دوو ئاوان نموونەی ئاشووری «ئەرمەنی»(٥) لێ بووە، کە ناوچەکانی دیکەی ئاسیای بچووک و نیمچە دوورگەی عەرەبی و لە دۆڵەکانی کارون و کەرخەو هەروەها زۆر ناوچەی دیکەی باشووری ئێرانیشی داگرتبوو. نموونەی سەر بە جۆری زەنجیش «نیکرونیدو درافیدی»یش بڵاوبوونەتەوە(٦).

بەو جۆرەی، لەو سەردەمەی ئەو وڵاتەی کە ئێمە سەروکاری دەکەین، بزووتنەوەیەکی چوارچێوە فراوان گوازتنەوەی خەڵک بەڕێوەدەچوو(٧). ئەو بزووتنەوەو گوازتنەوانە خەسڵەتی تایبەتییان هەبوو کە بە کۆچی سامییەکان بە هەرێمەکانی وڵاتی دوو ئاوان بەرەو باکوور تا دەگاتە وڵاتی ئاشوور دەستی پێ کردبوو. ئەو بەیەک گەیشتن و تێکەڵاوبوونە زووەی نموونە بنەڕەتییەکانی ئەنترۆپۆلۆژی، دەبێ تا ئەندازەیەکی زۆر لەبایەخ و نرخی زانیاری و ئاماژە ئەنترۆپۆلۆژییە تەرخانکراوەکانی بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەو پەردە لادانی لەسەر پێک هاتەی ڕەگەزی (ئەتنی) لە تەواوی ئەو ناوەدا تا سەردەمی پەیدابوونی هۆزە تورکە- مەغولەکان لەسەدەکانی ناوەڕاست، لەکەمیدا.

ئەنجامی ئە پشکنینە شوێنەواریانەی کۆنترین نیشتەجێ باکووری وڵاتی دوو ئاوان واتە سەر



زەمینی باکووری عیراقی ئێستاو زنجیرە شاخەکانی کوردستان ڕێ خۆش دەکات ئەو شوێنانە بکەینە سێ شێوازی ڕوونی دیاری واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی- ئابووری خەڵکەکەی. ئە.ب. ئوکلادلیکڤ پێی وایە ئەو شێوازانە «ئەو جۆرەن کە بەردەوام ئاڵوگۆڕ دەکەن و چاخە ژیارییەکانی لە پەرەسەندنی ئابووری و جۆری ژیانی کۆنترین دانیشتوانی ئەو هەرێمانەن» ئەو تایبەتمەندییانە بۆ دانیشتوانەکەی دیاردەکات:

یەکەمین نیشتەجێی ئەشکەوتی پەلە گەورەیە کە ئەوانەی بە دوای بژێوی ڕۆژانەو ڕاوکەرە نموونەییە باشوورییەکانی تێدانیشتەجێ بوونە، کە بنەمای بەخێوکردنی گیانداری ماڵی و چاندنی ڕووەکیان نەبوو. ئەو خەڵکانە لە چاخی بەردینی ناوەڕاست ژیاون. بەگشتی ئەوانە وەستا بوون لە ڕێگاوبان و ڕاستکردنی دەپ و تەنکەدا، تەنانەت هێشتا بنەمای دروست کردنی کەلوپەلی چاخی بەردینی نوێش فێر نەبوو بوون کە لە بەردو ئێسک دروست کرابوون، کەلوپەلی لە ئێسک دروستکراویشیان بەکار نەهێناوە.

هەرچی لە دوای خۆیان، لە شوێنی حەوانەوەیان، لە ئەشکەوتەکانیان بەجێ هێشتبوو، جگە لە ئێسکی گیانداری کێوی- ئەوا کرۆکی شێوازی نەتاشراو و دەپی نامشتومالی بە کارنەهاتووی وەک کەلوپەلە. هەروەها کەلوپەلی سەردەمی نێوەڕاست کە لەو جۆرە دەپانە ئامادەکراوە.

نموونەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بواری ئابووری و ڕۆشنبیری باو لە نیشتەجێی دووەم لە زنجیرەی ئەو سەردەمەی بە کەریم شار ناسراوە «دەوروبەری شەش هەزارەی بەر لەزایین» کە خەڵکەکەی ژیانی ئەشکەوتیان کۆتایی پێ هێنابوو بەری ئەوان باپیرانیان تێدا ژیابوون، ڕاستە لەسەرو بەندی پشکنینی لە کەریم شار چینە دیاریکراوەکانی خانووبەرە نە دۆزرایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەڵگەو ئاماژەی وا هەیە کەخانووی زۆری لێ بووە ئەویش ئەو هەموو بەردە جۆراوجۆرانەی لەسەر یەک دانراون و پاشماوەی ستوون و دیوارە ڕووخاوەکانن.

«دەرخستنی ئەو ڕێبازە بنەڕەتییە نوێیەی بەشداربوون، لە ڕێی نیشانەی دیکەی ژیاری چاخی بەردینی نوێ تەواو بەرجەستە دەبوو.

یەکەمین هێماش بوونی کەلوپەلی زۆری سەرەتایی زبرە لەوێ، کە لەگەڵ ئەوەش بێگومان دەگەڕێتەوە سەردەمی بەردینی نوێ هەروەک لە شێوەی ئەو کەلوپەلە گەورانەی ڕمەکانیان مشت و ماڵ کراوە. هەروەها کۆمەڵێک کەلوپەلی دیکەی لەبەرد دروست کراو تایبەت بۆ تیغ یان نوک تیژی هونەرکارانە لەچاخی بەردینی نوێ. هێمای دووەمی ئەو چاخە- هەبوونی جۆرەها کەلوپەلی ماڵەوەی وەک بازنی (الصقلیة) و خشڵی قۆچ و بەرد کەبەلای درێژیدا کون کراون تا بەداوی وەبکەن و پەیکەری زەبری قوڕی نە شێلراو و دەرزی و سوژنی ئێسک، هەموو ئەوە بەڵگەی زۆر

دەوڵەمەندی ژیارو گەشەکردنی پێویستییەکانی دانیشتوانە نیشتەجێیەکان لەچاو باوباپیرانییان لە «پەلە گەورە».

«بەهەر حاڵ نیشتەجێکانی کەریم شار فێری دروست کردنی پێویستییە قورینەکانی ماڵەوە نەبووبوون و سەرەڕمی نموونەی چاخی بەردینی نوێشیان نەبوو. بە پێچەوانەی چاخی بەردینی نێوەڕاست، ئەوا گیانداری ماڵی و نیمچەماڵی وەک مەڕو بزنیان هەبوو، کە کەڵکیان لە خۆراکی گۆشت و پێست و خوری بۆ دروست کردنی جل و بەرگ وەردەگرت».

«لەنێو ئەو هەموو تاتە بەرد و کەلوپەلە بەردینانەی بە وردکاری دروست کراون چەندین کەلوپەلی دان هاڕین (دەستاڕ) و جوونی و ئاون..) کە لە بەردی سەوان بوون دەرکەوتن. هەروەها دەمە داس. جا ئەگەر «مؤشر»ە کە بە شێوەیەکی راست دابنرێ، ئەوا بەڵگەی ئەوەیە کەوا ئەوان گولی دانەوێڵەی تەڕی سروشتیان دەروێنە کردووەو لە ئاشی دانەوێڵە لەو گوڵانە دانیان بە دەست هێناو دوای هەڵگۆفتنیان، واتە دۆزراوەکانی کەریم شار بەڵگەی ئەوەن کە جۆرە پەرەسەندنێک و گەشەکردنێک هاتۆتەدی کە پێشینەی راستەوخۆ جووتیارییە».

جووتێری لەو وێنە بەرزو روونەی کە لەو دۆزراوانەی نیشتەجێکانی قەڵای چەرمو[٨] بەدیار دەکەوێت. مێژووەکەشی دەوروبەری پێنج هەزار ساڵ بەری زایین دەخوێنێتەوە. «٤٧٥٠» [ناوچەی چەمچەماڵ].

دانیشتوانی قەڵای چەرمو، ئەوانەی پێشتری کەریم شاریش کارزانی و دەست ڕەنگینی پیشەسازی بەردیان وەک سەردەمانی دێری هەر هێشتەوە. وەک جاران لە شێوەی قالب و شێوەی ناسراوی سەردەمی بەردینی ناوەڕاستی پێشوو سێ گۆشەی بچووک و کونکەرە (درێشە)و چەقۆو تیغیان دروست کردووە.

بەرفراوانی و ڕێک و پێکی کەلوپەلی لەبەرد دروستکراویان بەکارهێناوە کە دروست کردنیان پێویستی بەبەکارهێنانی شێوازو ئامێری نوێی سەردەمی بەردینی نوێوە، کە بەردەوامی لە وێنە مشتوماڵیانە کەلوپەلەکان بە وردکاری و ڕێک و پێک کردنیانەوە، دیارە. ئەو ئامێرانەش تەورو کوتک و ئاون و جۆنی بوون. بە شێوەیەکی فراوانیش پیشەسازی لە ئێسک دروستکراو پەرەی سەندووەو دەرزی و سوژنیان لێ دروست کردوون، تەنانەت شیرازەی هونەری بۆ دەرزی و سوژن و ئەنگوستیلە و تەنانەت کەوچکیش کردبوو.

هێشتاکە دانیشتوانی قەڵای چەرموی [نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵ] دروست کردن و کاری پێداویستی و دەفرو ئامانی راستەقینەی ماڵەوەیان، لەگلێنە فێر نەببوون.



## پەراوێزەکان:

* دیارە سووریاش پارچەیەکی کوردستانی بردووە، نەک دەرەوەی کوردستان بێت.

1-BRAIDWOOD. A.T. APRELIMI- NARYNOTE ON PREHIS. TORIC EXCA VA-TIONS IN KURDISTAN, 1950-1951. IRAQ, VLL, 2, 1951, P.99. RALFS. SOLECKI- AP-ALEO- LI THIC SITE IN IRAQI THE ZAGROS MOUNTAINS OF NORTHERN IRAQ. SUMER, XI, 1, 1953, P. 63. CARLETON, S. COON-CAVE EXCAVA TIONS IN IRAN. PHILADELPHIA. 1951.

2- BRAID WOOD, R.T.- 1953. GORDON CHILDE,... 1952.

3- E.M. DIACKOV-HISTORY OF MEDIA IN RUSSIAN LENINDRAD. 1956. P.96.

4- T. BURTON-EXCA VATIONS IN AZERBAIJAN. 1948. LONDON, 1951, P.206.

5- R. GHIR SHMAN-FOUILLES DE SIALK PR’ES DE KASHAN, 1933,1934,1937, T.T. IET TL PARIS, 1938, P.113.

٦- تأريخ العالم [بالروسية] المجلد «١»، موسكو، ١٩٥٥، ص «٢٢٤».

7- GORDON CHILDE, PP. 38-39.

٨- راستکردنەوەی ناوی قەڵای چەرمۆیە.

* لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کردستان) ژ(٦٨)، ١٩٨٤، ل٦-٩، بلاوکراوەتەوە.

# کوردو هەق★

لەو جیهانە پانوپۆڕەدا پیاوی جەربەزەو بەدەمار زۆرن کە زۆر پاک و دڵسۆزو لایەنگیری هەق و هەستی خێروچاکەیان دنەی دەدا، بۆ ئەوەی پشتگیری کێشەی گەلانی زۆر لێکراوی لایدە بگرن و لە مێژوو و رۆشنبیرییان دەکۆڵنەوەو داکۆکی لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان دەکەن. ئەو داکۆکیکردنەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بزووتنەوەی نیشتمانیین و هەستی مرۆدۆستی لەگەڵیان وای لێکردوون، بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی ماددی یان چاوەڕوانی پاداشتێک لەو گەلانەی خاوەن کێشەکەن بکەن. سەر مەشقیان لەو هەموو نووسین و کردەوانەدا خزمەتکردنی راستی و بەرپەرچدانەوەی فێڵبازانەو دەرخستنی راستییە شاردراوەو دیزە بەدەرخۆنەکراوەکان و بەڕاستی و دروستی بیانخاتە بەر دیدو گوێی خەڵک و سەرنجڕاکێشانی جیهان و حکومەت وەڵات و رێکخراو و دامودەزگا سیاسییەکان و هەڵوەشاندنەوەی نەخشەو پیلانی داڕێژراو بۆ لە داوکردنی ئەو گەلانە، یان بۆ لابردنی ستەم و هەر ناهەقییەک کە لە ئاکامی رەگەزپەرستی و لایەنگیری و نەزانی لێیان کراوە یاخود بەمەبەست و قین و رەگەزپەرستی و داگیرکردن.. تاد.

مێژووی بزووتنەوەی کوردیش لەو جۆرە پیاوچاکە نموونەیانەی بەخۆوە بینیوە کە تواناو هێزی خۆیان بۆ روشنکردنەوەی مێژووی کورد تەرخان کردووەو بانگەشەی نیاز خراپەکانیان پووچەڵ کردۆتەوەو نەخشە گڵاوەکانیان ریسوا کردووە. لە پێناو لادانی پەردەی نەزانی لەسەرچاوو رووان کە بۆیان نەلواوە راستییەکانی مەسەلەی کورد ببینن و ئاگاداری کون و کەلەبەرەکانی و هەوارە زۆرەکانی و گرێچنە ئاڵۆزەکەی ببن.

لەوانە کۆڕو نێوەندە کوردییەکانیش. لەو بوارەشدا ناوی خۆشەویستانی وەک ئاپوڤیانی ئەرمەنی و سافراستیان و نیکیتینی روسی و ئوربیلی جۆرجی و بینداروی کلدانی و شاکر خەسباک و معەوزی عەرەب و هامیلتۆنی ئینگلیزی و چەند بەریتانی دیکە و یوسف مەلەکی نەستوری و سمیسی ئەمریکی و هارتمان و ئەوانی دیکە کە زەحمەتە ناوی هەموویان و ژمارەی کارەکانیان تۆماربکرێ.

بەڵام نموونەیەکی دەگمەنی ئەو جۆرە زانا بەرزانەی بەتەواوی نەناسراون، توماس بوای فەرەنسییە، یادی بەخێر، کە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لە پێناو راستی لە میانەی کتێبەکەی



(کورد و هەق) بە خوێنەرانی بناسێنین، وەک دانەوەی هەندێ قەرزو لە چاکەی ئەو دانەرە زانا بەرزو بەرێزە، توماس بوا کتێبێکی بە ناوی خوازراوی (لوسیان رامبو) نووسیوە.

کتێبەکەی رامبو (توماس رامبو) شاکارێکی بەرزە، ئەگەرچی بە قەوارە بچووک و ژمارەی لاپەڕەکانیشی کەمن. بۆ ئەوەی خوێنەری بەرێز لە ئەندازەی ماندووبوونی دڵنیابێ کە ئەو راستییانەی کۆکردۆتەوەو رووداوەکانی دەست نیشان کردوون و هەڵبژاردوون تا لە ئەنجامدا مێژووییەکی پوخت و تەواوی مەسەلەی کوردی لە هەواری نێوان هەردوو شەڕی جیهانی بۆبێتە بەرهەم.

کتێبەکە بە پێشەکییەکی کورت و حەوت دەروازە و کۆتاییەکی کورت و پاشکۆیەک و ناوی سەرچاوەکان رێک خراوە.

نووسەری (کوردو هەق- دەق و راستییەکان)(١) لە (١٦٠) لاپەڕە بە فەرەنسی لە ساڵی ١٩٤٧ لە پاریس بڵاو کردەوە.

بەگشتی بە ناساندنی مەسەلەو بزووتنەوەی کورد لەو چەند دەییەی نوێیەوە داڕشتووە. بەرگرییەکی دڵسۆزانەو بە هێزی وەستایانەو شارەزایانەی کردووە.

ناوونیشان و دەروازەو بەشەکانی کتێبەکە خۆی لەخۆیدا روخسارێکە رێبازی نووسەر کە تێگەیشتنی کێشەی گەلێک و بزووتنەوەکەی و هاوسۆزی و بە جۆرێ جێی سەرنج و خۆشی و گەشبینییە.

**ناوونیشانی بابەتەکانی کتێبەکە:**

١- کوردستان و کورد.
٢- بە ئاسن و ئاگر.
٣- لە ژێر باڵی هێزی ئاسمانی پاشایەتی.
٤- لە نێوان گورگ و پڵنگاندا.
٥- شنەبای ئازادی.
٦- یەکێتی هێزە.
٧- بۆ بەردەم ویژدانی جیهانی.

نووسەر لە کوردناسیدا پسپۆرە هەر لە رۆژگاری شەڕی دووەمی جیهانییەوە کتێب و وتاری دەربارەی رۆشنبیری و ئەدەب و مێژووی کورد بڵاودەکردەوە، رەنگە دوایین کتێبی (کورد) بێ کە ساڵی ١٩٦٥ چاپی کردووە.

نووسەر پێشەکی کتێبەکەی بەو رووداوە ساکارە دەست پێ دەکات:

(دوێنێ سەربازێکی لاوی پۆڵۆنی لە عیراق کە ڕووداوەکانی شەڕ پەڵکێشی ئەو ڕێیان کردبوو، پێی گووتم کە ئەو لە سەرلەبەری گەلانی ڕۆژهەڵات کە ئەو چاوی پێیان کەوتووە، کوردی پێ لە هەمووان باشترە. منیش پێم لەسەر زانینی هۆکارەکانی ئەوە دانەگرت، بەڵام منیش ئەو هەڵبژاردنەم پێ سەیر نەبوو).

کتێبەکەی ئەو نووسەرە کە زمانی عەرەبی و کوردی و ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی دیکە دەزانێ، بەری ڕەنجی لێکۆڵینەوەو گەشت و تۆژینەوەی بیستساڵی بێ پسانەوە بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گوزەراندبوو، نووسەر سەرو سۆراخی مەسەلەی کوردی لە دەنگی تۆپ و بۆمباوە کردووە کە دادەبارینە سەر وڵاتی کوردەواری دەیکوشت و دەیسووتاند، هەروا لە سەرچاوە ڕەسەنەکان و لاپەڕەی بەڵگەنامەکان و نێوەڕۆکی کتێبان و ڕاپۆرتی پەیامنێران و ستوونی ڕۆژنامەکان و زارو دەمی کوردان و دۆست و دوژمنانیانەوە سۆراخی دەکردن. بۆیە هەقی نووسەری بەڕێز بوو کە حوکم لەسەر ڕووداوەکان بداو بپێکێ، دەرەنجامی نیازو هۆکارەکان بزانێ و لە دانانی چارەسەری سەرفرازانەو داهێنان بکات. ئەوەتا لە پێشەکیدا لێدوانێکی جوان و خێرای ئەو بانگەشانەی کە دەوری کوردیان داوە دەکات و ئاماژە بە ڕۆژنامەکانی جیهانی و سەرنجە ورووژێنەرەکانیان لەمەڕ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی کوردەواری دەکات، ئەو ناوچەیەی کە جاران ئەو ڕۆژنامەو ئاژانسانەی کە کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی هەیە، پشت گوێیان دەخست.

نووسەر بەتایبەتی ئاماژە بە ڕۆژنامە فەڕەنسییەکان دەکات کە زانیارییەکانی دەربارەی کورد لە ئاژانسە جیهانییەکانی وەک فرانس پرس یان لە ڕۆیتر و هەروەها لە ڕۆژنامەکانی ئێران و عیراق وەردەگرت، کە هەمیشە سانسۆری حکومەت لێ نەدەگەڕا ڕاستییەکان بڵاوبکاتەوە.

نووسەر داوا لە هەموو سەرچاوەکان دەکات، ڕاستییەکان لە بارەی کورد بڵاوبکاتەوەو لایەنی بابەتیانە بگرن وەک ڕێزنان لە پەیامی ڕۆژنامە. پاشان بە تایبەتی دێتە سەر ڕۆژنامەی تورکی و دەڵێت:

(ڕۆژنامە تورکییەکان لە ئاست کێشەکانی پەیوەست بە مەسەلەی کورد خۆیان کەڕو کوند کردووەو لە هەمان کاتیش بەدرێژایی ڕۆژگار بیری لێ دەکاتەوە، بەڵام هەتاهەتایێ خۆی لێ بێ دەنگ کردووە).

نووسەر لەو ڕۆژنامە عەرەبییانەش دەدوێ کە بەفەڕەنسی و عەرەبی دەردەچن لەبەیروت و قاهیرە و تا ئەندازەیەک وتاری وردەکارانەیان بڵاو دەکردەوە. لە کۆتاییدا لە پێشەکیدا دەڵێت (بەو ناوەی کە ڕێزی مرۆڤایەتیم لایە نەمتوانی هەڵوێستێکی نائاگایی لە مەسەلەیەک هەبێت کە چەندین جار لە کەش و هەوای پڕ لە بۆنی نەوتدا وروژێندراوە).

نووسەر لە دەروازەی یەکەمدا وەسفی کوردستان بە زنجیرە شاخەکانیەوە دەکات کە وەک بڕبڕەی



پشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سنوورەکانی لە ڕۆژهەڵات و باکوور و باشوور.. بەسەر دەکاتەوە وێنەیەک یان دوو وێنە لە وەسفی نووسەر و دانەر و تۆژەرەوانی دیکە سەبارەت بە دڵڕفێنی ئەو وڵاتە دەنووسێتەوە، هەروەک چۆن باخچەوان گوڵ لەو گوڵزارە دەچێنێتەوە کە خۆی سەرپەرشتی دەکات.

کە دێتە سەر ژماردنی سەرچاوەکانی سامانی سروشتی لە وڵاتی کوردەواری دەبینێ جەخت لەسەر کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات دەکات چونکە دوو سامانی سەرەکین. پاشان سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی دیکەی سامان دەژمێرێ.

لە بەشی دواتر وەسفی کوردان دەکات و دەڵێت بەچاوپێکەوتنیان ئەو سەرنجانەی کە نووسەرە بیانییەکان لەبارەی تایبەتمەندی و ڕاهاتنیان لەسەر ژیانی سروشتی دواکەوتوویان لەلا جێگیر تر دەبێ، باسی دیدارەکانی دەکات لەگەڵ ڕۆشنبیرە کوردەکان و بایەخی زۆرو جیاجیایان لە بەشی (مەسەلەی کوردی) بە کورتی و بەهێزو واقیعەت و تێگەیشتن لەلایەنەکانی مەسەلەی کورد دەدوێ بە سەرژمێری و تێڕوانینی ورد تەواوبوونی ڕەگەز و هۆکارەکانی دانیشتوان و ئابووری و نەتەوەیی دەسەلمێنێ کە کوردستان دەباتە ئەو ئاستەی شوێنی شیاوی خۆی لە نێو وڵاتانی ناوچەکەدا بگرێ ئینجا دەڵێت:

(پشت گوێخستنی مەسەلەی کورد چارەسەر نییە. هەرچی پشتبەستنیشە بە بۆردومانی ئاسمانی فڕۆکەکان، ئەوەش مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات).

نووسەر دەروازەی دووەم ( بە ئاسن و ئاگر) بە پەندێکی تورکی دەست پێ دەکات کە لە ڕۆژنامەی (وقت)ی ڕاگوازتووە (لەهەر کوێیەک سەرەنێزەی تورک دەرکەوت، مەسەلەی کورد نامێنێ). ئینجا دەچێتە سەر بەشی (کورد لە پەیماننامەکانی ئاشتیدا)و مەسەلەی کوردو ڕەنگدانەوەکانی لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس یان لە پەیماننامەی سیڤەر یان دژەکەی پەیماننامەی لۆزان بەسەر دەکاتەوە. تا ئەوەی دەڵێت بیری سەربەخۆیی گەلانی عوسمانی جاران کە ڕۆژگارێک لە خەیاڵی وڵاتە گەورەکاندا بوو، تەماعی نەوت جێگای گرتەوە.

نووسەر بەدرێژی لە ڕووداوەکانی شۆڕشەکانی کورد دەدوێ: شۆڕشی شێخ سەعیدو شۆڕشی (١٩٣٠)و شۆڕشی دەرسیم، بەو بۆنەوە قسەیەکی یەعقوب قەدری نوێنەری تورک تۆمار دەکات:

(ئەوەی گڕی سووری درەوشاوەی ئەو شەڕانە جیا دەکاتەوە، ئەوە کۆتایی نییە، بەڵکو سەرەتای ململانێیەکە لە نێوان دوو ڕەگەز: کورد کە ئەوروپاییەکان بە ئارییان دادەنێن وەک خۆیان، تورک کە بە ڕەگەزێکی مەغۆلی دادەنێن).

ئەو تێبینییەشی لە وتارێک وەرگرتووە کە لە ڕۆژنامەی نیو ستیتسمانی لەندەنی لە ڕۆژی ١٦ی شوباتی ١٩٤٦ بڵاوکراوەتەوە:

تورک، زمانی کوردییان قەدەغە کردووە، ئەوەش کارێکی دوژمنکارانەی ناڕەوایە دەرهەق بە

کەمینەکان. لە تورکیا بە رەسمی بە کوردەکان دەڵێن (تورکی چیایی).

کۆلونییل جیبون لە کتێبی (داوای کورد لەسەر تورک) کە ساڵی ١٩٢٨ لە ئەمریکا چاپ بووە دەڵێت: ژیان لە تورکیا بۆ کورد ناچێتە سەر چونکە تورکەکان پەنایان بۆ هەموو شێوازێکی فشار و سەرکوت کردن بردووە. تەنانەت چاندنی تووتن، ئەو سەرچاوە بەنرخەی ژیان چاندنی لە ناوچە کوردەوارییەکان قەدەغە کراوە بۆ چاکەی تووتنی تورکی. سەربازگری زۆرەملێ بۆ کورد سێ تا چوار ساڵ دەخایەنێت بێ ئەوەی سەربازەکە بتوانێ سەردانی کەس و کاری بکات)

نووسەر لە پێشەکی دەروازەی سێیەمدا قسەی پول یونکوری نوێنەری فەرەنسا لە کۆمەڵەی گەلان لە جنێف ساڵی ١٩٣٢ تۆمار دەکات.

(بە راستی جێی داخە کە دان بە هەقی حوکمی خۆبەرێوەری کورد نەنراوە).

نووسەر گفتوگۆی نێوان شێخ مەحموود و ویلسون راڤە دەکات و دەقی ئەو نووسراوە تۆمار دەکات کە شێخ مەحموود پێشکەشی کردووەو چل سەرۆک و سەرکردەی کورد مۆریان کردبوو.. بە درێژی باسی سەرو ساختی دروستبووی نێوان دەسەڵاتدارانی داگیرکەری بەریتانیاو حکومەتی عیراق لەلایەک و کوردو شێخ مەحموود لەولای دیکەوە دەکات. باسی بەیاننامەو ئەو نووسراوە رەسمییانە دەکات کە سەبارەت بە مەسەلەی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی ماندات و سەرۆک حکومەتەکانەوە دەرچووە و لەو بەڵگەنامە رەسمییانە دەدوێ و دەڵێت بەریتانیا و عیراق هیچ ماف و داواکارییەکی کوردیان تێدانەبوو.

رامبو (بوا)ی نووسەر لە هەواری یەکەمی شۆڕشی بارزانی ١٩٣١-١٩٣٢ دەدوێ و بەو سەرژمێرییەی خوارەوە ژمارەی ئەو گوندو شوێنە وێرانکراونە و ئەو خوێنانەی رژاون لەلایەن فرۆکە بەریتانییەکان و هێزە سەربازییەکان، دەخاتەڕوو دەچەسپێنێ:

| ناوچە | گوند | خانوو | ژمارەی کوژراو |
|---|---|---|---|
| باروج | ١٥ | ٢٦٥ | ٤٨٥ |
| مزوری | ٢٣ | ٣٨٥ | ٧٠٥ |
| شێروان | ٤١ | ٧١٥ | ١١٩٢ |
| **هەمووی** | **٧٩** | **١٣٦٥** | **٢٣٨٢** |

ئەو ئەوەشی دەخاتە سەر: ٦٠٪ خانووەکان وێران بوونە. ئەوەش ئەنجامی باشی کاری فڕۆکەکانە..!

وێنەیەک لە بارەی شۆڕشی بارزانی ١٩٤٣-١٩٤٥ دەکێشێ و لە قسەکانی ریچارد ویندهامی پەیامنێری نیوزئوف دی ورلد وەردەگرێ... راپەڕینە چەکدارییەکە دەکرا ببێتە شۆڕشێکی



سەرتاسەری لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا...

نووسەر لە مەنسور شلیتای پەیامنێری لوبنانییەوە گفتوگۆی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق دەنووسێتەوە دەربارەی مەسەلەی کورد کە وەزیری ناوخۆ و بەرگری و نوێنەران عەلی ئیمام و ئیبراهیم عەتارباشی و ماجید مستەفا و جەعفەر مەمەندی و سەعد سالم و خەڵکی دی تێدا بەشدار بوون.

پاشان بارودۆخی کوردستانی ئێران دوابەدوای شەڕی دووەم و ئەو رووداوانەی کە بوونە هۆی دامەزراندنی کۆماری مەهابادی خاوەن حوکمی خۆبەڕێوەری و رووخانی بەنەختێ درێژییەوە باس دەکات.

نووسەر دەچێتە سەربارودۆخی کورد لە روسیای سۆڤیێتی. لە دەروازەی شەشەمیشدا، بەشی (ڕێوڕەچەڵەکی کورد) بڕگەی درێژ لە نووسینەکانی سون و های و بولتون و هامیلتون و سابیلیە و ئیپشتاین و هارتمان وەردەگرێ، کە وەرگرتەی درێژن لە پیاهەڵدان و نرخاندنی سیفات و خەسڵەتی گەلی سەرفرازی کورد کە رووتکردنەوەو بە درۆخستنەوەی قسەو قسەلۆکی قین لە دڵان و نەیارانن.

لە بەشی (هاوکاری گەوران)دا نووسەر باسی پەیماننامەی سەعد ئاباد دەکات کە لە ئاکامی ئەو سەردانەی شای ئێران بۆ تورکیا ساڵی ١٩٣٤ بەستراو لە تەمووزی ١٩٣٧ پەیماننامەکە لەلایەن ئێران و تورکیا و عیراق و ئەفغانستان مۆرکرا و دەقی بەندی حەوتەمی ئاوایە:

(هەریەک لەو لایەنە باڵایانەی پەیمانیان بەستووە کاری پێویست لە ناوچەکەیان لە دژی سەرهەڵدانی چەتە چەکدارەکان و ئەو رێکخراوانەی کە ئاسایشی هەرلایەک تێک دەدەن یان هەڕەشە لە خاکی لایەکەی دی دەکەن، ئەنجام دەدەن).

نووسەر دەڵێت: هەر کە کوردەکان بەنیازی بزووتنەوەیەک بن ئەوا گەورەکان رێک دەکەون بەمەبەستی (سەرکوت کردنی یاخییەکان) هەڵپەدەکەن.

*** لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان-شمس کردستان) ژ(٥-٦)،١٩٧١، ل١٩-٢١، بلاوکراوەتەوە.**

# زانای گەورەی کورد محەمەد ئیبن ئادەم★

ئەگەر بێتو لە سەرپشتی دەشت و دۆڵی کوردستان بڕوانینە ترۆپک دەبینین سەروقەدوباڵای بەدرێژایی ساڵ بەفری سپی نەمری بەسەرەوەیە، ئەوە حەسارۆستە (هەڵگورد) بەرزترین لوتکەیە لە عیراق. گوندی گەورەی (ڕۆست) کەوتۆتە ژێر ئەو لوتکە سەرکەشە لە قەدپاڵێکی چڕی لێڕو لێڕەوارو دۆڵی پڕ خێرو بێری بەرو هەنگوین و شیر، مامۆستا محەمەد ئیبن ئادەمی گەورەی مامۆستایان و ناودارترین زانای سەردەم و وڵاتەکەی لێ لە دایک بووە.

ئەگەر ئێمە کەمێک لاماندا لەو ڕێیەی دەچێتە ڕۆست، نەختێ بەلای ڕۆژئاواوە ئەوە دەگەینە ئەشکەوتی (شانەدەر) زێدی کۆنترین ئادەمیزاد لەسەر تەواوی رووی سادەی عیراق، ئەگەر خەیاڵ بەرەو ڕۆژگاری دێرینمان بباتەوە، دەبینین مرۆڤی شانەدەر یەکەمین ڕۆڵەی مرۆڤە کە لە شوێنی راووشکاری بەرهەمیشی تاقی کردۆتەوەو دەشتی زاوی چومی- چەمی- وا شانەدەری بەردەم ئەشکەوتەکەی کردۆتە کێڵگەی تاقیکرنەوەی چاندن و تاقیگەی بەرهەمهێنانی بژێوی. ئەو شوێنە لانکەی یەکەمینی شارستانیەتە، ئەو کارەش گواستنەوەیەکی گەورەیە لە سەردەمی دڕندەیی و کۆچەرییەوە بۆ سەردەمی نیشتەجێ بوون و شارستانیەت. ئەو ناوچەی کوردەواری یەکەمین هەنگاوی دژواری هەڵێناو بایەخدارترین نموونەی نیشاندا. ئەو پارچە زەویە یەکەمین گۆڕەپانی سەیری شارستانییە.

ژیانی سەرەتایی شارستانیەت لەو ناوچەیەدا هەزاران ساڵی بردووە تاکو سەرەتای سەدەی نۆزدەم و دواتریش. ئەو مێژووە دێرین و سەرنجڕاکێشە نەپساوەتەوە، بەڵکو تا لە دایک بوونی محەمەد ئیبن ئادەمی کوردو دوای ئەویش هەر بەردەوام بووە.

ئەوە مانای ئەوە نییە کە وڵاتی کوردەواری بۆ بووژانەوەی شارستانیەت و زانست دەگونجێ. بەڵکو ئەگەر لە پەلامارو ستەم رزگاری بێت ئەوا چاک دەبووژێتەوە.

جا ئەگەر ئەو پارچەیەی وڵاتی کوردەواری یەکەمین شارستانیەتی سەرەتایی و یەکەمین پەلامارو کۆچەرایەتی زانیبێ. دەبێ لە کۆتاییشدا پوختەی شارستانیەتە نوێیەکان و هەڵبژاردەی بەرهەمی هزری ڕۆژێک لە ڕۆژانی ئایندەی داهاتوو بزانێ.

ئەوا هاوبەندی ئەو مێژووە بەو دێرینیەی ڕۆژگارەوە خۆشەویست بێ، لەسەر ئێمە گرانە و زێدەڕۆییە لە پەناوپێچی خەیاڵ. هەر چەندی یادەوەری ئەوەندەی بڵێی لە وڵاتی رابردوودا بێت ئەوا وێنەکەی روون و بێگەرد دەبێ.

عیراق لەو سەدانەی دواییدا ئەوەندە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی خەواڵوو دوانەکەوتووە، بەڵکو



گیانێکی زیندووی لەنێوان باڵەکاندایە کە لە پێچاوپێچەکانی چالاکی هزری و ئاگاداری و چاولێکردن دووبارە دەکاتەوە.

هەروەک دەزانین ناوچەی کوردەواری نموونەی هەرە سەخت و دژواری لەخۆنیشانداوە، ڕۆژێ لە ڕۆژان لەسرت و خورتی شارستانیەت بەدوور نەبوو.

بەڵکو هەمیشە نزیک و دراوسێی پێشوازی کردنی هەر شەپۆلێکی شارستانی و تیشکێکی بەرەو پێشەوەچوون بووە، بەدەنگ هەر نوزە نوزێکی جموجۆڵی هزری، هەر هەنسکێکی شارستانیەت چووە هەر چەندەکیش بووبێ.

پێویست ناکات نموونەی ئەو زانا کوردانە بهێنینەوە کە بەشدارییەکی بەرچاویان لە سەردەمەکانی رابردوودا کردووە. کتێبە مێژوویی و کەلەپوورییەکان تژی ئەو پەندانەن.

ئەو وڵاتە هەر لە سەدەی هەژدەمەوە، زانای زۆر بەرزو ناوداری گەورەی زانستی بەخۆیەوە دیوە. ئەگەر سەیری ڕۆژگارەکانیان بکەین. هەیانە لە ریزی بلیمەت و ناوداران لە هەر سەرزەمین و سەردەمایەک وەستاوە. ئەوەش لە دایک بوونی بلیمەتییە لەو وڵاتەدا، ڕۆژگاریش لەسەریەتی چاودێری بکات و شانازی پێوە بکات، ئەگەر لەگەڵیشی دڵڕەق بوو ئەوا دڵڕەقی لە خۆی دەکات.

جا ئەگەر ڕۆشنبیری کوردی سەردەم ناچاربوو یادی زانایانی دوێنێ بکاتەوە، دەبێ لە پێشەوەی ئەوانەی پێویستە یادبکرێنەوە، محەمەد ئیبنی ئادەمی زانایە.

هەر ئەو زانایە بەڵگەیەکی دیکەیە کە ئەو وڵاتە هەر لەسەرەتاوە کانگای زانایانە.

ئاخۆ ئەو زانایە کێ بێ؟

ئیبراهیم حەیدەری دەربارەی ئەو زانا گەورەیە دەڵێت:

«مەزنترینی ئەوانەیە کە من بەسەردەمەکەی راگەیشتم، ئەز بچووک بووم کە ئەو لای باپیرم بوو.. زانای بێ هاوتای سەروەری هەموو گەورانی عیراق خاوەنی چەندین دانراوی بەرزو بە کەڵکە، شێخی هەمووان مەولانا محەمەد ئیبن ئادەمی کورد گۆڕی پڕ نوربێت، حەزرەتی مەولانا خالید (قدس سره) لەلای ئەو خوێندوویە، هەموو ناودارانی عراقیش لەویان وەرگرتووە. باپیرم و یەحیای مزوری و عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی کە گەورەی زانایانی هەموو عیراقن دان بە چاکەو پێشڕەوی زانستی دەریا ئاسایی دادەنێن. لە ئاست (فەخری ئەلرازی) دایەو پتر لەسەد دانراوی زانستی (النقلیة والعقلیة) و لێک دانەوەو سەلماندنی ئەرکەکان کە ناسکترین کتێبی کەلامە لە لەبەرکردنی بەبێ ئەوەی هانا بۆ کتێبەکانی کەلام ببەی. بە راستی وێنەیەکی گەورەی سەردەمەکەی بوو، ئەگەر کتێبی زانستی نەبا ئەوا دەیتوانی کتێبێکی وەک ئەو لە ئەزبەری خۆی دابنێت. ئەوە بۆ پێوەنان نییە، بەڵکو دەرخستنی واقیعەکەیە کە تەواوی زانایانی عیراق دانیان پێناوە، زۆر دەگەڕا و دیندارێکی بەهێز بوو لەلای خۆشەویستی خواوە هاوتای نییە، زانستی لە زانای وەلی عەبدوڵڵای بایەزیدی وەرگرتووە، ئەویش لە باپیرەمان، باشترین ئەوانەی دوایی زانای ئاوەزدار

گەورەی زانایانی عیراق بەقسەی هەمووان وەلی شەریف سەبغەتوڵڵای حەیدەری «قدس سره».

شێخ محەمەدی خاڵ تا ئەندازەیەکی زۆر بە ئیبنی ئادەم سەرسامە، زانیاری زۆری بەردەست کەوتووی ژیان و بەرهەمی هزری زۆرو جموجۆڵی فراوانی خوێندنی لە کتێبی (الشیخ معروف النودهی) نووسیوە[1].

شێخ مەعروفی نۆدەهی شاگردی ئیبن ئادەم بووە. لە هەمان کاتدا یەکجار زۆری پێ سەرسام بووە. سەروساختی هزری و گیانی گەرمیان لە نێواندا هەبووە. شێخ مەعروف لە کتێبی شیعرئامێزە (عمل الصیاغة في علم البلاغة)دا ئیبن ئادەمی ناوبردووە؛ لەیەکێ لە دێڕەکانیدا دەڵێت:

نجم الهدی محمد بن ادما فاضت علیه البرکات دائما

دەبا بوار بدەینە شێخ محەمەدی خاڵ تاکو بۆمان باسی ئیبنی ئادەم و پێوەندی بە شێخ مەعروفی نۆدەییەوە بکات، شێخ محەمەدی خاڵ دەڵێت: «نۆدەیی حەزی لە هۆنینەوەی (المتون المتداولة) دەقی سەرزاری دەکرد هەروا حەزی لە پێنج خشتەکی شیعرە بەناوبانگەکان دەکرد.. بە دەستخەتی جوان و قەشەنگییەوە دانەکانی دانراوە زانستییەکان دەنووسییەوەو بۆ زانا ناودارەکانی سەردەمەکەی دەناردن و داوای لێ دەکردن، راڤەیان بکەن و لەسەریشی بدوێن، وەک زانای گەورە ئیبن ئادەم...»[2].

پاشان شێخ محەمەدی خاڵ (لە دانراوەکانی نۆدەیی دەدوێ، سەبارەت بەدانراوی نۆیەم دەڵێت: «٩- کفایة الطالب، نظم کافیة ابن الحاجب: هۆنینەوەییەکی جوان و بەرزە کافیەی ئیبن ئەلحاجبی پێ هۆنیوەتەوە... لە دەوروبەری ساڵی ١٢٢٣ک-١٨٠٨ز هۆنیویەتییەوە، چاپ نەکراوە، دانەیەکی راستم هەیە. زانای گەورە محەمەد ئیبن ئادەم کوڕی عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٢٣٢-١٨١٧ز راڤەی کردووە و ناوی ناوە (مصباح الخافیة، في شرح نظم الکافیة). چوارسەدوبیست و سێ لاپەڕەی مام ناوەندییە دانەیەکی دەست خەتی دانەرم لە کتێبخانەکەمدا هەیە...»[3].

شێخی خاڵ لەسەر باسکردنی دانراوەکانی نۆدەیی بەردەوام دەبێت:

«١٩- عمل الصیاغة، في علم البلاغة: هۆنینەوەیەکە لەزانستی واتابێژی هەشت سەد دێڕە بە شێوازێکی ئاسان و رەوان، لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ:

فهذه ارجوزة منها ارتوی
واردها، أنظم فیها ماحوی
کتاب تحریر البلاغة الذي
سناه مشرق وعرفه شذي
مؤلف العلامة السمیدع
بحر العلوم اللوذعي الألمعي



نجم الهدی محمد بن آدم
فاضت علیه البرکات دائما»[4]

هەر بەو بۆنەیەوە شێخ محەمەدی خاڵ هەندێ ژیان و نووسراوەکانی زانای گەورە محەمەد ئیبن ئادەم کوڕی عەبدوڵڵا بەسەر دەکاتەوە و دەڵێت:

محەمەد کوڕی ئادەم کوڕی عەبدوڵڵایە، لە دەوروبەری ساڵی ١١٦٠ک-١٧٤٧ز لە گوندی روستێی سەر بەناحیەی باڵەک لەدایک بووە. لەلای باوکی خوێندوویەتی. (باوکیشی زانایەکی بەرزو بەرێزبوو پەراوێزو لێدوانی جۆراوجۆری لەسەر هەندێ کتێب هەیە) پاشان لای زانای پایەبەرز عەبدوڵڵا بایەزیدی شاگردی سەبغەتوڵڵای حەیدەری خوێندووییە زۆر گەڕاوەو سوڕاوە، لەوانە چوونی بۆ (مەهاباد) لەساڵی ١١٩٢ک-١٧٧٨ز، بۆ فێربوونی زمانی فارسی پاش ئەوەی کە ببووە مامۆستاو نووسراوی هەبوون پاشان گەڕایەوە، لەسەردەمی میر محەمەد پاشای رواندزی گەڕایەوەو لە رواندز جێنیش بووە محەمەد پاشا زۆری رێز لێناوە، خەریکی وانەبێژی و نووسین بووە، ژمارەیەکی زۆر زاناو دانا لایان خوێندووە، لە وانە مەولانا خالیدی نەقشبەندی و زانای ناودار محەمەدی خەتێ و زانای ناودار عەلی وەسانی و زۆر ناوداری دیکە. هەرکە نێوانی لەگەڵ محەمەد پاشا تێک چوو رواندزی جێهێشت و چوو لە گوندی دێلزێ دانیشت و لە ساڵی ١٢٥٢ک-١٨٣٦ز لەوێ کۆچی دوای کرد.

خوالێخۆشبوو گەورەی زانایان بوو، تاقانەی مەیدانی زانست و گەورەیی بوو زانای گەورەی ئیبراهیم فەسیح حەیدەری لە کتێبەکەی (عنوان المجد)دا ناوی بردووە.

زۆرینەی نووسراوەکانی لە گوندی روست داناوە، هەمووی جێی سەرنج و دڵکێشن و بەرزن، بیروڕای بەرزو هێزو دانایی تێدا دەردەکەوێ، بەڵام هەر لە کونجی فەرامۆشییەوە ماوەتەوە، ناوبانگیان نەکردو بڵاونەبوونەتەوە، بەڕێز عەبدوڵڕەقیب یوسف دەڵێت:

هۆیەکەی ئەوەیە چینی سۆفییەکان... دژی بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی بوون، چونکە ئیبن ئادەم و سۆفییەتی دژی یەک بوون، بەوە ناوی دەرکردبوو کە دژیانە[5][*] پاشان شێخی خاڵ لیستێک بەناوی ژمارەیەک دانراوی ئیبن ئادەم تۆماردەکات، وەک:

«٢٧- سلسلة الذهب في تاریخ حیاته، لە ساڵی ١٢٣٤ کۆچی دایناوە، سەربردەی خۆی نووسیوە، باسی ئەو تەنگی و ناخۆشی و ناکۆکی خۆی لەگەڵ میری رواندز کردووە کە فەرمانی داوە لە گوندی روست دابنیشێ، ئەو کتێبە گرنگە، دانەیەکی دەستنووسی لە کتێبخانەی خوالێخۆشبوو محەمەد رەشید و کتێبخانەی مامۆستا عەباس عەزاوی دا هەیە، هەرچی دانراوەکانی دیکەیەتی ئەوا بەشێکیان لای نەوەکانییەتی. ئیبن ئادەم دوازدە کوڕی هەبوو، هەندێکیان لە زانست و زانیاری باڵا دەست بوون و دانراویان هەیە، تا هەنووکەش نەوەکانی لە ناوچەی رواندز ماون بە تایبەتیش لە گوندی روستێ. ئیبن ئادەم توانای هۆنینەوەی شیعریشی

هەبووە نازناوی شیعری «واجم»ە[٦] .

مامۆستا عەباس عەزاویش لەبارەی محەمەد کوڕی ئادەمی نووسیوەو چەندین جار ئاماژەی بە کتێبەکانی و پلەوپایەی زانستی بەرزی کردووە لە کتێب و وتارەکانی، وەک کتێبی (تأريخ علم الفلك في العراق) و (تأريخ الادب العربي في العراق) و (عشائر العراق) و لە وتارێکی بەناوونیشانی (مولانا خالد النقشبندي) مامۆستا عەزاوی دەڵێت:

«لەو زانایانەی کەلای خوێندووە زانای گەورە شێخ محەمەد ئیبن ئادەم کوڕی عەبدوڵلآیە کە لە هۆزی باڵەکە. لە کتێبی (تأريخ علم الفلك في العراق) بەسەرمان کردۆتەوە تێیدا دانراوە گەردوونناسی و ژمێرەکانی ناوهێناوە. لە (تأريخ الادب العربي في العراق)یش بەدرێژی باسی دانراوەکانی کراوە... - لە زانایانی گەلآلەیە کە گوندێکی سەر بە رواندزە، تا هەنووکەش گۆڕەکەی لەوێیەو خەڵکی دەچنە سەری،- شایانی ئەوەیە کتێبێکی تایبەتی لەسەر ژیانی بنووسرێت. لە زانا پایە بەرزەکانە، تەمەنی زۆر بووە، دانراوەکانی زۆر بە کەڵکن، مامۆستا شێخ خالید لای ناوداری وەک ئەو، نەبێ نەیخوێندووە» .

دوای ئەو باسە درێژە. دەبێ بڵێین کە بەشێکی نەوەکانی ئیبن ئادەم لەخێزانی (پیرەبابی) لە هەولێر دادەنیشن. دەڵێن کتێبخانەی تا ئێستا[*] لە گوندی روستە لای مەلا وەیسی زانایە.

باسی ئەوە دەکرێ کە هەندێ کۆڕی زانستی بایەخ بەو کتێبخانەیەو دانراوەکانی محەمەد ئیبن ئادەم دەدەن، خۆزگە ئەوە بەکردەوە بە راست دەگەڕاو تۆزوخۆڵ لە کەلەپوورو شوێنەواری ئەو مامۆستاو زانا گەورەیەی کورد دەتەکاندرا.



## پەراوێزەکان

١- الشيخ محمد الخال- الشيخ معروف النودهي- بغداد، ١٩٦١ .

٢- هەمان سەرچاوە، ل٩٢ .

٣- هەمان سەرچاوە، ل١٠٠ .

٤- هەمان سەرچاوە، ل١٠٤ .

٥- هەمان سەرچاوە، ل١٠٥ .

* مامۆستا مەسعود محەمەد ئاماژە بەفەردێکی زۆر مەشور دەکا کەبەسەر زمانانەوەیە و هەجوە بۆ شێخ نەبی ماویلی:

«ست عشر» ژنیەتی بەمەزهەبی «حماری»

«ابن آدم» نەماوە سەری پان کا وەک ماری

بۆ زانیاری پتر لەو بڕوانە: مەسعود محمد، حاجی قادری کۆیی. ب٢ ل ٨١ بەدواوە.

* دەقی نووسینی وتارەکە لە ساڵی ١٩٧٣ نووسراوە.

٦- ئیبنی ئادەم شیعری بە کوردیش هۆنیوەتەوە، هەندێ دێڕە شیعری کوردی ئەو دۆزراوەتەوە[*] ،

* ئەمەش شیعرێکی ئیبنو ئادەمە:

هەوران کردە گۆڵە گۆڵ          میکائیلا ئەتۆش دەی

تووتن وماشان بڕشێنە          دەبا نۆش بێتە سەر دەی

رۆمی ئەوا پەیابوون          کوتوبخانان دەکەن (طی)

مەسعود محمد، حاجی قادری کۆیی ب٢ ل١١٨ .

*** لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس كردستان) ژ(٦)، ١٩٧٣، ل٢٣-٢٥، بڵاوکراوەتەوە.**

# گەشتێک
# بەجیهانی رۆژنامەوانی کوردی کۆندا[1]

لەم دوایانەدا وێنەی کۆپی دوو ژمارەی رۆژنامەی کوردستانمان دەسکەوتووە[2] ژمارە (٨)ی رۆژنامەی کوردستان.

ئەو ژمارەیە لە رۆژی(٢٨ی شەعبانی ١٣٣٧)ی رێکەوتی (٢٩ی مایسی ١٩١٩) زایینی بلاوبۆتەوە. سەرنووسەری محەمەد شەفیق ئەرواسیزادە و خاوەنی ئیمتیاز و بەرپێوەبەری بەرپرسی محەمەد میهری بووە.

زۆربەی هەرەزۆری وتارەکانی بە زمانی تورکییە، بەڵام لە کێشەکانی کورد دەدوێن، بەشێکی کەمیشی بە زمانی عەرەبی و کوردییە.

وتارە تورکییە گرنگەکانی ئەمانەن:

١- وردبوونەوە لە بارودۆخی گشتی کورد، بە قەڵەمی (ابن رشد).

٢- (بنەماڵەی نەتەوەکان)، نووسینی عەبدولواحید بەرزنجی زادە.

٣- کوردو کوردستان، نووسینی محەمەد عوسمان بەدرخان.

٤- لەبارەی مەسەلەی زیندووکردنەوەی کۆمەڵەی هێڤی قوتابیانی کورد. ئامادەکردنی (تۆفیق ع.).

٥- هیواکانی دڵ- نووسینی عەبدولواحید بەرزنجی زادە.

٦- روونکردنەوەی راستییەک، نووسینی م. سەلیم بەگ.

بەشی عەرەبیشی وتارێکە بەناوونیشانی (بەنێوی ئەوی لەسەران- بأسمه سبحانه) نووسینی سەرنووسەر محەمەد شەفیق.

هەرچی بەشی کوردییە دوو پارچە شیعرە، یەکەمیان بەناوی «ئەی گەلی کورد» لە ئامادەکردنی م. یاملکیزادە[1]. دووەمیش (یاخوا مەلا حەمزە بپارێزێ) نووسینی کاکە محەمەد.

ئەو ژمارەیە هەندێ هەواڵ و دەنگوباسی بەو شێوەیە تێدایە:



* تکایە. چ بەپاداشت یان بە دیاری تکایە شیعر یان پەخشان بۆ دەستەی نووسەران یان بەرپێوەبەرایەتی رۆژنامەکەمان بنێرن.

* بروسکە- مەعموریەی ئەلعەزیز.

لە رۆژی ١٣٣٥/٢/٢٢ بەرێزەوە نووسراوی بالآمان وەرگرت و تەواوی داخوازی دامەزراندنی لقەکە جێبەجێ کرا. وێرای ئەوە ئێمە ئامادەی بەدەنگەوە هاتنی هەر فەرمانێکین.

**سەرۆکی دەستەی ناوخۆ کۆمەڵەی بەرزی کوردستان**

**ئەلعەزیز/ محەمەد جەودەت**

* گەڕانەوەی شەش سەد هەزار کورد بۆ سەر شوێنی نیشتەجێکانیان و لیژنەیەک لە بارەگای وەزارەتی دارایی لە سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی دەوڵەت سەید عەبدولقادر ئەفەندی و وەزیری ناوخۆی پێشوو محەمەد عەلی بەگ و وەزیری دارایی و بەرپێوەبەری گشتی کۆچبەران پێک هات بەمەبەستی گفتوگۆ و وەرگرتنی بڕیاری پێویست بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شەش سەد هەزار کوردەی کە ئاوارەی قونیەو ئەنقەرە و شوێنانی دیکە بوونە، گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانیان لە کوردستان.

* لە ئەشرافەکانی کوردستانی وەک عەبدولڕەزاق بەگ ئەفەندی نوێنەری پێشووی ناوچەی سەعرەت و سەید مەلا عەبدولمەجید ئەفەندی مامۆستای زمانی عەرەبی لە قوتابخانەی سوڵتانی لە دیاربەکر نامەیان بۆ رۆژنامەی کوردستان ناردووە بۆ بلاوکردنەوەیان. ئەو دەستپێشخەرییە گەورەیی و بایەخی بەرزی ئەو بەرێزانە لە هەق گەلەکەمان دەردەخات. لەناخەوە رێزو سوپاسی خۆمانیان پێ رادەگەیەنین.

**«کوردستان»**

* ژین- دۆستی هەموان. ئێمە لەناخەوە داوا لە لاوانی کوردو رۆڵەکانی کوردستان دەکەین ژمارە (١٩)ی ئەو گۆڤارە بخوێننەوە کە وتاری زۆرو بەنرخی تێدان.

- لە ئیدارەی رۆژنامەکەمان ئەو بلاوکراوە کوردیانەتان دەست دەکەوێت:

١- عەقیدەی مەلا خەلیلی سەعرەتی.

٢- عەقیدەی مەلا ئەحمەدی خانی.

٣- عەقیدەی کوردان- عەبدولڕەحیم ئەفەندی[1].

٤-«مقدمه العرفان» م. م. نامەیەکە داوای یەکخستنی زمانی کوردی دەکات.

ژمارە (٩)ی رۆژی (١٢ی رەمەزانی ١٣٣٧) ڕێکەوتی (١١ی حوزەیرانی ١٩١٩)ی زایینی.

ژمارە (٩)، لە ژمارە (٨) جیاوازترە، بەدوو زمانی تورکی و کوردییە. بەشە تورکییەی لە بەشە کوردییەکەی زیاترە. وتارە تورکییە گرنگەکانی ئەمانەن:

١- وەڵام، نووسینی کەمال فەوزی خیزانیزادە.

٢- بەشی یەکەمی ئەو یاداشتەی شەریف پاشای (نوێنەری کورد) داویەتە کۆنگرەی ئاشتی ( لە پاریس).

٣- مەرگەساتی کوردستان، نووسینی ئەمین فەیزی.

٤- مێژوو، لە ئامادەکردنی ا.ع. بەرزنجیزادە.

## بەشی کوردی

١- شیعری (خۆشەویستی نیشتمان)ی شێخ سلێمان خالید سەعرەتی، (١٤) بڕگەیە، هەر بڕگەیەک لە ٦ نیوە دێرە شیعر پێک دێ و سەرەتاکەی ئاوایە:

دەقی شیعرەکە:

حەمدو سەنایێ ئینس و جان
بۆ خالقێ کەون و مەکان
سیما ئەڤی نەوعی ئینسان
دایە ژێرا عەقل و لیسان
حوببی وەلات ژ ئیمانە
ئاه کوردستان! ئاه کوردستان!

٢- شیعری لاوانی نەوجەوان بەبۆنەی زیندووکردنەوەی (هێڤی)، لە شیعری شەوقی[2] (١٣) دێرە شیعرە و ئەوە سەرەتایەتی:

هەلستاوون جەوانانی وەتەن، دیسان بەبێ باکی
لەحەسرەت دەوری کۆنەی مولْکی بابیان هاتنە چالاکی

دواییشی ئەمەیە:

لە ڕێگای دەوری «هیوی»
یەعنی ئومێد دەست بەدەست دەگرن



بەعیلم و مەعریفەت تێرئاو
بکەن جا خاکەکەی پاکی

هەندێ هەواڵ و دەنگوباسی ئەو ژمارەیە بەم جۆرەیە:

* بروسکەی تایبەتی.

- لکی کۆمەڵەی بەرزی کورد لە غەرزان... هتد.

* لە پاریس.

- بروسکە و نامەکەتانم لە رۆژی ٢٣ی نیسان وەرگرت، من ئامادەم لەپێناو بەرگری لە مافەکانی گەلەکەمان هاوکاری لەگەڵ لایەنگرانی عارف پاشا بکەم. یارمەتی فەخری عەبدی بەگماندا کە لە پاریس ئامادەبێت.

**٢٦ی مایس شەریف**

* لە قاهیرە، دوای ڕێکخستنی کۆمەڵەی بەرزی کوردستان دەستەیەک بەسەرۆکایەتی یەکێ لە ڕۆناکبیرانی کورد عارف پاشا پێک هات، بۆ ئەو مەبەستە سەرۆکایەتی گشتی کۆمەڵەی بەرزی کوردستانی لێ ئاگادار کرایەوە. سەرۆکایەتی گشتیش لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت کە بۆ ئەو مەبەستە بەسترا هەموو مافێکی بەو دەستەیە دا. بچێتە پاریس و ئەرکی خۆی لەگەڵ ئەرکی شەریف پاشادا یەکبخات، شەریف پاشاش لەو چۆنیەتییە ئاگادار کراوەتەوە.

* **مەم و زین**

ئەو شاکارە ئەدەبییە بەرزە شوێنێکی بەرزی لە دنیای ئەدەبی کوردیدا هەیەو بەچاپێکی قەشەنگ چاپکراوە. لەئیدارەی ڕۆژنامەی (ژین) دەفرۆشێت.

* **ناوونیشان:**

ئەستەنبوڵ -جەغالی زادە- نزیک دیوانی محاسبات، کۆمەڵەی کوردستان- بۆ خاوەن ئیمتیازی دابەشکەری کوردستان.

شوێنی دابەشکردن: ئەستەنبوڵ، شەقامی دەروازەی باڵا (ایکي شرقي کتابخانیسي).

## پەراوێزەکان:

١- ئەو وەرگێڕانە بەشی دووەمی وتارێکی د. مارف خەزنەدارە بە زمانی کوردی بەناوی (هەندێ دەستنووسی کوردی... دوو ژمارەی رۆژنامەی (کوردستانی ئەستەنبۆڵ) کە لە ژمارەی کانوونی دووەمی ١٩٧٧ی گۆڤاری رۆژی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕی عەرەبی.

٢- وێنەیەکی فۆتۆی ئەو دوو ژمارەیەمان لەلایەن مامۆستا عەبدولسەتار تاهیر شەریفی جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد پێگەیشتووە وا رێککەوتووە لە پایزی ساڵی ١٩٧٦ بەناوی وەزیری دەوڵەتی عیراق بەرەسمی سەردانی تورکیای کردووە... وێڕای رەسمی بوونی سەردانەکەی ئەو هەڵەی قۆزتۆتەوەو سۆراخی نووسراوی کوردی نەزانراوی کردووە، بەتایبەتی ئەوەی پێمان راسپاردبوو، بەراستیش، وەک خۆی دەڵێت، نووسینی لە بارەی حاجی و نالی وەدەست کەوتووە. فۆتۆی ئەو ژمارەیەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی سلێمانی، لە ئەستەنبۆڵ پێشکەش کراوە، من زۆر سوپاسی ئەو هەوڵ و یارمەتییەی دەکەم.

٣- ئەوە (مستەفا پاشای یامولکی) بەناوبانگە.

٤- رەنگە مەبەستی لەوە (عەقیدەی مرضیەی)ی مەولەوی بێت کە بەزاراوەی گۆرانی زمانی کوردی دایناوە.

٥- ئەوە خۆی عەبدولواحید بەرزنجیزادە کە لە ژمارە(٨)دا وتاری هەیە.

٦- ئەو زانیارییانەی کە دەربارەی ئەو شاعیرە لەبەر دەستە ئەوەیە ئەو پارچە شیعرەیە بەناوی «بانگی دایک» لەپێشەکی پەخشانەکە بڵاوکراوەتەوە. خەڵکی سلێمانییە. بڕوانە (مارف خەزنەدار) «شیعری سیاسی لە کوردستانی عیراق لەنێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا» گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، ژمارە (١٥) بەغداد، ١٩٧٢، ل٥١، ٦٦(پەراوێزی١٢)، ٧٧،٧٦. راستییەکەی شاعیر خەڵکی سابلاخ (مهاباد)ە، ناوی مستەفا شەوقییە.

**٭ لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کردستان)، ژ ، ل، بڵاوکراوەتەوە.**